192398

# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه



رابـــوون
گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە
ژمارە(٢٢) ١٩٩٨

سەرنووسەر
رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران
کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵلا

بەرپرسیاری هونەری
دیلان دەرسیم

RaBûN
Cultural Kurdish Jornal
No. 22

Editor in chief
Rafik Sabir

Editorial Board
Kamal Mirawdali
Hashim Kochani
Karwan Abdulla

Technical Editor
Dylan Dersim

# بابەتەکان

* ئیسلام: ناکۆکیی نێوان پەیام و دەوڵەتی خێڵ ........(٣) ڕەفیق سابیر

* لە پەراوێزی مۆدێرنێتیدا:
ئێمە هێشتا قسە دەکەین نەک دیالۆگ ...............(٢٣) هاشم کۆچانی

* داریۆ فۆ: پێکەنینێکی گومانئامێزو
پابەندی ڕاستی :.....................:(٤٠) ئامادەکردنی حەسەن نوور

* سەیرکردنێکی فیلمی «ڕێگا – YOL»
لە گەڵ کۆستا گاڤراس ...........................(٤٧) و: قاسم عەزیز

* توێکڵە هێلکە ...... چیرۆک ...............................(٥٢) کاکە وەیس

* پیاوێکی نابینا ... شانۆنامە...............(٥٦) جوبران خەلیل جوبران
جەلال دەباغ کردوویە بە کوردی

* زیندووبوونەوە ... شانۆنامە .............................(٦٣) مەمدوح عدوان
وەرگێڕان و ئامادەکردنی مەهدی جاف

* هێندێ بەڵگەو بۆ چون لە سەر کۆمەڵەی ژێکاف ..........(٦٩)
ئەفراسیاوهەورامی
لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی

* کورتە لێدوانێک لە سەر کتێبی
پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن ........................(٨١) پشکۆ نەجمەدین
* کتێبخانەی ڕابوون ......................................................(١٠٠)

Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.
ژمارەی پۆستگیرۆ: 7 - 9211995
ISSN - 1102 - 4372

## ئۆتۆنۆمی ، یەکسانی بۆ نەتەوەی بندەست دابین ناکات

کوردەکان کە [٢٥] ملیۆن کەسن، خاوەنی سەرچاوەی ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن و بەشی هەرە زۆری نەوتی ئەو وڵاتانەش هی خۆیانە، کەچی بەتەواوی لێیان بێبەشن و بە دەست برا موسڵمان و دراوسێکانیانەوەن، هۆکاری هەرە گرنگی ئەو تاڵان و برۆیەش لەو بێکەسانە، تەنیا ئەو ئاوو نەوتەیە، هەرکەسێکیش دەستیان بەسەردا بگرێ، ئەوە دەیانکا بە سەرچاوەی داهات و شادەماری ژیانی خۆی. خۆ ئەگەر هەر کوردێکیش داوای مافی خۆی بکاتەوە، ئەوا بە هەرەشەکەرو ئاژاوەگێڕو دوژمن لە قەڵەم دەدرێ. داواکردنەوەی کوردستان لە ئێران و تورکیاو عێراق و سووریاو ڕووسیا، مانای تێکدانی بەرژەوەندی و دوژمنکاریکردنی ئەو وڵاتانەیە.
هەرچەندیش ڕۆڵی ئاوو نەوت لە ئاوەدانکردنەوەو شارستانیدا پتر بێ، ئەوا دەست گرتن بەسەر ئەو سامانەدا توندتر دەبێ و پێشێلکردنی مافی کوردانی ستەمدیدەش زیاتر دەبێ. ویژدانی ئەو داگیرکەرانەش لەوە تێپەر ناکات کە ئۆتۆنۆمی بدەنە ناوچە کوردییەکان، بەڕێوەبردنی شارو پۆلیسەکانیش وە ئەستۆی کوردان بخەن و قوتابخانەشیان بۆ بکەنەوە، بەڵام ئەوەی هەرە گرنگە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکە هیچ ڕۆڵێکی لە داڕشتنی سیاسەت و بەشداریکردن لە حوکم و بڕیاری شەرو ئاشتی و گفتوگۆ لە گەڵ بێگانەدا نییە، چونکە لە لایەن دەوڵەتەوە باوەڕپێکراو نییە هەلومەرجی کوردەکان هەر لە هەلومەرجی عەرەبە فەلەستینییەکان دەچێ ، کە لە ژێر سایەی حوکمی ئیسرائیلدا دەژین....
خاوەن ئۆتۆنۆمی بەلای کەمەوە لە سیاسەتی دەرەوەو لە کارکردن لە نێو سوپادا هیچ ڕۆڵێکی نییە، وەکو ئەو بێتوانایە وایە کە دەکرێ تەنیا خواردن و جل و خانوبەرەی پێبدرێ، بەڵام نابێ لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕای وەربگیرێ یان بە گوێی بکرێ. دیارە هیچ دەوڵەتێکیش کە لە ژێر سایەی کۆلۆنیالیزمدا بێ، سەربەخۆیی تەواو بە ئۆتۆنۆمی ناگۆڕێتەوە، چونکە ئۆتۆنۆمی تەنیا یەک مانای هەیە ئەویش بەکۆلۆنیکردنی نەتەوەیەکە لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە، کە لە وێدا هیچ یەکسانییەک لە نێوان ژێر دەستەوە سەردەستەدا نییە.

لە کتێبی [الاکراد یتامی المسلمین] دوە وەرگیراوە
لە نووسینی د.فهمی الشناوی

بەرگی یەکەم: ( سەرو باڵندە) A. Österlin

ڕەفیق سابیر

# ئیسلام : ناکۆکیی نێوان پەیام و دەوڵەتی خێڵ

## پێشەکی

ڕەنگە باسکردنی مێژووی فیکری و کولتووری و سیاسیی کۆمەڵ و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ باسکردنی ئایینی ئیسلام، باسێکی ناتەواو بێت، چونکە ئەم مێژووە بە تەواوی بە ئایینی ئیسلام و بە مێژووی سیاسی و فیکری و کولتووریی ئیسلامەوە بەستراوەتەوە.

ئایینی ئیسلام، وەک ئایینێکی ئاسمانی، سیستەمێکی فیکری و ڕۆحی و کۆمەڵێک بۆچوون و نەریت و دەستووری لەگەڵ خۆی هێنا، کە بە جۆرێکی پتەو تێکەڵی کولتوور و ژیانی فیکری و ڕۆحیی گەلانی بە مسوڵمانبووی ناوچەکە بوون. بەڵام ئیسلام لە سنووری باوەڕهێنانی تاکەکەسی و تەبشیردا نەمایەوە، بەڵکە شێوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وەرگرت؛ واتا ئیسلام بوو بە ئایدیۆلۆژیای بزاڤێکی سیاسی و دەوڵەت، بەمەیش لە سیستەمێکی میتۆلۆژی و فیکری و تێڕامانی کەون و سروشتەوە گوێزرایەوە بۆ ناو واقیعێکی کۆمەڵایەتی و بوو بە بەشێک لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەر بەم پێیە کاریگەریی ئیسلام، لەم کۆمەڵگایانەدا، سنووری فیکری و ڕۆحی تێپەڕاند و تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و دەستووری و سەرجەمی ژیانی مادی و ڕۆحیی خەڵکەکە بوو. بەڵام باسکردنی ئیسلام و ئەو بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێبازە فیکری و مەزهەبانەی تیایدا دەرکەوتن، دەخوازن کە ستروکتووری کۆمەڵایەتیی خێڵەکیی/ بەدەویی دوورگەی عەرەب و سروشت و کولتووری و خێڵە بەدووە بیابانئشینەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، تورکەکان و مەغۆلەکان، باس بکرێن؛ چونکە خێڵە بەدووەکانی عەرەب تەنیا هەوەڵین ئۆبژێکتێکی ئیسلام نەبوون، بەڵکە لە هەمان کاتدا، سوبژێکتێکی ئیسلامیش بوون. بە واتایەکی دی ئیسلام، لە سەرەتاوە تەنیا بە مەبەستی گۆڕینی ئەوان دەرنەکەوت، بەڵکە ئەوانیشی کردە ئامرازێک بۆ خۆبڵاوکردنەوە بەناو گەلانی دەرەوەی دوورگەی عەرەبدا. بەم پێیە هەردوولا، ئەگەرچی پێک ناکۆک و ناتەبایش بووبن، کەچی لە ساتێکی چارەنووسسازی مێژوویدا بۆ یەکتری پێویست بوون.

کەچی خێڵە بەدووە تورکزمان و مەغۆلەکان، دواتر بوونە جێگری خێڵە عەرەبەکان و لە جیاتی ئەمان خۆیان کردە میراتگر و داکۆکیکاری ئیسلام، بە تایبەتی خێڵە تورکەکان، کە لە کاتی پەلهاویشتنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویدا، ئەم ئایینەیان لە زۆر ناوچەی قەفقاس و ئاسیا و ئەورووپادا بڵاوکردەوە.

ئیسلام، لە سەرەتادا لە دوورگەی عەرەبدا، مۆدێلێکی دەوڵەتی داهێنا کە دواتر بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی و عوسمانی و سەفەوی بەردەوام بوو. بە ڕای من تا ئەمڕۆیش زۆربەی مۆدێلەکانی دەوڵەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەم تا زۆر، هەمان شێوە مۆدێلی دەوڵەتن کە عەرەبەکان، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای ئایین دایانمەزراند. بۆیە هەر وەک چۆن ئایینی ئیسلام، وەک سیستەمێکی مەعریفی و فەلسەفی، بنەمای جیهانبینی و نەریت و کولتووری گەلانی مسوڵمانی پێکهێناوە، بە هەمان شێوە ئیسلامی سیاسی بناغەی فیکری سیاسی و دەوڵەتی لەم وڵاتانەدا داڕشتووە. لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی کورد و نەتەوە داگیرکەرانی کوردستان مسوڵمانن، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و کولتووری خێڵایەتی و نەریتی ئایینیی دەوڵەت کارێکی فرە گرینگە بۆ خۆناسین و ناسینی سروشت و کۆلتووری سیاسیی «ئەوی تر» کە بۆ ئێمە، بە پلەی یەکەم نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانن.

*

ئەم باسە ناوەڕۆکی فەلسەفیی ئیسلام و مەسەلەی وەحی ناگرێتەوە؛ بەڵکو لایەنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسلام، بەتایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی سۆسیۆکولتووری و ناوەرۆکی دەوڵەت، دەگرێتەوە.

ئیسلام، وەک هەر ئایینێکی ئاسمانی، تەنیا هەر سیستەمێکی فەلسەفی و مەعریفیی میتۆلۆژی نییە بەڵکە دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیشە. لایەنێکی لەو تێکستانە پێکدێت کە بنەما و سیستەمی فیکری و فەلسەفیی ئایینەکە پێکدێنن، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، لایەنێکی دیکەی پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە؛ واتا مرۆڤ چۆن لە تێکستە ئایینەکان گەیشتووە، چۆن لە واقیعدا کاری پێ کردوون، تا چەند ئایینەکەی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی، چینایەتی و نەتەوەیی خۆی بەکارهێناوە. بە کورتی مەبەست لە لایەنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایین ئەوەیە کە خەڵک چۆن لە

ئایینەکە گەیشتوون، چۆن بەرخوردیان لەگەڵدا کردووە و پەیڕەویان لێ کردووە.

دیارە ئەم تێگەیشتن و بەرخوردە دەشێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، یان لە گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەوە، بۆ گروپێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی جیاواز بێت، بۆیە وەک ئەنجامێکی سروشتیی ئەم جیاوازییە، ناکۆکی و جیاوازیی بیروڕا دروست دەبن. سەرەنجام لە ئایینی ئیسلام و هەر ئایینێکی دیکەی ئاسمانیدا چەندان مەزهەبی جیاواز هەن، کە هەر هەموویان ڕەوایی خۆیان لە خودی ئایینەکانیانەوە وەردەگرن، هەر هەموویان خۆیان بە ڕاستر و بگرە ڕاستترین دەزانن، هەر بەم ناوەشەوە، یان هەر بەپێی ئەم شەرعییەتی خۆیەڕاستترین زانینە، لایەنگرانی دیکەی ئایینەکە، کە سەر بە مەزهەبی جیاوازن، بە لادەر لە ئایین دەزانن و بە توندی پەلاماریان دەدەن. ڕەنگە ئەو کوشتارە گەورانەی کە لەسەر جیاوازیی مەزهەبی، لە نێوان لایەنگرانی یەک ئایینیدا، کراون لەو کوشتارانە زیاتر بن کە لەنێوان لایەنگرانی دوو ئاییندا کراون. بۆ نموونە کوشتاری نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکانی سەر بە ئایینی مەسیحی، کوشتاری نێوان سوننییەکان و شیعەکانی سەر بە ئایینی ئیسلام...تاد.

ئەم ناکۆکی و جیاوازی و کوشتارەی نێوان لایەنگرانی تاکە یەک ئایین ئەنجامی جیاوازیی شێوەی تێگەیشتن و کۆششی سوودوەرگرتن لە ئایینەکەن، واتا لایەنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینەکەن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ناوەرۆکی ئایینەکەوە نییە، مەگەر لەو مەسەلانەدا کە تێکستە ئایینییەکان دەرفەتی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی جیاواز بدەن.

بە کورتی ئەم باسەی من، لایەنی ئەنترۆپۆلۆژیی ئایین دەگرێتەوە، نەک لایەنی فەلسەفی و میتۆلۆژیی ئایین، بۆیە، لەم باسەدا بەگشتی باسی ناوەرۆکی فەلسەفیی ئیسلام نەکراوە مەگەر لە شوێنێکدا کە باسەکە سەپاندبێتی.

## 1

لە سەردەمی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا کۆمەڵی عەرەب کۆمەڵێکی خێڵەکیی داخراو و پچرپچڕ و پڕ لەکێشە و شەڕی نێوخۆ بوو. عەرەبەکان تا ئەوکاتە وەک کۆمەڵەخەڵکێکی دوور لە شارستانی و تا ڕادەیەک دابڕاو لە جیهان دەژیان. ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە یەکگرتوو نەبوون. کۆمەڵە فیدراسیۆنێکی خێڵایەتییان، لە شێوەی دەسەڵاتی میرنشینی وەک (حمیر، الحیرە، غسان و حیجاز) لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی دوورگەی عەرەب، دامەزراندبوو، کە زۆربەیان پێک ناکۆک بوون. هەر بەم جۆرە عەرەبەکان لە ڕووی ئایینیشەوە بەشبەش بوون، بەشێکیان بتپەرست و بەشێکیان جوولەکە و بەشێکی دیکەشیان مەسیحی بوون.

زۆربەی عەرەبەکان خێڵی کۆچەری بیابانشین واتا بەدوو (البدو) بوون و لە سایەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا، کە تەنیا لە بیاباندا دروست دەبێت و بە بەداوەت ناسراوە، دەژیان. خێڵە بەدووەکان، وەک هەموو خێڵە بەدووەکانی بیابانی ناوەڕاستی ئاسیا و باکووری ئەفریقا، خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون و لە بیابانەکانی دورگەی عەرەبدا، کە «لە مێژوودا بە گەورەترین سەرچاوەی بەدوو ناسراوە«۱» بەدوای لەوەڕگادا دەسووڕانەوە، بەشێکی دیکەی خەڵکی دورگەی عەرەب لە چەند شارو شارۆچکەی وەک مەککە، مەدینە و حیجازدا نیشتەجێ بووبوون و خەریکی بازرگانی و کشتوکاڵ بوون.

خێڵە بەدوەکان خەڵکێکی سەرەتایی و نەخوێندەوار بوون و لە کۆمەڵگایەکی پریمیتیڤ و داخراوی پێش مێژوودا دەژیان. ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا دەسووڕانەوە و هیچ گۆڕانێکی گرینگیان بەسەردا نەدەهات. هەروا ئەوان خەڵکێکی هەژار و دەستکورت بوون. ئەو داهاتە کەمەی بەهۆی ئاژەڵدارییەوە دەستیان دەکەوت بەحاڵ بەشی ژیانێکی کولەمەرگی دەکردن. بەدووەکان کشتوکاڵ، بازرگانی و هەر کارێکی سەنعەتی وەک ئاسنگەری، دارتاشی... تاد یان بە کارێکی سووک دەزانی و بە چاوێکی کەم سەیری ئەو خێڵ و تیرانەیان دەکرد کە سەرقاڵی کشتوکاڵ و سەنعەت و بازرگانی بوون. بەلای ئەوانەوە، دەبوو بژێوی و نان بە زەبری شمشێر و غەزوکردن پەیدا بکرێت، بۆیە غەزوکردن و غەنیمەت (دەستکەوتی شەڕ) و تاڵان بە کارێکی جوامێرانە دادەنرا و بەشێکی گرینگی کولتوورەکەیان بوو. بەم جۆرە خێڵەکانی دورگەی عەرەب، لەناو وشکی و قاتوقڕیی بیاباندا، بۆ مانەوەی خۆیان بە درێژایی ساڵ سەرقاڵی پەلامار و تاڵان و کوشتاری یەکتری و ڕێگری بوون. یان هەر چەند خێڵێکی بەدو پێکەوە سوارچاکانە پەلاماری ئەو شارۆچکە و ئاوەدانییانەیان دەدا کە لە ڕۆخی بیابانەکان بوون و تاڵانیان دەکردن.

شەڕی خێڵەکیی نێوانیان ڕەگەزێکی دیکەی کولتوورەکەیان بوو. ئەم جۆرە شەڕە، کە مێژوونووسانی عەرەب بە (ایام العرب) ناوی دەبەن، بە ڕادەیەک خوێناوی بووە کە جاری وا بووە دوو خێڵ یان زیاتر، لە سەر شتێکی بچووک بەشەڕهاتوون و بە درێژایی دەیان ساڵ کوشتاریان لە یەکتری کردووە. بۆ نموونە شەڕی (ئەلبەسوس)، کە لەسەر حوشترێک لە نێوان خێڵی بەکر و خێڵی تەغلوبدا ڕووی دا، نزیکەی چل ساڵ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا ئەم دوو خێڵە هەزاران کەسیان لە یەکتری کوشت.«۲».

لەم کۆمەڵگایە خێلەکییەدا، کە شەڕ و پێکدادان و تاڵان گرنگترین

ڕەگەزی کولتوورەکەی بوو، ئایینی ئیسلام دەرکەوت و بڵاوبۆوە. لە سەرەتادا تەنیا کۆمەڵە خەڵکێکی کەم کە بە ئەلئەنسار (الانصار) و ئەموهاجرین (المهاجرین) ناسرابوون و زۆربەیان خەڵکی شاری مەککە و مەدینە بوون، هێزی سەرەکیی ئیسلام بوون. بەڵام دوای گرتنی مەککە و فەتحی دوورگەی عەرەب لە سەردەمی پێغەمبەردا، خێڵە بەدووەکانی دوورگەی عەرەب بە پۆل چوونە ناو ئیسلامەوە، چونکە لێیان روون بوو کە لە پرۆسەی مسوڵمانبوونیان هیچ لە دەست نادەن، کەچی بەم کارە دەشێت دنیا و قیامەت ببەنەوە. ئەو خێڵانەیش کە بە بتپەرستی مابوونەوە بە توندی پەلاماردران و کران بە مسوڵمان. بەم جۆرە هەموو خێڵەکانی دورگەی عەرەب پێکەوە لە شێوەی فدراسیۆنێکی عەشیرەتیدا یەکخران. خێڵە بەدووەکان بوونە هێزی سەرەکی و هەرە شەڕکەری ئەم فدراسیۆنە و لەشکری ئیسلام.

خەڵکی دوورگەی عەرەب، کە لە سایەی یەک ناوەندی دەسەڵات و یەک سەرکردەدا کۆکرانەوە، نەک هەر بوون بە بابەت (ئۆبژێکت)ێکی ئیسلام، بەڵکو لە هەمان کاتدا بوونە ئامرازێکی مەزنی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە دنیادا.

ئیسلام وەک ئایینێکی نوێی ئاسمانی سیستمێکی نوێی فیکری و رۆحیی هێنا و، دەیەویست هۆشیاریی خەڵکی دورگەی عەرەب لەسەر بنەمایەکی نوێ دابڕێژێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە سەرەتای رەنگدانەوەی خۆی لە سیستمی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵدا دەرخست. گۆڕینی نەریتی جاهیلییەت و کولتووری دێرینی خێڵەکانی دوورگەی عەرەب و چەسپاندنی کولتوورێکی نوێ، لەسەر بنەمای برایەتیی ئایینی و یەکسانی، بەشێک بوون لە پێداویستییەکانی بەردەوام بوونی ئەم پرۆسێسە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا کارتێکردنی هاوبەش و موراعاتی هاوبەشی نێوان دوو شێوە سیستمی کولتووری دەبنە پێداویستییەکی حەتمی. هەردوو لایەن، بە رادەی جۆربەجۆر، کار لە یەکتری دەکەن. ئەنجام بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک تەبایی و پێکەوەهەڵکردن لە نێوانیاندا روودەدات؛ چونکە هەردوولا چەند پێک ناکۆک بن هێندەیش بۆ یەکتری پێویستن. هەر بۆیە هەموو ئایینەکان، وەک دیاردەی مێژوویی-کۆمەڵایەتی، تەنیا گۆڕانیان بەسەر سیستمی فیکری و کۆمەڵایەتیدا نەهێناوە، بەڵکە خۆیشیان لەگەڵ کۆمەڵدا گونجاندووە.

دەرکەوتنی ئیسلام زەمینەیەکی نوێی بۆ یەکخستنی ژیانی رۆحی-ئایینیی خێڵەکانی دورگەی عەرەب رەخساند، لە هەمان کاتدا بناغەیەکی پتەوی بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی خێڵایەتی و یەکخستنی ژیانی سیاسیی خەڵکی عەرەب دارشت. چونکە ئیسلام، وەک ئایینێکی ئاسمانی، لە سنووری ئیمان و باوەڕهێنانی تاکەکەسدا نەمایەوە، بەڵکە شێوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی وەرگرت. هەر بەم پێیە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، تەنیا چەند ساڵێکی کەم، لە سەرەتاوە تا کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە، لە سنووری بانگێشە و تەبشیردا مایەوە. ئایەتەکانی ئەو سەردەمە، کە بە ئایەتە مەککییەکان ناسراون، زیاتر بانگەوازن بۆ باوەڕهێنان بە خودا و پێغەمبەر و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپە و هاندان بۆ کاری چاکە و.. تاد. بەڵام دواتر، کاتێک لایەنگرانی پێغەمبەر زۆر بوون و مسوڵمانان بوونە هێزێکی لە شکان نەهاتوو، ئیدی ئیسلام شێوەی بزاڤێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی وەرگرت، کە دەیەویست بە زەبری هێز و دەسەڵات پرینسیپ و دەستوورەکانی خۆی لە کۆمەڵدا بچەسپێنێت. ئەو ئایەتانەی لەم قۆناخەدا دەرکەوتوون (ئایەتە مەدینییەکان) و فەرموودەکانی ئەو سەردەمەی پێغەمبەر، زۆربەیان شێوەی یاسا و دەستووریان هەیە و بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو، یان بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلەیەکی رۆژ هاتوون و دەبوو وەک شەریعەتێک، کە دەسەڵاتێکی ئایینی و سیاسیی لە پشتەوە بوو، پەیرەویان لێ بکرێت.

کەچی ئایینی مەسیحی ئەم جۆرە پرۆگرام و دەستوور و ئامانجە سیاسییەی نەبوو. مەسیح و جێگرەکانی تەنیا لە رێگەی بانگێشە و تەبشیرەوە ئایینەکەی خۆیان بەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە و بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەت نەکردەوە. مەسیحییەت وەک دەسەڵاتێکی خودایی، بە تەریبی (موازی، پەرەلێل) دەسەڵاتی دنیایی خۆی دەردەبڕی و، دەیەویست بە دوور لە دەسەڵاتی ستەمکارانەی دەوڵەتی رۆم پەناگەیەکی رۆحی، کە لەسایەی دەسەڵاتی خودادا بێت، بۆ مرۆڤ دابین بکات. دەوڵەتی رۆم بە درێژایی سێ سەدە بەربەرەکانێی ئەم ئایینەی کرد. مەسیحییەت، وەک هەر ئایینێکی نوێ، هیوایەکی نوێی بۆ مرۆڤ هێنا و، لایەنگرانێکی زۆری بۆ پەیدا بوو. ئەوە بوو ئیمپراتۆری رۆم، کۆنستەنتین، کە نەیتوانی بزاڤەکە لەناو ببات لە سەدەی چوارەمی زاییندا ئایینی مەسیحیی کردە ئایینی رەسمی دەوڵەت. بەمەیش ئایینی مەسیحیی رەوتێکی دیکەی وەرگرت، کڵێسا بوو بە شەریکە حوکمڕان و ئامرازی دەستی دەوڵەت و، ئایینی مەسیحی بوو بە لایەنێک لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە.

گۆڕینی ئایینی ئیسلام، لە پەیامێکی ئاسمانییەوە بۆ بزاڤێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، پرۆسەی گواستنەوەی سیستمێکی میتۆلۆژی و تێڕامانی کەون و سروشت بوو بۆ ناو واقیعێکی کۆمەڵایەتی. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەکی بە چەسپاندن و

بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا دیلێمایەکی مەعریفی و پراکتیکیی بۆ ئیسلام دروست کرد؛ چونکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی واقیع دەبوو مەعریفە بگۆڕدرێت بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، تێڕامان لە کەون و سروشت و ئەودیو سروشت، بگۆڕدرێن بە هەوڵی گۆڕین یان خۆگونجاندن لەگەڵ واقیع، بەرژەوەندیی دەسەڵات بخرێتە پێش مەسەلەی دادپەروەری. ئەمەیش پێویستی بە هەموو ئەو مێتۆدانە هەبوو کە واقیعەکە، بە ستروکتووری کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دەیخواستن، یان تێیان دەگەیشت: توندوتیژی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ، دابینکردنی ئابوورییەکی بەهێز لە رێگای غەنیمەتەوە.

گۆڕینی ئیسلام بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت سروشتی ئایینەکەی گۆڕی، لە هەمان کاتدا زەمینەی بۆ جیاوازی و ناکۆکی و دەستەبەندی لە نێوان مسوڵمانان‌دا خۆش کرد، کە پاش کۆچی دوایی محەمەد یەکسەر ناکۆکییەکان بە توندی دەرکەوتن. ئەم ناکۆکییانە بەشێکیان پەیوەندییان بە مەسەلەی دەسەڵات (جێگری پێغەمبەر) و سروشتی خێڵایەتیی کۆمەڵی عەرەب و چۆنیەتیی تێگەیشتن و تەفسیری قورئانەوە هەبوو، بەشێکیشیان، وەک مێژوونووسانی ئەو سەردەمەی ئیسلام باسدەکەن، پەیوەندییان بە مەسەلەی ساخکردنەوە و دەستکاریکردنی هەندێک لە ئایەتەکانەوە هەبوو.

لە سەردەمی عوسماندا کۆمەڵە نوسخەیەکی قورئان لە شام و عێراق و وڵاتانی دیکە هەبوون، کە جیاوازییان لە نێواندا هەبوو. عوسمان، لە ساڵی سیی کۆچیدا، دەستووری دەرکرد کە ئەو نوسخەیەی لە سەردەمی ئەبوبەکردا نووسرابۆوە بکرێتە ئەساس و هەموو نوسخەکانی دیکە بسوتێندرێن.«٣» ئەمەیش ناکۆکی زۆری لەناو مسوڵماناندا دروستکرد، چونکە هەندێک سورە لە نوسخەی عوسماندا، کە بە قورئانی دەوڵەت دادەندرا، هەبوون کەچی لە نوسخەکانی دیکەدا نەبوون، یان بە پێچەوانەوە. بۆ نمونە گرووپی ئایینی ئەلموعتەزیلە سورەی «المسد»یان بە بەشێک لە قورئان نەدەزانی، هەروا ئەلخەواریجەکان سورەی «یوسف»یان سەر لەبەر رەتدەکردەوە. لەوەیش زیاتر، بە پێی مێژوونووسانی ئەو سەردەمەی ئیسلام قورئانی ئەسڵی سێیەکی لە قورئانی دەوڵەت زیاتربووە، قورئان بە پێی پێداویستییەکانی دەوڵەت و بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی حوکمڕانانی ئەو سەردەمە گەلێک دەستکاری و ئاڵوگۆڕ تێداکراوە، هەندێک شتی لێ لابراوە و هەندێک شتی دیکەی بۆ زیادکراوە. بە پێی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی ئیسلام حەجاج، کە فرمانی چەسپاندنی مەسحەفی دەوڵەتی پێسپێردرابوو، هەر خۆی ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە تێکستەکاندا کردووە.«٤».

دەوڵەت هەر ئایین و ئایدیۆلۆژیایەکی لە پشتەوە بێت پێویستی بە میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە. بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و پاراستنی دەسەڵات و ئاسایشی دەوڵەت، با بەزەبری ستەم و ئیستیبدادیش بێت، هەمیشە لە پێش مەسەلەی عەدالەت و یەکسانی و برایەتیی ئایینییەوە دێن. لە هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەمانە، بەر لە هەر شتێکی دی، لە بەرچاو دەگیرێن. لەم حاڵەتانەدا ئامانج و ناوەرۆکی عەدالەتخوازانەی ئایین، بەو جۆرەی کە لە تێکستە ئایینییەکاندا هاتوون، شێوەیەکی نیسبی بەخۆدەگرن و پابەندی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەکرێن. تەنانەت خودی ئایینەکە مەودایەکی ئەنترۆپۆلۆژییانە وەردەگرێت؛ واتا تێکستە ئایینییەکان، ئەگەر دەستکاریش نەکرێن،ئەوا بەو جۆرە لێکدەدرێنەوە و پیادە دەکرێن کە دەسەڵاتداران مەبەستیانە، یان لەگەڵ بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا دەگونجێن. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ هەوڵ دەدات ئایینەکە بە جۆرێک بگۆڕێت، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێت. ئەمەیش ناکۆکی و دەستەبەندی و رێباز و مەزهەبی جۆربەجۆر دروست دەکات.

ناکۆکی و کێشە نێوخۆییەکانی ئایینی مەسیحی لە سەدەی چوارەمی زایین بەدواوە، کاتێک مەسیحییەت بوو بە ئایینی دەوڵەت، سەریان هەڵدا. کەچی ئەم ناکۆکییە نێوخۆییانە هەر دوای مردنی محەمەد لە ئیسلامدا دەرکەوتن. مەسەلەی جێگریی پێغەمبەر و ناکۆکی نێوان خەلافەتی ئایینی و دەسەڵاتی دنیایی دەوڵەت و ستوکتووری خێڵایەتیی کۆمەڵی عەرەب سەرچاوەیەکی سەرەکیی دیکەی ئەم ناکۆکییانە بوون. لایەنگرانی عەلی (کە دواتر بە شیعە ناسران) سوور بوون لەسەر ئەوەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کە لە (اهل البیت) بوو، ببێتە خەلیفەی مسوڵمانان و جێگری پێغەمبەر. لە هەمان کاتدا عەلی لەو باوەڕەدابوو کە ئیسلام پێش ئەوەی ئایینی فتوحات و غەزوبێت ئایینی هەق و دادپەروەرییە. کەچی معاویە و سەرکردەکانی دیکەی قورەیش تەواو بە پێچەوانەوە بۆ ئیسلامیان دەڕوانی. بە واتایەکی دی ناکۆکیی نێوان عەلی و معاویە ناکۆکییەک بوو لە نێوان دوو سیستمی بەرامبەریەک و دوو جیهانی لێکجیاواز و پێک ناکۆکدا: یەکێکیان نوێنەری خەلافەتی ئایینی و ئەوی دیکەیان نوێنەری دەوڵەتی دنیایی بووە«٥».

شەڕی ئەلسەففین (الصفین)، کە شەڕێکی سیاسیی خوێناویی نێوان لایەنگرانی عەلی و لایەنگرانی مەعاوییە بوو، ئەنجامی توندبوونی ئەم ناکۆکییە بوو. ئەم شەڕە، کە بە قازانجی مەعاوییە/ دەسەڵاتی دەوڵەت تەواو بوو، لە لایەکەوە مسوڵمانانی کرد بە دوو

بەش و دواتر بە چەندان بەشەوە و برایەتیی ئایینی، کە پێغەمبەر لە بەرامبەر برایەتیی خێڵایەتیدا هێنابووی، گۆڕی بە برایەتیی مەزهەبی. لە لایەکی دیکەوە ئەو یەکێتییەی بۆ یەکەم جار پێغەمبەر لە مێژووی عەرەبدا دروستی کرد درزێکی گەورەی تێکەوت و، زۆری نەبرد بە تەواوی هەرەسی هێنا. عەرەبەکان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبی و بۆچوونی ئایینییانەوە، پارچەپارچە بوون. بەشی هەرەزۆری ئەسحابەکانی پێغەمبەر لەناوبران و سەرکردە عەسکەرییەکان وەک چینێکی نوێ دەسەڵاتیان زەوت کرد. کێشە و شەڕی خێڵایەتیی جاران و تەعەسوبی خێڵایەتی، لە قۆرمێکی نوێی مەزهەبی و ئایینیدا، دەرکەوتنەوە. بنەماڵەی ئومەوییەکان، بە کوشتن و لەناوبردن، دەسەڵاتی لە بنەماڵەی پێغەمبەر زەوت کرد. ئەنجام زنجیرەیەکی نەپساوی شەڕ و پێکدادان: کێشەی خوێناویی نێوان ئومەوییەکان و لایەنگرانی عەلی، ئومەوییەکان و عەباسییەکان، عەباسییەکان و شیعەکان. شەڕو کێشەی نێوان ناوەندی خەلافەتی عەباسی و ناوەندی خەلافەتی شیعەمەزهەبی فاتمییەکان لە میسر..تاد.

لە لایەکی دیکەوە ئەم شەڕە نەریتێکی لە مێژووی ئیسلامدا داهێنا، کە تا رووخانی ئیمپراتۆریای عەرەبی ئیسلامی لە سەردەمی عەباسییەکان و بگرە تا ئەمڕۆ، هەر بەردەوامە: نەریتی بە رەوازانینی کوشتاری نێوخۆی مسوڵمانان لەسەر مەسەلەی دەسەلات و جیاوازیی مەزهەب و بیری ئایینی.

گۆڕینی ئایینی ئیسلام، لە پەیامێکی ئاسمانییەوە بۆ بزاڤێکی سیاسی و دواتریش بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، رەنگە لە تەئسیری ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان ئایینی مەسیحی و دەوڵەتی رۆم، ئایینی مانی و دەوڵەتی ساسانی بەدوور نەبووبێت، بەلام پێدەچێت بەشێک بووبێت لە سروشت و پێداویستییەکانی مانەوە و چەسپاندنی ئیسلام لەناو کۆمەڵێکی خێڵەکیی بەدەویدا، کە کولتووری زەبرپەرستانەیان بە خوێن و زۆرداری و تاڵان ئاودرابوو.

مەسیح هەرچەندە نەیدەویست سیستمی سیاسی بگۆڕێت و سیستمێکی کۆمەلایەتیی عەدالەتخوازانە دابمەزرێنێت کەچی ستەمکاران لەناویان برد. گەلێک باسکار و نووسەری عەرەب، لەو باوەڕەدان کە ئەگەر محەمەد، وەک مەسیح، تەنیا لە رێگەی تەبشیرەوە ئایینەکەی خۆی بلاوبکردایەتەوە و پەنای بۆ دەسەلات و زەبر و توندوتیژی نەبردبایە سەرنەدەکەوت،، چونکە بە پێی کولتووری خێڵە بەدووەکانی عەرەب هێز نیشانەی هەق و راستییە. «ئەگەر محەمەد وەک مەسیح فەرمانی بە لایەنگرانی خۆی بکردایە : «ئەگەر یەکێک زللەیەکی لە روومەتی راستت دا ئەوا روومەتی چەپتی بۆ راگرە» ئەوا خێڵە بەدووەکان گاڵتەیان پێیان دەکرد و لاوازیان دەکردن و هەر بەخواردن دەیانخواردن. لاواز و زەبوون لە بیاباندا نابێت بمینێت. ئەمە لە زەمانی کۆنەوە لە بیاباندا دەستووری ژیان بووە»٦».

زمانی قورئان، لە گەلێک جێگەدا زمانێکی توند و هاندەرانە و پڕ لە هەرەشەیە. پەلامار و (فتوحات) وشەڕ و کوشتن، لە پێناو بلاوکردنەوەی ئیسلامدا، بە رەوا و پێویست دادەنێت و مسوڵمانان بۆ ئەم کارە هان دەدات»٧». هەروا پێغەمبەر، وەک سیاسەتمەدارێک تاکتیکیانە و، بە پەیوەندی لەگەڵ پارسەنگی هێز و مەسەلەی دەسەلاتدا، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئایینە ئاسمانییەکانی دی دیاری کردبوو.

ئیسلام لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، کە هێشتا بزاڤێکی لاواز بوو، خۆی بە تەواوکەری ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە دادەنا. بەپێی قورئان (سورەی بەقەرە، ئایەتی ٦٢) پێغەمبەرانی جوولەکە و مەسیحی بە پێغەمبەری مسوڵمانانیش دادەنران.

بەلام کاتێک ئیسلام لە دورگەی عەرەبدا بەهێز بوو، دەوڵەتی ئیسلامی هەڵوێست و رەفتاری خۆی بەرامبەر بە لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە گۆڕی و بەگلاو دادەندران و کوشتنیان بە رەوا دەزانرا (سورەی ئەلتەوبە، ئایەی ٢٨، ٣٠، ٣١)، هەروا وەک سووکایەتی پێکردن جۆرەها باج و موڵکانە و سەرانە «خەراج و جزیە»یان بەسەردا سەپێندرا (یعطو الجزیە عن ید وهم صاغرون- سورەی ئەلتوبە ئایەی ٢٩،) ئەگەر نەشیان بووبێت بیدەن ئەوا کراونەتە کۆیلە. بە کورتی لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە وەک هاولاتیی پلەدوو سەیر دەکران و ستەمیان بەرامبەر دەکرا و لە هەندێک کاتدا بە توندی پەلامار دەدران»٨»

دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە سەرەتاوە نەیتوانی لایەنی ئایینی جیاواز بە خۆی تەحەمول بکات و مافی یەکسانیی یاسایی و ئینسانی بۆ هاولاتییانی خۆی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئایینییان، دابین بکات. نەیتوانی دەستوورێکی یەکسان و عادیلانە بۆ پێکەوەژیانی هاوبەشی مسوڵمان و جوولەکە، مسوڵمان و مەسیحی، مسوڵمان و صابئی و زەردەشتی دابنێت. هەمیشە زۆرایەتیی حوکمڕان (مسوڵمان) مافی کەمایەتی (لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە)ی پێشێل کردووە و بە هاوولاتی پلەدووی داناون.

لە سەردەمی عومەردا بەپێی یاسایەکی تایبەتی کۆمەڵێک مەرجی سەخت، بۆ پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دی «زەمی» دانرا، کە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی موتەوەکیل ٨٤٧-٨٦١ بە فراوانی پەیڕەوکرا. بەپێی ئەم یاسایە نەدەبوو زەمی پەرستگای نوێ دروست بکەن. بۆیان نەبوو لە دادگادا شایەتی بدەن. دەبوو جلی

تایبەتی لەبەر بکەن، یان پشتێندی تایبەتی ببەستن تا بناسرێنەوە. بۆیان نەبوو بە سواری بەلای کەسێکی مسوڵماندا تێپەڕن. نەدەبووماڵیان لە ماڵی مسوڵمانان بڵندتر بێت. بۆیان نەبوو ژن لە مسوڵمان بێنن. نەدەبوو ڕێگە بدەن مسوڵمانێک بێتە سەردینیان بەلام دەبوو ڕازی بن کەسێکیان ببێتە مسوڵمان. بۆیان نەبوو لە دادگای مسوڵماناندا شایەدی بدەن تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە خۆشیانەوە هەبووایە.. تاد»۹»

ئەم جۆرە ڕێبازە جوداخوازییەی دەوڵەت، هەر دەوڵەتێک بێت، بەرامبەر بە هاووڵاتییان و ستەم و سووکایەتیکردن بە کۆمەڵە خەڵکێک بە هۆی جیاوازیی ئایینییانەوە، ناتوانێت بناغەی کۆمەڵێکی تەندروست دابمەزرێنێت و، کەمترین ئاستی عەدالەتخوازی بچەسپێنێت. کاتێک ئەم ڕێبازە توند و ستەمکارانە بوو بە نەریتێکی ڕەسمیی دەوڵەت و کۆمەڵی عەرەبی ئیسلامی، ئیتر شێوەیەکی فراوانتری وەرگرت و تەنیا لە سنووری غەیرەدیندا نەمایەوە؛ بەڵکە وەک میکانیزمێکی دەوڵەتی بەرامبەر هەر کۆمەڵە خەڵکێک پەیڕەو دەکرا کە بۆچوون و تێڕوانینی ئایینی و مەزهەبیی لە تێڕوانین و بۆچوونی ئایینیی ڕەسمیی دەوڵەت جیاواز بووایە؛ بە واتایەکی دی ستەم و چەوساندنەوەی غەیرە مسوڵمانان، بە هۆی جیاوازیی ئایینییانەوە، گۆڕدرا بە ستەم و چەوساندنەوە بەرامبەر بە مسوڵمانان، ئەم جارەیان بەهۆی جیاوازیی مەزهەب و بۆچوونی ئایینیی ناتەبایان لەگەڵ بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەتی ئیسلامیدا. ئەم ڕێبازە، لە سەردەمی ئومەوییەکاندا، سنووری ئایینی و مەزهەبیی تێپەڕاند و خاسیەتێکی نەتەوەیی عەرەبیشی وەرگرت. ئومەوییەکان گەڕانەوە بۆ شانازیکردنی بەدەوییانە بە ڕەگەزی عەرەبەوە و بە سووکی بۆ نەتەوە مسوڵمانە غەیرەعەرەبەکانیان دەڕوانی و بە (موالی) و (شعوبی) ناویان دەبردن. لەوەش زیاتر ئومەوییەکان، کە بنەماڵەیەکی بازرگانی مەکە بوون، کەوتنەوە جەزیە و خەراج ستاندن لە نەتەوە غەیرەعەرەبە مسوڵمانەکانی وەک قیبتییەکان و سریانەکان و فارسەکان و تورکەکان، وەک ئەوەی نەبووبنە مسوڵمان»۱۰». چونکە ئەم جۆرە باج و سەرانە دەسکەوت و داهاتێکی ئابووریی مفتی بۆ دێنان.

دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە سەرەتادا بە زەبری هێز سنوورێکی لە نێوان خۆی و لە نێوان کەمایەتییە ئایینییەکانی دوورگەی عەرەبدا کێشا و نەیتوانی میکانیزم و دەستوورێکی عادیلانە بۆ پێکەوەژیانی خۆی و ئایینە جیاوازەکان دابهێنێت. ئەمەیش نەریتێکی لە مێژووی سیاسیی ئیسلامدا داهێنا: نەریتی ستەمی ئایینی بەرامبەر بە غەیرەدین، ستەمی مەزهەبی بەرامبەر بە غەیرەمەزهەب، دواتریش، لە سەردەمی ئومەوییەکاندا، ستەمی نەتەوەیی بەرامبەر بە غەیرەعەرەب. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا غەیرەدین، غەیرەمەزهەب و غەیرەعەرەب کەمایەتی بوون، واتا لاواز و بێدەسەلات بوون. لاواز و بێدەسەلاتیش لەناو خەڵکی بەدوودا نابێت بمێنێت. ئەمە «لە زەمانی کۆنەوە لە بیاباندا دەستووری ژیان بووە». ئەم ڕێبازە، لەپاڵ هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە ژن و پاراستنی سیستمی کۆیلەداری و بەکۆیلەکرتن و بە کەنیزەکردنی دەیان هەزار کەسی وڵاتانی فەتحکراو، کە سامانێکی مفت بوون بۆ سەرکردە عەسکەری و حوکمڕانەکان، ناوەرۆکی عەدالەتخوازانەی ئیسلام دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لە هەمان کاتدا سروشتی ستەمکارانەی دەوڵەتەکە دەردەخەن، کە لە پرۆسەی فتوحاتدا ناوەرۆکی ئیمپراتۆریایەکی وەرگرت، کە ئابوورییەکەی لەسەر بنچینەی غەزوکردن و غەنیمەت دامەزراند و چینێکی نوێی ئۆرۆستۆکراتی عەسکەریی ساماندار و موڵکدار و کۆیلەدار، کە هەموو توخمەکانی کولتووری بەدوویان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو، ڕێباز و پرینسیپەکانیان دیاری دەکرد.

## II

دەوڵەتی ئیسلام دەسەلاتی خێڵەکان و شەڕ و ناکۆکیی نێوانیانی لاواز کرد و ملکەچی یەک ناوەندی دەسەلاتی کردن، بەلام نەیتوانی بە تەواوی کولتوور و عەقلییەتی خێڵەکیی خەڵکی تازەمسوڵمانی دوورگەی عەرەب، کە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشە و ناکۆکییەک جگە لە شمشێر شتێکی دیکەی بە بیردا نەدەهات، بگۆڕێت. کولتووری خێڵەکی و بەدەوییانەی کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەب، کە سەدان ساڵ بوو ڕیشەی خۆی داکوتابوو، بە ئاسانی جێگەی خۆی چۆڵ نەکرد، بەڵکە کۆششی کرد تا، لە سایەی دەسەلاتی ئیسلامدا، درێژە بەخۆی بدات و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێت. بۆیە ئاسان نەبوو ئیسلام، وەک دیاردەیەکی نوێ، کولتوور و نەریتێکی سەرجەم نوێ و جیاواز لە دوورگەی عەرەبدا بچەسپێنێت. بە واتایەکی دی پەیامی دادپەروەی و برایەتی و یەکسانیی ئایینی، کە ئیسلام لە سەرەتادا بانگێشەی بۆ دەکرد و ڕەوایی دەرکەوتنی خۆی پێ دەسەلماند، نەیتوانی لە دوورگەی عەرەبدا کولتووری زاڵی بەدووەکان، کە لەسەر غەزوکردن و تالان و شەڕ دامەزرابوو، نەهێڵێت و، خۆی وەک کولتووری زاڵ بچەسپێنێت؛ بە پێچەوانەوە ئەم خۆی وردەوردە لە بەردەم پێداویستییەکانی دەوڵەت و خواستی چینی نوێی حوکمڕاندا پاشەکشەی پێ کرا. کولتووری زاڵی دوورگەی عەرەب، کە بە کولتووری جەهالەت ناودەبرێت، وەک کولتوورێکی دێرینەتر و نزیکتر لە کەسایەتی و پسیکۆلۆژیا و ئامانجی خێڵە بەدووەکان، بەردەوام بوو و، لە فۆرمی نوێدا خۆی هێنایەوە بەرهەم. ناکۆکیی

نێوان ئەم دوو کولتووره، کولتووری بەدەوی و کولتووری ئیسلامی، بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلام هەر درێژەی هەبوو. کێشە سیاسی و مەزهەبی و فیکرییەکانی نێو دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی کەم تا زۆر لەم ناکۆکییە کولتوورییە بەدوور نەبوون.

بزاڤە فیکری-مەعریفی و سیاسییەکانی دژ بە ئیسلامی رەسمی، یان ئیسلامی خەلافەت، لەوانە خەواریج، شیعەکان، موعتەزیلەکان، بابەکییەکان، ئیسماعیلییەکان، قاتمییەکان و قەرامیتە..تاد، ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینییان هەبوو، رەوایی خۆیان لەوەوە وەردەگرت کە حوکمڕانانی دەوڵەتی ئیسلامی لە پرینسیپ و رێبازی راست و عەدالەتخوازانەی ئیسلام لایان داوە. بۆیە زۆربەیان، لە پاڵ ئامانجی ئایینی-سیاسییاندا، ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیشیان هەبوو. داوای یەکسانی و عەدالەتخوازییان دەکرد، دژی ئەو ستەم و لادانانە بوون کە پێداویستیی دەوڵەت، لەسەر حیسابی ئایین، دەیسەپاندن. بەڵام ئەم بزاڤانە، وەک چۆن دژی خێڵ و ئایینی رەسمی بوون، ئاوایش لە پێناو خێڵ و ئاییندا بوون. بە واتایەکی دی، ئامانجی ئەم بزاڤانە گۆڕینی دەسەڵاتی خێڵێک بە خێڵێک و مەعریفەیەکی ئایینی بە یەکێکی دی بوو.

کاتێک لە سەردەمی عومەردا فتوحات، وەک ئەنجامێکی بە دەوڵەتبوونی ئیسلام دەستی پێ کرد، دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی پێویستی بە هێزی کار (شەڕکەر) هەبوو تا بتوانێت بەرەنگاری هەردوو ئیمپراتۆریای بیزەنتی-مەسیحی و، ساسانی-زەردەشتی ببێت و، ئایینی ئیسلام لە ناوچەکانی ژێردەستی ئەم دوو ئیمپراتۆرایەدا بڵاوبکاتەوە. بەدووەکان، کە لە نێو خۆیاندا گەورەببوون و بە درێژایی مێژووی خۆیان بە هۆی شەڕ و پەلامار و غەزو بەشی سەرەکیی بژێوی خۆیان دابین دەکرد، بوونە کاریگەرترین هێزی لەشکری عەرەب. ئەوان بەتەواوی داب و کولتوور و نەریتی خۆیانەوە روویان لە وڵاتانی تر کرد و بە ناوی «جیهاد»ەوە کەوتنە پەلاماری ئەو وڵاتانە. بە پێی هەندێک سەرچاوە تەنانەت خێڵە عەرەبە مەسیحییەکانی دورگەی عەرەبیش لە فەتحی میسر و سوریا و ئێراندا بەشدار بوون.«١١».

خێڵە بەدووەکان لە بەرامبەر ئەو نەبەردییە کەمووێنەیەی کە لە شەڕەکاندا دەیاننواند، بەشێکی دەستکەوتەکان (غەنیمەتەکان)یان، وەک پاداشت پێ دەدرا. دەستکەوتەکانیش بەپێی قورئان، سوورەی ئەنفال- ئایەی ٤١، لە نێوانیاندا دابەش دەکرا: پێنجیەکی دەسکەوتەکان (غەنیمەتەکان) بۆ پێغەمبەر و بیت المال، چوار لە پێنجیشی بۆ جەنگاوەران کە دوای تەواوبوونی شەڕ لە نێوانیاندا دابەش دەکرا.

پرۆسەی فتوحات، لەشکری شەڕکەری بەدووەکانی یەکگرتووانە رەوانەی دەرەوەی دوورگەی عەرەب کرد و هەموو جیهانی وەک موڵکێکی حەڵاڵ خستە بەردەستیان، بەمەیش لە لایەکەوە شەڕی نێوخۆی خێڵەکانی عەرەب بە شەڕی نێوان عەرەب و نەتەوە غەیرەمسوڵمانەکان گۆڕدرا، کە لە ئەنجامدا کوشتارێکی گەورە لە خەڵکی سەر بە ئایینە جیاوازەکان (جوولەکە، مەسیحی، بتپەرست، زەردەشتی و صابئی) کرا. لە لایەکی دیکەوە زەمینەیەکی لەبار رەخسا تا خێڵە بەدووەکان، لە بارودۆخی شەڕدا، ئازادانە و دوور لە کۆنترۆڵ، تاڵان و کوشتار بکەن و نەریت و کولتووری خۆیان درێژە پێ بدەن.

کاتێک فتوحات لە سنوورێکدا راگیرا و شەڕی کافران تەواو بوو، لەشکرەکە دەرفەتی ئەوەی نەما لە دەرەوەی سنووری جوگرافیی ئیسلامدا درێژە بە زەبروزەنگ و تاڵان بدات، ئیتر روووە و ناوخۆ وەرچەرخایەوە. ئەم هێزە شەڕکەر و پەلاماردەرە، کە سەرکردەکانی چینێکی نوێی ئەرۆستۆکراتیی عەسکەری و ئاغای شەڕیان پێکدێنا، بوو بە ئامرازێک بەدەست خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسییەوە بۆ پەلامار و لەناوبردنی هەر بزاڤێکی ئیسلامی و سیاسی و عەشیرەتیی دژ بە خۆیان، بۆ نموونە دژی بزاڤی شیعەکان، خەواریج و قەرامیتە. بنەماڵەی عەلی و نەوەکانی پێغەمبەر..تاد). ئیدی کوشتاری بەکۆمەڵی مسوڵمان و تاڵان و کۆیلەکردنیان بوو بە بەشێک لە پێداویستی و مانەوەی هەردوو خەلافەتی ئومەوی و عەباسی.

لە سەردەمی خەلافەتی ئومەویدا (٦٦١-٧٥٠) کوشتاری مسوڵمانان هەموو سنوورێکی بەزاند. خەڵکی مسوڵمانی هەردوو ویلایەتی کووفە و بەسرە، کە لایەنگری عەلی بوون، حوکمڕانیی ئومەوییەکانیان بە ناشەرعی دەزانی. ئومەوییەکان پەلاماریان دان و زیاتر لە هەشت هەزار کەسیان لێ کوشتن«١٢». حەجاج، کە والیی ئومەوییەکان بوو، لە ماوەی ٢٠ ساڵی حوکمڕانییدا لە نێوان ١٢٠-١٠٠ هەزار خەڵکی مسوڵمانی عێراقی کوشت. کاتێکیش دوای مردنی دەرگای زیندانەکانی کرانەوە، بە پێی هەندێک سەرچاوەی مێژووی ئیسلام، ٨٠ هەزار مسوڵمانی زیندانیکراوی تێدابوو، کە ٣٠ هەزاریان ژن بوون.«١٣»

هەر لەو سەردەمانەدا، خەڵکی مسوڵمانی شاری کوردنشینی هەمەدان کوشتارێکی فراوانیان لێ کرا و ژنانی شارەکە بە دیل بران و لە بازاڕەکاندا هەراج کران. ئەم ژنە کوردانە، وەک بروکلمان دەنووسێت: «هەوەڵین ژنە مسوڵمان بوون کە لەسەردەمی ئیسلامدا هەراج بکرێن و خەڵکی بیانکرێت»«١٤»

رەنگە سەرنجڕاکێشترین رووداوی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی ئەو پەلامارە بێت کە بە فرمانی یەزیدی کوڕی مەعاویە کرایە سەر خەڵکی شاری المدینة، کە بە حوکمڕانیی یەزید رازی نەبوون. دوای

داگیرکردنی شارەکە سەرلەشکری ئومەوییەکان، مسلم بن عقبة المري، ڕێگەی بە سەربازەکانی دا تا سێ شەو و سێ ڕۆژ ئازادانە و بە ئارەزووی خۆیان بکوژن و تالان بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەر ژنان. سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلام دەنووسن کە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە جنسییەی کرایە سەر ژنانی مەدینە حەوت هەزار منداڵی بیژوو لە شارەکەدا لە دایک بوون«١٥».

هەر بەم شێوەیە کاتێکیش عەباسییەکان (٧٥٠-١٢٥٨) دەسەڵاتی ئومەوییەکانیان لەناوبرد نزیکەی ١٠٠-٦٠٠ هەزارکەسیان لە ئومەوییەکان کوشت. خەلافەتی ئیسلامیی عەباسی تا ناوەراستی سەدەی سیانزەهەم، کە لە لایەن هۆلاکووەوە ڕوخێنرا، بە هەمان مێتۆدی ئومەوییەکان لەگەڵ لایەنگرانی مەزهەب و بزاڤە ئیسلامییە نەیارەکانی خۆیدا دەجووڵایەوە. ئیتر ئەم ڕێباز و نەریتە دواتر، وەک میراتێک، بۆ هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانیی سوننە مەزهەب و ئێرانیی شیعە مەزهەب مایەوە.

هەر بەپێی هەمان نەریت بوو کە سوڵتان سەلیم، بە فەتوایەکی ئاینیی خوێنی شیعەکانی حەلاڵ کرد و لە پەلاماریدا بۆ سەر گەیلان و مازەندەران چل هەزار مسوڵمانی شیعەی کوشت«١٦». یان سەفەوییە شیعەکان بە دەیان هەزار خەڵکی سوننەمەزهەبی کوردیان کوشت.

بەکورتی ڕەشەکوژیی مسوڵمانان بەدەستی مسوڵمانان و تالانکردنی ماڵ و سامانیان و حەلالکردنی سەر و ناموسیان بوو بە دیاردەیەکی هێندە ئاسایی و ڕەوای سەردەمی ئیمپراتۆریای عەرەبی ئیسلامی، کە پێشتر مەگەر لە کولتووری بەدووەکاندا وێنەی بوو بێت.

ئەگەر لەشکری دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی ئاوا توند و دڵرەقانە لەگەڵ مسوڵماناتان جووڵابێتەوە، ئاخۆ چۆن لەگەڵ ئەو گەلانەدا ڕەفتاری کردبێت کە بە زەبری شمشێر وڵاتەکانیان داگیرکردن؟

فەیلەسوفی ناسراوی عەرەب ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦) لەو باوەڕەدایە کە عەرەب دەست بەسەر هەر وڵاتێکدا بگرێت وێرانی دەکات، چونکە، بە ڕای ئەو، عەرەب نەتەوەیەکی وەحشییە ... سروشتەکەیان ئەوەیە کە شتی ناودەستی خەڵک بڕفێنن و ڕزقیان لە سایەی شمشێرەکانیاندایە و نەک هەر سڵ لەوە ناکەنەوە کە ماڵ و سامانی خەڵک بەرن، بەڵکە هەر کە چاویان بە ماڵ و سامانی خەڵک کەوت تالانی دەکەن«١٧».

ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حوکمڕانانی عەباسی و کێشە و ناکۆکیی نێوان لابالەکانی ئیسلام و شەپۆلی تورکە خوارێزم و سەلجوقییەکان خەلافەتی عەرەبی ئیسلامییان بنکۆڵ و لاوازکرد. هەر لە سەدەی دەیەمەوە لە سووریا و لوبنان و فەلەستین دەوڵەتی حەمدانییەکان (٩٢٩-١٠٠٣) دامەزرابوو. لە میسر دەوڵەتی شیعەمەزهەبی فاتمییەکان (٩٦٩-١١٧١) و لە ئاسیای ناوەڕاست و ئێران چەندان دەوڵەتی دیکەی سەربەخۆ دروست بووبوون. هەروا وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ئیسپانیا خۆیان لە دەسەڵاتی عەرەب ئازاد کردبوو. خەلیفەی مسوڵمانان لە بەغدا وەک سیمبوولێکی ئاینیی مابۆوە، تا لە ساڵی ١٢٥٨ هۆلاکۆ کوشتی و دوایی بە خەلافەتی عەباسی هێنا.

بەلام دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی، لە ماوەی نزیکەی شەش سەدەیەکدا، نەتەوەی عەرەبی لە قۆناخی پێش مێژوو، یان لە قۆناخی بەداوەتەوە گواستەوە بۆ قۆناخی شارستانی. ژیانی ئابووری و ئاوەدانی و زانستی و کولتووریی عەرەب، بۆ یەکەم جار، گەشەیان کرد. بە سەدان شار و شارۆچکەی نوێ دروست کران. لە سەردەمی عەباسییەکاندا شارستانیی ئیسلام بە رووی فیکر و کولتووری مەسیحی، گریکی و ئێرانیدا کرایەوە و سوودێکی زۆری لە شارستانیی گەلانی ژێردەستیان و لە زانا و خوێندەوارانی نەتەوە مسوڵمانەکان وەرگرت. فەلسەفەی یۆنانی و تێکستە ئاینییەکانی زەردەشتی و مانی کرانە عەرەبی، کە بناخەیەکی پتەویان بۆ بیری فەلسەفی و سەرهەڵدانی فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی دارشت. کتێبی جۆربەجۆر لە بوارەکانی مێژوو، فەلسەفە، پزیشکی، ماتماتیک، لۆژیک، جوگرافیا، کیمیا و فیزیا نووسران. عەرەبەکان، بە هاوکاریی گەلانی دیکەی مسوڵمان، شارستانییەکی گەورەیان لە ناوچەکەدا دامەزراند. زۆربەی بەرهەمە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمانە بە شاکار و بەرهەمێکی داهێنەرانەی کولتووری دادەنرێن.

هەروا لە سایەی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیدا بەشی هەرەزۆری خێڵە ڕەوەندەکانی بیابانی دوورگەی عەرەب لە ناوچەکانی میسر، عێراق، باکووری ئەفریقا، سووریا، لوبنان، فەلەستین..تاد نیشتەجێ بووبوون. زمانی عەرەبی، وەک زمانی قورئان و پێغەمبەر، هەر لەسەرەتای سەدەی هەشتەمەوە کرابووە زمانی رەسمیی ئیمپراتۆریای عەرەبی ئیسلامی. ئەم زمانە لە سووریا و میسر و باکووری ئەفریقا جێگەی زمانی گریکی و، لە عێراقدا جێگای زمانی فارسیی گرتبۆوە. بەکورتی پێکهاتی دیمۆگرافی ئەم وڵاتانە بەتەواوی گۆڕدرابوو و، ئەم وڵاتانە بەعەرەب کرابوون. خێڵە بەدووەکانی دوورگەی عەرەب، کە لەشار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەم وڵاتانەدا نیشتەجێ بووبوون سوودیان لە کولتووری خەڵکی ئەو ناوچانە وەرگرتبوو، لە هەمان کاتدا نەریت و کولتووری خۆیان لەوێدا بلاوکردبۆوە. گەلانی فارس، کورد، بەلووچ، گەلە تورکزمانەکان و بەشێکی هیندستان...تاد کرابوونە مسوڵمان. دیارە زۆربەی ئەم نەتەوانە، بەهۆی سەردارڕبوونی زمان و

کولتووری عەرەبییەوە، زمان و کولتووریان رەوتی سروشتیی گەشەکردنی خۆیان لەدەست دا و بەر پەلامارێکی توندی کولتووری کەوتن، بەڵام دواتر ئایینی ئیسلام و ناوەندە ئایینی و زانستییەکان و فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی رۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستنی کولتوور و ئەدەب و بیری فەلسەفی ئەو گەلانەدا گێرا. لە لایەکی دیکەوە کولتووری سیاسی و نەریتی ستەمکارانەی سەدان ساڵەی ئومەوییەکان و عەباسییەکان بوونە بەشێک لە کولتوور و نەریتی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە.بە کورتی فتوحاتی عەرەبی دوو جۆرە کولتووری لەگەڵ خۆی هێنا: کولتووری ئیسلام و کولتووری خێڵە بەدووەکان.

ئایینی ئیسلام کاتێک لە دورگەی عەرەبدا، کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بوو، نەیتوانی کولتووری نێگەتیڤی خێڵە بەدووەکان و جاهیلییەت ریشەکێش بکات، ئەوا ئاسان نەبوو بتوانێت کولتووری خێڵە بەدووەکانی دەرەوەی دورگەی عەرەب بگۆڕێت. کاتێک شاڵاوی خێڵە بەدووە تورکزمانەکان و مەغۆلەکان، لە بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە، روویان لە ناوچەکە کرد دەرەتانێکی زیاتر بۆ کولتووری ستەم رەخسا. ئیدی کولتوور و نەریتی تەواوی خێڵە بەدووەکانی ئاسیا فراوانتر بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە. بەتایبەتی کە زۆربەی خێڵە تورکزمانەکان، بە خۆیان و نەریت و کولتووریانەوە مانەوە و دواتر بوونە میراتگری دەوڵەت و خەلافەتی ئیسلامی

.

III

دوای ئەوەی خێڵە بەدووەکانی عەرەب لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون و ژیانێکی شارستانییان دامەزراند، هێرش و پەلاماری خێڵە بەدووەکانی بیابانی گۆبی Gobi و ناوەڕاستی ئاسیا دەستی پێکرد. لە سەرەتادا خێڵە تورکزمانەکان و دوای ئەوان خێڵە مەغۆلەکان، کە هەردووکیان سەر بە گرووپی گەلانی ئالتایین، هێرشێکی عەسکەریی بەربڵاویان هێنا و گەلێک لە شار و ناوەندە شارستانییەکانی چین، هیندستان، هەروا ئێران و ناوچەی دیکەی ئیسلامیی و بەشێکی ئەورووپایان وێران و تاڵان و داگیرکرد. ئیتر رەوشی شارستانیی ناوچەکە جارێکی دی گەشەکردنی سروشتیی خۆی لەدەست دا، شەپۆلێکی دیکەی خوێن و کوشتار و وێرانکردن ناوچەکەی داگرتەوە.

ئیبن خەلدوون لە باسی دیاردەی هێرشی یەک لەدوای یەکی بەدووەکاندا دەڵێت کە دوای ئەوەی بەدووەکان دەستیان بەسەر شاردا گرتووە و خەڵکەکەیان ژێردەست کردووە، ئیدی ئەوان خەریکی دامەزراندنی شارستانی بوون و توانای جارانی شەڕ و پەلاماردانیان لە دەست داوە. دوای ئەمان کۆمەڵە خێڵێکی دیکەی بەدوو، بە تەواوی وزەی شەڕکەرانەیانەوە، لە بیابانەکانەوە هاتوون و پەلاماری شارەکانیان داوە و دەسەڵاتیان لە کۆنەبەدووە شارنشینەکان ستاندووە، ئیتر ئەمان جێگەی ئەوانی پێش خۆیان گرتۆتەوە«١٨».

خێڵە تورکزمانەکان، هەر لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی چواردەیەم زنجیرە هێرشێکی نەپساوەی وێرانکارانەیان بۆ سەر ناوەندە شارستانییەکانی ئاسیا و گەلێک شوێنی ئەورووپا دەست پێکرد. هەر جارەی کۆمەڵە خێڵێکی درندەی رەوەند و بەدوو، کە لە ئاژەڵیەخێوکردن و شەڕ و تاڵان و کوشتن بەولاوە کارێکی دیکەیان نەدەزانی، یەکیان دەگرت پەلاماری شار و ناوچە ئاوەدانەکانیان دەدا و دەستیان بەسەردا دەگرت. قەرەخانەکان، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، ئەتابەگییەکان خەواریزمەکان، قەرەقۆینلۆ و ئاقوۆینلۆ و عوسمانییەکان.تاد تێکڕایان خێڵی چەکداری تورکزمانی ناوەڕاستی ئاسیا بوون کە بە لێشاو بەدوای یەکدا دەهاتن و، وەک درندە پەلاماری یەکتری و پەلاماری شارەکانیان دەدا. زۆربەی ئەم خێڵە چەکدارە تورکانە بەدوو یان خێڵی شوانکارەی رەوەند و خەڵکێکی پریمیتیڤ بوون. ئەوان هیچ پەیامێکی ئایینییان نەبوو، مسوڵمانبوونیان هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی لە سروشتیی درندانەیان و لە کولتووری خێڵەکی و سیاسییان دروست نەکرد. ئەم خێڵانە گەلێک ناوچەی وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپایان داگیرو تاڵان کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون. لە سەدەی یانزەیەمدا، لە سایەی دەسەڵاتی سەلجوقیدا، ئاسیای بچووک، کە گریکی بوو، بە تورک کرا. هەروا ناوچەکانی ئازەربایجان، خوراسان و خواریزم (کۆماری تورکمانستانی جارانی سۆڤییەت) کە فارسزمان بوون، بە تورک کران«١٩».

لە سەرەتای سەدەی سیانزەیەمدا هێرشی خێڵە بەدووە مەغۆلەکان، کە زۆربەی لەشکرەکەیان تورک بوو، بە رابەری چێنگیزخان، ناوچە مسوڵمانەکانیان بەتەواوی شڵەژاند. زۆربەی شار و ناوەندە شارستانییەکان کەوتنە بەر پەلامارێکی نوێی توند و بەربڵاوی ئەم خێڵە بەدووانە، کە لە بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ تاڵان و وێرانکردن بە دنیادا بڵاوبیبوونەوە.

ئەگەر خێڵە بەدووەکانی عەرەب، دوای وێرانکردنی شارستانیی ساسانی و بیزەنتی توانییان شارستانییەکی نوێی ئیسلامی دابمەزرێنن، ئەوا خێڵە رەوەند و بەدووەکانی تورک و مەغۆل، دوای خۆیان، تەنیا وێرانە و دواکەوتن و جەهالەتیان بەجێ هێشت.

مەغۆلەکان کۆمەڵە خێڵێکی رەوەندی بەدوو بوون و لە بیابانی گۆبی Gobi لە ناوەڕاستی ئاسیادا دەژیان. ئەوان هیچ شار و

ناوەندێکی شارستانییان نەبوو، بە خۆیان و مالات و رەشماڵەکانیانەوە، بە دوای لەوەڕگادا دەسووڕانەوە. ئەوانیش، وەک خێڵە تورکزمانەکان، خەڵکێکی پریمیتیڤ و دڕندەبوون و بێجگە لە ڕاو و ئاژەڵداری و شەڕ و تالان و پەلاماری شار و ئاواییەکانی دەوروبەریان کارێکی دیکەیان نەدەزانی. لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمدا چینگیزخان، بە زەبری هێزی خێڵەکەی خۆی، توانیی خێڵە بەدووەکانی مەغۆل و تاتار، کە گروپێکی مەغۆلەکان بوون و، خێڵە تورکزمانەکانی بیابانی گۆبی و ناوەڕاستی ئاسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەنجومەنێکی دامەزراند کە ئەویان بە پاشای هەموو خەڵک هەڵبژارد. هەروا یاسا yasa یەکی بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتەکەی دانا، کە هێندەی ئایینێک لای ئەو پیرۆز بوو، هەموو خەڵکی مەملەکەتەکەی ناچارکرد کە پەیڕەوی یاساکەی بکەن، ئەوانەی سەرپێچییان لە یاسایەکە بکردایە بەتوندی سزا دەدران«٢٠».

چینگیزخان بەم لەشکرە یەکگرتووە شەڕانییەوە، کە دڕترین و کارامەترین جەنگاوەرانی سەردەمی خۆیان بوون، بۆ تالان و وێرانکردن کەوتە پەلاماری دنیا. یەکەمین جار بەرەو چین، کە نزیکترین ناوەندی شارستانی بوو، ڕۆیشت، دواتر زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و بەشێکی ئەوروپای داگیر و تالانکرد و، توانیی گەورەترین ئیمپراتۆریای ئەو سەردەمە دابمەزرێنێت.

دڕندایەتیی لەشکری مەغۆل بە ئەندازەیەک بوو کە لە کاتی گرتنی شارێکدا ئەگەر هەر جۆرە بەرهەڵستییەکیان بەرامبەر بکرابایە، ئەوا سەرلەبەری خەڵکەکەیان دەکوشت و تەواوی شارەکەیان تالان و وێران دەکرد. بەمەیش دەیانەویست ئیرادە و ورەی خەڵکی شارەکانی دیکە بە تەواوی برووخێنن«٢١». چینگیزخان، کە باوەڕی بە خودایەکی نەمر هەبوو، پێی وا بوو کە خوداوەند مەغۆلەکانی هەڵبژاردووە و ئەرکێکی پیرۆزی پێیان سپاردووە تا دنیا داگیر و (فەتح)بکەن. بەیاننامەکانی مەغۆل بە ناوی «خودا» و «خان»ەوە بڵاودەکرانەوە. بەڵام چینگیزخان مەزهەبی خۆی بە زەبری هێز بەسەر خەڵکی دیکەدا نەسەپاند. بە پێچەوانەوە، ئازادیی تەواوی بە هەموو ئایینەکان دابوو: مەسیحییەکان، مسوڵمانان، جوولەکەکان و بوداییەکان تێکڕایان بە تەواوی ئازاد بوون کە هەر جۆرێک حەزدەکەن خواپەرستیی خۆیان بکەن و، لە هەر شوێنێکی ژێر دەسەڵاتی مەغۆل دەخوازن باوەڕی ئایینیی خۆیان بڵاوبکەنەوە بەو مەرجەی دەست بۆ ئازادیی خەڵکی دی درێژ نەکەن«٢٢».

دەوڵەتی مەغۆل، وەک دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و دەوڵەتی خێڵە تورکزمانەکان ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتیی خێڵەکیی هەبوو، کە لە ئەنجامی یەکخستنی خێڵە بەدووەکانی بیابان و پەلکێشکردنیان بۆ سایەی دەسەڵاتێکی ناوەندی و سەرکردەیەکی بەهێزەوە سەری هەڵدابوو، بەو ئامانجەی بەدووەکان دەست بەسەر شار و ناوەندە شارستانییەکانی دەوروبەریدا بگرن. مەغۆلەکان، نە خۆیان هیچ شارستانی و شارێکی ئەوتۆیان هەبوو، نە هیچ شار و ئاوەدانی و شارستانییەکیان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا دامەزراند. شاری بەغدا، کە گەورەترین ناوەندی کولتووری و بازرگانیی ئەو سەردەمە بوو، ئەوان وێرانیان کرد و تەورێزیان کردە پایتەختی خۆیان. نزیکەی سەدساڵێک (لە ساڵانی ١٢٢٠ بەدواوە تا ساڵی ١٣٢٥) لە ئێران حوکمڕانییان کرد..

مەغۆلەکان لەو ماوەیەدا کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی کولتووری فارسەوە. لە سەردەمی مەغۆلەکاندا کولتووری فارسی، کە حوکمڕانانی مەغۆل (ئیلخانییەکان) بایەخیان پێ دەدا، ئاستێکی بەرزی گەشەکردنی بە خۆیەوە دیت. سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کلاسیکی فارس لە سەدەکانی سیانزدەیەم و چواردەیەمدا دەرکەوت، ئەو سەردەمانە بەرهەمێکی زۆری مێژوویی و شیعر نووسران. مەغۆلەکان لە ئێراندا کەوتنە بەکارهێنانی زمانی فارسی. ئەم زمانە لە ڕێگەی تورکەکان و مەغۆلەکانەوە بە تەواوی ئاسیادا بڵاوبۆوە«٢٣».

هێرشی مەغۆلەکان کۆمەکی زۆری بە تورکەکانیش کرد. یەکێک لە ئەنجامە هەرە خراپەکانی هێرشی مەغۆلەکان ئەوە بوو کە خێڵە تورکزمانەکان، زیاتر و بەربڵاوتر بە ئاسیادا بڵاوبوونەوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریای هۆلاکۆ و وەچەکانیدا، نزیکەی هەموو کەلە تورکزمانەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای مەغۆلیدا جێگای خۆیان گرتبوو. تورکەکان، لەگەڵ دواکەوتوویی و پریمیتیڤیی خۆیاندا، لە مەغۆلەکان پێشکەوتووتر بوون. زمانەکەیان پێشتر بەهۆی چەند ناوەندێکی دەسەڵاتی خێڵە تورکزمانەکانەوە بڵاو ببۆوە و خۆی سەپاندبوو. گەلێک لە کارمەندانی ئیداری و سیاسیی مەغۆلەکان تورک بوون و فەرمانەکانی خانی مەغۆلیان بە خەتی تورکی یان، دروستتر بڵێم، بە خەتی ئویگوری بڵاودەکردەوە. مەغۆلزمانەکان لەناو ئیمپراتۆریای مەغۆلیدا، هەمیشە کەمایەتی بوون و سەرەنجام لە ناو دەریای زمانی تورکیدا نقوم بوون. زمانی مەغۆلی، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیدا، پاشەکشەی کرد«٢٤» بۆ ناوچە ئەسڵییەکانی خۆی، مەنگۆلستان، و هەر لەوێدا مایەوەو دەرفەتی بە زمانی تورک دا تا لە سەرانسەری دەشتاییەکانی ئاسیا-ئەوروپایی و ئەودیویانەوە خۆی بسەپێنێت«٢٥».

مەغۆلەکان، کاتێک دەوڵەتەکەیان دامەزراند، هیچ ئایینێکی رەسمییان وەک ئایدیۆلۆژیای ئیمپراتۆریاکەیان هەڵنەبژارد. رەنگە لەمەدا چاویان لە دەوڵەتی چین کردبێت، کە تا ئەوکاتە تاکە

ناوەندێکی شارستانی بوو مەغۆلەکان ناسیبێتیان. خێڵ و تیرە مەغۆل و تورکزمانەکان ئازادیی ئایینیی تەواویان هەبوو. ئەوان بەشێکیان بودی و بەشێکیان مەسیحیی نەستوری و شەیتانپەرست و مەزدەکی بوون و ملکەچی یاسای چینگیزخان بوون. ئەم خێڵانە پێکەوە لەسەر بنەمای زەروورەت، یان هێگل گوتەنی بۆ تالان و ژێردەستکردنی گەلە خاوەن شارستانییەکان، یەکیان گرتبوو. گرنگترین شت بۆ چینگیزخان ئەوە بوو کە هەموو کەسێک پەیڕەوی لە یاساکەی بکات. دواتر، کاتێک مەغۆلەکان لە سەردەمی هۆلاکۆدا بەغدایان گرت، هەستیان کرد کە ئایین چەند لەلای خەڵکی ناوچەکە گرنگە و، ئایینی ئیسلام دەتوانێت چ ڕۆڵێکی گرنگی بۆ درێژەدان بە داگیرکردنی ناوچەکە و بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتەکەیان هەبێت. ئەوە بوو هۆلاکۆ بوو بە مسوڵمان و، زۆربەی لەشکرەکەی بە ئاسانی ئایینەکان خۆیانیان گۆڕی و بوونە مسوڵمان.

لەو سەردەمانەدا هەموو دوڵەتە مەزنەکان یان ئیمپراتۆریاکان، جگە لە دەوڵەتی چین، ئایینیان کردبووە ئایدیۆلۆژیای خۆیان. دەوڵەت، نەک تەنیا شەرعیەتی خۆی، بەڵکە دەستوور و پرینسیپەکانی حوکم و سیستەمی کۆنترۆڵی خۆی لە ئایینەوە وەردەگرت. ئیمپراتۆریا و دەوڵەتی بێ ئایدیۆلۆژیا و پرینسیپی ئایینی دیاردەیەکی ناتەواو بوون. ئەم ئیمپراتۆریاو دەوڵەتانە، کە پێکهاتێکی فرەنەتەوەییان بووە، لە بنەڕەتدا لە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتدا، لەسەر بنەمای ئایینی، یان مەزهەبی دامەزێندرا بوون. مەسەلەی ئێتنۆ-کولتووری (ئێتنیکی-کولتووری) ڕۆڵێکی لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتانەدا نەبووە و دەوڵەتی فرەنەتەوە بوون. ئیمپراتۆریای ساسانی ئایدیۆلۆژیاکەی ئایینی زەردەشتی-مانی بوو. ئیمپراتۆری بیزانتی، لە سەرەتای سەدەی چوارەمەوە، وەک باس کرا، ئایینی مەسیحیی کردە ئایینی ڕەسمیی خۆی. دواتریش ئەو دەوڵەتانەی لە سەدەی پانزەیەم بەدواوە لە ئەورووپا دامەزران (بریتانیا، ئیسپانیا و فەرەنسا) تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم هەر لەسەر بنەمای ئایینی/مەزهەبی بوون. یەکەمین دەوڵەتی ناوەندیی عەرەب لەسەر بنەمای ئایین و بەناوی ئیسلامەوە دامەزرێنرا. ئیسلام نەک هەر بەهێزترین هۆکاری یەکگرتنی خێڵەکانی عەرەب بوو، بەڵکە بەهانەی فراوانخوازی و پەرەگرتن و زلبوونی ئەم دەوڵەتەش بوو. تورکە خواریزمەکان، هەر ئیسلامیان کردبووە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتەکەیان. کاتێکیش تورکە عوسمانییەکان، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمدا، بوونە ئیمپراتۆریایەکی مەزنی ناوچەکە خۆیان وەک ناوەندی ڕەسمیی خەلافەتی ئیسلامی و سەرۆکی دەوڵەتیان وەک خەلیفەی شەرعیی مسوڵمانان ناساند.

دواتریش تورکە سەفەوییەکان، کە لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا ئیمپراتۆریای سەفەوییان لە ئێراندا دامەزراند، هەر ئایین(مەزهەبی شیعەگەری)یان کردە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەکەیان. هەردوو ئیمپراتۆریا، تا دوای شەڕی یەکەمی جیهان، هەر بە هەمان ئایدیۆلۆژیا و بەهانەی ئایینییەوە درێژەیان بە دەسەڵات و ستەمی خۆیان دا. لە کاتێکدا، ئایینی مەسیحی، وەک ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی ئەورووپایی، لە سەدەی هەژدەیەمەوە وردەوردە ڕۆڵی خۆی بزرکرد و ئایین و دەوڵەت لەیەکتری جیاکرانەوە. دواتریش دەوڵەتی ناسیۆنالیستی، لەسەر بنەمای ئێتنۆکولتووری بوو بە مۆدێلی باوی دەوڵەتانی ئەورووپایی.

ئایینی ئیسلام زۆر دوای ئایینەکانی جوولەکە، زەردەشتی و مەسیحی دەرکەوت. پێش ئیسلام، ئایینی جوولەکە و مەسیحی لە دوورگەی عەرەبدا بڵاو بووبوونەوە و بە سەدان خێڵی عەرەب چووبوونە سەر ئەم دوو ئایینە. هەروا لەناو خێڵەکانی مەغۆل و تورکزمانانی بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیادا ئایینەکانی زەردەشتی/مانی، بوودی و مەسیحی بڵاوببوونەوە. بەڵام ئەم خێڵە بەدووانە، لەناو ئەم هەموو ئایینانەدا، کە پێشتر ریشەیان لەناو کولتوور و نەریت و ویژدانی ئەواندا بووە، هەموویان بە ئیسلامەوە گیرسانەوە و تا توانییان سودیان لە ئیسلام وەرگرت و ملکەچی کولتوور و نەریتی خۆیانیان کرد. دەشێت بە مسوڵمانبوونیان، پەیوەندی بە ئیمان و باوەڕەوە نەبووبێت، بەڵکە بەشێک بووبێت لە پێداویستیی زەوتکردنی دەسەڵات و سوودوەرگرتن لە ئیسلام بۆ ڕەواییدان بە حوکمڕانیکردنی گەلە مسوڵمانەکان.

تورکەکان، سوودێکی زۆریان لە ئیسلام وەرگرت، چۆن خۆیان ویستیان و تا چەند توانییان بە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێنا. لە ڕاستیدا ئەمان یەکێک لە هۆکارە هەرە گەورەکانی داڕمانی خەلافەتی عەباسی بوون.

عەباسییەکان، بە تایبەتی لەسەردەمی خەلیفە مامون و موعتەسەم بیاللە، کوڕی هاروون ئەلڕەشید، پشتیان بە تورکەکان و فارسەکان دەبەست. فارسەکان، وەک خەڵکی خوێندەوار و خاوەن کولتوور، لە دەزگا ئیداری و مالی و کولتوورییەکانی دەوڵەتدا شوێنی گرنگیان پێ درا. تورکەکانیش، وەک خەڵکی دڕندەی شەڕکەر، کرانە هێزێکی عەسکەریی گەورەی عەباسی کە بۆ پەلاماری هەر بزاڤێکی دژ بە دەوڵەت و بۆ تەمێکردنی خێڵە عەرەبە نەیارەکانی عەباسییەکان و بۆ کۆنترۆڵکردنی دەیلەمییەکان، کە دەستیان بەسەر لەشکرداگرتبوو، بەکاردەهێنران. ئەنجام ئەم تورکانە دەزگا گرینگەکانی سوپا و دەوڵەتیان خستە ژێردەستی خۆیان و بە مەیلی خۆیان کاربەدەستانیان دادەمەزراند. خەلیفە تەنیا وەک سیمبولێک مابۆوە.

بەلام تورکەکان بە نۆرەی خۆیان کۆمەکێکی زۆری بلاوبوونەوەی ئیسلامیان کرد. هەر لە کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یانزەیەمەوە بەشێکی گەورەی خێلە رەوەند و بەدووە تورکزمانەکان، کە مسولمان بووبوون، لە ئێران و گەلێک ناوچەی ولاتانی دیکەی ئاسیا و ئەوروپادا نیشتەجێ بوون. دواتریش کۆمەلە خێلێکی دیکەی تورکە بەدووەکان، کە هێزی هەرە گەورەی لەشکری مەغۆل بوون، روویان لە ناوچەکە کرد. لەم رێگەیەوە بە چین و رووسیا و ئۆکراینیا و ئێران و هەندێک ولاتی ئاسیای ناوەراست و قەفقاسدا بلاوبوونەوە و لە زۆربەی ئەم ناوچانەدا نیشتەجێ بوون. ئەم خێلە تورکانە پێگەیەکی بەهێزی ئیسلامیان لە گەلێک ناوچەی ئاسیا و هەندێک شوێنی ئەوروپا و هیندستان و چین دامەزراند. دواتریش تورکە عوسمانییەکان و تورکە سەفەوییەکان، کە لە ئێران و ناوەراستی ئاسیا و ناوچەکانی ئەنادۆل نیشتەجێ بووبوون، بەناوی ئایینەوە دوو ئیمپراتۆریای مەزنیان لە ناوچەکەدا دامەزراند. ئەمان لە جیاتی عەرەبەکان، خۆیان کردە پارێزەر و داکۆکیکاری ئیسلام و درێژەیان بە هەمان مۆدێلی تیۆکراتی دەولەت دا. لە هەمان کاتدا، ئەم دوو ئیمپراتۆریایە، بوونە میراتگر و داسەپێنەری نەریت و کولتووری نێگەتیڤی خێلە بەدووەکانی نزیکەی تەواوی بیابانەکانی ئاسیا، لە لێواری چینەوە تا دوورگەی عەرەب. ئەم کولتوور و نەریتە، بە درێژایی سەدان سال، نەریتی باو و کولتووری زالی ئەم ولاتانە بوون و، لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و سیستەمی دەسەلات و شێوە و خەسلەتی حوکمرانیدا رەنگیان داوەتەوە، وەک لە بەشەکانی دواتردا باسی دەکەین.

## ١٧

دەولەتی عەرەبی، بە هەردوو قۆناخی ئومەوی و عەباسییەوە، مۆدێلێکی تایبەتی دەولەتی تیۆکراتی ئاسیایی داهێنا، کە، ستروکتووری کۆمەلایەتیی دەولەتەکە خێل/بەداوەت بوو. ئابوورییەکەی، لە بنەرەتدا، پشتی بە خەراج و دەسکەوتی هەرێمە فراوانە ژێردەستەکان دەبەست. هەروا ئایدیۆلۆژیا و بنەما مەعریفییەکەیشی ئایین بوو.

ئایین تەنیا سەرچاوەی شەریعەت و دەستووری دەولەت نەبوو، بەلکە تاکە سەرچاوەی مەعریفەیش بوو. بەم پێیە دەولەت و مەعریفە بە جۆرێکی ئۆرگانیکی پێکەوە گرێ دران. دەسەلات لەپال قەلای ئایین-مەعریفەدا، مەعریفەیش لە هەناوی دەسەلاتدا خۆی داکوتا.

پراکتیزەکردنی دەسەلات تەنیا شێوەی دەربرین و رەنگپێدانەوەی عەقلی خێل نەبوو بەلکە، لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەلایەتیی خێلدا، بەرهەمهێنانەوەی مەعریفەیش بووە. خودی دەسەلات، کە بەناوی ئایین و لە ئایینەوە سەری هەلدابوو، پاسەوانی ئایینەکە بووە. هەر دید و بۆچوونێکی دیکەی مەعریفی، کە لەگەل خوێندنەوە و لێکدانەوەی رەسمیی دەسەلات بۆ ئایینەکە، کە خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بووە، نەگونجابێت ئەوا دەسەلات بەتوندی بەرەنگاری بۆتەوە و سەرکوتی کردووە«٢٦». لە هەمان کاتدا مەعریفەی بەرهەمهێنراو بۆتە ئایدیۆلۆژیا و چەپەری شەرعیی دەسەلات.

دەولەتی عەرەبی دەسەلاتێکی سێنترال و بەهێزی تیۆکراتیی ئاسیایی دامەزراند، کە سنووری نەتەوەیی ولاتی عەرەبی بری و، وەک ئیمپراتۆریایەک چەندان ولاتی دیکەی گرتەوە. دەولەت کە رەوایی خۆی لە ئایینەوە وەرگرتبوو؛ هەر خۆی تاکە مەرجەع و پارێزەری ئایین و سەرچاوەی موتلەقی هەموو راستییەک بوو. سەرۆکی دەولەتیش (خەلیفە) جێگری پێغەمبەر و نوێنەری خودا بوو لەسەر زەوی.

پراکتیکی دەسەلات، بە درێژایی سەدان سال، کولتوور و سیستەمی تایبەتیی ئایدیۆلۆژیی و ئێپستیمی- مەعریفیی تایبەت بە خۆی هێنایە بەرهەم کە دواتر خودی سیستەمەکە شێوەی دەسەلاتی وەرگرتۆتەوە. کۆشش بۆ پاراستنی مەعریفەی دەسەلات، خۆی لە خۆیدا، مەودایەکی موتلەقی دا بە یەکبوونی مەعریفە و دەسەلات. بۆیە دەولەت بە توندی بەرخوردی لەگەل هەر دیاردەیەکی لەخۆجیاوازی فیکری-مەعریفیدا کردووە کە لەگەل لێکدانەوەی ئایینی-مەعریفیی خۆی و پرینسیپە بە دەسەلاتکراوەکانیدا نەگونجابێت. چونکە هەرەشەی راستەوخۆی دروست کردووە. پەنابردنە بەر داپلۆسین و زەبر، کە هەمیشە بەناوی پارێزگاریی ئایین، واتا پارێزگاریی مەعریفەوە بووە، لە ناوەرۆکدا بۆ پاراستنی دەسەلات بووە، بەلام لە هەمان کاتدا بە موتلەقکردنی شێوەیەکی مەعریفەیش بووە. نزیکەی هەموو ئەو بزاڤە فیکری و مەزهەبی و سیاسییانەی لە مێژووی دەسەلاتی ئیسلامدا سەریان هەلداوە بنەمایەکی قوولی مەعریفی و کولتوورییان بووە و خوێندنەوەیەکی جیاوازی ئیسلام بوون. نوێنەرانی فیکریی ئەم بزاڤانە، بنەما و بەهانە فیکرییەکانی خۆیان لە هەمان سەرچاوەی مەعریفییەوە (تێکستە ئایینییەکان) وەرگرتووە، بەناوی پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی هەمان مەعریفەوە رەوایی خۆیان دەرخستووە. ناوەرۆکی کۆمەلایەتییان هەر چۆنێک بووبێت، لە دوا ئەنجامدا ویستوویانە هەمان ئایدیۆلۆژیای ئایینی بێننەوە بەرهەم. بۆیە سەیر نییە کە بە درێژایی مێژووی دەولەتی تیۆکراتیی عەرەبی، عوسمانی و ئێرانی، تا سەرەتای ئەم سەدەیە، هیچ بزاڤێکی

سیاسی بە مەبەستی جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین لە یەکتری، یان بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی موتڵەقی ئایین بەسەر مرۆڤدا، دەرنەکەوت، کەچی ئەم جۆرە بزاڤانە لە ئەوروپادا، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، دژی دەسەڵاتی کەنیسە دەرکەوتن. باوەڕ ناکەم بە تەنیا هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ گرینگیاندا، وەڵامی ئەم مەسەلەیە بدەنەوە؛ بەڵکە پێویستە بەدوای هۆکارە مەعریفییەکان، بە تایبەتیش پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا بگەڕێین.

کڵێسای ئەوروپایی، وەک مەرجەعی ئایینی مەسیحی، ناوەندێکی سەربەخۆی دەسەڵات بوو، کە بە جۆرێکی تەریبی (موازی) لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت خۆی سەپاندبوو. کەچی ئیسلام لە دەوڵەتی تیۆکراتی ئاسیاییدا، خۆی ناوەڕۆکی دەسەڵاتەکە بوو. خەلیفە تەنیا سەرۆکی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو جێگری پێغەمبەر و سێبەری خودا بوو لەسەر زەمین. بۆیە ئەرکی ئەو بوو کە پارێزگاری ئایین و دنیا بکات، یان وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت « حفظ الدین وسیاسة الدنیا »، هەر خۆی سەرچاوەی هەموو بریارێک بوو. تەواوی مسوڵمانانیش، بە بێ هیچ مەرجێک، دەبوو گوێڕایەڵی بن«٢٧».

لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ناکۆکییەک لە نێوان دەسەڵاتی ئاسمانی و دەسەڵاتی دنیاییدا نەبوو، کێشەیەکی دەسەڵات لە شێوەی کێشەی نێوان کەنیسە و دەوڵەت، دەرنەکەوت. توندبوونی ئەم کێشەیە لە ئەوروپادا دەرفەتی بۆ دەرکەوتنی هێزی سێیەم، گەل، یان نەتەوە رەخساند کە وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی نوێی سیاسی رۆڵی یەکلاکەرەوە لە ژیانی سیاسیدا بگێڕێت. کەچی لەبەر تێکئالانی ئایین و سیاسەت؛ واتا گردبوونەوەی دەسەڵاتی ئاسمانی و دنیایی لە دەستی خەلیفەدا، دەرفەتی ناکۆکیی لەم جۆرە و دەرەتانی دروستبوونی هێزی سێیەم نەرەخسا. گەل ئەو کاتە و تا ئەمڕۆیش هەر هەمان مێگەلی خەلیفە، یان سوڵتان، یان مەلیکە، کە وەک حاکم و وەک سێبەری خودایە لەسەر ئەرز و دەبێت بەبێ هیچ مەرجێک گوێڕایەڵیی لێ بکرێت.

دیارە ئەم تێگەیشتن و خوێندنەوە ئەنترۆپۆلۆژییەی تێکستە ئاسمانییەکان (قورئان) ئەنجامی جیاوازیی نێوان ئاستی تێگەیشتن و بەرژەوەندیی تاکەکەس و، هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون. خاوەنەکانیان چاوەڕوانیی تایبەتی خۆیان لە دەوڵەتی مسوڵمانان هەبووە. کاتێک خەلیفەکانی ئیسلام لە پرینسیپەکانی ئایین لایان داوە و ستەم و فەسادی دەوڵەت زیاد بووە ئەمان شەرعییەتی ئایینیی دەسەڵاتەکەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە«٢٨». کێشە و بزاڤەکان، کە هەندێکیان هۆکاری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و نەتەوەییشیان لە پشتەوە بووە، لە سەرەتاوە ناوەڕۆکێکی مەعریفییان بەخۆگرتووە، ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینییان هەبووە و بە ناوی ئایینەوە بوون. ئەمان بە سیستەمێکی دیکەی مەعریفیی ئیسلامی، کە رەوایی خۆی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هێناوە، دژی قەڵایەکی مەعریفی (ئیسلامیی رەسمی) و نوێنەرەکەی (دەوڵەت) راوەستاون. بۆ نموونە ئایدیۆلۆژیا و ستروکتووری مەعریفیی شیعەکان، یان موعتەزیلەکان کە یەکەمین بزاڤی فیکریی نێو ئیسلام بوو کە داوای کرد عەقل سەرچاوەی مەعریفە بێت و پشت بە گومان و ئەزموون ببەسترێت و مرۆڤ وەک تاکەکەس ئازادی دەربڕینی هەبێت.

دوا ئامانجی هەموو ئەم بزاڤە فیکری- سیاسییانەیش، کە هەمان ستروکتووری کۆمەڵایەتی- خێڵەکی و، مەعریفی -ئایینییان بووە، گۆڕینی شێوەیەکی دەسەڵات-مەعریفە بە شێوەیەکی دیکەی دەسەڵات-مەعریفە بووە.

ئەگەر ئەم یەکیەتییە موتلەقەی نێوان ئایین-مەعریفە و دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی نەبوایە ئەوا رەنگە کێشە فیکری و مەعریفی و مەزهەبییەکانی نێو ئیسلام هۆکارێکی بەهێزی گەشەکردنی فیکری و فەلسەفی ببوونایە، نەک سەرچاوەیەک بۆ ئەو لافاوی خوێنەی کە هەردوو خەلافەتی عەرەبیی ئومەوی و عەباسی نایانەوە. بەم جۆرە هەر دەسەڵاتی دەوڵەت پارێزەری مەعریفەکە نەبوو، بەڵکە مەعریفەیش، وەک دەسەڵاتێک لە خۆیدا، پارێزەری دەوڵەتەکە بوو.

زۆربەی رووناکبیری عەرەب و رووناکبیرانی گەلانی دیکەی مسوڵمان تێکەڵی ئەم سیستەمە سیاسییە/مەعریفییە بوون و تێیدا توانەوە. ئەوانەیشیان کە هەوڵیان دابێت لە دەرەوەی ئەم سیستەمەدا بمێننەوە، بەشێکیان گۆشەگیر بوون، بەشێکی تریشیان یاخی بوون و، ویستوویانە فیکر و مەعریفەیەکی رەخنەگرانە و جیاواز بهێننە بەرهەم. تا ئەم مەعریفەیەش، وەک بەرهەمێکی دیکەی عەقڵی خێڵ، بە نۆرەی خۆی، خۆی بکاتە دەسەڵاتێکی موتڵەق. بۆیە وەک بەشێک لە پرۆسەیەکی فیکری- کۆمەڵایەتی و سیاسی پەلامار دراوە و تێکشکێندراوە. شەهیدانی فیکرو پەیڤ، لە مێژووی فیکر و کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش زۆرن. ئەمەیش ناوەڕۆکی فیکری و مەعریفیی کێشەکان دەردەخات، لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی خەسڵەتی داخراو و توندوتیژ و زەبروەشێنانەی دەوڵەت بووە، کە بە شێوەیەکی یەکجار توند بەرخوردی لەگەڵ هەر دیاردەیەکی فیکری و مەعریفیدا کردووە کە لەگەڵ لێکدانەوەی رەسمیی ئیسلام و، پرینسیپە بە دەسەڵاتکراوەکانیدا نەگونجابێت. چونکە راستەوخۆ هەڕەشەی لە دەسەڵاتەکە کردووە. پەنابردنە بەر داپڵۆسین و زەبر، کە هەمیشە بەناوی ئایین و خوداوە بووە، پێش

هەر شتێک بۆ پاراستنی دەسەڵات بووە نەک ئایینەکە.

بەڵام دەسەڵات و کێشەی دەسەڵات، بۆ نمونە، لە کوردستاندا ڕەوتێکی مێژوویی تەواو جیاوازی گرتووە. کورد لەڕووی سیاسییەوە قەت یەکگرتوو نەبووە. کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە و تا ئێستایش مۆزاییکێکی فرەخێڵ، فرەئایین، فرەمەزهەب، فرەگرووپی ئێتنیکی، فرە دیالێکت و فرەمیرنشینی بووە. هەمیشە کوردستان بەسەر چەندان دەسەڵاتی ناوچەییدا دابەش بووە. پراکتیکی دەسەڵات، لە سەردەمەکانی نێوان سەدەی چواردەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدی نۆزدەیەم، شێوەی کۆمەڵە دەسەڵاتێکی خێڵەکیی میرنشینی بووە، کە هەر میرنشینەی لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستاندا سەری هەڵداوە و، دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی جەستەی نەتەوەییدا سەپاندووە. ئەم دەسەڵاتە لە بنەڕەتدا چڕبوونەوە و پەرەگرتنی دەسەڵاتی خێڵێک، یان بنەماڵەیەک بووە، کە لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵات، واتا لاوازی، یان نەبوونی دەسەڵاتی عوسمانی، یان سەفەوی و قاجاری، ئەم دەسەڵاتە گەشەی کردووە و بەهێز بووە، سنووورە جوگرافییەکەی خۆی، لەسەر حیسابی خێڵ و تیرەکانی تری دەوروپشتی، یان بە کۆمەکی ئەوان، بەرین کردووە و، تا ئەو شوێنە ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتێکی تری وەک خۆی پێشی پێ گرتووە، لە نوختەیەکی جوگرافی، کە نوختەی پارسەنگی هێز بووە، ڕایگرتووە.

بۆیە کورد لە ڕێگەی گردبوونەوەیەکی خێڵەکی ناوچەیی (میرنشینی) و بەهۆی کولتوور و زمان-دیالێکتی ناوچەییەوە، نەک لە ڕێگەی یەکێتیی نەتەوەیی و دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە، بوونی نەتەوەیی خۆی پاراستووە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی داوە بە سیستەم و کولتووری خێڵایەتی و تا ئەمڕۆ گیانی خێڵایەتی و ناوچەگەری و لەهجەپەروەریی بەهێز کردووە. چونکە پاراستنی ئەم سیستەم و کولتوورە بەشێک بووە لە پێداویستیی بابەتیی مانەوە و میکانیزمی خۆپاراستنی خێڵەکییانە لە بەرامبەر هێرشی بیانیدا: عەرەب، عەجەم، مەغۆل، یان خێڵ و تیرەی دراوسێ کە بە لەهجەیەکی جیاواز دواون و لە دیدی خێڵایەتییەوە ترسناک بوون.

ئەم میرنشینانە ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری خێڵەکییان بووە، بەڵام نە بنەمایەکی ئایینی-مەعریفی و نە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکیان بووە. میر هێز و دەسەڵاتی خۆی لە خێڵەکەیەوە، نەک لە خوداوە، وەرگرتووە، بەڵام وەک سوڵتانێکی گزگل لە ناوچەکەیدا ڕەفتاری کردووە.

دەسەڵاتی میرنشینی، کە تاکە شێوەی دەسەڵاتی کورد بووە، بە دەگمەن ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی بە خۆیەوە دیوە، کە دەسەڵات بەبێ ئەم جۆرە سەقامگیرییانە ناتوانێت پرۆسەی خۆ بە موتڵەقکردنی و پرۆسەی بە دەسەڵاتکردنی مەعریفە درێژە پێ بدات. میرنشینە کوردەکان بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە و فشار و پەلاماری داگیرکەران (مەغۆلەکان، تورکی عوسمانی و سەفەویی ئێرانی) بوونەتەوە. هەروا، وەک کۆمەڵە خەڵکێکی پریمیتیڤ و دڕندە، بەردەوام لەناو خۆیاندا سەرقاڵی شەڕ و پێکدادان بوون [بۆ نمونە شەڕی نێوان میرنشینی بابان و سۆران، شەڕی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان، کوشتاری یەزیدییەکان بەدەستی میری ڕەواندز.. تاد، یان شەڕی ناو خودی میرنشینێک، بۆنموونە شەڕی نێو بنەماڵەی بابانەکان لەسەر دەسەڵات]. ئەم هۆکارانە دەسەڵاتی میرنشینەکانیان تەنگەبەر و لاواز کردووە، ڕێگەیان نەداوە پراکتیکی دەسەڵات لای کورد درێژەی هەبێت و کولتووری دەوڵەت و سیستەمێکی فیکری و ئێپستیمی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت. ئەنجام هەوڵ بدات ئەم سیستەمە، بەسەر ژیانی فیکری و ڕۆحیی کورددا بچەسپێنێت.

ئەگەرچی لە سایەی ئەم میرنشینانەدا هەندێک دیاردەی گرنگی ئەدەبی و کولتووری، وەک کۆمەڵە دوورگەیەکی کولتووریی لێکدابڕاو دەرکەوتوون«٢٩»، بەڵام ئەم دیاردانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سیستەمی دەسەڵاتەوە نەبووە. نەبوونی بنەمایەکی مەعریفی بۆ دەسەڵاتی کوردی و لاوازی و بەردەوام نەبوونی پراکتیکی دەسەڵات دەرەتانێکی بۆ ئەم دیاردانە و بۆ ڕۆشنبیریی ناوچەیی و مەعریفە، کە بەشی گەورەی شیعر بووە، ڕەخساندووە تا سەربەخۆیی نیسبییانەی خۆیان لە دەسەڵات بپارێزن. مەعریفە و ڕۆشنبیری لە ئایین و ناوەندە ئایینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام دەسەڵاتی کورد، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی عەرەب و تورک و فارس، دەسەڵاتێکی ئایینی نەبووە، کە بەناوی ئایین و لە ئایینەوە سەری هەڵدابێت و، ڕەوایی خۆی لە ئایینەوە وەربگرێت، لە هەمان کاتدا خۆی بووبێتە پاسەوانی ئایینەکە.

دەسەڵاتی کورد، کە دەسەڵاتێکی داخراو و تەنگەبەری میرنشینی بووە، هیچ بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیی مەعریفی و فیکریی نەبوود. هیچ لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەسمیی خۆی بۆ ئایین و مەعریفە نەبووە تا هەوڵ بدات بە زەبروزەنگ لێکدانەوە و تێگەیشتنە ئایینییەکانی خۆی بسەپێنێت و، هەر دیاردەیەکی تری فیکریی-ئایینی، کە لەگەڵ خوێندنەوە و لێکدانەوەی ڕەسمیی دەسەڵات بۆ ئایینەکە نەگونجابێت، بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دابنێت. هەروا دەسەڵاتی میرنشینیی کورد، بەهۆی لاوازیی خۆی و سروشتی لادێیانەی و لە ئەنجامی ئەو بارو دۆخە سەخت و ئاڵۆزەی کە تێیدا بووە، نەیتوانیوە سیستەمێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی و

مەعریفەیەکی تایبەت بەخۆی بێنێتە بەرهەم تا بیر لە داهێنانی میکانیزمی کۆنترۆڵی فیکر و مەعریفە بکاتەوە. یان ئەم دەسەڵاتە نەیتوانیوە مەعریفە و زانست بەجۆرێکی نێگەتیڤانە، وەک فۆکۆ دەڵێت، بەکار بێنێت.

پێم وایە لەبەر ئەم هۆکارانە بێت کە کێشەی دەسەلات و شەڕی نێوخۆ لە نێو کوردا، قەت بنەمای فیکری و مەعریفیی نەبووە. ئەم شەڕە نێوخۆییانە، بە شەڕی ناوخۆی ئەم سیی ساڵەی دوایی کوردستانیشەوە، هەمیشە شەڕێکی خێلەکییانە و لە پێناو زەعامەتی تاکە کەسی، یان عەشیرەتی یان لە پێناو هەردوکیاندا بووە.

لە مێژووی دەسەڵاتی میرنشینیدا تەنیا یەک کێشەی گرنگی فیکری و مەعریفی لەناو کورددا دەرکەوتووە، ئەویش کێشەی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بوو کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لە سەردەمی میرنشینی باباندا بوو. ئەم کێشە فیکرییە سەرەتای قۆناخێکی نوێی فیکری و کولتووری و رواڵەتێکی دیاریی سەرەتایەکانی بە شارستانبوونی کۆمەڵی کورد بوو. چونکە دوای سەدان ساڵ کێشە و ناکۆکیی خوێناویی خێلەکی، یەکەمین جار بوو کە کوردستان کێشەیەکی فیکری و مەعریفی بە خۆیەوە ببینێت. هەروا یەکەمین جار بوو لەناو کۆمەڵی کورددا، کێشەیەکی نا چەکداری و ناخێلەکی، کە چاوی لە دەسەڵاتی خێلەکی-سیاسیی نەبێت، دەربکەوێت.

بەلام ئەم کێشەیە لە دەرەوەی ستروکتووری دەسەڵاتی سیاسیدا بوو، هەروا لە دژی دەسەڵاتی سیاسی (میرنشینی بابان) نەبوو. هیچ کام لە لایەنەکانی کێشەکە دەسەڵاتێکی سیاسیی نەبووە تا لایەنەکەی تر لێی بستێنێت، یان مەبەستی ئەوە نەبووە کە دەسەڵاتی سیاسی لە بنەماڵەی بابانەکان وەربگرێت و، خۆی جێگای بگرێتەوە. واتا کێشەیەک نەبوو بۆ یەکتری سڕینەوە، بەڵکە کێشەیەک بوو لە پێناو پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردندا، بۆیە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە، کە خۆی هیچ ستروکتوورێکی فیکری و مەعریفیی نەبوو، تا بە بەراورد لەگەڵ بنەمای مەعریفیی خۆیدا لایەنێک هەڵبژێرێت، خۆی نەکردە لایەنێکی ئەم کێشە فیکرییە-مەعریفییە، بەو مانایەی کە دەزگای دەسەلات بە قازانجی لایەنێک و بۆ سەرکوتکردنی لایەنەکەی تر بەکار بێنێت. چونکە سەرچەمی مەسەلەکە نەک هەر لەدەرەوەی ئینترێسەی دەسەلاتەکەدا بوو، بەڵکو ئەسڵەن بە خودی دەسەلاتە میرنشینییە خێلەکییەکە نامۆ بوو. دەسەلاتێکی نا ئایینی-نامەعریفی، کە پێویستی بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی نەبێت، چیی لەم کێشە ئایینییە-مەعریفییە داوە!

ئەم بابەتە باسێکی سەربەخۆی دەوێت، بۆیە لێرەدا بەکورتی دەڵێم: ئەم میرنشینانە، فیدراسیۆنێکی خێلەکی بوون لەناوچەیەکی تەنگەبەردا ماونەتەوە. هیچ ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتییان نەبووە تا هێزێکی نوێ بەم یەکگرتنە بدات و کۆمەک بە گەورەبوونی دەوڵەتەکە و بە پرۆسەی خۆیەموتڵەقکردنی دەسەلات بکات. هەروا ئەم دەسەلاتە پشتی بە ئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەستووە و نەیتوانیوە هیچ شار و ناوەندێکی شارستانی غەزو بکات، تا دەسەلاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و، بە دەستکەوتی شەڕ (غەنیمەت) ئابووریی خۆی بەهێز بکات و سەرلەنوێ هێز و غەزوکردن بەرهەم بێنێتەوە و بیکاتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئابووری. چونکە ئەم میرنشینانە، بە هۆی شوێنی جیۆپۆلیتیکیی کوردستانەوە کەوتبوونە نێوان دوو ناوەندی بەهێزی دەسەلاتەوە، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، نەیانتوانیوە وزەی خۆیان رەوانەی دەرەوەی خۆیان بکەن و سنووری خۆیان فراوان بکەن. ئەنجام ئەم میرنشینانە، کە زیاتر بەرهەمی بۆشایی دەسەلاتی بێگانە بوون، لەناو ئەڵقەیەکی داخراوی کۆمەلایەتی، ئابووری و جوگرافیدا گیریان خواردووە، بەمەیش بەهانەی بەردەوامبوون و مانەوەیان لەدەست داوە.

7

لە سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامییەوە تا نەمانی هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی وئێرانی نزیکەی هەموو دەوڵەتە مەزنەکانی ناوچەکە، لە بنەڕەتدا، ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی گردبوونەوە و یەکگرتنی خێڵە بەدووەکان بوون. ئەم خێلانە، کە ستروکتورێکی پاتریارکییان هەبووە، هێزی کۆمەلایەتیی هەرە سەرەکیی ئەم دەوڵەتانە بوون. ئایینیش وەک ئایدیۆلۆژیایەکی دەوڵەت هۆی پتەوکردنی یەکبوونی خێلەکان و بەهێزکردنی دەوڵەتی خێل بووە.

ئیبن خەلدوون لای وایە کە مرۆڤایەتی بە سەردەمێکی درێژی عیمرانی بەدەوی «وەحشیگەری»دا رەت بووە تا گەیشتۆتە سەردەمی عیمرانی شارستانی«التمدن». لە سەردەمی یەکەمدا خۆگردکردنەوە لەسەر بنچینەی پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی بووە، لە سەردەمی دووەمدا خۆگردکردنەوە لەسەر بنچینەی خۆرێکخستن لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بووە. ئیبن خەلدوون دەمارگیری (عەسەبییەت)، کە حاڵەتێکی هاوبەشی رۆحی و مەعنەویی ئەندامانی خێلە و لەسەر بنچینەی خوێن و خزمایەتی و وەلائی هاوبەش دروست دەبێت، بە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەت دەزانێت. ئەم عەسەبییەتە، لە چوارچێوەی عیمرانی بەدەویدا، سەرەتاکانی ناوکی دەوڵەت پێکدێنێت. بەلام لە پرۆسەی کێشە و پێکدادانی نێوان خێلەکان بە هۆی دەمارگیری و لە پێناوی

مانەوەدا، عەسەبییەتێک هەموو عەسەبییەتەکانی دیکە ملکەچی خۆی دەکات و لە کۆی هەموویان عەسەبییەتێکی نوێ پێکدێت کە بناغەی دەوڵەتە. ئەم خێڵانە پێکەوە وزە و توانای خۆیان ئاراستەی دەرەوەی خۆیان (شار، یان ناوەندێکی شارستانی) دەکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەریدا دەسەپێنن.

لە ئەنجامدا دەوڵەت بۆ بەدووەکان دەبێتە پێداویستییەکی بابەتی، کە ژیانی شار و ئاوەدانی دەیسەپێنێت. ئەم دەوڵەتە، بەپێی ئیبن خەلدوون، بەهۆی بانگێشە (دعوە)ی ئاینییەوە بەهێز دەبێت؛ چونکە دەوڵەتی بەهێز ئەسڵەکەی ئاینە. بەڵام خودی بانگێشەی ئاینی بەبێ عەصەبییەت، کە مۆتیڤ یان سەرچاوەی دروستکردنی دەوڵەتە، سەرناگرێت«٣٠». بەم پێیە ئاین دەبێتە حاڵەتێکی نوێی رۆحیی هاوبەش، کە لەپاڵ عەصەبییەتدا، خەڵکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروا دەبێتە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەکە.

خێڵە بەدووەکان، کە هەردوو بیابانی دورگەی عەرەب و مەغۆلستان مەڵبەند و سەرچاوەیان بوون«٣١» وەک کۆمەڵە خەڵکێک، کە لەسەر بنچینەی خوێن و خزمایەتی و وەلائی هاوبەش، سیستمێکی کۆمەلایەتییان پێکهێناوە، سەدان ساڵ لە سایەی سیستمێکی کۆمەلایەتیی پریمیتیڤ و ئابوورییەکی سروشتیی سادە و نەگۆڕدا ژیانیان بەسەر بردووە. ئەمانە هیچ کارێکی بەرهەمهێنەرانەی کشتوکاڵی و سەنعەتییان نەزانیوە و بە چاوێکی نزم بۆیان روانیوە. غەزوکردن و غەنیمەت و تاڵان سەرچاوەی هەرەبەهێزی ئابوورییان بووە، بۆیە بە کارێکی جوامێرانەیان داناوە.

بەدووەکان کومەڵە خەڵکێکی بزۆز و هەدانەدەر و شەڕکەر بوون، کە لە بیابانەکاندا ژیانێکی سەخت و پڕ لە قاتوقڕی و نەدارییان بەسەر بردووە. ئەم بیابانە رووتەن و ئاووهەوا دژوارانە، نە بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن، نە دارستان و رووەکیان تێدایە. بیابانی دورگەی عەرەب، گەرم و سووتێنەر و لماوییە، کەچی بیابانی گۆبی-ئاسیای ناوەڕاست، بە درێژایی ساڵ، جگە لەسێ مانگی هاوین، یەکجار سارد و پڕ زریان و بەستەڵەکە. سروشت و ئاووهەوای دژوار و سامناکی بیابان راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر سروشت و شێوەی ژیان و کولتوور و نەریتی ئەم خێڵانە، کە بەگشتی زەبریەروەر و توند و تیژ و شەڕانین. غەریزەی مانەوە و پێداویستیی تێرکردنی مێگەلەکانیان، کە سەرچاوەی سەرەکیی خۆتێرکردنیان بووە، بەرەو شەڕ و تاڵان و پێکدادانی بەردەوامی نێوخۆی بردوون. ئەم خێڵانە، بەپێی دەستوور و یاسایەک، کە زیاتر لە یاسای جەنگەڵ چووە، بەشی هەرە گەورەی داهاتی خۆیان لە رێگەی غەزو و تاڵانی خێڵە لاوازەکانەوە، یان بەهۆی پەلاماری سوارچاکانەی خێرا و لەناکاوی شار و شارۆچکەکانی رۆخی بیابانەوە، دابین کردووە.

ئیبن خەلدوون، لای وایە کە عەرەبەکان تەنیا بە خەڵکی لاواز و بێدەسەلات دەوێرن؛ ئەوان بە هۆی ئەو سروشتە دڕندانەی کە خەڵکی تاڵانکەر هەیەتی، پەلاماری ئەوانە دەدەن کە بە لاوازیان دەزانن و دەتوانن بە ئاسانی و، بێ ئەوەی تووشی بەرەنگاری و مەترسیی گەورە ببن، تاڵانیان بکەن و دەستیان بەسەردا بگرن. خۆیان لەو خێڵانە نادەن کە لە چیا سەختەکاندا، لە دەستدرێژی و فەسادی ئەمان، خۆیان پاراستووە«٣٢».

لە راستیدا ئەمە تەنیا نەریت و سروشتیی خێڵە بەدووەکانی عەرەب نەبووە، بەڵکە نەریت و سروشتی تەواوی بەدووەکان و خێڵە شوانکارە و نیمچە رەوەندەکان بووە، کە غەریزەی خۆپاراستن و مانەوەی خۆیان و ماڵاتەکانیان وابەستەی ئابوورییەکی کردوون کە پشت بە غەزوکردن و غەنیمەت و تاڵان ببەستێت. بۆیە لە ناو ئەم خێڵە بەدوو و رەوەندانەدا هەستی دادپەروەی و رێزگرتنی مرۆڤ و کارو ماڵ و سامانی مرۆڤ شوێنەوارێکیان نەبووە. دژواریی ژیان و پێداویستیی مانەوە و مەحکومبوون بە ئابووریی غەنیمەت و تاڵان دەرفەتی دروستبوونی هەستی مرۆڤدۆستی و دادپەروەرییان نەداوە.

خێڵە بەدووە مەغۆلەکان، پێش ئەوەی لە سایەی چینگیزخاندا یەکبگرن و پەلاماری دنیا بدەن، لە نێو خۆیان و لەگەڵ خێڵە تاتار و تورکزمانەکانی ناوچەکەیاندا بەردەوام لە شەڕدا بوون. کاتێک ناوچەیەکیان دەگرت زۆرترین خەڵکیان دەکوشت. تاکە ئامانجیان ئەوە بوو کە ژمارەی خەڵکەکە کەم بکەنەوە تا ناوچەکەیان بکەنە لەوەڕگای مێگەلەکانیان«٣٣».

غەزوکردن و غەنیمەت، سەرەنجام خێڵە بەدووەکانی لە ناو ئەڵقەی داخراوی ئەم سیستمە کۆمەلایەتییە-ئابوورییە دەرباز کردووە و رووەو دەرەوەی بیابان بردوونی. شار و ناوەندە شارستانییەکانی رۆخی مەملەکەتەکەیان (بیابان)، شارستانیی چین لە رۆخی بیابانەکانی گۆبی، شارستانیی ساسانی و بیزەنتی لە رۆخی بیابانەکانی دوورگەی عەرەب، بوونەتە ئامانجیان. ئیتر ئەم خێڵانە شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیان گۆڕیوە بە شەڕ و ناکۆکی دژی گەلانی تر، پێکەوە بە شەڕ و پەلاماردان دەستیان بەسەر ناوەندە شارستانییەکاندا گرتووە و تاڵان و وێرانیان کردوون. بەم کارەیش شڵەژان و وێرانەیەکی گەورەیان ناوەتەوە.

سیستمی خێڵایەتیی بەداوەت، کە بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵە دەسەلاتێکی ئیمپراتۆری بووە، وەک هەر سیستمێکی دیکەی کۆمەلایەتی، بنەمای ئابووری و کولتووریی خۆی هەیە. واتا بەداوەت چەند کۆمەلایەتییە هێندەیش ئابووری و کولتوورییە.

ئابورییه: بەهۆی ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی کە ئەو سیستەمە کۆمەلایەتییە پشتی پێ دەبەستێت. وەک باسمان کرد داهاتی ئابووریی هەرە گەورە و سەرەکیی خێڵە بەدووەکان ئابووریی غەز و، یان غەنیمەتە، واتا دەستکەوتی شەڕ بووە، کە لە کولتووری بەدوویدا کارێکی رەوا و جوامێرانە بووە. هەروا غەنیمەت مۆتیڤی چالاکیی خێڵە بەدووەکان و گەورەترین هۆکاری بەردەوامبوون و مانەوەیان بووە. ئەو خێڵەی نەیتوانیبێت غەز و بکات، ئەوا خۆی غەزو کراوە و لەناوبراوە.

غەنیمەت، وەک دەستکەوتی شەڕ، لە پەلامار و شەڕی بەدووەکاندا بەسەر شەڕکەراندا دابەش کراوە. بەلام سەرۆکی خێڵ هەمیشە بەشە زۆرەکەی بردووە. چونکە میوانانی خێڵ روویان لە دیوەخانی ئەو کردووە، ئەندامانی خێڵ لە ساتی نەداری و قاتوقڕیدا پەنایان بۆ ئەو بردووە. دەولەتی عەرەبی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پشتی بەم شێوازی «بەرهەمهێنان»ی ئابوورییە (غەنیمەت) بەست و مەودایەکی موتڵەق و ناوەرۆکێکی شەرعیی پێ دا، هەروا بەپێی قورئان سوورەی ئەنفال ئایەی ٤١ غەنیمەتەکان دابەش دەکران. ئەم غەنیمەتەیش هەموو جۆرە دەستکەوتەکانی وەک: تالانی ماڵ و سامان و مالات، زەوتکردنی زەوی، بە کۆیلەکردنی پیاو و منداڵ و ژن (کەنیزە) و جزیە و دەستکەوتی دیکەی دەگرتەوە. بەشێکی ئەم دەسکەوت و داهاتە ئابوورییە (خەراج، جزیە) لە سەرەتای فتوحاتدا تەنیا لە غەیرەدین دەستێنرا، بەلام کاتێک خەلکی میسر و ئێران و مەغریب..تاد، بە پۆل بوونە مسولمان ئەوا دەولەتی عەرەبی سەرچاوەیەکی مفت و هەرە گەورەی ئابووریی لەدەست دا، بۆیە ئومەوییەکان جەزیە و خەراجیان بەسەر نەتەوە غەیرەعەرەبە مسولمانەکاندا سەپاند.

فەوزی مەنسوور، لەو باوەڕەدایە کە عومەر لە فتوحاتدا پرۆژەکەی ئەوە بووە کە بەو داهاتەی بە هۆی مولکانەی ولاتانی فەتحکراوەوە بە دەست دەهێندرێت، کۆمەلێکی عەرەبی ئیسلامی، لە دورگەی عەرەبدا، دابمەزرێنێت بێ ئەوەی لە رووی کۆمەلایەتی و ئیداری و ئاینییەوە دەستکاریی جەوهەری رێکخستنی ئەم ولاتانە بکرێت»٢٤».

فتوحات شێوە بەرهەمهێنانی غەزو و دەسکەوتی کردنە شێوەی زالی ئابووریی دەولەتە ئیسلامییەکان. سەمیر ئەمین ئەم شێوازە زالەی «بەرهەمهێنان»ی ئابووری، بە ئابووریی خەراج، یان شێوازی خەراجی ناو دەبات. محەمەد عابد جابری ناوی شێوازی بەرهەمهێنانی پەلاماردان (الغزو)ی لێ دەنێت.

هەروا سیستمی بەداوەت کولتوورییە: چونکە ئەو کۆمەلە خەلکە، لە پرۆسەی ژیانی مێژوویاندا، کۆمەلێک داب و نەریت و دەستووری تایبەتی خۆیان و تێڕوانین و تایبەتمەندیی سایکۆلۆژیی خۆیان...تاد هەیە، کە بە هۆیانەوە لەخەلکانی دیکە جیا دەکرێنەوە. کۆمەلناس و بەدوناسی عێراقی دوکتۆر عەلی ئەلوەردی کولتووری بەدو لە سێ رەگەزی سەرەکیدا کۆدەکاتەوە: ١ – دەمارگیری (العصبية) ٢ –پەلاماردان (الغزو) –٣ جوامێری (المروءة)»٢٥».

شیعری سەردەمی جاهیلی و سەرەتای سەردەمی ئیسلام پڕن لەو نموونانەی کە بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش، لایەنەکانی کولتووری بەدو دەردەخەن، لەوانە خۆهەلنان بە غەزو و شەڕ و تالانەوە، بێزهاتنەوە لە کاری بەرهەمهێنەرانەی کشوکالی سەنعەتی و کاری بازرگانی، بە کەمڕوانین بۆ ژن، تۆلەستاندنەوە، لووتبەرزی و بەخۆنازین، خێلپەروەری و بەخێلنازین...تاد.

ئەم دوو لایەنە ئابووری و کولتوورییە خاسییەتی هەرە سەرەکیی ئەو ئیمپراتۆریایانە بوون کە بەدووەکان دامەزرێنەر و (هێزی کار)ی دامەزراندنی بوون. بەلام ئەم پرۆسێسە مێژووییە بە هۆی ئایینەوە کامل بووە: چونکە ئایین وەک دیاردەیەکی موتڵەق و وەک هۆکاری یەکبوونی رۆحی و ئایدیۆلۆژیا، سیفەتێکی موتڵەقی بەم دەولەتانە داوە

* * *

ئەگەر ئەم دەولەتە خێلەکییانەی پێشتر باس کران لە بنەڕەتدا بەرهەمی بزاڤی بەدووەکان بووبن و پشتیان بە ئابووریی غەنیمەت بەستبێت و بەپێی کولتووری بەدووەکان بەڕێوە چووبن، ئەوا ئەم دەولەتانە پارێزەری ئەم کولتوور و نەریت و شێوازە ئابوورییانە بوون. مێژووی ئەمان مێژووی گەشەپێدانی ئابووریی غەنیمەت و تالان بووە، مێژووی بەرهەمهێنانەوەی کولتووری خێلەکی و بەخوێنناوبراوی بەدووەکان بووە مێژووی بە موتڵەقکردنی ئایدیۆلۆژیا و مەعریفە–ئایینی رەسمیی دەولەت بووە.

زەبر و ستەمی دەولەتی ئومەوی و عەباسی بەرامبەر بە خەلکی مسولمان و غەیرەمسولمان، تاوانی مەغۆل–تاتار و تورکانی خواریزم و سەلجوقی و عوسمانی و سەفەوی و قاجاری بەرهەمی ئەم کولتوورە نێگەتیڤە بوون.

کاتێک، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، هەردوو ئیمپراتۆریای ستەم، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، ئەمان شێوازێکی دێرینی دەولەتی تیۆکراتی–خێلەکیی ئاسیایی لەناو چوو. لە سەر کەلاوەی ئەمان کۆمەلە دەولەتێکی ناسیۆنال و «مۆدێرن»دامەزرێنران، کە بوونە میراتگری سیاسی و کولتووریی دەولەتەکانی پێشوو.

ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تورک، عەرەب و فارس لەگەل رواڵەتی لاییتی (عیلمانی)یاندا، بەلام لە چوارچێوەی هەمان ستروکتووری

کۆمەڵایەتی-خێڵەکی و فیکری خێڵدا بوون؛ وەک شێوەیەکی دیکەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی خۆیان بە دیاردەیەکی موتڵەق دەزانی و، باوەڕیان بە ئازادیی هیچ ڕەگـــەز و ئایدیۆلۆژیایەکی جیاوازلەخۆیان نەبوو. ئەنجام لەسەر کەلاوەی ئەم ئیمپراتۆریایانە کۆمەڵە دەوڵەتێکی ئۆتۆکراتی، واتا حوکمی موتڵەقی تاکەکەس، دەرکەوتن کە هەمان کولتووری ستەم و مێتۆدی داپڵۆسینەرانەی ئیمپراتۆریاکانی خۆیانیان، لە فۆرمێکی نوێدا، هێنایەوە بەرهەم. کولتووری سیاسی و ستەمی سەدان ساڵەی دەوڵەتی تیۆکراتی لەدژی هەر ڕەگەزێکی جیاوازی ئایینی، مەزهەبی، سیاسی و نەتەوەیی، بوو بە بەشێکی چەسپاو لە سروشتی دەوڵەتی ناسیۆنال-خێڵەکی ناوچەکە.

کاتێک ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، جێگای ئایدۆلۆژیای ئایینیی گرتەوە، داپڵۆسینی مرۆڤ و ستەمی ئایینی و مەزهەبیی بەرامبەر بە کەمایەتیی نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی هەر بەردەوام بوون، ستەم و چەوساندنەوە بوونە بەشێک لە سیستمی فیکری-ئایدیۆلۆژی و کولتوور و نەریتی سیاسیی دەوڵەتی ناسیۆنال-خێڵەکی وەک تورکیا، ئێران و عێراق و سووریا، کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای زۆرایەتی (نەتەوەیی، یان مەزهەبی) دامەزرێندراون. ئەم دەوڵەتانە پاشماوەی جۆرە ئیمپراتۆریایەکن کە ستروکتووری کۆمەڵایەتییان خێڵ و بەداوەت و، ئایدیۆلۆژیایان ئایین و، ئابوورییەکەیان دەستکەوت و تاڵان بوو. ئەمانە میراتگرێکی سروشتیی کولتوور و نەریتی سیاسیی سەدان ساڵەی ئەو ئیمپراتۆریانەن، هەمان کولتوور و نەریتی سیاسیی ئەوان دێننەوەبەرهەم داپڵۆسینی هەر ڕەگەز و لایەنێکی لە خۆیان جیاواز، بۆ نموونە کورد، بەشێکی ئۆرگانیکی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییانە. تاڵانکردنی کوردستانیش بەشێکە لە ئابووریی غەنیمەت و خەراجی ئەم دەوڵەتانە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

---

ئەم باسە بەشی یەکەمی کتێبێکی نوێی نووسەرە بە ناوی [ئیمپراتۆریای لم-دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم] کە لە ژێر چاپدایە.

١-الدكتور علی الوردی، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، المكتبة الحيدرية، ١٩٩٦، ص ٣١

٢-بڕوانە دکتور السيد عبدالعزيز سالم، تاريخ العرب في عصر الجاهلية، موسسة شباب الجامعة، ١٩٨٨، ص ، ٤٣٠-٤٣٣

یان شەڕی نێوان خێڵی عەدنانییەکان و خێڵی قەحتانییەکان، کە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام ، لەو ناوچانەی داگیریان کردبوون، هەر بەردەوام بوو. ئەم دوو خێڵە لە ئەندەلوسی ئیسپانیا شەڕێکی خوێناوییان کەوتە نێوانەوە، چونکە کابرایەکی سەربەخێڵی عەدنان پەلکەمێوی لە ڕەزی کابرایەکی قەحتانیدا چنیبوّوە، هەروا ئەم دوو خێڵە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، لە لوبنان و فەلەستین کوشتارێکی زۆریان لە یەکتری کرد. بڕوانە: الدكتور علی الوردي، مصدر سابق ص٥٩

٣- لە کتێبی (المختصر فی تاريخ البشر ص١٦٧)دا هاتووە: «ثم دخلت سنة ثلاثين فيها بلغ عثمان ما وقع من امر القران من اهل العراق فانهم يقولون قراننا اصح من قران اهل الشام لانا قراءنا على ابي موسى الاشعري واهل الشام يقولون قراننا اصح لانا قراءنا علي المقداد بن الاسود وكذلك غيرهم من الامصار فاجمع رايه وراى الصحابه على ان يحمل الناس على المصحف الذى كتب في خلافة ابى بكر رضي الله عنه وكان مودعا عند حفصة زوج النبى صلى الله عليه وسلم وتحرق ما سواه من المصاحف التي بايدى الناس ففعل ذلك ونسخ من ذلك المصحف مصاحف وحمل كلا منها الى مصر من الامصار وكان الذى تولى نسخ المصاحف العثمانيه بامر عثمان زيد بن ثابت و عبدالله بن الزبير وسعيد بن العاص وعبدالرحمن بن الحارث بن هشام المخزومي وقال عثمان ان اختلفتم في كلمه فاكتبوها بلسان قريش فانما نزل القران بلسان قريش». (المختصر في تاريخ البشر: تاريخ ابي الفداء، دار المعرفة للطباعة والنشر ١٩٧٢ ص١٦٧). من صادق جلال العظم، ذهنية التحريم، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي نيقوسيا ١٩٩٤ ص٢١٤-٢١٥

٤- هەمان سەرچاوە ل ٢١٥، ٢١٩

٥-عباس محمود العقاد، عبقرية الامام ص٨٠ -من الدكتور علی الوردي، مهزلة العقل البشري، طبعة ٢ دار كوفان لندن ١٩٩٤ ص١٨٥

٦-الدكتور علي الوردي، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، مصدر سابق، ص١٠٢ بەلام هادي العلوي و گەلێک نووسەری دیکەی عەرەب پێیان وایە کە «سەرکەوتنی پێغەمبەری چەکدار سەرەتای قەیرانی چەمکی پێغەمبەرایەتی (النبوة)یە، کە بە قازانجی دەوڵەت زەوت کرا. هادي العلوي، فصول من تاريخ الاسلام السياسي، نيقوسيا،-قبرص، ١٩٩٥ ص ٣٩]

٧-بۆ نمونە لە قورئاندا وشەی کوشتن، بە مانا جۆراوجۆرەکانییەوە ١٧٤ جار دووبارەبۆتەوە. کەچی وشەی نوێژکردن، کە یەکێکە لە پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام، بە مانا جۆراوجۆرەکانییەوە، تەنیا ٩٩ جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە. هەروا لە قورئاندا سەبارەت بە کوشتنی کافران هاتووە: فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم.. واتا (ئەی ئیمانداران) نە ئێوە بەڵکو خودا (کافرانی) کوشت. «سورەی ئەنفال ئایەی حەقدەیەم». ٨-بۆنموونە لە سەردەمی پێغەمبەردا شەش تا هەشت هەزار جوولەکە، لە خێڵی بنی قريظه، بە فرمانی خودی

پێغەمبەر کوژران، چونکە پەیمانشکێنییان لەگەڵ کردبوو. هەروا ژن و منداڵ و ماڵ و سامانیانی بەسەر مسوڵمانانندا دابەش کرد. لە کاتێکدا پێغەمبەر دەیتوانی ئەوان، وەک جوولەکەکانی خێڵی بنی النضیر و بنی قینقاع، لە مەدینە دەرکات و پێش لەم تاوانە بگرێت.
بۆ زیاتر بڕوانە:
هادی العلوی، مصدر سابق ص٣٧

٩- بۆ زیاتر بڕوانە:لۆرانت شابری، انی شابری، سیاسة و اقلیات فی الشرق الادنی، ترجمة الدکتور ذوقان قرقوط، مکتبة مدبولی القاهرة، ص٢٨ ).

١٠-بندلی جوزی، من تاریخ الحرکات الفکریة فی الاسلام، ط٢، دار الجلیل، ١٩٨٢ ص٥٦، ٥٨، ٦٢
بۆ نموونە بەربەرەکانی المغرب، لەگەڵ ئەوەی بووبوونە مسوڵمان، کەچی ئومەوییەکان جزیەیان لە خەڵکی مەغریب دەستاند و، ژنەکانیان بە کۆیلە دەگرتن. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:
د. محمود اسماعیل، الحرکات السریة فی الاسلام، کتاب روز الیوسف، مصر ١٩٧٣، ص٢٤

١١-لۆرانت شابری، انی شابری، مصدر سابق ص١٩

١٢-هادی العلوی، مصدر سابق، ص٢٨٧

١٣-نفس المصدر، ص٣٥٢

١٤-بروکلمان، تاریخ الشعوب الاسلامیة، فیلیب حتی تاریخ الاعراب، ص٢٥

١٥- انساب الاشراف، ج٢ ق٢ ص٤٦، من هادی العلوی، مصدر سابق، ص٣٤٢

١٦-احمد کسروی، بهائیگری شیعیگری صوفیگری، انتشارات نوید ١٩٨٩، ص١٣٨

١٧-ابن خلدون، المقدمە، دار العوده بیروت، ١٩٨١، ص ١١٨. شایانی باسە کە ئیبن خەلدون، لە چەندان شوێنی ئەم کتێبەیدا (بۆ نموونە لاپەڕە ٩٦-٩٧، ١١٥، ٢١٤) عەرەب، تورک، تورکمان و کورد بە خەڵکانی درندە و دوور لە شارستانی ناودەبات؛ چونکە بەلای ئەوەوە ئەم نەتەوانە بەزەبری نێزە و پەلامار بژێوی خۆیان پەیدادەکەن و تالانکردنی خەڵکی دی کارو پیشەیانە. هەروا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە عەرەب لە خەڵکی تر بەدەوی ترن و هیچ نەتەوەیەکی دی هێندەی عەرەب لە شارستانییەوە دوورنین. زۆر لە ناسیۆنالیستانی عەرەب، لەوانە ساطع الحصری، بە توندی دژی ابن خلدون نوسیویانە و داوای سوتاندنی بەرهەمەکانیان کردووە، چونکە پێیان وایە سوکایەتی بە عەرەب کردووە!

١٨- ابن خلدون، المقدمة، ص٩٩

n«19-Michael Norberg, Asiens historia Från fontiden till 1914, Natur och kultur, Stockholm1971, S.114-115

٢٠-بەپێی ئەو یاسایە: [تەنیا یەک خودا هەیە کە خولقێنەری زەمین و ئاسمانە، هەر خۆی بەخشندەی ژیان و مردنە.. رابەرانی ئایینی و مەلا و مجەوری مزگەوت و قەشە..تاد، هەروا دوکتۆر و مردووشۆر باج و زەکاتیان لێ ناستێندرێت. یاساخە لەگەڵ هیچ سەردارێک یان گەلێک ئاشتی بکرێت ئەگەر خۆی بە دەستەوە نەدات. هەر کەسێک پێش ئەوەی جەنگیزاڵە سەرکردەکەی رێگەی بدات دەست بە تالانی دوژمن بکات بە مردن سزا دەدرێت. هەرکەسێک ئەسپێک، گایەک، یان شتێک کە هێندەی ئەمان بەنرخ بێت بدزێت سزایەکەی مردنە و جەستەیشی دەکرێت بە دوو پارچەوە..تاد] دەربارەی بەندەکانی دیکەی ئەم یاسایە بڕوانە:
Harold Lamb Djingis khan, Översättare:Claes Gri[penberg, Raben & Sjögren Stockgolm S.188-190

٢١-درندایەتیی مەغۆلەکان ئیرادە و بیرکردنەوەی مرۆڤی فەلەج دەکرد. مێژوونووسی ئیسلام، ابن الاثیر، لە ناو ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٨ی کۆچی، ١٢٣١ی زایینیدا دەنووسێت: سەربازێکی مەغۆل کابرایەکی گرت، بەلام چەکی پێ نەبوو بیکوژێت. بۆیە پێی گوت: «سەر لە ئەرزهەڵنەبڕیت و نەجووڵێیت!» ئیتر سەربازەکە چوو شمشێرێک بێنێت. کاتێک گەڕایەوە بینیی کابرا لەجێی خۆی نەجووڵاوە و ئیدی کوشتی. بڕوانە: ج. ج. ساندرز، تاریخ فتوحات مغول، ترجمە، ابو القاسم حالت، انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦١ ص٢١٥

٢٢-هەمان سەرچاوە، لا ٧١

23-Ingegerd Bauder, Iran under shaher och mullor, Inte bara Shi`à En bok om Iran,Stockholm 1992, s.15

٢٤-دەکرێت ئەم دیاردەیە بە دیاردەی حکومەتی ئەیووبییەکان و زمانی کوردی بەراورد بکەین. سەلاحەدین و بنەماڵەی ئەیوبییەکان لە ساڵانی ١١٧١-١٢٤٩ حوکمڕانیی میسر و سووریا و مووسل و باکووری ئەفریقایان کرد، کەچی زمانی کوردی نەیتوانی لە هیچ کام لەم ناوچانەدا خۆی بسەپێنێت و، جێگەی بۆ زمانی عەرەبی و تارادەیەک فارسی و تورکی (کە بەشێکی لەشکری سەلاحەدین تورکە کۆیلە ئازادکراوەکان بوون) چۆڵ کرد؛ چونکە ئەوکاتە زمانی کوردی هیچی پێ نەنووسرابوو، نەیتوانیبوو ببێتە زمانی دەستەی خوێندەواری چینی سەرەوەی کۆمەڵ. هەروا زۆربەی کورد خەڵکێکی دواکەوتووی نەخوێندەوار و خێڵەکی و پریمیتیف، یان ئیبن خەلدوون گوتەنی، دڕندەبوون. کەچی ئەوکاتە زمانانی فارسی و عەرەبی بووبوونە زمانێکی پێشکەوتووی زانست و ئەدەب.

٢٥-ج.ج. ساندرز، تاریخ فتوحات مغول، ص ١٧٠

٢٦-گۆڵد تسهیر دەنووسێت: ئومەوییەکان، کە بە توندی بەرەنگاری ئەو یاخی و شۆڕشگێڕانە دەبوونەوە کە لەبەر هۆکاری ئایینی شۆڕشیان دەکرد، لەبەر ئەوەبوو کە باوەڕیان وابوو ئەمانە دوژمنی ئیسلامن و، پێویستە لە پێناو بەرژەوەندیی مەزنی و پاراستنی ئیسلامدا بە شمشێر ئەمبێ بکرێن.. بە باوەڕی ئەوان نەدەبوو جیاوازی لە نێوان چاکەی ئیسلام و چاکەی دەوڵەتدا بکرێت.

بڕوانه: د. علی الوردی، مهزلة العقل البشری، مصدر سابق ص١٢٦

٢٧-به پێی قورئان، سوورەی ئەلنساء ئایەی ٥٩ دەبوو هەموو مسوڵمانان، بەبێ مەرج ئیتاعەتی پێغەمبەر و اولی الامر (مەبەست لە سەرکردەی سەربازییە) بکەن. (یا ایها الذین امنوا اطیعوا الله واطیعوا الرسول واولی الامر منکم وان تنازعتم فی شیء فردوه الی الله ورسوله ان کنتم تومنون). وەک زانراوە ئەم ئایەتە بەهۆی کێشەیەکی نێوان خالید و عمار بن یاسر هاتووە، کە کێشەکەیان دەبەنە لای محەمەد. هەروا ئیبن خەلدوون، سەبارەت بە دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی خەلیفە، دەنووسێت: لما تبین ان حقیقة الخلافة نیابة عن صاحب الشرع فی حفظ الدین و سیاسة الدنیا، فصاحب الشرع متصرف فی الامرین اما فی الدین فبمقتضی التکالیف الشرعیة الذی هو مامور بتبلیغها و حمل الناس علیها، واما سیاسه الدنیا فبمقتضی رعایته لمصالحهم فی العمران البشری». ابن خلدون، المقدمة، مصدر سابق، ص١٧٣

٢٨-بۆ نموونە حوسێن، کە لە دژی دەسەڵاتی ئومەوییەکان ڕاپەڕی ڕای گەیاند کە «ئەمەوییەکان ئیتاعەتی شەیتان دەکەن و پشتیان کردۆتە ئیتاعەتی خودا و فەسادیان بڵاوکردۆتەوە... حەرامیان حەڵاڵ و حەڵاڵیان حەرام کردووە». کەچی قازی ئەو سەردەمەی مسوڵمانان، ئیبن ئەلعەرەبی، سەبارەت بە کوژرانی حوسێن بە دەستی ئومەوییەکان فەتوای دا کە «ئەو بە شمشێری باپیری کوژرا» واتا بە شمشێری ئیسلام کوژرا چونکە ئیبن ئەلعەرەبی لەو باوەڕەدا بوو کە حوسێن لە ئیسلام لای داوە. بۆ زیاتر بڕوانە: د. علی الوردی، مهزلة العقل البشری، ص١٢٦

٢٩-بۆ نموونە ئەدەبی نووسراو بە دیالێکتی کرمانجی لە سەدەی شانزدەیەم بەدواوە لە سایەی میرنشینەکانی باکوور ، ئەدەبی نووسراو بە لەهجەی گۆران، سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، لە سایەی میرنشینی ئەردەلان، ئەدەبی نووسراو بە لەهجەی کرمانجیی خواروو، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە سەردەمی بابانەکاندا

٣٠-ابن خلدون، المقدمة، ص ١٢٢-١٢٣، ١٢٥-١٢٦

٣١-مارتین ڤان برۆنەسن، کە وەک زۆر کۆمەڵناس و باسکاری دیکە، بەداوەت و خێڵە بەدووەکان لەگەڵ خێڵە شوانکارە ڕەوەندەکان و خێڵ بە گشتی تێکەڵ دەکات، بۆیە بیابانەکانی عەرەب بە یەکەمین کانگای خێڵە شوانکارە ڕەوەندەکان، یان جەنگاوەرە خێڵەکییەکان و کوردستان بە کانگای دووەم حیساب دەکات. بڕوانە:

Bruinessen Martin van, Agha, Shaikh and State: On the Social Political Organization of Kurdish, London 1982

یان چاپی کوردی ئەم کتێبە: مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ کردوویە بە کوردی، بەرگی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید، ١٩٩٦ بەڵام ئەم بۆچوونەی مارتین هەڵەیە، چونکە بەداوەت سیستمێکی کۆمەڵایەتییە و تەنیا لە بیاباندا دەردەکەوێت. ڕاستە بەداوەت سیستمێکی خێڵەکییە، بەڵام هەر سیستمێکی خێڵەکی بەداوەت نییە. جیاوازیی نێوان خێڵە بەدووەکان و خێڵە ڕەوەندەکان و نیمچەڕەوەندەکان لە جیاوازیی نێوان ئاووهەوا و سروشتی پڕ لە قاتوقڕیی بیابان و نێوان چیا و دەشتەکانەوە دێت، کە پشت بە ئابوورییەکی تایبەتی دەبەستێت و کولتوور و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، وەک لەم بەشەدا باس کراوە. بەڕای من دەشێت جیاوازیی نێوان ئەم دوو سیستمە کۆمەڵایەتییە هۆکارێکی سەرەکی بێت کە خێڵە کوردەکان، کە زۆربەیان خەریکی کشتوکاڵ و ماڵاتبەخێوکردن و دیارە ڕاووڕووتیش بوون، نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی نزیک لە ڕۆڵی خێڵە بەدووە عەرەب و مەغۆل و تورکەکان لە مێژوودا بگێڕن.

٣٢-ابن خلدون، المقدمة ص١١٨

33-Harold Lamb, Djingis khan,s.81

٣٤- سمیر امین - برهان غلیون، حوار الدولة والدین، المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء ، ط١، ١٩٩٦ ص١٠٠

٣٥-الدکتور علی الوردی، دراسة فی طبیعة المجتمع العراقی، مصدر سابق، ص ٣٨

هاشم کۆچانی

## لە پەراوێزی مۆدێرنێتی دا ...

# ئێمە هێشتا قسە دەکەین ، نەک دیالۆگ !!

یاخیبوون لە دەسەڵاتی باوو ، « لاساریی » کردن بۆ پشکنینی جوگرافیای تابووەکان و، سۆراخکردنی بابەتە قەدەغەکراوەکان و وروژاندنی گومان و پرسیارو ، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی جوانتر [ئەگەر هەبووبێ یان هەبێت] هەمیشە خەونی مرۆڤایەتی و سەنتەری بیرکردنەوەی بووە . هەر قۆناغێکی مێژووش بپشکنین ، دەبینین ئەو بابەتانە لە ئیدە رۆشنبیریی و فەلسەفی و سیاسییەکاندا هەبوون. چالاکیی و رووداوە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانیش ، لە داهێنانی ئەفسانەکانەوە بۆ سەرهەڵدانی ئایین ، لە فەلسەفەوە بۆ هونەرو زانست، لە کێشەی ئازادییەوە تا تەقینەوە کۆمەڵایەتییەکان ، ڕاستەوخۆ بێت ، یان ناڕاستەوخۆ ، بەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەوە پەیوەست بوون.

بەڵام بابەتی نوێکردنەوەو مۆدێرنکردنی کۆمەڵگا بەو مانا هاوچەرخانەی ئێستا لە ئارادان، زادەی ئەو پرۆسێسەیە کە لە ئەوروپادا سەریهەڵداو لە ڕێنیسانسەوە دەستیپێکرد. پاشتر مۆرکێکی جیهانیی گرتەخۆی. ئەم پرۆسێسەش بارێکی گشتی هەیەو تەواوی بوارەکانی ژیان و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دەگرێتەوە: فکرو فەلسەفە ، ریفۆرمی ئایینی ، پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرهەڵدانی جیهانبینی سکولاریستیی ، دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و شێوەی حوکمڕانیی. لیبراڵکردنی فکرو ڕۆشنبیریی و فرە میتودیی لە خیتابی فەلسەفیی و هونەریی و کۆمەڵایەتییدا . هەروا لەم پرۆسێسەدا ڕەخنە وەک دەسەڵاتی فکر ، لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵایەتیدا ، پێگەیشت.

مەحاڵ بوو پرۆسێسێکی لەم چەشنە بیتوانیبا لە - شەپۆلی کشتوکاڵیدا ، بەقەولی نووسەری ئەمریکایی تاڤلەر - سەرهەڵبداو پایەکانی خۆی لە زەمیندا ڕۆچێنێ. ئەگەر بەشێک لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپا ، لەم شەپۆلەوە نەیان گواستبایەتەوە بۆ شەپۆلی پیشەسازیی و، ئەگەر لە پرۆسێسێکی گشتگردا سەرتاپای ئەو کۆمەڵگەیانە نە هاتبایەنە گۆڕان ، مەحاڵبوو، جیهانبینی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی بە جیهانبینییەکی قوڵتر و هەمەلایەنتر بگۆڕدرایە.

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و لەناویاندا کۆمەڵگەی ئێمە ، گۆڕانکاریی ڕێژەییان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هێشتا لە شەپۆلی کشتوکاڵیدان. نە مەعریفە وەک پرۆسە بەئەندازەیەکی پێویست و گەورە کەڵەکە بووە ، نە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاسۆی قەبووڵکردنی جیهانبینییەکی نوێ لەمەودای بینیندا ، دەبینرێت.

ئەوروپا بە گشتی بەو ڕەوتەدا ڕۆیشتووە ، کە ڕۆژهەڵات

پێیدا ڕەت نەبووە، ڕەنگە جیاوازی گەورەی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیش لێرەوە دەست پێبکات. هەر بۆیە [کۆد] ی ڕەوتە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی جیهان لەهەر بوارێکدا بگرین بەدەستی ڕۆژئاواوەیە.

سامناکی جیاوازییەکە تەنیا ئەوە نییە کە ڕۆژئاوا پێشکەوتووبێت و ڕۆژهەڵات دواکەوتوو، بەڵکو کۆڵەوارییەکەی ئێمەی ڕۆژهەڵات لەوەدا زەق دەبێتەوە کە ئامادەنین دان بە [قورت] ەکەدا بنێین. ڕەنگە ئەمەش هۆیەکی تر بێت وای لە ڕۆژئاوا کردبێت، کە لە هەمبەر ڕۆژهەڵات زیاتر تووشی لە خۆبایی بوون و نەرجسییەتێکی ڕەگەزپەرستانەبێت.

ئەم جیاوازییەش، جیاوازییەکی مەعریفی و جیهانبینییانەیە. لە ڕۆژئاوادا خوێندنەوەکانیان ڕادیکاڵ و «شۆڕشگێڕ» انەن، لای ئەوان پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانیان، بە ڕەوتێکی بەردەوام و پێکراگرێدراودا دەڕوات. تەنانەت لەو بابەتانەشدا کە لە ڕەوتەکە دادەبڕێن، دابڕانەکەیان، دابڕانێکی کۆمەڵایەتییە[نەک ئیرادەگەری]، گرنگ ئەوەیە کە قایلبوونێکی کۆمەڵایەتی لەسەر سازدەبێت. هەربۆیە دابڕانەکانی ئەوان دەچێتە خانەی [تێپەڕاندن] ەوە.

بەڵام لای ئێمە خوێندنەوەکانمان کۆدیتاچییانەیەو خودی ڕەوتەکەش پێنەگەیشتووەو، ئەو هەوڵ و پڕۆژە نیوەچڵانەش کەهەن، پڕۆژە نین بۆ خوڵقاندنی ڕەوتێکی مۆدێرن. بەڵکو پڕۆژەن بۆ [دابڕان] ێکی ئیرادەگەری، نەک [تێپەڕاندن]. دابڕان بە زەبری مەقەست نەک بە خوێندنەوەو هەزمکردن.

بەشێکی ئەم واقیعەش پەیوەست بەوەیە کە ئێمەو ئەوان بەرهەمی دوو ڕەوتی مێژوویی و دوو جیهانبینی جیاوازین.

بۆچی تەواوی دۆزینەوەو داهێنانە زانستییەکان و ئەوانی تر، کە بوونەتە سەرچاوەی سەرلەبەری پێشکەوتنەکانی دنیا، لە ڕۆژئاواوە دەستیان پێکردووە. هەر لە دۆزینەوەی کارەباو ئەتۆم و دینامێتەوە بگرین، تادەگاتە داهێنانی سیستێمی ئەنتەرنێت و گۆڕانە گەورەکانی مەیدانی بایۆلۆجیا و تازەترینیان [کۆپیکردن Cloning] و گەشتی چەند مانگ پێش ئێستای (پاثفایندەر) بۆ مەریخ. لە بواری فەلسەفەو فکرو داهێنانی هونەرییشدا وەرچەرخانە مەزن و ڕێبازو قوتابخانەکان هەر لە ڕۆژئاوادا بوون، هەر لەڕۆشنگەریی کانت و ئەو میتودە بنچینەییانەی بۆ مۆدێرنێتی داڕشتن .... تا تیۆریی [گومان] ی دیکارت (کە بە باڵەوانی مۆدێرنێتی دادەنرێت)»و تا عەقلانییەتی هیگل و سۆسیالیزمی مارکس.

بەبێ دانان بە تاڵیی و ناڕەحەتییەکانی [ئەو] ناسینە و، بەبێ پشکنینی پڕدیقەت و وردی ڕەخنەگرانەی ڕابردوو ئێستای خۆمان، مەحاڵە لە داهاتووشدا بتوانین، دەستبەرداری چاری سەربازییانە بین و چاری مەعریفییانە هەڵبژێرین، مەحاڵە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی وەک دوو جەمسەری ناکۆک بەیەک لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکتر پێکەوە هەڵبکەن.

مەبەست لە دانپیانان ئەوە نییە کە لەبەردەم ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژئاوادا واق وڕماو بین و تەنیا بیچمە گەشەکەی ببینین، وەک تا ئێستا پێچەوانەکەیمان کردووەو تەنیا دیوە دزێوەکەیمان بینیوە.

یان تووشی وەهمی وابین ئەوروپامان لێببێتە ئاڵترناتیڤ. ئەوروپا بۆ ئێمە ئاڵترناتیڤ نییە، بەڵکو دەوڵەمەندترین ئەزموون و سەرچاوەیە، ئەگەر بتوانین بەدیدێکی ڕەخنەگرانە بیخوێنینەوەو هەزمی بکەین.

گرفتەکە تەنیا لە دواکەوتنەکەدا نییە،چونکە دواکەوتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو دەکرێ تێپەڕێندرێ، بەڵکو لە وەدایە کە هەست بە دواکەوتنەکە نەکرێت، یان دانیپیانەنرێت.

تا لەباری فەلسەفییەوە (عەقڵ) و لەباری پەروەردەییەوە (خوێندن) دان بەم دواکەوتوویەدا نەنێین و پڕۆژەیەکی پشت ئەستور بە مەعریفەمان نەبێت، ناتوانین کۆمەڵگە تراديشوونییەکانمان، لە پڕۆسەیەکی درێژخایەندا، بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی خاوەن جیهانبینییەکی هاوچەرخ بەرین.

ڕێنیساس زنجیرە دیاردەیەکی فکریی و زانستی و پیشەسازیی و هونەریی و ئابووریی و سیاسی و، پێکەوە تەواوکەری یەکتربوون، ئەمجار توانیوێتی ببێ بە منداڵدانی لە دایکبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نوێ لە ئەوروپادا، لە دایکبوونی عەقڵ و دیدو جیهانبینی نوێ و،

بەرەبەرە جێگەلێژکردن بە تراديشون و سەقامگیربوونی کولتووری نوێ . ئەم پرۆسێسە بەو گشتگیری و هەمەلايەن وقووڵییەی لە ڕۆژئاوادا بەڕێوەبووە، لەبەشەکانی تری دنیادا ڕووی نەداوە. بەڵام ئەمڕۆ کە مۆرکێکی جیهانی وەرگرتووە، کەم یان زۆر پریشکەکانی بە سەرتاپای دنیادا بڵاوبوونەتەوە.

ڕێنیسانس و مۆدێرنێتی، ئەگەر لەماناو لێکدانەوەی قامووسییان دوورکەوینەوەو زۆر بەچڕیی پێناسەیان بکەین ئەوەیە کە [عەقڵ] سەروەری خۆی بێ و هیچ دەسەلاتێک بەسەریدا زاڵ نەبێت و، لە جیاتی بە موتڵەق بیرکردنەوە، پشت بە ڕێژەیی بیرکردنەوە ببەسترێ و، لە جیاتی [یەقین] ، [گومان ] بکرێ بە ڕێباز . ئەمانەش ئەگەر لە چەمکێکدا کۆکەینەوە، ئازادی مرۆڤ دەگەیەنێت ، ئەو سیحرەی کە هێشتا ئێمە دەرکمان پێنەکردووە.

پێموایە ئەو دیدە ڕەخنەییانەی کە سەبارەت بە مۆدێرنێتی عەرەب بڵاودەکرێنەوە ،بە هۆی هاوچەشنێتی عەقڵ و لێک نزیکی تراديشوون و لەيەک فەزادا گیرسانەوەی کۆمەڵگەکانمان ، تا ڕادەیەک بۆ ئێمەش ڕاست بن : هەموو ئاونیشانە نوێخوازییەکان لە چوارچێوە گشتییە سیاسی و فکرییەکانیاندا ، ئاونیشانی فریودەرانەو ساختەبوون و ، لە جیاتی ئەوەی بمانبەنە ناو سەردەمی ئێستاوە ، هەمیشە توڕیان داوینەتە دەرەوەی سەردەمەکە. هەر بۆیە بۆ باسکردنی ئاسۆیەکی تری نوێخوازی ، پێویستە ڕەخنە ، لە تێگەیشتنە باوە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی نوێخوازی ... بگرین (١)

ڕەنگە تاقە ڕێگە بۆ نزیکبوونەوە لە مۆدێرنێتی ، عەقڵی ئازادو سەروەرو، جیهانبینیی گومانهەڵگرو، بیرکرنەوەی ڕێژەیی و لە موتڵەقییەت دوورکەوتنەوە بێت.

کاتێکیش لێدوان لەمەڕ عەقڵی نوێ بێت، دەبێ عەقڵەکە لە گشت بارێکدا نوێ بێت ، ئەگینا کورتکردنەوەی مۆدێرنێتی ومۆدێرنیزم بۆ جوگرافییایەکی تەسک و ڕووتکردنەوەیان لە خەسڵەتە گشتی و قووڵ و کۆمەڵایەتییەکانیان ، نەک هەر زیان بە کارەکە دەگەیەنن، بەڵکو لەو جوگرافییەشدا کە تیا کۆیلەدەکرێن ، نوێکردنەوەکە نابێتە پڕۆژەیەک . خۆ مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم کارێک نییە تەنیا لە بواری نووسیندا پەیرەو بکرێ [وەک بڵێی نووسین.... پەیرەوکردنی سیحر بێت....](٢) .

لای ئێمە نەک تەنیا لەناو کۆمەڵگەدا ، بەڵکو لەناو ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانیشدا، کە لەبارترین ئیلیتەکانی کۆمەڵگەن ، لەباری فکری و فەلسەفی و جیهانبینییەوە، ئەو پێشەکییانە پێنەگەیشتوون ، کە بۆ پەڕینەوە بەرەو مۆدێرنێتی پێویستن.

بەشی زۆری ئەو بابەتانەی سەبارەت بە مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتی ، لە کۆمەڵگەو لە پڕۆسەی نووسینی کوردیدا بڵاودەکرێنەوە، زیاتر بە هەراسازکردن دەچن، نەک خوێندنەوەی شارەزایانەو بابەتییانەی کۆمەڵگەی کوردو ، هەزمکردن و گواستنەوەی فکری مۆدێرنێتی و داهێنانی میکانیزمی پەیڕەوکردنی لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاتیی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا .

ئەمە جگە لەوەی کە نوێکردنەوەی پڕۆسەی نووسین و مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ ئاڵۆزکراون، گەلێک جار نازانرێ بابەتەکە باس لە کام نوێکردنەوەیان دەکات. نوێکردنەوەی کۆمەڵگە یان نوێکردنەوە لە پڕۆسەی نووسیندا.

دیارە دەکرێ هونەرمەندانی بوارێک ، یان پسپۆرانی بوارێکی دیکە ، پڕۆژەی نوێکردنەوەی تایبەت بە بوارەکەی خۆیان هەبێت. بەڵام پێیان وانەبێت کە ئەم بوارە یان ئەویتر بەتەنیا دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێ و عەقڵ نوێبکاتەوەو جیهانبینیی مۆدێرن داهێنێ. یان ئەم بوارە بە موتڵەقیی سەربەخۆیە و کاری بەوانی ترەوە نییە .

خۆ دەبێ ئێستا لە خۆمان بپرسین شارەزایەکی داهێنەری وەکو عەبدوڵا گۆران، کە هەوڵێکی گەورەی نوێکاریی لە شیعری کوردیدا دەستپێکرد. بۆچی ئەم هەوڵە نەچووە ناو کۆمەڵگەو دەنگدانەوەیەکی بە ئەندازەی خۆی نەبوو ؟

یان ئەگەر نموونەی حەفتاکان بهێنینەوە لەوانە گۆڤاری [ڕوانگە] دەبینین لەبەر ئەوەی لاسایی کردنەوەیەکی تەڵخی [البيان الشعر]ی و گۆڤاری [الشعر٦٩] ی دەستەیەک لە شاعیرو نووسەرانی عێراق بوو، لە جیاتی ئەوەی لە ستروکتوری عەقڵ و کۆمەڵگەوە

سەیری نوێکردنەوە بکا ، پێی وابوو ڕوانگە پرۆژەیەکە دەتوانێ پرۆسەی نووسین لە کۆمەڵگەیەکدا کە تا تەوقی سەری لە تەقلیدییەتدا نوقمە ، نوێبکاتەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش وای لە ڕوانگەییەکان کردبێت، پێیان وابووبێت کە ڕوانگە فاوڵێکە لە مێژووی کورداو شتەکان لە وانەوە دەست پێدەکات. بانگەوازەکەی ئەوانیش تاقە پانتایی و جوگرافیایەکە کورد بتوانی خۆی تیا بخوێنێتەوە. بەڵام ئاکام بینیمان کە [ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا] (٣) لەوەش زیاتر ڕوانگەییەکان کۆمەڵێکی زۆر دیدو بۆچوونی کەم دیقەت و نابابەتییانەیان بڵاوکردەوە ، کە تا ئێستاش پەڵەکانی بە ڕۆشنبیریی کوردەوە دیارن .

ڕاستە نووسەرانی شەپۆلی حەفتاکان ، بە ڕوانگەییەکانیشەوە وەک تاک بە پلەی جیاجیا، وەک گرووپیش پێکەوە سەرەتاو هەوڵدانێکی تریان گرتەبەر، کە دەکرێ لە ڕەوتی خۆیاندا، بەتایبەتی لە شیعرو کورتە چیرۆک، بە هەنگاوێکی بەرچاو دابنرێت . هەروا شەپۆلی حەفتاکان لە هونەرەکانی تریشدا بە ئەندازەیەکی کەمتر بەردەوامییەکی تەوژمداریان خوڵقاند .

بەڵام ئەوانیش، لە بوارێکی تەسک بترازێت، نە چوونە ناو کۆمەڵگەوەو زیاتر لە چوارچێوەی کەڵەکەبوونی بەرهەمدا دەتوانین باسیان بکەین . لێرەدا دەکرێ بپرسین: چۆن نوێکاری لە بواری ئەدەب ، لە کۆمەڵگەیەکدا پێکدێت ، کە سەر لەبەری بوارەکانی تری بەسەر ترادیشونەوە هەڵچنیبێت ؟ (٤)

نە پرۆسێسی هونەرو داهێنان و نووسین و نە پرۆسێسی پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەکانمان ، لە قۆناغێکی مۆدێرندان . بەڵام ئەو ڕایە حاشا لەوە ناکات کە بەرهەمی مەزنمان هەبووبێ ، یان هەبێت ، یان هەنگاوی بەرچاوی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و بەرهەمی پوختمان نەبێ ، کە لە مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتییەوە نزیک بێت .

## 1

لەم بابەتەدا ، دەخوازم تێبینی و ڕایەکان ، لە فەزای چەند چەمکێکی پەیوەست بە مێتۆدو بە مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم ، وەک پرسیارو سەرنج بخەمە ڕوو.

لە باشووری کوردستاندا،سەرەڕای زمانی کوردی ، لەبەر گەلێک هۆی زانراو زمانی عەرەبی ، زمانی خوێندنەوەو ، کتێبخانەی ئەو زمانەش سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە بۆ نووسەران و ڕۆشنبیرانی باشوور. ئەو زمانە ڕۆڵی [پرد] ێکی بۆگێڕاوین. هەم بەرهەمی کوردیمان بۆ وەرگێڕاوە، هەم لەومان گواستۆتەوە بۆ زمانی کوردی، تەنانەت جاروبار لە ڕێگەی ئەو زمانەوە بەرهەممان ئاودیوی دنیای دەرەوە کردووە، هەر بەو پردەشدا بەرهەمی جیهانیمان کردووە بە کوردی.

ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم هێنایەوە تا ئەوە بڵێم کە هەرچەندە عەرەبیی زمانێکی دەوڵەمەندو خاوەن هەزاران دەزگاو چەندان دەوڵەت و کتێبخانەی بە پێزو وەرگێڕانێکی ئێجگار فرەیە. بەڵام لە پرۆسێسی وەرگێڕان و گواستنەوەی سەرچاوە فکری و فەلسەفییەکاندا و ، شوێنکردنەوەیان لەفەزای عەرەبیدا ، گەلێک نادیقەتیی ڕوویداوە، کە ئێستا لەناو عەرەبدا جێگەی ڕەخنەو باسن .

زیانەکانی ئەم کارانە لای ئێمە کە لە دەستی دووەمەوە ئەو بەرهەمانەمان وەرگرتووەو کراون بەکوردی یان کراون بەسەرچاوە بۆ ڕۆشنبیریی کوردی، گەلێک سامناکتر بوونەتەوە.

یەکێک لەو بابەتانە کە پێموایە بەهەڵە و نادیقەتی لە ڕێگەی ڕۆشنبیریی عەرەبییەوە هێنراوەتە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە، کێشەی [ مۆدێرنێتی Modernity و مۆدێرنیزمە Modernism ] گرفتەکەی عەرەب لەم ڕووەوە تارادەیەکی زۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ هەردوو زاراوەکە وشەی [الحداثە] بەکاردەهێنن، کە ئێمەش زیاتر مانای زمانەوانیی وشەکانمان وەرگرتووە ، نەک دەلالەت و مەودای فەلسەفی و کۆمەلایەتیی چەمکەکان .

[چەمکی یەکەمیان مۆدێرنێتی هێمایە بۆ بزووتنەوەی مێژووی ئەوروپاو بەرهەمەکانی ئەو بزووتنەوەیە ، کە لەسەردەمی ڕێنیسانس و ڕێفۆرمی ئاینییەوە لە ئەوروپادا سەریهەڵداو، تا ئێستەش بەردەوامە و داینەمۆیەکەشی بەرینبوونەوەی شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە .

بەلام چەمکی مۆدێرنیزم ، ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەیەکی هونەریی ئەدەبی، کەلە کۆتایی سەدەی (١٩) دا سەریهەڵداو ، پاشان لەسەدەی (٢٠) داگەشەی کردو بالادەست بوو (رامبۆو بۆدلێرو مالارمێ ، لە دامەزرێنەران و ناودارانی ئەم بزووتنەوەیەن) ](٥).

ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە تەنیا لە بەکارهێنانی دوو وشەدا نییە، وەک بڵێی دوو برغووی ئامێرێکمان بە هەڵە بەستبێ و بیانکەینەوەو لە شوێنی خۆیان جەریان بدەین و کارەکە مەیسەر بێت. نەخێر کەمدیقەتییەکی ئاڵۆزی مەعریفییە.

زۆربەی ئەو بابەتە کوردییانەی ویستوویانە خۆیان لە قەرەی مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم بدەن، دووچاری ئەو کەمدیقەتییە بوون .

رەنگە لە نووسینی کوردیدا باشتر وابێت بۆ ئەم دوو زاراوەیە هەر لاتینییەکەیان بەکار بهێنرێن و بە رێنووسی کوردی بنووسرێن .

* * *

گەرچی لەکۆنەوە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی پسپۆرو نووسەرمان هەبوون، لە زمانە زیندووە ئەوروپاییەکاندا شارەزاو کارامە بوون و ، بەرهەمی مێژوویی و زمانەوانی و ئەدەبییان ، راستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کردووەتە کوردی. بەلام لە تیۆری هونەرو فەلسەفەو فکردا ، تاک و تەرا نەبێت ، کاری گەورەو شایانی باس نەکراوە.

بۆ نموونە مارکسیزم ، کە نیو سەدە زیاترە لە باشووردا چوارچێوەی حزبایەتی گرتووەتە خۆی ، دەبینین تا ئێستە کەمترین شاکارە فەلسەفیی و فکرییەکانی مارکس و ئەنگلس بە کوردی نەکراون . بە کردەوەش ئێمە محەمەدی پێغەمبەرمان لابردو ، مارکسمان کرد بە ئالترناتیڤی ئەو . هەروەک سەبارەت بە ئیسلام هەڵوێستمان هەبوو ، نەک لێتوێژینەوەو خوێندنەوەی خودی ئیسلام ، بەهەمان جۆر لەمەر مارکسیزمیش ، مارکسیزم لای ئێمە هەڵوێست بوو نەک خوێندنەوە ، بە مانایەکی تر دەربارەی مارکسیزممان دەخوێندەوە ، نەک خودی مارکس. رەنگە هیچ کوێرە دێیەکی کوردستان نەمابێت ناوی مارکسی نەبیستبێ و مارکس و ئەنگلس وەک ناو نەناسن . بەلام رەنگە ژمارەیەکی زۆر کەم نووسەرو رووناکبیر و سیاسەتمەدارمان هەبێت ، بە کۆمەنیستەکانیشەوە خودی مارکس و ئەنگلسیان خوێندبێتەوە .

پێدەچێ فاکتەرو هۆیە بنکەییەکانی ئەم کێشەیە ، پێوەندی بە ستروکتوری ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرتاپای کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتەوە هەبێت ، نەک هەر کورد . بەلام لای کورد بەهۆی نەبوونی دامودەزگاوە بارەکە قورستر کەوتۆتەوە .

لامۆایە ، پەیرەوکارانی مێتۆدۆ رێبازەکانی تریش ، لەهەردوو بواری سیاسیی و رۆشنبیرییدا تا ئێستا هەمان کاریان کردبێت .

## 2

لەبەر ئەوەی شیعر هەراوترین دوورگەی نووسینی ئێمەیە. رەنگە زیادەرۆیی نەبێ بڵێین، تا ئێستا مەعریفە لای ئێمە بارو بنەی خۆی لەو دوورگەیەدا خستووە. دیارە شیعریش گەر لە حاڵەتی پەپوولەیی خۆی پتر بار بکرێت، دەبێتە کیسەڵ و ئەو بەجیاهەڵکەوتوویییەی لە دەقەکانی تر هەیەتی نایمێنێت. شیعر ناتوانێ ببێتە ئالترناتیڤی بوارەکانی تری مەعریفەو زانست و زەمینە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە ساز بکات .

بۆچی لای ئێمە شیعر کراوە بە دەقێکی موقەدەس و پیرۆزو، گشت پانتاییەکانی مەعریفەو بیرکردنەوەی داگیر کردووە.؟ داخۆ مانەوەی قودسییەتەکە ، یان تێکشکانی ئەو قودسیەتە ، کامیان رێزلێنانە لە شیعر؟ من لێرەدا قسە لەسەر ئەو فاکتەرانە ناکەم کە شیعریان لای ئێمە خستۆتە ئەو حاڵەتەوە ، بەڵکو زیاتر مەبەستم وروژاندنی چەند پرسیارێکە سەبارەت بە بەردەوامبوونی حاڵەتەکە.

پێموایە شیعر ئەو کاتە رێزلێنراو دەبێ کە سیفەتی داگیرکاریی لێ بسێندرێتەوەو، بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە دورگەیەک بێت لە هاوشانی دوورگەکانی تردا. ئیمارەتێک بێت لە ئیمارەتەکانی ئیمپراتۆریەتی نووسین و داهێنان .

ئەگەر کاتی خۆی شیعر تاقە سەرچاوەی مەعریفە بووبێت و شاعیر تاقە لایت بەدەستی خێڵ و ئیمارەتەکان ، ئەوا هەق وانییە، ئێستا پێمان وابێت

شیعر هەمان ڕۆڵی پێشرەوایەتی و مێژوویی سیاسیی و خواپەرستیی دەبینێ و، شاعیریش ڕۆڵی هەمان مەلا و سوختەو فەقێکانی جاران. لاموایە ئەم تێڕوانینە ستەمێک بێت، بەر لە خەڵکی تر شاعیرەکان خۆیان بەرامبەر بە شیعرو شاعیری دەکەن. ئێستەش گەلێک لە شاعیرەکانمان پێیان ئەنگە لە پەنای ناوەکانیاندا لە جیاتی شاعیر بنووسرێ نووسەر. ڕەنگە ئەمەش جۆرێک بێت لەو دەسەڵاتە مەعنەوییەی کە شیعر لە عەقڵی ئێمەدا هەیەتی و ، شاعیر نایەوێ لەدەستی بدات .

شیعر، ئەو کاتە بەهای هونەریی و نرخی ئێستاتیکاو مەعریفەی جوانکارییانەی دەبێت ،کە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەو پانتاییەدا ڕاگرێت کە پێویستە هەیبێت. نەک ئەوەی ئێستا لە عەقڵی مرۆڤی کورددا هەیەتی.

شیعر دەبێ خۆی بە میراتگری کوردایەتی نەزانێ و، کوردایەتیش نەکرێتە جیهانبینی شیعر، بەڵکو خودی کوردایەتی وەک هەر کێشەیەکی تری مرۆڤی کورد، بابەتێک بێت لە بابەتەکانی شیعر. باشتر وایە شتەکان بگێرینەوە شوێنەکانی خۆیان. باکوردایەتی بکرێتە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینی عەقڵی سیاسیی کورد ، نەک شیعری کوردی. ئەوکاتەش شیعر هەم خۆی لەژێر ئەو بارە قورسە دەردەکات کە خراوەتە سەرشانی و هەم دەتوانێ واز لە [لاواندنەوە] بێنێ، کە مرۆڤ بەنج دەکاو ، گەشە بە بیری برووبیانووهێنەرانە دەدا، نەک گومان خوڵقاندن .

هەر کاتێک ئەو منارە شیعرییەی لە عەقڵی ئێمەدا بەرەو ئاسمان کشاوە ، بهێنرێتە ئاستی ئۆرماڵی خۆی، ڕەنگە ئەو کاتە بتوانرێت ڕێگە لەو پاشاگەردانییەش بگیرێت، کە لە حەفتاکانەوە چەکەرەی کردووەو لەهەشتاو ئەوەتەکاندا بەرجەستە بووەو، هەروەک چۆن پیاو بۆ بەختیاری خۆی زەبروزەنگ دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام دەدا ، بەهەمان جۆر ئەو هەوڵانەش لەئارادان کە بۆ بەختیاری و دەسەڵاتی خۆیان ، شیعر وە بەر زەبروزەنگ دەخەن.

شیعری کوردی لەوەتەی هەیە ، سەنگەری پێشەوەی دیفاعکردن بووە لە زمانی کوردی و لە خودی کورد.

پێموایە باشترە کە شیعری کوردی قورسایی خۆی بۆ دیفاع لە یەکەمیان بخاتە کارو واز لە دووەمیان بێنێ ، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ حەزی دووەمیشی بەئەنجام بگەیەنێ.

ڕەنگە تێکستی تر بۆ نموونە ڕۆمان و چیرۆک بتوانن ، بەقەد شیعرو زیاتریش خزمەتی زمانی کوردی بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەقووڵاییدا مەعریفەی ئێمە مەعریفەیەکی شیعرییە ، پێموایە ڕەگەزو دەقەکانی تری نووسین بە ئەندازەی شیعر ناتوانن زمانەکەمان سەقەت بکەن .

بۆ چی ڕەخنەگرو شاعیرەکانمان ، بەدەنگ نایەن؟

لێرەدا حەزدەکەم پرسیارێک لەو شاعیرانەمان بکەم، کە لە شیعردا بە خاوەن نەزەر قەبووڵ دەکرێن. ئایا ئەوان ئەو هەموو دەقانەیان پێ شیعرە کە لەناو وڵات و لەدەرەوەدا بڵاودەکرێنەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە پۆزەتیڤ بێت ، ئەوا جۆرێکە لە بەرائەتدان لە شیعربوونی بەرهەمەکانی خۆیان . ئەگەر وەڵامیش نەگەتیڤ بێت، ئەی بۆ دەبێ بێدەنگ بن؟

من نالێم ، هەموو شاعیرێک شیعر تیورریزە بکات. بەڵام لاموایە لەناو شەپۆلی حەفتاکاندا، کە ژمارەیەک لە دیارترین شاعیرە زیندووەکانی ئەمڕۆی کوردیان تیایە، دەبوایە تیۆریستێکی شیعرییان تیا هەڵکەوتایە ، کە تێئۆری یان تەزەرێکی نووسراوی لەمەر شیعر داهێنایە . لەکاتێکدا زیاتر لە ناوێک لەو ناوانە، هەم لە ڕووی ئەکادیمیی و هەم لە ڕووی داهێنان[وەک کەڵەکەبوون و چلۆنایەتیی] هەم وەک ئەزموون، کەساتی لەبارن بۆ ملنان لەم کارە درەنگ وەختە ، کە ئەمڕۆ بۆتە شمشێرێک کەس ناوێرێ ملی لێ بسوێ .

## 3

چەمکی ڕۆشنبیریی یەکێکە لەوچەمکانەی کە گەلێک پێناسەی بۆ کراوەو تا ئێستەش ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی زۆری لەسەر دەکرێت. زەحمەتە هیچ زاراوەیەکی واش هەبێت بتوانێ پێناسەیەکی ماتماتیکییانەی ڕۆشنبیریی بکات. چونکە ڕۆشنبیریی چ لە باری گشتیداو چ لە باری تایبەتییدا جوگرافیایەکی هێندە بڵاوی هەیە چەندان لق و پۆی لێدەبێتەوەو بەردەوام لە گۆڕاندایە، چجای لە دنیای ئەمڕۆدا کە بە شەپۆلی ئینفۆرماشیۆنی دەستی

پێکردووەو بە لێشاو زاراوەو چەمک و خوێندنەوەی نوێ بۆ رابردوو ئێستاو ئایندەی مرۆڤایەتی دەخرێتە روو. تەنانەت لەنێوان بەشێک لەو پێناسانەشدا کە لە کتێب و ئینسکلوپیدیاو فەرهەنگەکاندا هەن، گەلێک پێکنەگەیشتن و ناکۆکی دەبینرێن.

بۆ نموونە کانت کولتووری وا پێناسە کردووە:

شتێکی بالاترە لەوەی کە بە خودی سروشت ئەنجام بدرێ(٦).

لە ئەدەبی مارکسی- سۆسیالیستیدا رۆشنبیریی Cul-ture بە دوو لایەن پێناسە دەکرێت. رۆشنبیریی ماددی و رۆشنبیریی رۆحی. رێبازی تر هەیە پێیوایە رۆشنبیریی لایەنی ماددی نییە. یان لایەنە ماددییەکە هێندە بە گرنگ ناگرێت.

(سپینگلەر) یش [ئاکام بەو قەناعەتە گەیشت کە کولتوور دەربڕینی ئۆرگانیکیی ژیانە کە لە ناو نەتەوەو خەڵک و گروپی کۆمەلایەتیدا سەرهەڵدەدا، گەشە دەکاو کامڵ دەبێ و ، دەشمرێت] (٧).

بەلام زۆربەی رایەکان لەوە نزیک دەبنەوە ، کە بە هەموو چالاکییە فکریی و زانستی و ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکان و ...هتد دەگوترێ رۆشنبیریی. لە خودی رۆشنبیریشدا دوو لایەن هەیە: لایەنی مەعریفی و لایەنی ئایدیۆلۆژی [یان هەلوێست].

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری رۆشنبیریی، ئەوەیە کە دەستاو دەست لەنەوەکانەوە بەیەک دەگەن و رۆشنبیریی هاوچەرخیش ، مانای درێژەدانە بە رەوتە رۆشنبیرییەکەی پێش خۆی.

لێڤ ترۆتسکی لە وەلامدانەوەی بابەتێکی شکلۆفسکی دا دەڵێت:

تێمەکە – واتە کولتوور – لە میللەتێکەوە بە میللەتێک دەگات. لە چینێکەوە دەگاتە چینێکی تر. تەنانەت لە نووسەرێکەوە دەگاتە نووسەرێکی تر. ئەمەش تەنیا مانای وایە کە فانتازیای مرۆڤایەتیی ئیکۆنۆمییە. چینێکی تازە نایەت سەرتاپا کولتوورێکی نوێ بخوڵقێنێ. بەڵکو یەکەمجار کولتووره کۆنەکە وەردەگرێ، کەلالەی دەکا، پوختەی دەکاو رێکی دەخا، ئەمجار نوێیەکەی بە سەردەوە هەڵدەچنێت. ئەگەر بەو جۆرە سوود لە گەنجینەی چەرخەکانی لەمەوبەر وەرنەگیرابا، هەرگیز هیچ پرۆسێسێکی مێژوویی پێش نەدەکەوت (٨).

فەرهەنگ و ئینسکلوپیدیاو سەرچاوە زانیاری هاوێژەکان ، جەخت لەوە دەکەن کە لە هەرکوێدا کۆمەڵگە هەبێت کولتوور هەیەو، لەهەر کوێشدا کولتوور هەبێت، رووناکبیر هەیە.

لێرەشدا ئالۆزییەک لای ئێمە درووستبووە کە بۆ بەکارهێنان و تێگەیشتن لە مانای چەمکەکە دەگەرێتەوە ، چەمکە هاوچەرخەکانی بواری فەلسەفەو زانست و کولتوور، لە پرۆسەی کۆمەلایەتی ئەوروپاوە سەریانهەڵداوە ، ئەو چەمکانە لای ئێمە بەرهەم نەهاتوون . هەر بۆیە کاتێ بەکاریان دەهێنین ، پێویستە لەمانا ئەوروپاییەکانیان نزیک ببینەوە. لای ئەوان کە دەڵێن کولتوور Culture رۆشنبیریی دەزانن بە چی دەڵێن رۆشنبیریی. کە دەشڵێن رووناکبیر Intellectual لە شوێنی خۆیدا بەکاری دەهێنن. بەلام دەبینین لای عەرەب بۆ هەردوو زاراوەکە [الثقافه] و [المثقف] بەکاردێ . لای ئێمەش کە پێدەچێ لەوانەوە وەرمانگرتبێ ، بۆتە رۆشنبیریی و رۆشنبیر، یان رووناکبیریی و رووناکبیر. لێرەشدا رەنگە بۆ زمانی کوردی باشتر وابێ بۆ رۆشنبیریی Culture و بۆ Intel-lectual * رووناکبیر یان رۆشنبیر بەکارببردرێ.

رۆشنبیریی کارو پیشە نییە، تا لەجیاتی ئەوەی بلێین فلانە کەس [ئاسنگەر] یان [پزیشیک] ە ، بلێین رۆشنبیرە. هەروەک چۆن دکتۆرو ئەندازیارێک لەبواری کارەکەیاندا رۆشنبیریی بەکار دێنن . بەهەمان جۆر ئاسنگەرو دارتاشێکیش لە بواری کارەکەیاندا زانیاری و رۆشنبیریی بەکار دێنن : لە ولاتانی عەرەبدا نەبێت، لە هیچ کوێیەک رۆشنبیریی بە پیشە دانانرێت. لە ولاتانی عەرەبیشدا وشەی رۆشنبیریی ئەو ئیلیتە دەگرێتەوە کە لە دەزگاکانی میدیادا دەنووسن و کتێب و بلاوکراوە ئەدەبی و فکرییەکان پڕدەکەنەوەو، پراکتیزەی هونەرە جوانەکان دەکەن (٩).

ئەو رایانەی کە دەڵێن کورد رۆشنبیریی و رووناکبیری نییە، دیارە سەرنجی ئەوە نادەن، کە مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کۆمەڵگەیەکی بێ رۆشنبیریی بەخۆیەوە نەبینیوە،

لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ڕۆشنبیریی نەبێت، ئەوا بێشک باسکردنی هەر بابەتێک لە ئەفسانەو ئاینەوە بگرە، تا مارکسیزم و وجودییەت و ناسیۆنالیزم و ستروکتورالیزم و پۆستمۆدێرنیزم، تەنانەت منداڵ بەختێوکردنیش وشەگەلێکی بێ مانا دەبن پێموایە ئەو ڕایانە هەڵگری هەمان ئەو مینتاڵیتییەتە حزبییەیە کە لە باشووری وڵاتدا هەیە. ئەگەر تەماشا بکەین زۆربەی ئەو ڕەفتارو زەبروزەنگەی لافلێدەرانی سیاسەتی مۆدێرنی کوردی لە باشووردا هەڵسوکەوتی دەکەن، پراکتیزەکردنیان بە نووسین و کرداری ژمارەیەک لەو ڕۆشنبیرانەشەوە دیارن کە ئیدعای مۆدێرنتی و مۆدێرنیزم لە کۆمەڵگەو کولتووردا دەکەن، بەیەک جیاوازییەوە، ئەویش ئامرازەکانی ئەنجامدانە، کە وەک یەک نین.

ئەگەر سەرنجی وشەی خیانەت بدەین، کاتێک هێزێک بەویتر دەڵێ خاین، بەو مانایە ناگوترێ کە ئەو هێزە کارێکی زیانبەخشی کردبێ، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە نابێ بەسەر زەوییەوە بمێنێت، کاتێکیش ڕوونا[...]ێک دێ و دەڵێت کورد ڕۆشنبیریی نییە یان [...] فلانە قۆناغ [سەلەفی] ن، هەمان مۆرکی خیانەت ئەنجامدانی حوکمی مەرگ لەسەر کاغەز دەرهەق ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەیەک و بەرهەمی سەدان نووسەر ڕادەگەیەنێ، کە لە ناویاندا ژمارەیەکی بەرچاو داهێنەر دەبینین. کەمترین قسەیەک کە لێرەدا بکرێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەم ڕایانە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی مەعریفیی نین.

زۆرجار دەبیستین دەوترێ فلانە نووسەر یان فلانە ئەوە سەلەفییە.

پێموایە سەلەفییەت و فۆندەمینتالیستی، کەم و زۆر لە ڕەفتاری ئاسایی کۆمەڵگەو، لە کەلەپوورو داب ونەریتی ئێمەدا هەیە. ئەگەر باسی گروپ یان تاکی ڕۆژهەڵات بکەین، لەڕەفتارو گفتاریاندا هەست بە سەلەفییەت دەکرێ. بەڵام ئێمە نەبەرهەم و نە نووسەری بەرچاوی سەلەفی و فۆندەمینتالیستمان هەیە. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێ لە ئەنگییەکانی باری ڕۆشنبیریی کوردی، چونکە سەلەفییەت لە عەقڵی ئێمەدا هەیە. کەچی بەرهەمی نووسراومان نییە ئەم بوونە دەربڕێ وتێزۆرە بکات.

مۆدێرنبوون و مۆدێرنیزمی، پێویستی بە بوونی سەلەفییەت هەیە، تا یەکتری پێ بناسنەوەو، دیالۆگی پێبکەن. ئەسەلەفی [خاین] ەو نە سەلەفییەت [خیانەت]. هەموو تێزێکی سەلەفیش ئەگەتیڤ نییە.

جا کوان سەلەفییەکانی ئێمە، کوان بەرهەمە نووسراوو کەڵەکەبووەکانیان، لەکام ڕەفەی کتێبخانەی کوردیدا بەرهەمی سەلەفیمان هەیە. ئەی ئەم باڵۆنە بەسەر کام نووسەرو بەسەر شانی کام کتێب و بەرهەمەوە هەڵدەنیشێت، تا دەرزییەکی پیا بکەین. پێموایە کەسێک هەڵگری جیهانبینیی مۆدێرنتێتی بێت، قۆناغەکانی بەر لە ئێستای کۆمەڵگەکەی خۆی هەزم دەکات، ئەمجار باسی تێپەڕاندن نەک [ڕەتکردنەوە] دەکات، چجای لە بوارە تایبەت یان پسپۆرییەکەی خۆیدا. چونکە لە بواری مەعریفەو ڕۆشنبیرییدا، خوێندنەوەو تێگەیشتن و هەزمکردن، ئەمجار بەرهەم و کەڵەکەبوونی بەرهەمە نوێیەکە زەمینەی [تێپەڕاندن] دەخوڵقێنێت. نەک دروشمدان و پرۆتێست. پرۆتێست و [...]ایلنەبوون، بۆ هەر کارێکی نوێ پێویستە، بەڵام دەبێ ئەو [...]ۆتێست و تووڕەییە، مۆرکێکی عەقڵانیی هەبێ و [...]توانێ ڕابردوو هەزم بکاو لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە [...]اوێ لە ڕابردوو بداتەوەو، سەرنجی ئێستا بداو تێڕامانی بۆ ئاینده هەبێ.[ئاوڕدانەوەو سەرنجدان وتێڕامان] یش، هەر سێ چەمکەکە [گومان] بەرهەم دێنن، نەک [یەقین]. [گومان] یش پشکنین و سەغڵەتبوونی [عەقڵ] لە ئایندەو چارەنووسی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، بە پێچەوانەی [یەقین]، کە خۆبەدەستەوەدانی عەقڵ و دڵنیابوون دەبەخشێ و، تەنیا توانای حوکمدانی موتڵەقی دەبێت.

ئایا بەڕاستی کورد کولتوورو ڕووناکبیری، نییە؟ کۆمەڵگەی کورد، چ لەباری ئەتەوەیی و چ پابەندبوونی بە خاک و، چ لەبارەی زمانەوە، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر، هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی هەیە. کۆمەڵگەی کورد بێکەڵک نییە. بەڵکو بێکەڵککراوە.

ئەگەر ڕۆشنبیریی بە مانا کەمدیقەتییەکەشی بەکاربێنین و پێمان وابێ، کارێکە تەنیا لە بواری نووسین و داهێناندا دەکرێ بوونی هەبێت، ئەوا لە

شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسیدا، لە پەراوێزی جەمیل ڕۆژبەیانی، لاپەڕە ٧٨٧ - ٧٨٨ دا هاتووە کە: [٣٢٢) ساڵ لەمەوبەرگەریدەی تورک ئەولیا چەلەبی، لەکاتی داگیرکردن و وێرانکردنی شاری بدلیسدا لەگەڵ لیژنەی تالآ نووسدا بووە، تەنیائەم شارە وەک ئەو دەنووسێ:[ حەوت باری حوشتر کتێبی بوون. کتێبخانەی تایبەتی میر پتر لە چوار هەزار دەستنووسی زۆر نایاب و بەهاداری تێدا هەبوو، کە هەموو دەبەرگ گیراوو نەخشێنرابوون : لەمەڕ ئایین و تاریخ و زمان و جانەوەر و گیاو گژو پزیشکی و (تشریح) و پێودانی شیعرو قافیەبوون و دیوانە شیعریش گەلێک بوون، زۆریش وێنەو نەخشەو تابلۆی نایابی هەبو. هەر میر بۆ خۆی ، ٧٦ کتێب و ١٠٥ نامیلکەی بەفارسی و عەرەبی دانابوون(١٠).لەکاتێکدا ئەو دەمە وەک ئێستا کتێب «کەمالیات» نەبووە بۆ جوانی لەناو جامخانەدا دابنرێن .

* * *

لاموایە ، هەروەک چۆن لە سیاسەتدا ڕەوت و عەقڵی مۆدێرنی کوردی هێشتا لە دایکنەبووە. بەهەمان جۆر زۆر دوورین لەوەی بە ماناو مەودا ئەوروپاییەکەی باسی زەمەنێکی داهێنان و مەعریفە لە کۆمەڵگەکەماندا بکەین .

بەلآم نەبوونی مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم بەمانا ئەوروپاییەکەی ، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوە ناگەیەنێ ، کە کولتوورو ڕوناکبیرمان نەبێت. یان مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم ، هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبووبێت.

لە شەرەفخانەوە بۆ خانی و نالی و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و رەفیق حیلمی و دەیان نووسەرو فکرزان و ڕووناکبیری گەورەی تر هەن کە ئێستا لە ژیاندان و تەنیا بۆ نموونە ناوی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و مەلاشکورو مەسعوود محەمەد دەهێنمەوە، کە هەر یەکەیان لە بوارێکدا دەست ڕەنگین و قامەت بەرزن.

شەرەفنامەکەی بدلیسی وەک سەرەتاو، کوردو کوردستانەکەی ئەمین زەکی بەگ وەک قۆناغی ناوەڕاست و چەپکە بەرهەمەکانی کەمال مەزهەر وەک بەرهەمی مێژوونووسینی هەنوکە یان مۆدێرن، سێکووچکەیەکی قوتابخانەی مێژوونووسینی کوردی پێکدێن. ئەمە جگە لەدەیان بەرهەمی تری بەنرخی مێژوونووسینی کوردی ، کە دەکرێ بەسەر ئەو سێ قۆناغەدا دابەشکرێن.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ، لە جیهانبینی ئاینیی خۆیەوە، بە پێی مێتۆدی فقهی ئیسلامی ، خاوەنی چەندان کاری پڕ بەهای ئاینی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە، کە بەشێکیان پرۆژەی هاوبەشن لەگەڵ کاک فاتیح و کاکە حەمەی کوریدا.ئەو کارانەی ئەمان هەم لەڕووی چلۆنایەتییەوە هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە ، کارگەلێکن لە ئاستی کاری دەزگایەکی ڕۆشنبیرییدا.

دیارە لە شیعرو چیرۆک و هونەری شانۆو مۆسیقاو ڕۆژنامەوانیی و وەرگێڕان و ..هتد،گەلێکمان هەن ، کە هەم وەک ناوو هەم وەک بەرهەم دەکرێ باسبکرێن. من لەم سنووردا دەوەستم و ئەوە دەڵێم ، لە وڵاتێکی وەک باشووری کوردستاندا، گەرچی برا دوژمنەکان لە پەنجەی پێوە تا تەوقی سەر یەکتر دەخۆن ، سێ زانکۆمان هەیە، تەنیا بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٧ - ١٩٩٨ نزیکەی [٦] هەزار خوێندکار لە دەرچوانی قۆناغی ئامادەیی بۆ هەر سێ زانکۆیەکە وەرگیراون . ئەمە جگە لەو خوێندکارانەی کوردی باشوور کە ئەمساڵ دەچنە زانکۆ جیاجیاکانی وڵاتانی ئەوروپاوە. گەر پشت بە سەرژمێرییە نیوەچڵەکانی دەوڵەتی عێراقیش ببەستین و ڕێژەی کورد لەگەڵ ڕێژەی گەلی عێراقدا بەراورد بکەین ، ئەوا نزیکەی [٧] هەزار کەسی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرامان لە ڕشتە جیاجیاکاندا هەیە .

ئەمانە جگە لە وەی کەژمارەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوانەی لە باشووردا دەردەکرێن ، یان لەئەوروپادا لەلایەن کوردانی باشوورەوە بڵاودەکرێنەوە بە سەدانن .

دیارە لە سەرتاپای ئەم پرۆسێسەدا کەموکوڕی و کاری سەقەت هەن . بەلآم هەموو ئەو کەموکورییی و سەقەتکارییانە لە هەقانییەتی ئەم پرسیارە کەمناکاتەوە:

ئایا کۆمەڵگەیەک خاوەنی ئەو هەموو وزەو توانا و

بەرهەمانە بێت، بڵێی کۆمەڵگەیەکی بێ کولتوورو بێ رووناکبیر بێت ؟.

من لە پرسیارو سۆراخکردنەکاندا، چەخت لە سەر باشووری وڵات دەکەم. چونکە ئەم ڕایە نامەعریفیانە زیاتر لە باشووردا هەیە. ئەگینا لە باسکردنی عەقڵ و داهێنان و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ناکرێ باسی سەرانسەری بابەت و پرۆسەکە نەکرێت، کە لە بەشەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواریی لە باکوورو رۆژهەڵات و ڕۆژئاواشدا هەن.

ئێمە نابێ تێکشکانی فکریی و ڕۆحی خۆمان بەوە لێک بدەینەوە کە هیچمان نییە. ئەگەر پرسیارەکە سەبارەت بەوەبێ کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا . ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران [گزگڵ] کراون و ، لەو تێکشکانەی کوردی تیا چەقیووە ، ڕۆشنبیران زۆرترین بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ ، پێموایە ئەوە پرسیارێکی واقیعبینانە بێ .

یان ئەگەر پرسیارەکان وا بن کە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا بۆشاییەکی هەراو هەیە و، مەعریفەی ئێمە ، مەعریفەیەکی نیوەچڵە ، یان ڕۆشنبیریی کوردی ، بنمێچێکی نزمی هەیە ، قسە لە سەر ئاست و پلەی مەعریفەو ڕۆشنبیریی بێت، ئەمانە پرسیاری ڕەوان . بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت کە کورد هیچی نییەو، ئەم گروپە یان ئەویتر لە ئاسمان هاتوونەتە خوارێ و ، [ڕادێریی] بۆ ئاینێکی نوێ دەکەن ، ئەوە بیرکردنەوەیەکی [ئەفسەر] یانەو مینتاڵیتێتیکی کۆدیتاچییانەیە.

گەرچی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و ئابووریی و کاملبوونی ڕەوتی جیهانبینی و میتودەکان لە کوردستاندا هێندە ڕاشکاو نین و ، لە ئاستێکدا نین ، بتوانین ڕیزبەندییەکی تەواوی نووسەران بکەین و ، هێلی جیاکەرەوەیان بە نێواندا بکێشین ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ، نووسەران و داهێنەرانی کورد بەسەر سێ جیهانبینیدا دابەشبکرێن:

* بەشێکیان جیهانبینییەکی تێکەلاوی ئایینی-ناسیۆنالیستیان هەیە.

* بەشێکی تریان جیهانبینییەکی چەپیان هەیە . دیارە هەڵگرانی جیهانبینی چەپ هەڵگری فکری مۆدێرنن ، بەلام لەبەر ئەوەی پابەندی تیۆری و فەلسەفەی دیاریکراون ، جیامکردوونەتەوە.

* بەشی سێیەمیان جیهانبینی مۆدێرن .

لەناو ئەم جیهانبینیانەشدا چەندان میتۆدی بیرکردنەوەو نووسین هەن .

میتۆد بەرهەم خولقاندنە ، نەک کردنی بە ئاین و ئایدیۆلۆژیا بۆ دژایەتیکردنی میتۆدەکانی تر ، هەر میتۆدێکی تر ئەگەر هەمانە ، پێویست ناکات لە هەمبەر میتۆدەکانی دی خۆی لە سەنگەر بنێت.

ئێمە ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەمان هەیە ، کە لە دیدو جیهانبینی ناسیۆنالیستیی ، یاخود بە میتۆدی مارکسیزم ، مەم و زینەکەی خانییان بۆ خوێندووینەتەوە . با ڕەخنەگرێکی تر بێ لە دیدی ستروکتورالیزمەوە یان بە نوێترین میتۆدی ئەمرۆی جیهان (مەم و زین) یان ( نالی) یان (قورئانمان) بۆ بخوێنێتەوە.

نە خوێندنەوەی مارکسیستی و نە خوێندنەوەی ستروکتورالیستیی و، نەش ئەوانیتر لە بەهای یەکدی کەم دەکەنەوە ، بەڵکو جیاوازیی نێوان خوێندنەوەکانمان بۆ دەخەنە ڕوو. با کەس بە میتۆدی تر جیگڵدان تەنگ نەبێ و ، کەسیش پێی وا نەبێ ئەوەی لەبیچمی میتۆدەکەی ئەو نانووسێ «خاینە».

کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک بەوە دەوڵەمەند دەبێت کە بە میتۆدی جیاجیا خوێندرابێتەوە .

میتودەکان لە ڕەوتی فکری ئەوروپادا بۆ دژایەتیکردنی یەکتر و یەکتر سڕینەوەو دانەنان بەیەکتردا لەدایک نەبوون ، بەڵکو خوێندنەوەی جیاوازبوون و ، لەگەڵێک ڕووەوە ، درێژەی یەکتروتەواوکەری یەکتربوون .

ئێمە نووسەری ناسیۆنالیست و هەڵگری دیدی ئیسلامی و مارکسیستمان هەیەو ، بە خۆیان و بەرهەمەکانیانەوە دەناسرێن . لەناو ئەوانیشدا هەم تەقلیدی و هەم مەیلی نیوەچڵی مۆدێرن هەیە. مۆدێرن بەو مانا [ڕێژەییە] بەکاردەهێنم کەلە سەرتاپای وتارەکەدا جەختم لێکردووە.

هەروەها کۆنسەرڤاتیڤمان هەیە ، کە خۆپارێزو کۆمەڵپارێزە، بەمانای مانەوەونەگۆڕان.

پێشکەوتنخوازیشمان هەیە بەمانای چوونە پێشەوەی کۆمەڵ و نەوەستانی گۆڕانکاریی.

ڕەنگە لە بەشێکیشیاندا کاڵ و کرچی ببینرێن، دەشبێ وابێت.

بەلام سەبارەت بە ستروکتورالیزم ،کە لە ناو ڕۆشنبیرانی باشووردا جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە ، ئەوەی گرنگ بێ بگوترێ : ستروکتورالیزم وەک مێتۆد و ڕێبازێکی بە جیاهەڵکەوتوو بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی باری ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتیی ... کورد ، هێشتا لای ئێمە سەریهەڵنەداوە.

لەزۆربەی ئەو هەوڵ و بەرهەمانەی خۆیان بە پابەندی ئەو ڕێبازە دەزانن ، مۆرکێکی زەبروزەنگئامێزو پڕ لە حوکمدان دەبینرێ ، کە ئەمانەش پێچەوانەی ستروکتورالیزمن.

مرۆڤ هەست دەکات زۆربەی ئەو بابەتانەی بەناوی ستروکتورالیزمەوە دەنووسرێن ، بەتایبەتی ڕەخنەکان، ئەگەر هێلکارییەکانیان لێدەرهێنین جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕەخنە تەقلیدییەکاندا نامێنێ . ڕەنگە ئەوەی بمێنێتەوە بەکارهێنانی زمان و زاراوەکان بێت . پێموایە ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە دارشتن و پەخشان و نووسینی کوردیدا ڕوویان داوە، وەک: بەکارهێنانی زاراوەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی زمانە ئەدەبییەکەمان بەوشەی تازەو، بە نوێکردنەوەی وشە کۆنە بەکارنەهێنراوەکان و یاخود وەرگرتن لە زمانە لاتینی و ئەوروپاییەکانەوە، ... هتد، کارێک نییە تەنیا چەند نووسەرێک دەستیان پێکردبێ، بەڵکو گۆڕانکارییەکە سەرتاپای نووسینی کوردی گرتۆتەوە. ئەم گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەی لە زماندا هەست پێدەکرێت، لە یەک زەمەن لە [هەشتاکان] و لە سێ جوگرافیادا[ نووسینی ناو وڵات ، نووسینی شاخ، نووسینی ئەوروپاو مەنفا]دا دەرکەوت . وەنەبێت ئەم دەرکەوتنەش لە خۆڕا بێت . ئەگەر پێشتر ڕەوتێکی ڕۆشنبیریمان نەبوایە ، بەتایبەتی نزیکترین [تەڤینەوە] ی حەفتاکان ، مەحاڵبوو ئەم منداڵە ، بێمنداڵدان لە دایک بوو بووایە.

سەبارەت بە پۆستمۆدێرنیزمیش . پێموایە یەکەمین هەنگاوی پێویست بۆ ئێمە ئەوەیە کە لێیبگەین و بیهێنینە ناو فکرو ڕۆشنبیریی کوردییەوە. بەلام ئەیکەینە ڕاچێتە بۆ چەند بابەتێک کە بەرهەمی سەرمایەداریی و کۆمەڵگە پیشەسازییە پەرەسەندووەکانە و ، کۆمەڵگەی ئێمە پێیان نامۆیە .

ئایا پۆستمۆدێرنێتی، سەردەمێکی ترە لە ئەوروپادا، یان قۆناغێکی تری هەمان سەردەمە مۆدێرنێتیەکەیە؟

پۆستمۆدێرنیزم ، بە ساکاریی مانای ڕەخنەیە لە مۆدێرنێتی ئەوروپا. ئێمە دەبێ بۆ خوێندنەوەی جیهان و بۆ کەڵک وەرگرتن و زەینفرەوانی و قووڵفامی ، پۆستمۆدێرنیزم ، وەک بابەتێکی فەلسەفی وفکریی و ڕۆشنبیریی قەبووڵ بکەین و ڕەفتار لەگەڵ چەمک و ماناکانیدا بکەین . بەلام نەکرێ بە دروشم و ئایدیۆلۆژیاو ، لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا بەلایەنی هەرە کەمی مۆدێرنێتی نامۆیە ، چاوەڕوانی بەرهەمی پۆستمۆدێرنێتی نەکەین و ، وەهمی وامان نەبێ ، بۆ پراکتیککردن یان ئەنجامدانە کۆمەلایەتییەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە کۆمەڵگەی کورددا بگەڕێین .

هەرچەندە پۆستمۆدێرنێتیش بە چەشنی جیاجیا دەخوێنرێتەوە، هەیە جەخت لە قۆناغی پێش مۆدێرنێتی دەکات [کە خودی ڕۆژهەلات بە کوردستانیشەوە، لەوێدا لە خەوێکی قووڵدان]. هەیشە باس لە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنێتییە لە ئارادا بووەکە دەکاو، مۆدێرنێتییەکی بالاتر دەخوازێ. کە ئەمەشیان بۆ پراکتیککردن لە ڕۆژهەلاتدا ، قسەیەکی بێتامە ، چونکە هەموو ڕۆژهەلات خەون بەوەوە دەبینێ بتوانێ لە مۆدێرنێتییە لە ئارادابووەکەی ئەوروپا نزیک بێتەوە

داخوا مامەڵەی تیسفەنجی لەگەڵ هەر مێتۆدو ڕێبازێکدا ، دەمانکات بە هەزمکەری ڕێبازەکە . جا ئەو ڕێبازە بوودیزم و مارکسیزم بێت ، یان ستروکتورالیزم و مۆدێرنیزم و پۆستەکەی ، لە کاتێکدا ئەمجۆرە مامەڵە تیسفەنجییانە و ئەمجۆرە کارانە ، بەهەر ڕۆژنامەنووس و کەسێکی کەمێک شارەزا ئەنجام دەدرێت .

گەلێک جاریش لێرەو لەوێ . دەبینین ، کۆمەڵگەی کورد ، یان بارێک لە بارەکانی لەگەڵ ئەوروپادا بەراورد دەکرێ و، کۆمەڵێک ئەنجامگیری و خوێندنەوەی نامەعریفیانە ڕادەگەیەنرێ ، کە کورد فلانە شتی نییە!! دیارە ئەگەر قسە لەسەر [بوون و نەبوون] بێت ، ئێمە زۆر شتمان نییە. بەلام لێرەدا قسە لەسەر بەراوردەکەیە ، کە بەراوردێکی نا بابەتییانەیە. چونکە ئەگەر بە پێوەرەکانی ئەوروپا کۆمەڵگەی کورد ، یان

ئەواوی ڕۆژهەلات بپێوین ، هیچمان بۆ نامێنێتەوە. خۆ ئەگەر ڕۆژهەلاتیش بکەین بە قالب و ئسکێچ و ، بە پێوەرەکانی ڕۆژهەلات ئەوروپا بخوێنینەوە، ئەوروپاش هیچی بۆ نامێنێتەوە .

ئێمە کاتێک باسی عەقڵ ، یان ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین ، دەبێ لەو چوارچێوانەدا باسیان بکەین و بیانخوێنینەوە کەهەن ، نەک ئەوەی قالبێک بێنین و بیکەین بە [نوێنەکەی پرۆکروست] *.

پێدەچێ تا لەو سەرەتایانەوە دەست پێنەکەین ، ئەتوانین خاوەنی هیچ پرۆژەیەک بین و ، هیچ گۆڕانێکی قووڵیش بەو مانایانەی لە ئەوروپاو کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی تردا ڕوویانداوە ، لە عەقڵ و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵەکەماندا ، ڕوو ئەدەن

4

هەموو کۆمەڵگەیەک توانای خۆنوێکردنەوەی هەیە، مۆدێرنێتیش بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک دەست دەدات.

باسکردنی مۆدێرنێتی ، بەر لەهەموو شتێک سەرنجدانی دوو خاڵی گرنگی پێویستە:

یەکەم: مۆدێرنێتی وەک چەمک و پاشان پلەی تێگەیشتن لەو چەمکە.

دووەم: مۆدێرنێتی وەک پراکتیک.

تێگەیشتنی ڕووناکبیرێکی ئەوروپایی و ڕووناکبیرێکی لای ئێمە ، بۆ مۆدێرنێتی وەک یەک نابێ. مۆدێرنێتی وەک پرۆسەو ئەمجار دیاردەکانی بە جیاجیا، لە گشت ڕوویەکەوە، بۆ ئەوروپاییەکە هەزمکراوەو بە ژیانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نامۆ نییە. فکری ڕۆشنبیریش لە ئەوروپادا ، لە ڕەوتی ئاسایی خۆیدا گەشەی کردووە. بۆ نموونە کاتێک ڕووناکبیرێکی ئەوان پەیڕەو لە فەلسەفەو فکرێک بکات، نەک هەر فەلسەفەو فکرێکی تر بە دوژمنی خۆی نازانێ، بەڵکو وەک وێستگەو وەرچەرخانی جیاجیای فیکرو فەلسەفەی ئەوروپایی و مرۆڤایەتی تەماشای دەکات . کەچی لای ئێمە ڕێبازو مێتودە فەلسەفیی و فکرییەکان بە ئاسانی مۆرکی مەزهەب وەردەگرن و دەبنە تەریقەت.

لەباری ڕۆشنبیریشەوە، هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بەوەیە لە ڕێگەی وەرگێران (ترجمە) و نووسینەوە، هەم خۆی و هەم کتێبخانەکەی بە فکرو فەلسەفەی مرۆڤایەتی ، بە تایبەتی بەشە هەرە گەشەکەی فکری ئەوروپایی لە ئەفلاتون و ئەرستووە ..... تا مێشێل فۆکۆ ئاشنا بکات . پرۆسەی مۆدێرنێتیش بەو چەشنەی لە ئەوروپادا ڕوویدا، ئەستەمە لە کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵبدات ، هێشتا ڕۆشنبیرییەکەی و کتێبخانەکەی بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر قورسایی ڕۆشنبیریی میللی و فۆلکلۆردا بێت.

پێدەچێ ڕەوتی گشتی مۆدێرنێتی وەک ناوەرۆک و بەو مانایەی لە ئەوروپادا ئەنجامدراوە ، چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێت. ئەو کۆمەڵگەیانەش کە ( بۆ ماوەیەک یان تاسەر) لەم بابەتە لاوەکییەی مۆدێرنێتی ، یان ئەویتر خۆیان دەپارێزن ، یان بەرەنگاری دەبنەوە، هیچ لە ئەنجامگیری گشتی باسەکە کەم ناکەنەوە.

ئەمڕۆ زەحمەتە کۆمەڵگەیەک لە جیهاندا ببینرێ (١٠٠٪) ترادیشوناێل بێ و دابونەریتی خۆی ڕەچاوبکات. بەتایبەتی ئێستا لە پرۆسەی بە جیهانیبوون GLOBALISATION ئەم بابەتە ڕاشکاوتر دەبینرێت . هەموو کۆمەڵگەیەک بەرەو جیهانیبوون دەڕوا نەک مانەوەلەسەنگەری خۆماڵیبووندا .

گلۆبالیزم تەنیا بە جیهانیکردنی باری ئابووری نییە، بەڵکو بەرجەستەبوونی تری هەیە ،لەوانە باری کۆمەڵایەتی و کولتورو میدیا. ئەوەی پێی دەڵێن ترادیشوون ، ڕۆژێک لە ڕۆژان کولتووری زاڵبووە ، ئەمڕۆ دەبینین بەشێکی نەماوەو، بەشێکی بۆتە کەلەپوورو بەشێکی لە کولتووری هاوچەرخدا گلدراوەتەوە، قەوارەو مەودای سنووردارکراوە. تەنانەت لە کۆمەڵگەی کورددا ئەگەر سەرنج بدەین، کاتێک خوێندنی [حوجرە] بە خوێندنی هاوچەرخی سیستەمی قوتابخانەیی گۆڕا، ئەم گۆڕانە تەنیا گۆڕانێک نەبوو لە ڕووخساردا، [فەقێ] بێ بە قوتابی و حوجرە بە قوتابخانە. بەڵکو گۆڕانێک بوو کاری لە دیدو بۆچوون وجیهانبینی مرۆڤی کورد کرد. هەمان نموونە دەکرێ لە مەیدانەکانی تریشدا ببینین .

تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی مۆدێرنێتی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتدا ، لەوانە کۆمەڵگەی ئێمە ، بەو مانا ڕادیکاڵەی لە [ڕۆژئاوادا] بۆتە ڕەوتی مێژوویی

کۆمەڵگەکانیان ، میکانیزمێکی تایبەت و بەجیاهەڵکەوتووی دەوێ.

ئێمە ئەگەر ڕۆژهەڵات نەناسین، ئەم ناسینەش لە هەزمکردنی ئیسلامەوە سەرچاوەدەگرێ، ناتوانین مۆدێرنێتی تێبگەین و وەک پرۆسەیەکی هەمەلایەنە پێڕەوی بکەین

بەبێ ئەنجامدانی ئەوکارە ڕەنگبێ مۆدێرنێتی تەنیا وەک دروشمێک بمێنێتەوە ، زیاتر بۆیەکردن بێت ، لە توێکڵی سەرەوەی باری کۆمەڵایەتیدا گیربخوات.

مۆدێرنێتی پرۆسەیەکی گشتییەو ، هەر کۆمەڵگەیەک بخوازێ بیکاتە ڕەوتی ژیانی خۆی ، دەبێ مۆرکە گشتییەکەی بسەلێنێت. لەپەیرەوکردنیشیدا میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەبێت و، تایبەتمەندییەکانی خۆی لەبەر چاوبگرێت و ، بە عەقلانییەت ڕەفتاری لەگەڵدا بکات ، نەک بە کاردانەوە (رد فعل) و ئیرادەگەری مۆدێرنێتی لێکبداتەوە. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر بونیادی دەوڵەت هەڵنەتەکێندرێت و سەر لەنوێ بنیات نەنرێتەوە، بنەما مەزهەبی و تایفەگەریی و ڕەگەزییەکانی ، بە بنچینەیەکی سکولاریست و هاونیشتمانێتی نەگۆڕدرێت ،ئەستەمە بە مانای قووڵ باس لە مۆدێرنێتیکردنی ئەو کۆمەڵگەیانە بکرێت.

گەر ئایین لە دەوڵەت و شەریعەت لە دەستوور جیا نەکرێنەوە ، باسکردنی [ئازادی بیروڕاو ئازادی شەخسی و یەکسانی ژن و پیاوو ...هتد] جگە لە ڕەدووکەوتنی تراویلکە هیچ مانایەکی تر وەبەرهەم ناهێنێت.

مۆدێرنیزمیش لەکایەی هونەردا و، بەو مانایانەی لەکۆتای سەدەی [۱۹] و سەرەتای سەدەی [۲۰] لە ئەوروپادا تەشەنەی کردو، هونەری ئێستای ئەوروپای پێ پێناسە دەکرێت. تا ئەو کاتەی بە ئەندازەیەکی فرەوان، بەرهەمە هونەرییەکانمان کەڵکە نەکەن و ، عەقڵی داهێنانی ئێستای کورد توانای [هەزمکردنی بەرهەمەکانی پێشوو] نەبێت ، نەک [ڕەتکردنەوەی ] ، باسکردنی تێپەڕاندن وەک پرۆسەیەکی بەردەوام چەکەرەناکات و، ئەگەر لەتاکوتەرای داهێنانیشدا سەرهەڵبدات ، ئەوا تەنیا وەک هەنگاوێک دەمێنێتەوەو نابێتە ڕەوتێکی بەرەو بالاچوونی مۆدێرنیزمیی .

نوێگەرێتی لە زمانی عەرەبیدا [هەروا لەزمانی کوردیشدا. ه .ک]تا ئێستا وەک زمانەکانی تر مانای زانستی خۆی وەچنگ نەخستووە .... نوێگەرێتی وشەیەکی قامووسیی نییە، بەڵکو چەمکێکی نوێیەو ، بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی ئێمەدا دەرکەوتووە.....

لەوانەیە گلگامش و هۆمیرۆس و دانتی و موتەنەبی ، هەزار جار پتر لە ئەلیۆت و پاوندو سەیاب، قووڵترو داهێنەرتر بن. بەڵام هەموو ئەمانە ئەوان ناکەن بە شاعیری نوێخواز ، چونکە ئەوان لەڕەشەباو بوومەلەرزەو کۆدیتا ڕۆحییەکان و ... لە دۆزینەوە زانستییەکانی سەردەمی ئێمەدا ناژین.(۱۱)

لاموایە ئەوە کارێکی نەساز بێت ، ئەگەر بپرسین : لەتیف هەڵمەت یان خانی کامیان داهێنەرترو نوێترن. یان ڕەفیق سابیر و گۆران کامیان هاوچەرختر بن. یان ئەنوەر قادر و نالی ، شێرکۆو حاجی قادر. یان هەمان پرسیار سەبارەت بە عەبدوڵلا پەشێوو جەمال غەمبار بکەین.

تا ئێستا چەمکی [کۆن ] و [نوێ] لە فەزای کولتورو سیاسەتدا لای ئێمە، بەمانای قاموسی و زمانەوانیی لێکدراونەتەوە، نەک وەک چەمک و مانای فەلسەفیی خۆیان . ئەم بابەتانە لای ئێمە بە تەنکیی لێکدراونەتەوە ، وەک ئەوەیە بلێی [ستێونکی نوێ ] لە [ستێونکی کۆن ] باشترە لەکاتێکدا مانای فەلسەفیی و فکریی ئەو دوو چەمکەیە ، سەرتاپا ناوەڕۆکێکی تریان هەیە.

ئێمە دەبێ پرسیارەکانمان بگۆڕین و چەمکی تر بە زاراوەکان ببەخشین. دەبێ پرسیارەکانمان دەربارەی جیاوازیی شیعریی ، خوێندنەوەی کولتووریی و دیدی زمانەوانی و تەکنیکی شیعریی ئەم شاعیرەمان لەگەڵ ئەویتر بێت،

دەبێ بپرسین ئەم شاعیرەو ئەویتر بەچی لێک جیادەکرێنەوە. خوێندنەوەی شیعریی ئەمیان لە باری فەلسەفی و جوانناسیی و ئینسانییەوە، بۆ ژن چییە؟ لەدیدی ئەویتریاندا چ مانایەک بۆ ژیان دەبینێتەوە؟

لەشیعری شاعیرانی شەپۆلی حەفتادا، مردن چ مانایەکی هەیە؟ شاعیرانی ئێستا مردن چۆن دەخوێننەوە؟ مێژوو سیاسەتی کوردبوون ، لە شیعری

خانی و حاجیدا چۆن بینراوەو، لای شەپۆلی حەفتاکان و شەپۆلی ئێستا چیمان پێدەبەخشن؟

بەرزی شیعرو جوانناسی شیعریی ، یان [باش] ی و [خراپ] ی بەچەمکی [کۆن] و [نوێ] ناپێوریێت . ئەگینا خۆ هیچ گومان لەوەدا نییە کە: .... تەنەکە لە زێر تازەترەو....نایلۆن لە حەریرنوێ ترە ... پێویستە پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ لە جیاوازیدا بخەینە ڕوو، نەک باشتر بوون (١٢). مەرج نییە ئەوەی کۆنتر نووسرابێ خراپ بێ و ئەوەی نوێ نووسرابێ باش بێت ، هەروا پێچەوانەکەیشی ڕاستە.

## 5

بابەتێکی تر کە هاوکات لەگەڵ [نوێ] و [کۆن] دا دێتە ناو باس و گفتوگۆیەکانی ئێمەوە، بابەتی [نەوە-جیل]ە.

لای ئێمە نەخشەی دەساڵیی بۆ دیاریکردنی [نەوە] بەکاردێت -ڕەنگە پلانی پێنج ساڵەش هەبێ- . ئایا ئەم نەخشە دەساڵییەو بەو مانایەی لای ئێمە ڕەگی گرتووە ، پێناسەیەکی زانستیانەیە ؟ ئەمەیان پرسیارێکە و قسەو باس هەڵدەگرێت.

گەر بمانەوێ بە ساکاری ئەم دەروازەیە ئاواڵە بکەین، ئەوە دەتوانین ، باوک ودایک لەلایەک و منداڵەکەیان لەلایەکی ترەوە ، بە دوو نەوەی جیاواز سەیربکەین.

ئەم جیاوازییەی نێوان دایک و باوک و منداڵەکەیان[٢٠ تا ٢٥ ] ساڵێک دەبێت. لەم ماوە زەمەنییەدا جیاوازییە کولتوریی و عەقڵی و پەروەردەنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو کۆمەڵگە بایی هێندە کەڵەکە دەبن کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو نەوەکە بە زەقی دەرکەون.

لە کولتووره مۆدێرنەکاندا ، کاتێک دەڵێن مۆسیقای شەستەکان یان گۆرانیی پەنجاکان ، ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە دەکەن کە مۆسیقاو گۆرانی لەو زەمەنەدا هەیانبووە. نەک باڵابوون و نەویبوونیان لەچاو مۆسیقاو گۆرانی زەمەنێکی تردا .

کەچی ئەم زەمەنە دەساڵەییە لای ئێمە کراوەتە پێوەرو کێشانە بۆ دیاریکردن و باشتربوونی نەوەیەک لە نەوەیەکی تر، بەتایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەردا ، چجای شیعر.

ئایا دەکرێ بڵێین نەوەیەک لە نەوەیەکی تر باشترە؟

لای ئێمە زۆربەی زاراوەو چەمکەکان مۆرکی ئایدیۆلۆژییان وەرگرتووە: بەشێک لە شاعیران پێیان وایە ، کە ئیدەی [نەوە] مانای گروپچێتی دەگرێتەوە . لە چەشنی ڕێکخستنی حزبیی و ، ئەندامەکانی دەبێ لەیەکتر داکۆکی بکەن.(١٣).

بابەتی نەوە ، بابەتێک نییە لە ڕەوتی کۆمەلایەتی – سیاسی – ئابووریی کۆمەڵگە دابڕاو بێت.جا ئەم بابەتە لە خانەی گشتیدا دابنرێت و پێناسە بکرێت ، یان لە بوارێکی تایبەتدا.

ڕەنگە هەر وەهمی ئەو [کۆن] و [نوێ] یە و تێگەیشتنی [ستێوێکی نوێ لە ستێوێکی کۆن باشترە] وایکردبێت هەر دەساڵ جارێک دەستەیەک نووسەر پەیدابن و پێیان وابێت ئەوان نەوەی نوێن و ئەوانی تر نەوەی کۆن و ، کۆنەکان هیچیان نەکردووەو ئەمان شان دەدەنە بەر کارە نەکراوەکان ، یان ئەمان هەموو کۆنەکانیان تێپەڕاندووە. بەڵام ئایا [نەوە] یان دەق و تێکست ، کامیان قووڵیی و باڵابوونی بەرهەم دەسەلمێنن.

پێموایە ، ئەو ململانێیەی لای ئێمە لە نێوان نەوەکاندا دروووستکراوە ، ململانێیەکی ئایدیۆلۆژییە [هەڵوێست وەرگرتن] نەک ململانێیەکی لۆجیکی کە لەلایەک یەکتر تەواوبکەن و لەلایەکی ترەوە بەجیاهەڵکەوتووییان لەیەکدی بخەنە ڕوو. باسکردنی نەوەو زاراوە دەساڵییەکەی ، ڕەنگە تەنیا بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە و پێناسەکردنی جیاوازییەکان درووست بن ، نەک بەو ماناو تێگەیشتنە باوانەی لای ئێمە چەسپاوە.

دیارە گومان لەوەدا نییە کە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی نەوەی ئەمڕۆ دەینووسن [نوێن] بەڵام مەرج نییە، لە بەرهەمەکۆنەکان باشتر بن جانەو کۆنە دەساڵ یان سەد ساڵ پێش ئێستا نووسرابێت.

نەزاراوەی [هاوچەرخ ] و نە زاراوەی [ نوێ ] ناتوانن ڤیزای تێپەڕاندن و قووڵیی و بەرزی بە بەرهەمەکان بدەن.

نوێ لە هەر بوارێکدا بگرین یەک مانای هەیە : لاسایی پێش خۆت مەکەرەوە . بەرهەمەکەت ، ڕەفتارەکەت ، کارەکەت نوێ دەبێت . بەڵام مەحاڵە ئەو کارو بەرهەمانە بتوانن مۆرکی تێپەڕاندن بگرنە خۆیان

، ئەگەر بەرهەم و کارەکانی بەر لە خۆیان هەزم نەکردبێت،

ئەم ڕایە تەنیا لە پرۆسەی داهێنان و نووسیندا واقیعیی نییە. بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتیشدا ڕایەکی مەنتقییە.

ئێمە ناتوانین بڵێین [ئەوە] ی هەشتاکان لە ئەوەی حەفتاکان یان شەستەکان باشترە، یان پێچەوانەکەی. بەڵام دەتوانین باس و تۆژینەوە لەمەڕ جیاوازییەکانی نێوان ئەوەکان بکەین.

هەرچەندە من لەگەڵ ئەو جۆرە پێناسەکردنەدا نیم کەهەر سەدەیەک [١٠] ئەوەی تیا بە بەرهەم بێت. بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا کە پرۆسەی پەرەسەندن زۆر خاوە ، بەڵام لێرەدا لە نموونە هێنانەوەکاندا هەر ئەو ئەوانە دێنمەوە کە بە نووشتەرکاریی قەیسەری لەدایکبوون.

لای ئێمە کێشەی مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم، لەهەردوو بواردا[کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی] مەودایەکی زەبرنامێزی گرتۆتە خۆی. هەر بۆیە بە ئاسانی هەموو پەیڤە سیاسییەکان، لەبواری ڕۆشنبیریشدا هاوەڵ پەیڤەکانیان دەبینین.

هەر بیرێکی نوێ ، بەمانای پرۆژەبوون، دەبێ بڕوای بە توندو تیژی نەبێ و ڕەتکردنەوەو سڕینەوە لە فەرهەنگی خۆیدا هەڵگری ، زیاتر ڕووبکاتەڕاڤەکردن و دیالۆگ و ئازادی و یەکتر قەبووڵکردن و پێکەوە هەڵکردن .

هیچ ڕێبازو مێتۆدو فەلسەفەیەک ، مارکسیزم و وجودیەت و ستروکتورالیزم بێت ، یان مۆدێرنیزم و پۆستەکەی هیچ کامیان پێویستیان بە [زۆن] دروستکردن و بە پێکەوە نانی میلیشیا نییە. کەچی لای ئێمە مێتۆدو ڕێبازەکان ، وەک تەریقەتی [قادریی] و [ نەقشبەندیی] یان لێهاتووە.

لێگەڕێن [گەر هەمانە] با گوڵی گشت جیهانبینی و مێتۆدێک ، لە ڕۆشنبیریی و نووسین و بیرکردنەوەدا بپشکوێ، با کەسیش خۆ سەغلەت نەکات و خۆی بە ڕابەرو مورشید نەزانێت . دوا بڕیار لە دەستی [زەمەن]دایەو . زەمەنیش لە تێکستەوە دەچێتە سەر ناوەکان ، نەک پێچەوانەکەی.

مێتۆد فابریکی [وینستۆن] یان [مارلبۆرۆ] نییە ، تاکەسێک خۆی بە خاوەنی بزانێت. یان گروپێکی ئەم شار یان ئەویتر پێیان وابێت، کۆمپانیای هاوبەشی ئەوانە . جیهانبینی و مێتۆدەکان بەگروپ ناناسرێن ، بەڵکو بەبەرهەم و تێکست پێناسەدەکرێن.

مێتۆدەکان بۆ خوێندنەوەو پێناسەکردنی مەزهەبن نەک پێکەوەنانی مەزهەبی نوێ .

با هیچ نووسەرو کەسێکیش پێی وانەبێت ، شتێک مابێتەوە نەگوترابێت، ئەو بێت بیدۆزێتەوە.بە تایبەتی لەبواری داهێنانی هونەریدا

پێموایە بەئەندازەی ئەوەی لە بواری زانستدا [ فیزیاو کیمیاو بایۆلۆجیا زانستە تەکنەلۆجییەکان .. هتد] ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆزینەوەی نوێتر بەدی دێت . بە ئەندازەی دۆزراوەکان نەدۆزراوەکان دەمێننەوەو، خودی زانست بەردەوام نەدوزراودیی دادەهێنێت.

لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، چجای هونەرو داهێناندا ، ئەم بوارە بە جۆرێکی ترە. هیچ پەرەسەندن و تیۆرییەکی زانستی نییە لە وڵاتێکدا شاردرابێتەوەو کەس پێی نەزانێت. بەڵام لە بواری هونەرو داهێناندا وانییە.ڕەنگە ڕۆژێک دابێت گەمەی داهێنان تەنیا لە بواری [ فەنتازیاو زمان و ئێستاتێکادا] بمێنێتەوە. ئەوەی شاعیرێکی ئێمە دەینووسێت و پێیوایە نەدۆزراوێکی دۆزیوەتەوە، ڕەنگە چەندان تێکستی تری کوردی و سەدان دەقیی تری زمانە جیاجیاکان هەبن ، هەمان بابەتەکەی ئەویان بەر لە سەد ساڵ دەربڕیبێت. کێ دەزانی کولتوورو هونەری وڵاتێکی وەک چین چی تیایە [کێ دەڵێ نووسخەی چینیی گۆرانی شەمامەو خاڵ خاڵ] بە زمانی (هان)ی چینیی نییە. لەم سەردەمە بەدواوە بە جیاهەڵکەوتوویی زیاتر دەکەوێتە بواری زانستەوە. پێدەچێت ناوی نوێ و بە جیاهەڵکەوتووی وەک خانی و مەولەوی و نالی و گۆران ... موتەنەبی و حافیزی شیرازی و خەیام ... شکسپیرو دیستویەفسکی و بلزاک و سوکرات و ئەفلاتوون و ئەریستۆ و هیگل و مارکس ...هتد لەمەودوا دەرنەکەون ، چونکە ئەو زەمین و قۆناغە بڕاوەتەوە تا کەسێکی بەجیاهەڵکەوتوو [متمیز] لەبوارەکانی ئەواندا ، وەک ئەوان ، ببێتە ئەستێرە،

دەرکەوتنی پێغەمبەران ، تەنیا لەبواری ئاییندا ، زەمەنی بەسەرنەچووە ، بەڵکو لە بواری فکرو نووسین و

داهێنانیشدا ، بەتایبەتی لە زەمەنی ساتەلایت و کۆمەڵگەی ئینفۆرماشیۆنیدا ، بە جیاهەڵکەوتوویی کۆتایی دێت.

## 6

بۆ ئەوەی بتوانین وەک پرۆسە سەیری مۆدێرنێتی بکەین، دەبێ یەکەمجار دەرەقەتی خوێندنەوەی باری کۆمەلایەتی خۆمان بێین، ئەمجار بەرهەمی وەرگێردراوو نووسراومان دەربارەی مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم کەڵەکەبێن و بچنە چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتییەوە . من لێرەدا نموونەیەک لەو سەرچاوانە دێنمەوە کە بەشی سەرەکیی لە بنەمای عەقلی کۆمەڵگەکەمان پێکدێنێ ، ئەویش موتڵەقبوونە. بە ئەندازەی ئەوەی لە قووڵایی موتڵەقیەتدا نوقم بووین ، بە هەمان ئەندازە لە مۆدێرنێتی دوورین. با بروانینە ئەم وێنەیە:

ئەو ڕیزە ماڵەی لەوبەری دێوە
هەمووم خۆش دەوێ بەبۆنەی تۆوە

ئەو دوو دێرە شیعرە فولکلۆرییە ، نموونەی خەروارێکە ، لە فکرو ڕۆشنبیریی موتڵەقی ئێمە.

ئەوە تەنیا دوو دێرە شیعری گۆرانییەک نییە ، عاشقێک بۆ خۆشەویستەکەی وتبێت، ئەو ڕاست دەکات ڕیزە ماڵەکەی هەموو خۆش دەوێت ، بە سەگ و پشیلەکانیشیانەوە.بەلام ئەو خۆشەویستییە موتڵەقە بەهەمان ئەندازە، ناخۆشەویستیش دەگەیەنێت. چونکە عەشقی بەستەزمان ناتوانێ شان بداتە بەر هەموو ئەو قورساییانەی لەو ڕیزە ماڵەی ئەوبەرەوەدا هەن.

هەر بۆیە کاتێک وەرچەرخانێکی نەگەتیڤ لە خۆشەویستییەکەدا ڕوودەدات.بەهەمان موتڵەقییەتی جاری یەکەمەوە [عاشقەکە دەبێتە جەلاد] چونکە عەقڵەکە توانای ئەوەی هەیە بەمجۆرە وێنەکە سەرەونخوون بکاتەوە:

ئەو ڕیزە ماڵەی لەوبەری دێوە
هەموو دەکوژم بەبۆنەی تۆوە

عەقلی ئێمە زەمینەو ئامادەیی ئەوەی تیایە لەهەر وەرچەرخانێکدا لە[١٠٠٪] بگۆڕدرێت. ئەم گۆڕانەش تەنیا لە ڕەشەوە بۆ سپی و لە سپییەوە بۆ ڕەشە . نەک بۆ قەبوولکردنی ڕەنگەکانی تر.

لای ئێمە ئەم موتڵەقییەتە لە پانتاییەکانی کولتووروسیاسەت و کۆمەلایەتیی و خێزانداریماندا ..هەیە. لەو چەترانەوە بەسەر تاکە کەسەکانەوەیە ، تا قووبەی مزگەوتەکان . لە حزبەکانەوە تا یەکێتی نووسەران. لە ئێمەوە تا ئەوان و لەوانەوە تائێمە.

لە کاتێکدا لە [١تا ١٠٠] [٩٩] ئاستی تری دیتن و جۆری پەیوەندی و یەکتر قەبوولکردن و بیرکردنەوە هەیە. دەکرێت پرۆسێنتێک بۆ پەیوەندی ، بۆ خۆشەویستی بۆ ڕق دیاری بکرێت. کەچی ئێمە لەو [١٠٠] گریمان و پلەیەدا، تەنیا توانای یەک جۆرە هەڵبژاردنمان هەیە، ئەویش لە[١٠٠، ١٠٠]ە . هێنانەوەی ئەو نموونەیە بەو مانایە نییە کە لە فکرو داهێنانی کورددا ، هیچ جۆرە بیرکردنەوەو بابەتێکی ڕێژەیی نەبێت. نەخێر هەیەو زۆریشە، بەلام ئەوەی زاڵ و قەبوولکراوە ، ئەوەی کەلەپوور[تراث] ی ئێمەی بەسەرەوە بنیاتنراوە، موتڵەقیتەکەیە.

کۆمەڵگەیەک خاوەنی عەقلی موتڵەق بێت، سۆزو هەستی زیاتر بەسەردا زاڵ دەبێت. کۆمەڵگەیەکیش زیاتر سۆز بەڕێوەی ببات، زیاتر زەمینەی دەرخکردن و تەلقینی تیا مەیسەر دەبێ، نەک گومان و بیرکردنەوەو ڕاڤەکردن.

لە کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنەدا پتر لاواندنەوە پەسندە، نەک نارەحەتکردنی عەقڵ .

بە بچوکترین بریندارکردنی سۆزو ئیحساسات، گەورەترین تراژیدیا بۆ خۆی دەخولقێنێ.

بەلام گەورەترین تراژیدیا ناتوانێ لە باری عەقلییەوە سەغلەتی بکات.

ئێمە داکۆکی لە هۆشمەندییەک دەکەین ، کە بۆتە موتڵەق ، هەر بۆیە لە سمینارو کۆڕو کۆبوونەوەو، لە ڕەخنە دا ، ناتوانین بکەوینە دیالۆگ . ئێمە هێشتا قسە دەکەین ، قسە ناگۆڕینەوە ، دیفاع لەو ئیدەیە دەکەین ، کە پێش سمینارەکە لە ماڵەوەبڕیارمانداوە بێین و داکۆکی لێبکەین . ئێمە هێشتا بە سۆز شتەکان دەخوێنینەوە، بە سۆز ڕادەردەبڕین . هەر بۆیە پتر هەست بریندار دەکەین و هەستمان بریندار دەبێت. دیالۆگ وەختێک دەخولقێ، هەوڵبدەین لە ڕووی عەقڵەوە یەکتر نارەحەت بکەین ، نەک لە ڕووی ئیحساسەوە.

ئێمە بەرنامەمان بۆ کارەکانمان نییە ، جا ئەو کارە باش بێت یان خراپ، کارەکە دەکەین ئەمجار بیر دەکەینەوە. ئەمەش لە ئەزموونە پریڤاتەکانمانەوە دەست پێدەکات ، تا دەگاتە ئەزموونە گشتییەکانمان. لە هاتنی من و تۆوە بۆ ئەوروپا ، تاسەفەری توولانیی شاخ و ، تا ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١و ئەوانیتر ....

شەڕی ناوخۆیی دەربڕینێکی پووختی عەقڵی کۆمەڵگەی ئێمەیە بە [لایەنی ترادیشوون و مۆدێرن] مانەوە . بڵێی باسەکانی ئێستامان لەمەڕ ستروکتورالیزم و مۆدێرنیزم و پان مۆدێرنیزم ، لە نەخشەو بەرنامەو هەزمکردنەوە سەرچاوە هەڵگرن، لە کاتێکدا ئامادەنیین بچینە ژێر ئەوەی کە لە قووڵترین قووڵایی نێوقەدی ترادیشووندا چەقیوین.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

* قسەی هیگڵە.

١- بعیدا داخل الغایە (البیان النقدی للحداثە العربیە). فاضل العزاوی .لاپەرە(٢٤).

٢- سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (٢٥).

* ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٩٦٩دا دەرچوو. ژمارە پێنجی لە چاپخانە ڕاگیراو ئیجازەکەی هەڵوەشێندرایەوە.

٣- بڕوانە گفتوگۆی گۆڤاری ڕامان لە گەڵ لەتیف هەڵمەت ، ژمارە (٣) ساڵی١٩٩٦

٤- النص القرآنی وآفاق الکتابە. ادونیس. لاپەرە(٩٤)

٥- بڕوانە ژمارە () ڕۆژنامەی الشرق الاوسط. محمد عابد الجابری.

٦- National encyklopedi 11 لاپەڕە(٥١١).

٧- هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٨- Leo Trotskij Litteratur och Revolution. Leo Trotskil، لاپەڕە(١٢٢).

" Intellectuell ... واتە تێگەیشتن، دیدو سەرنج.

١- ئەوانەن کە پەیوەندیان بە ئینتلێکت و عەقڵانییەتەوە هەیە.

٢- ناونانێکی فرە ماناپە، ئەو کەسە دەگرێتەوە کە بە ئیدەکانی هەوڵی کارتێکردن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا دەکات.

وشەکە بە ناوەڕۆکێکی (تەسک و فرەوان) بە کاردێت.

ناوەڕۆکی یەکەمیان: کەمایەتییەکن کە شایستەی ئەو ناولێنانەن و پابەندی شتی تر نین و پسپۆڕن و گرنگی بە کێشە گەورە هاوچەرخەکان دەدەن.

ناوەڕۆکی دووەمیان. ئەوانەن کە کەم تا زۆر بە هۆی کارەکانیانەوە، پەیوەندییان بە ئینتیلکتویلییەوە هەیەو، زانیاری و ئینفەرماشیۆن و ترخاندن و ڕەفتار بڵاودەکەنەوە، کە واتە ئەم گروپە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە. لێتۆژێنەر، نووسەر، مامۆستا، پیاوانی ئاین (مەلاو قەشە) ...هتد.

وشەی Intellektuell بۆ یەکەمین جار، وەک ناونیشانی بانگەوازێک بەکارهێنرا، کە لە ساڵی ١٨٩٨ لە ڕۆژنامەی L Aurore ی فەرەنساییدا بڵاوکرایەوە. ئەو بانگەوازەش پرۆتێستێک بوو دژی حوکمدانەکەی Dreyfus *. دەستپێشخەری ئەم کارەش Emile Zola بوو.

ناوی بانگەوازەکەش بەم چەشنە بوو [من پرۆتێست دەکەم]

وشەی Intellektuell لە وڵاتە جیاجیاکاندا، بە گوێرەی ڕەنگدانەوەی کولتوورو ترادیشونە جیاوازەکان ، بەکاردەهێنرێت.

[ئەم زانیارییانە بە کەمێک دەستکارییەوە لە National encyklo-pedi 6 وەرگیراوە]

* Dreyfus دریفوس [١٨٥٩ - ١٩٣٥] ئەفسەرێکی جوولەکە بوو، لە دەستەی ئەرکانی گشتی فەرەنسا. لە ساڵی ١٨٩٤ بەبێ تاوان، بە بیانووی تۆمەتێکی هەڵبەستراو، تۆمەتی خیانەتی مەزن، بە حوکمی ئەبەدی و کاری قورس سزا درا. بەلام ئاکام لە ژێر فشاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئازاد کراو، لە ساڵی ١٩٠٦ یشدا ئیعتباریان بۆ گێڕایەوە .

( ئەم زانیارییە لە کتێبی مختارات، لینین. الجزء الاول لاپەرە ٢٩١ وەرگیراوە).

٩- الثقافە بوصفها مهنە. ڕۆژنامەی الوفاق . ژمارە (٢٤٥) ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦

١٠- بڕوانە بەرەو مێژوو . ڕەفیق سابیر. لاپەرە (١٤)

* نوێنەکەی پرۆکروست Procruste.

پرۆکروست ڕێگرێکی گریکی کۆنە. لەسەر ڕێگەدا نوێنەکەی ڕادەخست و، هەر ڕێبوارێکی بگرتایە ، لەسەر نوێنەکە درێژی دەکرد. ئەگەر درێژتر ببوایەقاچەکانی دەبرییەوە. ئەگەر کورتتریش ببوایە، گوریسێکی بە قاچەکانییەوە دەبەست، بە نیازی درێژکردنەوەی بە ئەندازەی نوێنەکە، ڕایدەکێشا.

١١- بعیدا داخل الغایە...لاپەرە ١١١و١١٢

١٢- ها انت ایها الوقت (سیرە شعریە ثقافیە) ادونیس، لاپەرە١٦٠و١٦١ ، (بەدەستکارییەوە وەرگیراوە).

١٣- ڕۆژنامەی الوفاق. ٢٤ی تەمووزی ،١٩٩٦

ئامادەکردنی : حەسەن نوور

# داریۆ فۆ:

# پێکەنینێکی گومانئامێز و پابەندی ڕاستی

"یەکەمین ڕێسا لە شانۆدا بنەبڕکردنی ڕێساکانە."

داریۆ فۆ

ئەکادیمیای سویدی و کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل لە (١٩٩٧) دا سەرلەنوێ ئەو بەشەی ئەدەب کە بە دەقی شانۆیی یان شانۆگەری دەناسرێت و خەریکە پلەوپایەی خۆی لەدەست دەدات دەخاتەوە نێو بازنەی بایەخدان و پاش (٢٨) ساڵ نووسەرێک دەکات بە خاوەنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی کە تەنیا لە نووسینی دەقی شانۆییدا بەکارە و بە مەبەستی تانوتدان لە سیستەمی دەسەڵات و لایەنگری کردنی خەڵکێکی ڕوتێنراوو نارەزایی دەربڕین و یاخی بوون و وروژاندنی جەماوەر پەنا دەباتە بەر شانۆ. ئەکادیمیای سویدی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەب دەکاتە ملی (Dario Fo) دایۆ فۆی رابەری شانۆیی و دەرهێنەر و ئەکتەر و سینۆگراف و دەیخاتە پاڵ شانۆگەری نووسانێک وەکو Show, Yeats, Beckett ...هتد. بەڵام داریۆ فۆ کێیە؟

پاش ئەوەی شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییەکان (Farce) بۆ چەند دەیەیەک شانۆ بەجێ دەهێڵن و لەلایەن هەوادارانی شانۆوە پشت گوێ دەخرێن، پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەبنەوە دیاردە و ئامرازێک بۆ ئەڤانت گاردیستەکان. شانۆگەرییە ناتورالیست و فەزا تەسک و دوور لە ئەندێشەکان و بابەتە ڕیالیستییەکان لەم قۆناغەدا شانۆکانی ئەوروپا داگیردەکەن. ئەم ڕێبازە شانۆییانەی ئەوروپا ناتوانن فەزایەکی ئازاد بۆ ئەو نەوە نوێیە دابین بکەن که دەیەوێ چالاکانە لە بواری شانۆدا کار بکات و ئازادییەکی فراوانتر وەدەست بهێنێت. بۆیە نەوەی شانۆیی پاش جەنگ سەرگەرمی دۆزینەوەی فۆرمێکی شانۆیی نوێ دەبێ.

مۆدێرنیستەکانی ئیتالیا ئامانجەکانی نەوەی نوێ لە ڕێبازە شانۆییە کۆنەکانیاندا وەدەست دەهێنن. تاقیکردنەوەی ڕێبازە کۆنەکانیش، لەلایەکەوە دەبێتە هەوڵێک بۆ لادان لەو ڕەچە ناتورالیستییەی کە بەردەوام لە هەوڵی دەستەمۆ کردنی فەزا تەسکەکەدا دەبێت ، لەلایەکی ترەوە دەبێتە کاردانەوەیەک دژ بەو سروشتە شانۆییەی کە ڕیالیستەکان دەستخەڕۆی دەکەن. نەوەی نوێ بە دیدێکی تر دەڕوانێتە کاری شانۆیی و گاڵتەجاڕانە کارە ڕەخنەییەکانی ئاڕاستەی دەسەڵاتداران دەکا و ساتیرئەنگێزانە دیاردە کۆمەڵایەتییە پووتەکان دەداتە بەر ڕووناکی شانۆ.

لە دایکبوونەوەی فۆرمی گاڵتەجاڕی (Farce) کە بە ڕاپەڕینێک دژ بەو دراماتیکە کۆنەپەرستییە دەژمێردرێت کە بەردەوام لە خزمەتی دەزگای پێکهێنانی درامای قەیران دەبێت و تراژیدیا و کۆمێدیا دەخاتە پەراوێزەوە، لە نۆستالجیای Commedia dell'Arte و میزاجێکی شێتانەی سوریالی پێک دەهێنرێت. لەم بوارەدا تەوژمێکی فەلسەفی ( کەمتر ئەدەبی ) و پڕچەک بە (Farce) و بە ڕابەرایەتی دایۆ فۆی رابەری شانۆیی و دەرهێنەر و ئەکتەر و سینۆگراف لە ئیتالیادا سەرهەڵدەدات.

داریۆ فۆ لە ٢٤ی مایسی ١٩٢٦ لە دێی San Giano دا لە دایک دەبێت، باوکی (کارمەندی وێستگەی شەمەندەفەر) و دایکی سەر بە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ دەبن. لەسەرەتای لە دایک بوونی داریۆدا و بە هۆی بێ کاری باوکی، ناچاردەبن لە دێیەکەوە بگوازنەوە دێیەکی تر و لە دوا

قۆناغدا لە دێی Porto Travaglia دا نیشتەجێ ببن. هەموو ئەو دێیانەی کە داریۆ سەردەمی منداڵی تیایاندا بەسەر دەبات، کولتورێکی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویان دەبێت. یەکێک لەو دیاردە باوە تایبەتییانەی ئەم دێیانە کاری حەکایەتخوانی دەبێت. حەکایەتخوانی گەڕیدەی نێوان ئەم دێیانە، چیرۆکەکانی لە رووداوی راستەقینە و خەیاڵی پێک دەهێنێت و ناوەڕۆکێکی سوریالی و تەنانەت تەجریدیشیان دەداتێ و بە پاشخانێکی کۆمیدیاییەوە ڕەشەخەڵک و روتێنراو و زەحمەتکێش دەکات بە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکان. حەکایەتخوان بە رەگەزی میمیکی و پلاستیکی وەک ئەکتەری شارەزا چەند رۆڵێکی جیاواز دەگێڕێت و زوو بە زوو رۆڵەکان دەگۆڕێت. جا سەرچاوەی حەکایەتەکان چ چیرۆکە ئاینییەکان بووبن یان ئەو چیرۆکانەی کە دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر مابنەوە، لەشێوەی قسەکەری تاکدا، بە جۆرێک دایان دەرێژێت و لە گۆرەپان و بارەکاندا دەیانگێڕێتەوە وەک ئەوەی خۆی لە رووداوەکاندا بەشدار بووبێت. ئەم حەکایەتخوانانە رۆڵێکی گەورە لە پێکهێنانی کەسایەتی شانۆیی داریۆدا دەگێڕن و چیرۆکەکانیان دەبنە بنخانی سەرەتای کارە شانۆییەکانی ئەو.

لەدێی Porto Travagnia دا داریۆ بە وردی سەرنجی (شێتەکانی) دێیەکەی دەدات – بەپێی گوتەیەکی داریۆ، بەرزترین رێژەی شێتەکانی ئیتالیا لەم دێیەدا بووە – لە خوێندن و لێکۆڵینەوەش لەمەڕ شانۆی ئیتالیایدا (شێت) ، کە سەنتەری کارەکان دەبن لە دەقە شانۆییە میللییەکاندا، دەدۆزێتەوە. بۆیە لە زۆربەی کارە شانۆییەکانی داریۆدا شێت ئەو کەسایەتییەیە کە راستییە مەزنەکان دەخاتە روو.

داریۆ لە تەمەنی چواردەساڵیدا دەیەوێ هونەر لە شاری میلانۆدا بخوێنێت. خوێندنی رێژەیەکی ئاوا بۆ کوری کارمەندی وێستگەیەکی شەمەندەفەر سەخت دەبێت، چونکە باری ئابووریی بنەماڵە بۆ ئەو جۆرە خوێندنە لە بار نابێت. بەڵام دایکی هەست بە لێهاتوویی لە ئەندازە بەدەری کورەکەی دەکات و رێی خوێندنی ئەو رێژەیە بۆ کورەکەی خۆش دەکات و قوربانییەکی زۆر دەدات. ئەمرۆ شوێنکاری ئەو خوێندنە لە کارە سینۆگرافییەکانی داریۆدا بە راشکاوی بەرچاو دەکەوێت.

کە جەنگی دووەمی جیهانی سەرهەڵدەدات، داریۆ وەکو هاوتەمەنەکانی لە خوێندن دادەبڕێت و قۆناغێکی ئاڵۆز لە ژیانیدا دەست پێدەکات. لە سەرەتای حوکمی



داریۆ فۆ

مۆسۆلینییەوە، باوکی دژ بە فاشیستەکان هەڵوێست دەگرێت و بەرپرسیاری ناوچەیی بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری پێدەسپێردرێت. بە هۆی تایبەتمەندیی کارەکەی، ئەرکی رێ خۆشکردنی هەڵاتنی زیندانییە ئەمریکی و ئینگلیزییەکانی بۆ سویسرا پێدەدرێت. تەنانەت داریۆش دەبێتە رێیشاندەری ئۆپۆزسیۆنە سیاسییە چالاکەکان و زۆرجاریش وەک پەیامهەڵگرێکی نهێنی رۆڵ دەگێڕێت. هەر لەم قۆناغەوە ئەو رۆحە شۆڕشگێرییەی تیادا دەروێت، کە پاشتر لە بواری کولتوری و دەقە شانۆییەکانیدا دەردەکەوێت.

لە ١٩٤٥ دا بۆ خوێندنی شوێنەوارناسی دەچێتە زانیشگا و زۆربەی کاتی لە زانیشگا و قاوەخانە و لۆقنتەکانی زانیشگادا بەسەر دەبات، کە لەلایەن هاورێکانییەوە، کە نیگارکێش و نووسەر و رۆژنامەنووس و پاشتریش دەبنە ناسراوترین کەسایەتی جیهانی کولتوریی ئیتالیا، بەرێوە دەبرێن. لە نێوان دەرچووانی جەنگ و خوێندکارانی زانیشگادا خواستێکی بەهێز بۆ پێکهێنانی ئیتالیایەکی نوێ پێدەکات. داریۆ دەربارەی ئەم قۆناغە دەڵێ: لە نەزانینێکی تەواوەوە هاتین، هیچمان نەدەزانی، بەو جۆرەیش خۆمان هاویشتە سەر هەموو ئەو ئەدەبەی کە دەستمان دەکەوت: بەرهەمەکانی کارل مارکس ، گرامشی، نووسەرە ئەمریکاییەکان، مایاکۆفسکی ولۆرکا. بەڵام گرنگترین شتێک ئەوەبوو کە ئێمە پێکەوە

دەدواین. هەر یەکێک لە ئێمە خەمێک ، خواستێکی زانین، خواستی هەموو شت زانینی بۆ ئەوی تر دەدرکاند.

لە ماوەی خوێندنی شوێنەوارناسیدا داریۆ و هاوڕێکانی بایەخ دەدەنە کاری کولتوری، بەتایبەت کاری شانۆیی. لەم ماوەیەدا داریۆ ئاشنای ئەکتەری شانۆیی Franko Parenti دەبێت. پارێنتی سەرسامی توانای نواندن و چیرۆک گێڕانەوەی داریۆ دەبێت و داریۆش بریار دەدات دەست لە خوێندنی شوێنەوارناسی هەڵبگرێت و هەموو کاتی بۆ کاری شانۆیی تەرخان بکات. لە ڕێی پەرێنتییەوە و لە رادیۆی ئیتالیادا ئەرکی نووسین و بێژەریی زنجیرەیەک چیرۆکی پێدەدرێت. داریۆ ئەو چیرۆکانە لە فۆرمی (من) دا دەنووسێت. لە ڕێی ئەم کارەوە داریۆ لە جیهانی شانۆییدا دەناسرێت و کەسایەتیی شانۆیی داریۆ چەکەرە دەکات و دەبێتە دەستپێکی بەرهەمە شانۆییەکانی. دواتر داریۆ ئاشنای چەند ئەکتەرێکی لێهاتوو دەبێت و پێکەوە چەند بەرهەمێکی شانۆیی لە سەرانسەری ئیتالیادا پێشکەش دەکەن.

لە هاوینی ١٩٥١ دا بەشداری لە شانۆگەریی Sette giorni a Milano (حەوت رۆژ لە میلانۆدا) دەکات و ئاشنای کچە ئەکتەرێک دەبێت بەناوی Franka Rame کە سەر بە بنەماڵەیەکی شانۆیی دەبێت کە لە ١٨٠٠ گروپێک بە ناوی برادەرانی شانۆی گەڕیدە پێکدەهێنن. ئاشنابوون بە فرانکا، بێجگە لە بنەماڵە پێکەوەنان لەگەڵیدا ، بەهایەکی تری دەبێت، چونکە ئاشنابوون بە فرانکا ئاشنابوونە بە ئەزموون و قوتابخانەی شانۆی گەڕیدەی رامێ کە دواتر دەبێتە ڕەگێکی تیژی بیرکردنەوەی داریۆ و بەشێک لەو فۆرمە شانۆییە و ئەو کارەکتەرە تایبەتەی کە لەگەڵ فرانکادا و لە بەرهەمەکانی داهاتوو و شانۆکانی شاری میلانۆدا دەینوێنن.

لە پەنجاکانی سانسۆر و جەنگی سارددا، پێکەوە گروپێکی شانۆیی پێکدەهێنن و دوو شانۆگەری بەناوی Il dito nell, occhio(ئەسپێ کوژە لە چاودا) و Sani da legare ( کاتژمێرێک کە دەبوایە زیندانی بکرابا) پێشکەش دەکەن. گەرچی لەلای جەماوەر و رەخنە گرەکان سەرکەوتن وەدەست دەهێنن، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە بە هاندەر و وروژێنەری جەماوەر لە قەڵەم دەدرێن و دووچاری هێرشێکی بەرفراوان دەبن. داریۆ و فرانکا ناچار دەکرێن گروپەکەیان هەڵبوەشێننەوە و میلانۆ بە جێبهێڵن و لە رۆمادا نیشتەجێ ببن.

داریۆ لە رۆمادا سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی Lo Svitano دەنووسێت و بە خۆی رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت ، بەڵام لەم کارەدا سەرکەوتو نابێت. پاشتر تەنها لە بواری نووسینی سیناریۆدا کار دەکات و دوو فیلم Souvenir d italie (بیرەوەری لە ئیتالیاوە) و Nata di marzo (لە مانگی ئازاردا لە دایک بووە) پێشکەش دەکات. داریۆ لەم قۆناغەدا ، لەبەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و تاقیکردنەوەی ریتم و پەیوەندی نێوان کات و شوێن و چڕکردنەوەی دیالۆگدا زانیارییەکی باش وەدەست دەهێنێت، کە دواتر لە کارە شانۆییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لەسەر خواستی فرانکا دەگەڕێنەوە میلانۆ. فرانکا لە چەند شانۆگەرییەکدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و داریۆیش بە نووسینی کۆمەڵێک شانۆگەری یەک پەردە سەرقاڵ دەبێت و بە ناوی Tjuvar, lik, och falä kvinnor (دز، تەرم و سۆزانی) بە چاپیان دەگەیەنێت. پاش ئەم کارانە پێکەوە گروپی فۆ - رامێ پێک دەهێنن. لەم گروپەدا شانۆگەری کۆمیدی چەند پەردە پێشکەش دەکەن، لەوانە (شاپەرییەکان ساختەکارانە نمایش ناکەن ١٩٥٨) Ärkeänglarna spelar inte falskt و (ئەو دوو دەمانچەی هەبوو بە چاوی ڕەش و سپییەوە ١٩٦٠) Aveva due pistole con gli occhi bianchi e neri، ( ئەوی پێیەک دەدزێت بەختی لە ئەویندارییدا هەیە ١٩٦١) Chi ruba un piede e fortunato in amore. داریۆ لەم کارانەدا وەک ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەر کار دەکات و فرانکاش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و وەک یاریدەدەری نووسەر هاریکاری داریۆ دەکات. بەم کارانەیش دەچنە ریزی کەسایەتییە ناسراوەکانی بواری شانۆیی لە ئیتالیادا.

ساتیرە کۆمەڵایەتی و گاڵتە سێکسییە ئاشکراکانی Commedia dell' Arte و گاڵتە کردن بە ڕێسا و داب و نەریتە پیرۆزەکان لە کۆنەوە دەبنە هۆکاری ناکۆکیی نێوان ئەکتەر و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و ڕابەرانی کلێسا. زۆرجاریش بە هۆی ئەو کارانەوە ئەکتەر دەخرێتە بەر زەبرو زۆری دەسەڵاتدارانی ئاینی و سیاسی. داریۆی سەدەی بیستەم لەسەر هەمان ڕێباز رەخنەی توندی هۆشیارانە لەو ( شتە) پیرۆزانە دەگرێت و زۆرجاریش کلێسە دەکات بە تابلۆی پێکان بۆ تانوتە ساتیرییەکانی.

Isabella, tre caravelle e un cacciaballe(ئیسابێللا و سێ کەشتی و تەڵەکەبازێک) کە کۆمێدیایەکی ساتیرئامێزە و دەربارەی داستانی کریستۆفەر کۆلۆمبۆسە و دەقی شانۆیی Sjunde budet: stjäl lite mindre (پەیامی حەوتەم:

کەمتر بدزە) لە ساڵی ١٩٦٤ دا دەنووسێت و هەمان ساڵ نمایش دەکرێن - داریۆ لەم دوو شانۆگەرییەدا جگە لەوەی نووسەرە، کۆریۆگراف و سینۆگرافیشە - مۆسیقای ئەم دوو کارەیش لەلایەن مۆسیقاری ناسراوی ئیتالیایی Fiorenzo Carpi دادەنرێت کە پێشترو دواتریش لە کارەکانی داریۆدا بەشداری دەکات.

لە ١٩٦٦دا داریۆ و فرانکا پەیوەندی بە پەیمانگای (Martio) ەوە دەکەن، لەوێدا مرۆ لە تراديسیۆنی گۆرانییە میللیەکان دەتوێژێتەوە. ئەم پەیوەندییە بایەخێکی زۆری بۆ کارە شانۆییەکانیان دەبێت و شانۆگەری (من بیردەکەمەوە پاشان گۆرانی دەچڕم ) Jag tänker först och sjunger sen ە کە پێکهاتەیەکە لە گۆرانییە میللیەکانی سەدەی چواردەیەم و پاشتر و تێکەڵاوییەکە لە گۆرانییە رامیاری و وەرزێری و خۆشەویستییەکان پێشکەش دەکەن. لە کۆتایی شانۆگەرییەکەیشدا داریۆ چەند دەقێکی نوێی خۆی تێکەڵی شانۆگەرییەکە دەکات. ئەم شانۆگەرییە بەهایەکی تایبەتی دەبێت، چونکە بۆ یەکەمین جار مۆسیقای میللی بێ ڕەچاوکردنی ڕێسا فۆلکلۆرییەکان لە شانۆدا نمایش دەکرێت. هەر لەم ماوەیەدا داریۆ سەرگەرمی لێکۆڵینەوە لە تراديسیۆنی لیبوک دەبێت کە وەک بەرهەمی قۆناغێکی تاریکی کولتوری تێی دەڕوانرێت. ئەم کارەش لە شانۆگەری Mistero Buffo دا ڕەنگ دەداتەوە کە شانۆگەرییەکی تاکە ئەکتەرییە و داریۆ ڕۆڵەکە دەبینێت و تاکو ئەمڕۆیش لە کات و شوێنی جیاجیادا نمایش دەکرێ. داریۆ لەم شانۆگەرییەدا توێژەردوەیە. Mistero بەرئەنجامی پانزە ساڵ لێکۆڵینەوەیە لە بەرهەمی شانۆیی هەرێمە جیاوازەکانی ئیتالیا و وڵاتە ئەوروپاییەکان، بەتایبەتی یۆگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵەندا. (میسترۆ) دەستەواژەیەکی سەرەمۆنییە و رەمزە بۆ یەکێتییەکی راستەقینە و خوازیاو لە نێوان کلێساکاندا، بەڵام خودی شانۆگەرییەکە چڕکراوەیەکە لە کولتوری جووتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست.

داریۆی سۆسیالیست لەم کارەدا دەگەرێتەوە ڕەگ و ڕیشەی میللەت تاکو ئاگاری کولتوریی ئەو میللەتە پێکبهێنێتەوە و تراديسیۆن دەکات بە هێزێکی چالاک و زیندو. داریۆ لە (Mistero Bufoo) مشت و مڕێک دژ بەو کولتورەی بۆرژوا دەخاتە روو کە هەمیشە لە هەوڵی ناشتن یان بە فۆلکلۆرکردنی تراديسیۆنە. لەرێی فۆرمدان بەم چڕکراوەیە سەرکەوتووانە مۆدێلێک بە کولتوری شۆڕشگێری دەدات و وەک لیبوکێک ئەو دەقەی کە لە میللەت دەستەوای دەکات، دەیگێڕێتەوە. دەبێتە ئەکتەر، تاکو لە دەقەکە دەرچێت و ڕۆڵێکی تر بپۆشێ. ئەم جۆرە ڕۆڵبینینە، پێچەوانەی شانۆی بۆرژوایە کە تیایدا ئەکتەر لە کەسایەتی خۆی دەترازێت و هەوڵدەدات پەرە بە تایبەتمەندیی ئەکتەرانەی خۆی بدات. بە پێچەوانەشەوە و پێش هەموو شتێک ( داریۆی لیبوک ) حەکایەتخوانەو لە چەند ڕۆڵێکدا خۆی چەند بارە دەکاتەوە و لەرێی تەنیا هێمایەکەوە دەچێتە ڕۆڵێکی تر و بە بەردەوامی مەودایەک لەنێوان خۆی و ڕۆڵەکاندا بەجێ دەهێڵێت. ئەم شێوە کارکردنە لەو فەنتازیایەوە سەری هەڵداوە کە پابەندی زەرورەت بووە. زۆرجار (لیبوک) بە تەنیا کارەکانی نمایشکردووە و جەستەی وەک تاقە ئامرازێکی کۆریۆگرافی خستۆتە خزمەت کارەکەی. هەردەم لە سەفەردا بووە، بۆیە ناچار زمانێکی تایبەتی داهێناوە،، کە زۆرجار زمانێکی پێکهاتەی زاراوە جیاوازەکان بووە و زۆربەی خەڵک تێیگەیشتون. بەشێک لە دەقەکانی ئەو لیبوکانە لە ژێرخانی کتێبخانەکاندا و لە سەرانسەری ئەوروپادا پارێزراون. داریۆ فۆی لیبوکی ئەمرۆ بەتایبەتی لەم شانۆگەرییەدا ئەو کەسەیە کە رۆح وەبەر ئەو دەق و لیبوکانە دەکاتەوە.

(Commedia dell`Arte) کە لە سەدەی پازدەدا سەریهەڵدا، تێکەڵاوییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو شانۆ میللییە ئیتالیاییەدا هەیە کە بە (Farce) ی ئەتیللە دەناسرێ و تیایدا چوار (لیبوک) ڕۆڵ دەگێرن، لەوانە مارکۆسی کەمژە و پاپۆسی پیرەپیاوی خۆشباوەر. کۆمێدیا دێل ئارتێ لە حەکایەتە ساتیرییەکانی سەدەی ناوەڕاست و هونەری ئەکرۆبات سەرچاوە دەگرێت، کە لێبوکەکان لە بازاڕو گۆڕەپانەکاندا دەیانگێڕا. ناسراوترینی ئەو لێبوکانەش ئارلیچینۆی پۆشاک ڕەنگاورەنگە، کە هەردەم ئەویندار و زۆرجار رەنجاوە، کە دەرەنجێش بە ئاسانی دڵی دەدرێتەوە. نۆکەرێکی هەژار و هەردەم برسییە. لەسەرەتادا ساختەکارێکی قسەزان و گاڵتەجاڕە، فێڵبازە ، بەڵام گەمژەیە. پاشان دەبێتە گاڵتەجارێکی ژیر و کەسایەتییەکی شانۆیی کە رووداوە گرنگ و نوێکان دەخاتە روو.* داریۆ فۆی سەر شانۆ بەم لیبوکە دەچێت، بەتایبەت لەو کۆمێدیا رامیارییە رەخنە ئامێزەی کە لە ١٩٦٨ دا بەناوی La signora e da buttare(خانم دەرکە دەردوە) وەک کاردانەوەیەک دژ بە هێرشی سوپایی ئەمریکا بۆ سەر ڤێتنام نمایشی کرد. داریۆ لەم کارەیدا بۆ یەکەمین جار لە شانۆگەرییەکانیدا بەشداری بە سێ لیبوک سێرکی

(Kolombaioni) ئیتالیایی کرد و ئەم کارەی لە سەرانسەری ئەورووپادا گەڕاند و ماوەیەکی درێژ لە کۆپنهاگن و ستۆکهۆلمدا نمایش کرا.

١٩٦٨ساڵی مشت ومڕی رامیارییە، نەک تەنیا لە نێوان خوێنکاران و توێژی رووناکبیراندا، بەڵکو لە نێوان کرێکاران و جووتیارانیشدا. داریۆ چیتر نایەوێت وەک گاڵتەجاڕێکی چینی بۆرژوا لە بواری شانۆدا کار بکات، بۆیە یەکێتییەکی ئازاد بە ناوی(Nuva Scena) شانۆی نوێ - کە یەکێتی ئەکتەران و موسیقاکاران و گۆرانی بێژان و تەکنیک کارانی شانۆییە - پێکدەهێنێ. داریۆ لەگەڵ ئەم گروپەدا هەوڵدەدات ئەو پرۆژەیەی بە ئامانج بگەیەنێ کە لە ئیتالیادا بە (teatro fuori dai teatri) شانۆ لە دەرەوەی شانۆدا دەناسرا: کە شانۆیەکە دوور لە ئاهەنگە کولتورییەکانی دامودەزگای شانۆی بۆرژووا و جەماوەرەکەی. هاوکات ئەم گروپە دەچێتە ریزی ARCI ( رێکخراوی کولتووری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیایی ) و لە ماوەی دوو ساڵدا کارە شانۆییەکانی لە ژێر دروشمی ئەم رێکخراوە و لە دەوروبەری شارە گەورەکان و گەڕەکە کرێکارییەکاندا نمایش دەکات. ئەم یەکێتییە پەنجا ئەندامی دەبێت و لە بەر هۆی تەکنیکی دابەشی سێ گروپ دەکرێت. داریۆ لەم نۆرگانەدا بۆ گروپەکەی خۆی دەنووسێت و رەخنەی هۆشیارانە لە سیستەمی دەسەڵاتدار و چەوساندنەوە و ڕوتاندنەوە و پێشێلکردنی راستی دەگرێت و رووی کارەکانی لە چینی کرێکار دەکات و لە هۆڵە میللییەکاندا شانۆگەرییەکانی نمایش دەکات لەوانە: L, operaio consce 100 parole e il padrone 1000, per questo lui e il padrone . کرێکار سەد وشە دەزانێ و خاوەنکار هەزار، هەر بۆیە خاوەنکارە و (Le-gami pure che tanto io spacco tutto lostesso) بمبەستیشیتەوە، هەر هەموو شتێک وردوخاش دەکەم و (Arbetsgivarens begravning.) لە کۆڕنانی خاوەنکار. بەجیا کارکردن و پەرەسەندنی جیاواز و لە ئاستی جیاجیادا و نەبوونی هەڵوێستێکی کولتوری و سیاسی هاوبەش لە نێوان ئەو سێ گروپەدا دەبێتە هۆکاری بە ئاستەم هاریکاری کردنی یەکتر و لە ئاکامیشدا هەڵوەشانەوەی یەکێتییەکە.

لەم ساڵەدا داریۆ بۆ دواجار پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیایی دەبڕێت، بەڵام لەسەر هەمان رێباز بەردەوام دەبێت و گروپێکی هاوبەش بە ناوی (La Comune)پێک دەهێنێت. کە (٨٥) لقی لە سەرانسەری ئیتالیدا و نزیکەی (٧٠٠) هەزار ئەندامی دەبێت. مرۆ لەم نۆرگانەدا بە جۆرێکی تایبەت کار دەکات: گەر کارەکانی لە یانەیەکی کولتوری و تەنها بۆ ئەندامەکانی ئەو یانەیە پێشکەش بکات، پێویستی بە وەبەر سانسۆر خستنی دەقەکانی نابێت. داریۆ ئەم بنەمایە لەم کارانەدا ڕەچاو دەکا: (en anarkists död) مردنی ئەنارکیستێک (١٩٧٠) و( Ah, vad revolutionen är härlig )و (Fedayin) ئوه، شۆڕش چەند ئایابە و فیدائی (١٩٧٢). مردنی ئەنارکیستێک لە رووداوێکی راستەقینە پێکدێت و دەربارەی ئەنارکیستێکە بە ناوی (Pinelli) کە ماوەیەکی زۆر بێ دادگاکردن زیندانی دەکرێت و لە پەنجەرەی بنکەیەکی پۆلیسەوە فڕێدەدرێتە دەرەوە و دەمرێت. داریۆ لەم رووداوەوە (Farce) یێک پێکدەهێنێت و لەسەر رێبازی مولییر رۆڵی نەخۆشێکی دەروونی بۆ خۆی دادەهێنێت و ساتیرنەتکێزانە دەزگاکانی راگەیاندن و دادوەری دەخاتە بەر رەخنەیەکی گاڵتەجاڕییانە. دواین دوو شانۆگەرییەکە دەربارەی تێکۆشانی فەلەستینییەکانن. پۆلیس چەند جارێک نمایشی ئەو کارانە رادەگرێ و داریۆ و فرانکا بە هاندەری جەماوەر تاوانبار دەکرێن. ئەم کارە رێ بۆ گروپێکی فاشیست خۆش دەکات فرانکا بفرێنێت و لە ماوەی دەست بەسەراگرتنیدا دەست درێژی بکاتە سەر. بەڵام فرانکا پاش ماوەیەکی کورت بوێرانە لە شانۆ گەری (Basta con fascisti)، بروخێ فاشیزمدا دەست بە کاری نواندن دەکاتەوە. هەمان ساڵ "La Comune" یش وەک گروپەکانی پێشوو هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام داریۆ و فرانکا بەردەوام بەناوی ئەم گروپە کاردەکەن و دەربارەی کودەتای دیسەمبەری ١٩٧٣ ی وڵاتی شیلی، شانۆگەری De har dödat en gitarr, men folket har tusen äter ئەوان گیتارێکیان کوشتووە خەڵکی هەزاری تری ماوە. پێشکەش دەکەن.

لە ١٩٧٤ دا قەیرانێکی ئابووری لە ئیتالیادا دەتەقێتەوە، کە تاکو ئەمڕۆیش لە شێوازی جیاوازدا بەردەوامە. بارستایی ئەو قەیرانە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی کرێکارەکان و لە زۆر ناوچەدا سیستەمی نیو رۆژی کارکردن ڕەچاودەکرێت. لەبەر ئەوەی پێشتر شت و مەکێکی زۆر و نەفرۆشراو لە کارگەکاندا تەنبار دەکرێن، تەنیا مانگرتن دادی کرێکاران نادا و بە بەرژەوەندی خاوەن کار دەشکێتەوە. هەر بۆیە جۆرێکی تری تێکۆشان پێویست دەبێت: بریاردەدرێت- وەک شێوەیەکی نارەزایی دەربڕین- "چەکی" یاخیبوونێکی جەماوەری بەکاربهێنرێت، واتا شێوەیەکی نوێی مانگرتن ڕەچاو بکرێت کە تیایدا خاوەنکار و تەنیا خاوەنکار زەرەرمەند ببێت . ئەو دەم کرێکارەکان بریار

دەدەن تەنیا لە سەرادەی کرێی، خانو، گاز، کارەبا و هێلەکانی هاتوچۆکردن...هتد بدەن. پاشتریش ئەو نارەزایی دەربڕینە دەبێتە چالاکییەکی سیاسی. تەنانەت لە هۆڵەکانی (La Comune) کۆبوونەوەی ناوچەیی دەگێردرێت و بریاردەدرێت لایەنگیری کرێکارەکان بکرێت و شانۆ وەک ئامرازێکی هاندەر بۆ چالاکییەکانی داهاتوو بخرێتە گەڕ. داریۆ لە بەرەنگار بوونەوەی ئەم کێشەیەدا.(Farce) ی ناوچەی نیاپال و ڤینیسیا هەڵدەبژێرێت کە تێما سەرەکییەکانیان برسێتییە و رێگا چارەیش لەم شێوازە شانۆییانەدا، بە خۆ گونجاندن لەگەڵ برسێتییدا، چارەسەرێکی خۆرسکیی کێشەکەیە.

شانۆگەری (Non si paga ! Non si paga)، ئێمە پارە نادەین! پارە نادەین. یەکێکە لە ناسراوترین کارەکانی داریۆ و لەمەڕ ئەم قەیرانە ئابوورییەیە. لەم شانۆگەرییەدا داریۆ برسێتی دەکاتە پێویستییەک و هاندەرێک بۆ هاریکاری کردن و خۆ رێکخستن و تێکۆشانی یەک دەستی بۆ وەدەست هێنانی زیاتر لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان. داریۆ، قەیرانەکە بە خۆگونجاندن لەگەڵ کێشەکەدا چارەسەر ناکات، بەڵکو بۆ ئامانجێکی روون و وەلانانی چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافی کرێکارەکان...هتد تێدەکۆشێت. ئەم کارە لەنێوان کرێکارەکاندا سەرکەوتنێکی بێهاوتا وەدەست دەهێنێ و بورژواکانیش هیستیریانە رووبەرووی ئەم کارە دەبنەوە، تەنانەت رووناکبیرە مارکسییە ئەکادیمییەکانیش لە ئاست ئەم کارەدا سەخڵەت دەبن و موچوڕکە بە لەشیاندا دێت.

داریۆ دەربارەی بەکارهێنانی فۆرمی (Farce) لەم کارەدا دەڵێ: ئێمەمانێک کە لە سەدەکانی ناوەراستەوە لە لایەن کلێساوە بە "ئەکتەری گەڕیدە و قەشمەر" (Jester) ناسراین ،farce ئەو فۆرمە شانۆییەی کە خەڵکی دایهێنا- لە ململانێی چینایەتیدا وەک ئامرازێکی شانۆیی بەکاردەهێنین › تاکو بە زمانی تیژ ئەو کیسە بۆگەنە کون بکەین کە کولتوری بۆرژوایە و بنەمای دەسەلاتە ‹ هەروەها باوەرمان بەوەیە کە بەرزترین دەربرین بۆ گومانکردن لە پێکەنیندایە. ئەو پێکەنینەی کە دەتەقێتەوە، بەلام دواتامێکی تاڵ بەجێ دەهێڵێت. چونکە پابەندی راستییە. ئێمە، لە رێی ئەو کەرەکتەرانەی لەسەر شانۆ نمایشتیان دەکەین، کە گێل یان رەزاقورس یان سەیرن، جەماوەر ناخەینە پێکەنین و پۆلیس ناکەین بە کاریکاتێر، چونکە بارودۆخەکە ئەم کارە دەکات . ئێمە لە رێی لێکچواندنی پۆلیس بە شێت و گەمژە و پیشاندانی کرێکار وەک کەسێکی هۆشیار و زیرەک پەلاماری سیستەم و پۆلیس نادەین. دەمەوێ بڵێم ئەوی دەسەلاتی هەیە گەمژە نییە، دەنا دەسەلاتی نەدەبوو. ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە لە شانۆی هەڵوێستدا پەرە بە (Farce) ەکانمان دەدەین. بە واتایەکی تر بە جۆرێک کە بە شانۆی داستانەوە وابەستە ببێت ، لەوێدا میکانیزمەکەی شانۆیە (بارودۆخەکەیە) نەک کەسایەتییەکان ، نمایشەکە دەباتە پێش، رووداوەکان بریاری پەرەسەندنەکە دەدەن و کەسایەتییەکان کە کێش دەکرێنە ئەو حاڵەتەی کە دەخولقێنرێت، ئەو چەرخە دداندارەن کە میکانیزمەکە دەخەنە گەڕ.

داریۆ فۆ لە ساڵی ١٩٧٥ دا پشوییەک دەدا و سەفەرێکی درێژخایەنی وڵاتی چین دەکا: لە نزیک شانگهایدا ئاشنای حەکایەتخوانێکی مێژووی دەبێ.لەوحەکایەتخوانەوە(خواستنێک) (allegory)بەناوی (حەکایەتی پلینگێک) کە رەمزە بۆ باوەر بە خۆ بوون لەمەڕ کەلەپوری ئەو وڵاتە دەبیسێت. مەبەستیش لەم چیرۆکە مەجازییە: مرۆ چارەنووسی خۆی نەخاتە بەردەستی کەسانێکی تر، ئەش سەرکردە لێهاتووەکان. داریۆ لە گەرانەوەدا ئەم حەکایەتە دەکات بە دەقێکی شانۆیی و بە مەبەستی هاریکاریکردنی یەکتر و بە ئامانجی بنەبرکردنی چەوساندنەوە پێشێلکردنی راستی فۆرمێکی کۆمەلایەتی نوێ پێکدەهێنێت، کە خۆی لەخۆیدا هەلوێستێکە بۆ لایەنگیری کردنی فەنتازیا و توانای خولقاندن لە لای تاکەکاندا. هەربۆیە فەنتازییای داریۆ لەم کارەدا دەگاتە ئەودیوی سنوورەکان !

ئەفسانەی (Daidalos och Ikaros) لە ئەدەبی ئەنتیکی گریکییەوە هاتووە. ئیکارۆس بەهۆی بوێری، کە بە دوای خەونی بابردوی مرۆدا دەکەوێت ، دەفرێت و لە خۆرنزیک دەبێتەوە، سزا دەدرێت. ئەو مۆمەی کە پەرەی ئەو بالانەی کە دایدالۆسی باوکی پێکەوەیانی دەلکێنێت و ئیکارۆس لە فریندا بە شانییەوە دەبەستێت، دەتوێتەوە و ئیکارۆس بەردەبێتەوە ناو دەریایەک. داریۆ فۆ ئەم چیرۆکەی Lukianos från Samosta لوکیانۆس سامۆستەیی، کە یەکێکە لە شاعیرە ساتیرییەکانی سەدەی دووەمی زاینی دەستەوا دەکات. بەلام پەندەکە دەگۆرێت، لە دەقە شانۆییەکەی داریۆدا بەرەنگاربوونەوەی خۆر نییە کە دەبێتە هۆی سزادانی ئیکارۆس، بەڵکو خواستی هەلاتنە لە واقیع و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵگایەکی نایابی خوازیاو، کە پێشتر و لەلایەن کەسانێکی ترەوە نەک بە هێزوبازوی خۆی پێکهێنرابێت ، یان هەولیدابێت راستییە خەمناکەکانی

ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕێت کە تیایدا دەژێت. لەم دەقەدا بوێرییە گرێکییەکە نییە کە دەبێتە هۆی کوژرانی ئیکارۆس بەڵکو لە واقیع هەڵاتنە مۆدێرنەکەیەتی. داریۆ ئەم کارە وەک بەشی دووەمی شانۆگەری (حەکایەتی پڵینگێک) دەخاتە پاڵ ئەلێگۆرییە چینییەکە و لە هەمان ساڵەوە تاکو ئەمرۆیش لە زۆر بوار و بۆنەدا نمایشی دەکات.

لە (۱۹۷۷) دا فرانکا لە نووسینی دەقی شانۆی (ئافرەتێک) دا هاریکاری داریۆ دەکات و تاقە ڕۆڵی شانۆگەرییەکە دەبینێت- کە چەند دەقێکی جیاوازە و لە فۆرمی مۆنۆلۆژدا و لەمەڕ هەڵوێست و کێشە ژیانییەکانی ئافرەتە . لە دەقی یەکەمی شانۆگەرییەکەدا (Uppvaknande) بێداربوونەوە: ئافرەت بەندی باروودۆخی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی و لە بەشی دووەمدا (Vi har alla samma historia) هەمووومان هەمان بەسەرهاتمان هەیە: کۆمۆنیستێکی شۆڤێنی و فاشیستێکی سێکسواڵە و لە بەشی سێیەمدا (En ensam kvinna) ئافرەتێکی تەنیا: پابەندی بۆرژوایەکی ئیدیالە کە بەخواستی خۆی هەڵی دەبژێرێت. لە دووا بەشی شانۆگەرییەکەدا ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناوەراست (Medea) دەبێتە بنخانێک بۆ دەقەکە: مێدیا، ئافرەتێکە زێدەکەی بە جێدەهێڵێت و ڕەدووی کابرایەکی بۆرژوا دەکەوێت و دوو منداڵی لێدەبێت. مێردەکەی بۆ گەیشتن بە خواستە شاراوەکانی و پایە و پلەیەکی بەرچاو، شازادەیەک مارەدەکات. مێدیا شاربەدەر دەکرێت، بەڵام بۆ تۆڵە سەندنەوە لە مێردەکەی هەردوو منداڵەکەی لەسێدارە دەدات.

فرانکە لەمەڕ شانۆگەری (ئافرەتێک) دا دەڵێ: ئەم دەقانە تەنیا بۆ ئافرەت نەنووسراون، بەڵکو بۆ پیاویش. چونکە ئافرەت دەبێ لەگەڵ پیاودا ئازادی خۆی وەدەست بهێنێت و دەسەڵاتی خۆی نەکات بە جێگری دەسەڵاتی ئەو و لە تێکۆشاندا وەک هەڤاڵێکی ڕاستەقینە نەک وەک ژێر دەستە شان بە شانی پیاو تێبکۆشێت.

لە شانۆگەری (Fri kärlek) خۆشەویستیی ئازاد (۱۹۸۳) دا پەنجە دەخاتە سەر کارە ناڕەواکانی سیستەمی حوکمدار و لە شانۆگەری (Tuta och kör) هۆڕنلێدە و بهاژو (۱۹۸٤) دا گاڵتەجارییانە پۆلیس و دەزگاکانی تری دەسەڵات و دادوەری دەپێکێت. لە نوێترین کاریدا (Djävulen med brösten) ئەهریمەنی مەمکدار، کە ساتیرێکی کۆمێدیاییە و دەربارەی دادوەرێکی چالاک و ئافرەتێکی ژێردەستەی شەیتانە، دەگەرێتەوە سەردەمی ڕێنێسانس و ڕووداوەکان لە کەش و هەوای ئەو کاتەدا دەخوڵقێنێت و بە چاوی سوک تەماشای ڕژێمی کۆمەڵایەتی دەکات.

شانۆگەرییەکانی داریۆ بێجگە لە ئیتالیادا لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا نمایش دەکرێن، بە تایبەتی لە وڵاتانی سکاندیناڤی. داریۆ جگە لە خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل چەند خەڵاتێکی تری پێدراوە. ئەو ڕێبازە شانۆییەی کە داریۆ دەیگرێتە بەر، ڕێبازێکی گونجاوە بۆ هونەرمەندێک کە مامەڵە لە گەڵ کێشە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات. بەڵام لە ڕووی ئەدەبییەوە دەقەکانی بە هیچ کلوجێک شایستەی خوێندنەوە نین ، گەر هێمای میمیکی و پلاستیکی ئەکتەرەکان لە کاتی نمایش کردندا نە خوێندرێنەوە.

جەماوەر هەردەم ڕێزی لە داریۆ فۆ و کارەکانی گرتووە و دەگرێت، چونکە داریۆ لە تەک ڕەشەخەڵکەکەدا سەنگەر دەگرێت و لوولەی ساتیرەکانی لە چینی سەرمایەدار دەکات. بەڵام لە لای ڕەخنەگرەکان قەدری تەواوی نازانرێت و ئەو بێزارییەی کە داریۆ لەمەڕ دەسەڵات و کڵێسە و چینی سەرمایەدار..هتد لە کارەکانیدا بە ڕاشکاوی دەیخاتە روو بە نرخێکی قورس دەکەوێتە سەری و لە لایەن سیستەمی دەسەڵاتدارەوە و سەرەرای زیندانی کردن، بەریەرەکانی دەکرێت و دەرگای شانۆکانی لە روو دادەخرێت. ئەم جۆرە رەفتارکردنەی دەسەڵاتدارانیش لەگەڵ هونەرمەندو وئەدیبانێکدا کە هەردەم دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەکەنە تەختی پێکان و لە کارە ناڕەواکانی دەسەڵاتدار بێدەنگ نابن ، دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی. بەڵام کاتێک ئەکادیمیای سویدی و کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل، دوور لە هەموو بۆچوونێک و پێشبینی کردنێک داریۆ فۆ هەڵدەبژێرن و خەڵاتی نۆبێلی دەدەنێ، ، "داریۆ تۆڵە لە نەیارەکانی دەستێنێتەوە." ئەکادیمیای سویدیش لەو هەڵوێستە ڕامیارییە لادەدات کە لە هەڵبژاردنی خەڵات پێدراودا ڕەچاوی دەکرد و هەڵوێستی ڕامیارییانەی داریۆ پیرۆز دەکات. خەڵات دان بە داریۆ فۆ خەڵات دانە بە درامانووسێکی میللی و دەقی ڕامیاری و کەسایەتییەکی بەرجەستەکراوی شانۆیی.


سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری [VI] ژمارە ٤٩و٥٠ ، دیسامبەری ١٩٩٧

٢- ڕۆژنامەی [ DAGENS NYHETER ] ڕۆژانی ١٠و١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧

٣- ڕۆژنامەی [ SVENSKA DAGBLADET ] ڕۆژانی ١٠و١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧

٤- پێشەکی شانۆنامەی « دز، تەرم و سۆزانی» وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە هاشم لوێر.

٥- کتێبی Gycklarens teater 1997



یەڵماز گونەی

# سەیرکردنێکی فیلمی " ڕێگا - YOL" لەگەڵ کۆستا گاڤراس دا

قاسم عەزیز
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

کۆڤاری A World To Win:

وەک سینەماکارێکی تری جیاواز، چۆن ڕۆڵی یەڵماز گونەی لە سینەمادا هەڵدەسەنگێنی، بە تایبەتی کە لە فیلمی "ڕێگا"دا ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگە، ئەگەر بکرێ لەسەر فیلمەکانی تریشی بدوێیت.

کۆستا گاڤراس:

لە پێشدا، با پێت بڵێم کە لەرێیی فیلمی "ڕێگا - Yol"وە نەبوو، من و هاورێکانم لە پاریس، بەتایبەتی هاورێکانم لە "سینەماتێک"** ، یەڵمازمان ناسی. ئێمە لە فیلمی "مێگەل" ەوە ئەو دەناسین. ئەگەر بێتو بێیتە "سینەماتێک" لە پاریس، بۆت دەردەکەوێت کە یەڵماز چ مانایەکی بۆ ئێمە هەیە. یەڵماز، دەمێکە ڕێژیسۆرێکی مەزنە، گرنگترین ڕێژیسۆری تورکیایە، کە بە هۆی فیلمی "ڕێگا"وە لە جیهاندا ناسرا. چونکە ئەو، لەو فیلمەدا، باسی شێوە ژیانی تورکی دەکات. بەبێ هیچ دەستتێوەردانێک. ئەو فیلمە تەنیا، "دژ یان لەگەڵ" نیە، وەک زۆربەی فیلمەکانی تر. ئەو تەنیا پیشانیدەدات کە ژیان لە تورکیادا چۆنە.

فیلمی "ڕێگا"، پێموایە، لەوانەیە یەکێک بێت لە فیلمە هەرە(پرۆ-تورکیا)کان کە بە بەرهەمهێترابێت. من دەزانم کە هەندێک تورک دژی ئەو فیلمەن، چونکە ئەوان وا بیردەکەنەوە کە ئەو فیلمە تەنیا لایەنی خراپ نیشاندەدات. هەندێک لایەنی خەراپەی پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکانی شێوە ژیانی تورکی پیشاندەدات. بەلام من پێموایە کە ئەوەی بە ڕاستی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە، ئێمە بە چ شێوەیەک دەیانبینین، تێیاندەگەین، ئێمە ڕەنگە بمانەوێت نەفرەت لەو شتانە بکەین، بەلام لەگەڵ ئەوەش ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئێمە تێیان دەگەین و دەتوانین کولتورێکی تری جیاوازیش ببینین.

هەتا ئەو دەمەی کە جێگای دانپێدانانە، من دەڵێم، یەڵماز یەکێکە لە ڕێژیسۆرە هەرە گرنگەکانی تورکیا، دەمەوێت ئەوش بڵێم کە من ئەوانی تر باش ناناسم، بەلام لەو چەند فیلمە تورکییەی کە دیومن، ڕێگا،

بەهێزترینییانە. ئەو فیلمە پێناسەیەکی جیهانیی بە یەڵماز گونەیدا.

ڕۆڵی یەڵماز، وەک ڕێژیسۆرێکی سینەما ئەوەیە کە، ئەو سەرکەوتووانە ژیانی ڕۆژانە دووبارە دەکاتەوە، دۆکۆمێنتارئاساش مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. تۆ سوور دەزانیت کە، ئەوە ئەکتەرە و ڕۆڵ دەبینێ، هەروەها ئەو چیرۆکەش ڕەنگە لە ڕاستیدا هەر ڕووی نەدابێت، لەگەڵ ئەوەش، تۆ باوەڕی پێدەکەیت و چیرۆکەکە بە ژیانی ڕۆژانەوە گرێ دەدەی، ئەوەش بەهێزترین ڕۆڵی ڕێژیسۆرە لە سینەمادا. جا پاش ئەوە، با بڵێین، لایەنە سیاسیەکان یاخود لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دێنە پێشەوە. من باسی ڕۆڵی ڕێژیسۆر دەکەم. جا نازانم وەڵامی پرسیارەکەتم بە تەواوی داوەتەوە یان نا.

گۆڤار:

دەتەوێ لەسەر بابەت و بە وێنەکردن و ئەو مێتافۆرانە قسەبکەی کە یەڵماز لە فیلمی "ڕێگا"دا بە کاری هێناون؟

کۆستا گاڤراس:

بەڵێ! ئەو ئەنالۆگییەی کە ئەو بەکاری هێناوە لەو فیلمەدا ئەوەیە، خەڵکێک لە زینداندا ئازاد بوون، وەک چۆن بڵێی خەڵکی ئاسایی، هەموو خەڵکەکە و تەواوی وڵاتەکەش لە جۆرە زیندانێکدا ژیان ببەنە سەر وایە. پاشان ئازاد دەبن و دەتوانن بە سەربەستی هاتوچۆبکەن، خێزانەکانیان ببینن . ئەوانە ڕووبەڕووی ئازادی دەبنەوە، ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبنەوە. ئەو ئازادییەش لە ئاکامدا . چونکە ئازادییەکی کاتییە، دەبێتە دراما بۆیان. پێموایە، ئەوە بابەتی یەکەمی فیلمەکەیە "ئازادی". ئەنالۆگیەکەی تر کە یەڵماز لەگەڵ چەمکی ئازادی بەکاری هێناوە، ئەسپە مردووەکەیە، کە بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە. ئەوەی گرنگ و سەرنجراکێشە لێرەدا، ئەوەیە کە ئازادی هەردەم وەک دراما کۆتایی پێدێت. تۆ ناتوانی بە خەڵکێک بڵێیت (تۆ ئازادی..فەرموو..برۆ ئازاد بە!) ئەوەندە بەس نیە کە مرۆ بە تەنیا ئازاد بێت، مرۆڤەکانی تریش دەبێت ئازاد بن، ڕێز و تێگەیشتنیان بۆ ئازادییەکەی تۆ هەبێت. ئەوەش پرۆسەیەکی کولتووری درێژ خایەنە. بەڕای من، ڕەنگە ئەوە بە هێزترین پەیامی فیلمەکە بێت.

گۆڤار:

بێهودەیی و بێحەژمانی ئافرەت، وەک چەمکێکی بەهێز، لە تەواوی فیلمەکەدا بە ئاشکرا دیارە. داخۆ ئەفرەتکردنی ئەو مەسەلەیە لەلایەن یەڵمازەوە، چەند زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟ بەڕای تۆ، یەڵماز چەند لە گەڵاڵەکردنی بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری ئەو پەیوەندییانە لە سەر ئافرەت سەرکەوتوو بووە؟.

کۆستا گاڤراس:

من پێموانییە، ئەو تەرەفی دژی ئەو شتەی وەرگرتبێ و ئەفرەتی لێ کردبێ. ئەو تەنیا پێشانی داوە کە ئافرەت چۆن هەڵسوکەوت ومامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. چۆن بڵێم، وەک ئەوەیە کە ئاژەڵ بن، ئەوەیان وشەیەکی زۆر توندە، بەڵام، ئەوان وەک مڵکن، مڵکی پیاو، دەبێت گوێڕایەڵبن. دەبێت بە شێوەیەک بجولێنەوە کە بە دڵی پیاو بێت..ئەگەر نا..ئەوا دەردەکرێن..ڕەتدەکرێنەوەو دەکوژرێن..یانیش چیتر وەک مرۆڤ حیسابیان بۆ ناکرێت و مافی ژیانیشیان نابێت. هەر لەو ساتەوە کە حەز و هەوەسەکانی پیاو پڕ ناکەنەوە، وەلاوەدەدرێن و ئیتر مافی خۆشەویستی و هاوسەریی پیاویان نامێنێت. جا ئەوەش، هەر ئەوەندە (بە پەنجەکانی پیشانی دەدات) لە بە کۆیلەبوون نزیکە. لە کۆتاییشدا وەک کۆیلەیەک سەیر دەکرێن، هەروەها من پێم وانییە کە ئەو کێشەیە هەر بە تەنیا لە تورکیادا ڕوویدات. بەڕای من ئەوە گیروگرفتی زۆربەی وڵاتانە، هەتا لە فەرەنساشدا هەیە، هەڵبەتە بە شێوەیەکی جیاوازتر ، بەڵام لێرەش دەتوانی هەڵسوکەوت و مامەڵەی بەو جۆرە بەرامبەر بە ئافرەت بدۆزییەوە.

گۆڤار:

بینەری جیهانیی چۆن تەماشای پۆرتەریتکردنی باری ژیانی ئافرەت لە تورکیادا دەکات، ئایا بە ولاتێکی دواکەووتوو و ناشارستانی دادەنێن؟ ئایا خۆیان لەو بارە ژیانەدا دەناسنەوە؟ ئایا ئەو ژیانە دەتوانێ، بە پلەیەکی جیاواز، پێناسەی ئازار و تاقیکردنەوەی بینەرێکی رۆژئاواش بێت

کۆستا گاڤراس:

من پێموایە، لە ولاتانی ڕۆژئاوادا دوو جۆر، یان بابڵێین سێ جۆر، دیتن هەیە. یەکەمیان، ئەوانەن کە گیروگرفتەکان درک پێناکەن و تەنانەت هەر ناشیبینن. دووەمیان، کە رەنگە ئەمانە زۆربەش بن، ڕووداوەکان و تەنگوچەلەمەکان، وەک گیروگرفتێکی تایبەت بە تورکیا دەبینن، کە خەڵکانێکی دڕ و بەرەڵا ئاوا هەڵسوکەوت دەکەن. هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەڵسوکەوتی خۆیان و رەفتارە ڕووداوەکانی ناو فیلمەکەدا نابینن. ئەوجا سێیەم دیتن هەیە، کە بەڕای من ، خەڵکانێکی زیرەک زیاتر دەتوانن خۆیان لە ناو ئەو جۆرە حاڵەتانەدا ببیننەوە و خۆیان بناسنەوە. ڕەنگە ئەوەندە دراماتیکیش نەبێ، بەلام هەستییان بەرامبەر بە ئافرەت هەمان شتە. ڕەنگە ئەوانە بە خۆیان بلێن، هەر وەک چۆن من بە خۆم دەڵێم، یان ئەو برادەرانەی کە من قسەم لەگەڵدا کردوونە بە خۆیان بڵێن، "بڕوانە، خۆ بە شێوەیەک لە شێوان ئێمەش وەک ئەوانین. هەرچەندە لە کات و شوێن و لە بارێکی تردا، بەلام لە ناخەوە، ئێمەش ئاوا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت دەکەین. هەرچەندە ئێمە نایانکوژین...چونکە ناتوانین..ناتوانین ئەگەریش بمانەوێ، لەبەر ئەوەی پۆلیس دێت. بەلام لە ناخەوە ئێمە ئاوهاین."

ڕێگەم بدە با پێت بڵێم، کە سەرکەوتنی جیهانیی، یان بابڵێین تێگەیشتنی گەردوونی بۆ سینەما، یان بۆ هەر بەشێکی تری هونەر، ئەو سەرکەوتنە، نایەتەدی، ئەگەر جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان بینەر و داهێنەر دا دروست نەبێ، کاتێک کە داهێنەر بیەوێ باسی شتێک بکات، ئەگەر ئەو شتە نەبێتە مەسەلەیەک کە هەموو خەڵک، وەک تاکەکەسیش، بگرێتەوە سەرکەوتوو نابێت.

گۆڤار:

چەند بۆچوونێکی دژ بە یەک هەن کە، نە فیلمی "ڕێگا" و نە کارەکانی تری یەڵماز بەگشتی، بە کاری جیهانی دادەنێن، بەڵکو تەنیا بە پیشاندانێکی گیروگرفتە بچوک و تایبەتیەکانی بار و دۆخی تورکیای دادەنێن. ئەوەیان شتێکە کە هەردەم ناحەزانە ڕووبەڕووی فیلمکارەکە دەبێتەوە

کۆستا گاڤراس:

بەڵێ! جا خۆ شتێک نیە کە هێندەی "هاملێت"ی شەکسپیر تایبەتی بێت، کەچی لەهەمان کاتدا و بە هەمان ئەندازە، جیهانی تریش بێت. دەتوانین هەمان شت بە تراژیدیای گرێکی کۆن بڵێین. هەموو شاکارێکی کلاسیکیش، ئەو کارانە، چەند تایبەتمەندن، ئەوەندەش جیهانین.

گۆڤار:

هیچ شتێکی تر هەیە حەز بکەی دەربارەی ئەو فیلمە لە ڕووی وێنە و سینەماتۆگرافیەوە بیڵێی؟

کۆستا گاڤراس:

ئەوەی کە زۆر سەرنجراکێشە لەو فیلمەدا ئەوەیە کە، شێوەمۆنتاژی برینی تەریبی *parallel cutting* بۆ چیرۆکی جیاواز لە فیلمەکەدا بەکارهێنراوە. چیرۆکەکان لەگەڵ یەکتردا دەست پێدەکەن و لە یەکتریش دادەبڕێن. لە ئاکامدا کە لە هۆڵی سینەماکە دێیتە دەرەوە هەستدەکەی کە هەموو ئەو چیرۆکانە لە مێشکتدا هەن. هەر چەندە لەخۆیاندا چیرۆکی جیاوازیشن، بەلام چونکە بە شێوەیەک لە شێوان هەموویان لە بنەڕەتدا هەمان بار و دۆخ دەگێرنەوە، هەرچەندە لە قوژبن و حاڵەتی جیوازدا و بە کارەکتەری جیاوازیش ئەم چیرۆکانە دەگێردرێنەوە، لەگەڵ ئەوەش دەبینی کە لە ئاکامدا هەموویان یەک چیرۆکن.

گۆڤار:

دەتەوێ دەربارەی "سەید" ئەو پیاوەی کە ژنەکەی لە ناو بەفردا دەکوژێت، قسەیەک بکەی، هەروەها چۆن ڕق و دژەکانی ئەو کارەکتەرە پۆرتەرێت کراوە؟

کۆستا گاڤراس:

دەمەوێ بڵێم کە ئەوەیان زیاتر، کارەکتەرێکی پەڵمازانە بوو. پێموایە گونەی بەو کارەکتارانە پێناسە دەکرێت، توندوتیژی، هەڵچوون و تووڕەیی. لە هەمان کاتیشدا، ئەو جوانکارییەی کە لە دیمەنی بەفرەکەدا دەیکات، تەواوی پەیوەندی سەید و ژنەکەی ، ڕۆیشتنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یەکێکە لە دیمەنە بەهێزەکانی سینەمای مۆدێرن. ئەو جۆرە دیمەنانە لە سینەمای سۆڤێتی کۆنی پێش سەردەمی ستالیندا، هەروەها لە سینەمای ژاپۆنیدا بە دی دەکرێن. من پێموایە ، کە سینەمای ڕۆژئاوا، چیتر نازانێ ئەو جۆرە دیمەنانە دروست بکات، چونکە بە هۆی ئەو شێوە ژیانەی کە ئێمە لە ڕۆژئاوادا تیایدا دەژین، بەرەبەرە شاعیریەتی سەرەتایی خۆمان دەدۆڕێنین. نەک هەر هەستی شیعریمان...لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا شاعیریەت هەیە، کە بەڕای من، لە ڕۆژئاوادا، ئەو شاعیریەتە، بەرەبەرە ، بە هۆی ئەو هەموو فرە شاریستانیەتییە *civilisation* لێمان جیادەبێتەوە.

گۆڤار:

ئەو کارەکتارە "سەید" ژنەکەی خۆشدەویست، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەسەری بوو کە بە دوای نەریتی کۆمەڵایەتی بکەوێ و کە داوای لێ دەکرد ژنەکەی بکوژێ.

کۆستا گاڤراس:

ئەو زیندانێک بە جێدەهێڵێ، وەک پێشتر باسمان کرد، زیندانی ڕاستەقینە، پاشان دەچێتە زیندانێکی تر، زیندانی خێزان، زیندانی نەریتەکان، کە دەیروخێنن، چونکە ئەو زیندانە لە هی یەکەمیان بەهێزترە، لە ناکامدا بە دراما کۆتای دێت...کە دەبێ ژنەکەی بکوژێت.

گۆڤار:

بەڕای تۆ، یەڵمازگونەی، لە دیمەنی کۆتایی فیلمی "ڕێگا"دا دەیەوێ چی بڵێت، کاتێک کە سەید لە شەمەندەفەرەکەدا بەرەو زیندان دەگەڕێتەوە، بە تەنیایە و بە پەژارەیی لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات؟

کۆستا گاڤراس:

ئەو هەستەی کە لەلای من بەجێما ئەوەیە، کە یەکەم دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو فیلمە چەندە بەهێزە، کە وام لێبکات بتوانم، ئەو هەموو دیمەنانە کە زیاتر لە دوو ساڵە دیومن، بەبیری خۆم بهێنمەوە. ئەوەی تۆ باسی دەکەی پێیدەڵێن، تەنیایی، بە مانایەکی تر ئەو "سەید" لە ئازادکردنی خودی خۆی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا. هێشتا دەستبەسەرە، ئەوەندە دەستبەسەرە، نەک تەنیا هەر لەو فارگۆنە بچووکەدا، بەڵکو، شەمەندەفەرەکەش ئەوەندە خێرا ڕێدەکات، کە ناتوانێت بەجێی بهێڵێت. بە وشەیەکی تر، ئەوە کۆمەڵگاکەیە، دەستی بەسەرداگرتووە و گرتوویەتی، ئەویش لەناو قاوخی خودی خۆی و نەریتەکاندا گیریخواردوە، ژیانیش ئەوەندە خێرا دەڕوات کە پێیراناگات بیگۆڕێت. یان بەجێی بهێڵێت، بچێتە دەرەوە و سەری خۆی هەڵگرێ. جا لە وێدا سەیری خۆی و هەڵسوکەوتی خۆی و جیهانی دەور و پشتی خۆی دەکات و ناتوانێت لێی ڕزگار بێت.

گۆڤار:

ئەو پلە بەرزەی کە فیلمی "ڕێگا" بە دەستی هێنا، لەگەڵ فیلمی وەک "مێگەڵ" یان "دیوار" دا چۆن بەراووردی دەکەیت، هەروەها لەگەڵ فیلمەکانی پێشووتری گونەی، لەوانە فیلمی وەک "هەژارەکان"؟

کۆستا گاڤراس:

من پێموایە، لە فیلمدا، تۆ ناتوانی بڵێی ئەوەیان لەوی تریان چاکترە... چونکە ئەو فیلمانە، هەر یەکەو بابەتی جیاوازیان هەیە... بە خولیایەکی جیاوازیش هاتوونەتە بەرهەم و جیهانێکی جیاوازیشیان هەیە. بۆ نموونە، ئێستا زۆر بیر لە فیلمی "مێگەڵ" دەکەمەوە، چونکە ئەو

فیلمەم پێش مانگونیوێک بینی. ناوەرۆک و وێنەکانی ئەو فیلمە زۆریان بزواندم، من پێموایە کە زۆر لە فیلمی "ڕێگا"وە نزیکە. "دیوار"یش فیلمێکی بە هێزە.

من حەز بە بەراوردی فیلمێک لەگەڵ فیلمێکی تردا ناکەم، نامەوێ ئەو ڕچەیە بگرمە بەر. فیلم وەک مرۆڤ وایە، دەبێ یەکبەیەک بە جیا بیانگری و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەی. تاقییان بکەیەوە، سەیریان بکەی کە چییان پێیە. دیتنیان، تێبینیان، ناوەرۆکیان ،شاعیریەتیان. من پێم وانیە فیلم وەک "ماراسۆن" بێت.. ئەویان لەویتریان چاکتر ڕابکات، یان وەک تیپی فووتبۆڵ سەیریان بکەی.

گۆڤار:

یەڵماز گونەی، ڕێبازێکی سیاسی هەبوو، وەک فیلمکارێکی شۆرشگێریش، خۆی بە کۆمۆنیست دادەنا. جارێک لایەنی یەکێتی سۆڤێتی دەگرت و جارێکیش ماو تسی تۆنگ. ئەو پرسیارەی کە هەردەم ڕووبەڕووی هونەرمەندێکی سیاسی دەبێتەوە، ئەوەیە ئایا دەتوانرێت فیلمێک بکرێت کە بۆ زۆربە و بینەرێکی بەرین بدوێ.؟ لە هەمان کاتیشدا، هەم لە ڕووی شۆرشگێری و هەم لە ڕووی هونەرییەوە بە هێز بێت.؟

کۆستا گاڤراس:

من پێم وانییە، تۆ پێوستیت بەوە هەبێت کە لەڕووی ئایدیۆلۆژیەوە سەر بە پارتێکی سیاسی بی بۆ ئەوەی فیلمی بەهێز بە بەرهەمبێنی. من پێم وایە یەکەم شت دەبێت بەهرەت هەبێ.

من لەگەڵ یەڵمازدا هەندێ جار لەسەر بۆچوونە سیاسیەکانی گفتوگۆمان دەکرد، ئێمە لەسەر زۆر شت تەبا نەبووین، بەڵام ئەوەی من هەردەم دەربارەی یەڵماز گوتومە، ئەوەیە کە، ئەو لە واقیعێکی تەواو جیاوازترەوە هاتووە، جا ئەو سەرەنجامانەی ئەو لەو واقیعەدا هەوڵی دۆزینەوەی دەدا، جاروبار پێویستی دەکرد کە لەڕێی کۆمۆنیزمی یان ماویزمییەوە بۆی بچوویا. من دەتوانم ئەوە تێبگەم، چونکە ،با بگەڕێینەوە بۆ گیروگرفتی زیندانیەکان، ئەو خەڵکانە لە زیندان دان، ئازادییان نییە، یەڵماز وەک ئەو خەڵکە بوو، وەک خەڵکی تورکیا لە زینداندا بوو، کاتێکیش کە پیاو لە زینداندا دەبێت، بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی رزگاربوونی خۆی دەدات. لەڕێی پەنجەرەکانەوە، لە دەرگاناستینەکانەوە، جا ئەو ڕێگاکان تاقی دەکاتەوە، کۆمۆنیزم تاقی دەکاتەوە، ئەوەیان، ئەویتریان، هەتا ڕۆژێک دێ و ڕێگەیەکی چاک دەدۆزێتەوە بۆ ئازادی. من یەڵماز وەک مرۆڤێکی ئاوا دەبینم. هەوڵی دەدا. جا ڕۆڵی هەرچی بووبێ ئەو لەسەر ڕاست بووە، چونکە لە هەستێکی پڕباوەڕەوە هەوڵی رزگاری خۆی و گەلەکەی داوە.

---

*کۆستا گاڤراس (Costa Gavras 1933-) ڕژێسۆرێکی فەرەنسی-گریکی بەناوبانگی سینەمایە. لەگەڵ یەڵماز گونەیدا لەساڵی ١٩٨٢ بە هاوبەشی خەڵاتی "چڵە دارخورمای زێرین -Palm d 'Or" یان لە فێستیڤاڵی (کان) لە فەرانسادا وەرگرت. ئەویان بەرامبەر بە فیلمی (ونبوون Missing-1982 ). کۆستاگاڤراس، لەڕێگەی فیلمە سیاسییەکانییەوە دژ بە چەوساندنەوە و توندوتیژی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەرهەق بە مرۆڤ، شوێنپێی خۆی لە سینەمادا نیشانداوە.

بە فیلمی وەک ( Z -1968 ) ناوبانگی جیهانی دەرکرد، کە فیلمێک بوو بە شێوەیەکی ڕیالیستانە باس لە توندوتیژی دەستە و ڕژێمی ترسناکی میلیتاری گریکی دەکرد و ڕەخنەی لێدەگرت. گاڤراس، لە ساڵی ١٩٨١ وە سەرۆکی بەشی ئەرشیفی سینەمایە لە پاریس.

**سینەماتیک، Cinematheque Francaise ئەرشیف و مۆزەخانەی سینەما لە پاریس.

سەرچاوە

ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ کۆستا گاڤراس، لە ژێر ناونیشانی A Look at YOL with Costa Gavras بەشێکە لەو فایلەی کە دەربارەی یەڵماز گونەی بە ناوی ( ڕێزگرتن لە یەڵماز گونەی Homage To Yilmaz Güney ) لە لاپەرەی 72 70 ی ژمارە ( 1 ) ی ساڵی 1985 ی گۆڤاری A World To Win دا بڵاوکراوەتەوە، کە لە لەندەن دەردەچێت.

کاکەوەیس

# توێکڵە هێلکە

وا دەزانی دوێنێ بوو کە بەتاڵ بوویتەوە: لەگەڵ قوڵپی یەک بە دوای یەکی تێکەڵاوبوونەوەی ئادەم و حەوادا، هەستی بەتاڵبوونەوە لە ژیان، جوانیی، ڕەوایەتی و مرۆڤایەتیت پێدا دەهات. لەگەڵ دوا قوڵپەشدا، هەستت بە چۆکی مەرگ کرد کە لە سەر پشتت بێ و لێت نەگەڕێ ڕاست بیتەوە و ئەو پەراسووە زیادەت لێ جودا بێتەوە کە هەموو بوونتی هەلمژی، هاوسەرەکەت، لەگەڵ (ویش!)ێکدا، لەپی بە سینگتەوە ناو بە لای ڕاستەی خۆیدا هەرەسی پێ هێنای. کە وەلاکەوتیت، چاوت بڕییە بن میچەکە. هەستت بە بەتاڵییەکی کوشندەی ناوەوەی ناخی خۆت دەکرد. ئەوە قوڵپەی تێکەڵاوبوونەوە بوو یا ئاڵقە پێکەوە بەستراوەکانی ڕوحت بوون و بە دوای یەکدا دەرهاتن؟!. هەستت دەکرد توێکڵە هێلکەیەکی و زەردێنە و سپێنەت لێ دەرهاتوون و خواست و هەست و نەستت تێدا نەماون. تەنها هەستت بە بێ هەستیی خۆت دەکرد کە لە پەنای زەخیرەی هەموو بووندا، دوای بەکارهێنان و بەتاڵکردنەوەت لە بوون، فڕە دراوی. ئەوەی بە لاتەوە بوو، ئەوەندە مەزن و ڕوناک و پیرۆز بوو، ڕەنگی پێچەوانەکانی خۆیان لە بۆشایی تۆدا دەدایەوە کە بچووکی و تاریکی و نەفرەتی بوون...

هەر بەو بەتاڵی و بێ قەوارەییەوە وەک کۆیلەیەکی زەلیل، کە دەست و دامێنی مەولای خۆی دەکەوێ، بێ ئاگایانە خۆت بە لای هاوسەرەکەتدا وەرچەرخاند و دەستت خستە سەر زگی. لە سیمای ڕامای: چاوە پرشنگدارەکانی لە بن میچەکە بڕیبوون و ڕوناکایی گوڵەستێرەیان تێدا هەڵیبوو. بزەی بەختەوەری کەوتبووە سەر لێوە بە خوێن ئاوس و بە ماچ سوورهەڵگەڕاوەکانی. ئەوەندە بەختەوەر هاتە بەر چاوت، دەتگوت هەر ئێستا خودا مژدەی گەڕانەوەی بەهەشتی پێ داوە و لە تاوانی سێوخواردن و هەڵخڕاندنی (ئادەم)ی کەللەپووت لێی خۆش بووە. لە ژێر دەستیشتەوە، هەستت بە گەرماییەک دەکرد کە وەک پاشماوەی ژیلەمۆی تەنوور، مۆریژانەی بە دەست و باسکت دەکرد.

ئیدی نە خۆت ئەو پیاوە لەسەرپێیە لە ژیان پڕە گورجوگۆڵە وریا و بە ئاوەزەی پێش گەمەی ئادەم و حەوا بووی نە هاوسەرەکەت ئەو کەندووە بەتاڵ و بێ دەسەڵاتەی پێش ئەو ساتە وەختە بوو. هەموو شتێ ژێر و ژوور ببوو: ئەو، بوو بە هەموو بوون و تۆش بوویتە ئامێری بنیاتنانی ژیانێکی لە هی خۆت بەرزتر... پیرۆزتر... تەواوتر... پاکتر... چاکتر و، بەکار هێندرایت و وەک توێکڵە هێلکە ، لە پەنای خەرمانی

پاکژیی هەموو بووندا تووڕ درای.
هەموو شتە پیرۆزەکانی بوون، بە سەر یەکدا کۆمەڵ ببوون و گرد و بچووک ببوونەوە و لە ژێر ناوکی هاوسەرەکەتدا بوون. دڵت ڕێی نەدەدا دەستت وەلا نێی یا توانای خۆ بزواندنت نەبوو؟. ناولەپت عارەقەی دەردا. هاوسەرەکەت بە سۆزەوە، بە کاوەخۆ، ماوەیەک دەستی بە دەستتدا هێنا، ئەوسا لای برد، ئاوڕێکی لێ دایەوە و ماچێکی کردی. بە هەردوکتان ناوکی ماچی دوای گەمەی ئادەم و حەواتان بڕیبوو و ناوتان لێ نابوو "ماچی پێزانین و سوپاسگوزاری". وەرچەرخا و بۆ نوستن پشتی تێ کردی.

وا دەزانی دوێنێ بوو: دوای شەوی بەتاڵبوونەوەت لە بوون، بە سێ حەفتە، دواکەوتنی بێنوێژی هاوسەرەکەت زانی. دەتگوت قومارچییەکی و ئایە و مایەت لە سەر یەک ژمارەی ڕۆلێتدا داناوە... دەخولێتەوە و هاکە تۆپەکە لە سەر ژمارەیەک ویستا... ژمارەکەی تۆیە و دەبێتە خاوەنی هەموو شت یا هەو نییە و هەرچیت هەیە دەیدۆڕێنی؟!. بێنوێژ دەبێ و بوونی خۆت لە دەست دەدەی یا نابێ و دەبێتە ئامێری خولقاندنی پیرۆزترین بوونەوەر؟. ڕۆژی دوایی و دواتر و دواتر، بوومەلەرزەی سووری مەرگهێنەری بێنوێژیی هاوسەرەکەت نەبوو... نەبوو... نەبوو. ئیدی باسی بێنوێژیی نەما: وردە وردە چاڵی ناوکی هاوسەرەکەت پڕ دەبۆوە. وردە وردە، دومەڵانی ژیان زۆری بۆ ئەو زگە پیرۆزە دەهێنا و بەرزی دەکردەوە. وردە وردە، خونچەی مەمکی هاوسەرەکەت دەپشکوت و گۆی مەمکی زیادی دەکرد و ڕەنگی دەگۆڕا. وردە وردە، هەموو بوونی، خۆی بۆ پێشوازیکردنی ژیانی نوێی لە هی خۆی پیرۆزتر ئامادە دەکرد. تۆی گەشکەداریش بەرانبەر شکۆی بوونی مەزن، سەرسام... حەیران... واقوڕماو و بەختەوەری مژدەپێ دراو، چاوەچاوت بوو.

وا دەزانی دوێنێ بوو: هاوسەرە نوورانیەکەت، جوانیی هەموو بوونی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. پێستی زگی تەنک، هەموو جەستەی نەرم و شلی بێ نیازی گەمەی نێر و مێ، بزوان و هەڵسوکەوتی ئارام و جمکی ترس و بەختەوەری لە چاوانی دەبارین. تۆش، هەمیشە لە سەر زارت بوو: "ئافرەت، ئاگاداری کوڕەکەم بە. ئازاری نەدەی ها!". لەپت بە زگیدا دێنا و بانگت دەکرد: "کوڕە هۆ هۆ کوڕەکەم هۆ!... دە دەرچۆ کوڕی خۆم!". دەڵەمەی تازە خولقاوی ناو هەناوی هاوسەرەکەشت کە دەتگوت ئاشنایەتی لەگەڵ دەنگتدا هەیە، لە وەڵامدا، خۆی دەبزواند. هاوسەرەکەشت بە نازێکەوە کە زۆر جوانی لێ دەهات، پێی دەگوتی: "کوڕەکەت بە لەقە کوشتمی!... خۆ ساتێ داناساکێ... نازانم یاری بە چ دەکا..." بە جووتە پێدەکەنین و ئامێزتان پێکدا دەکرد و بە بێ نیازی گەمەی ئادەم و حەوا، دەموولێوی یەکترتان دەمژی. هاوسەرەکەت، ڕیزە ماچی دەپچڕاند و بە نازەوە چەپۆکی بە زگی خۆیدا دەدا: "داکاسرێ کوڕە..."

وا دەزانی دوێنێ بوو: بەرەزانی مژدە هات... ژانی مژدە هات... کاتی پەیدابوونی پیرۆزترین ئەرکی سەر شانت هات. وەک کۆیلەی بەردەمی پەیکەرێکی پیرۆز، لە بەردەم پەیکەری هاوسەرەکەتدا کەوتیتە سەر چۆکان. پێت وا بوو دەستت دەگاتە بەرۆکی یەزدان و بۆ پاراستنی جووتێ ژیانی پیرۆز ڕایدەتەکێنی. ژان زۆری بۆ هێنا و تۆش پتر بە چۆکدا چووی، پشتی مامانەکەت دەدی کە بەر دەگای پیرۆزی بوونی لێ گرتبووی. شەرمت کرد... بە خۆتدا شکایتەوە و خۆت لەو دیمەنە دزییەوە. واقەی بوونەوەرێک تێکەڵاوی دەنگی ژنانەی مامانەکە بوو: "کوڕە... وەڵڵا کوڕە..." هەناسەیەکت هەڵکێشا و پشتت بە دیوارەکەدا دایەوە. لە بۆشاییەکی بێ بن و بێ سنوور ڕامای. هێمن و بێدەنگ، وەک ئەوەی کتوپڕ گەوهەر و مەرجان و زێڕی هەموو جیهانت پێ بەخشرابێ و دەستت بە سەر سامانی سلێماندا گرتبێ، گەشکەدار بووی.

وا دەزانی دوێنێ بوو: چوویتە دیوانی کوڕەکەتەوە. بە بزەی بەختەوەرییەوە دەڕۆیشتی. هەموو شانەکانی جەستەت، بۆ ئەو چەند هەنگاوە، داوای ڕاکردنیان لێ دەکردی. فریا نەکەوتی بڕیاری ڕاکردن بدەی، گەیشتیتە حزووری ئەو بوونەوەرە پیرۆزە. بە دیاریەوە، کەوتیتە سەر چۆک و لێی ڕامای: کۆرپەیەکی بچکۆلانەی بێ

دەسەلات، هێزێکی ئەفسووناوی وای تێدا بوو، جەستە زەبەلاحەکەی تۆی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و بە سەریدا چەمایتەوە... بە ئاستەم لێوت بەر ناوچەوانی کەوت. بزە لێوی بەر نەدەدای. زۆرت لە خۆت کرد و سەرت بەرەو هاوسەرە پاڵکەوتووەکەت هەڵبڕی. دەتویست بۆ ئەو جوانترین و بەنرخترین و پیرۆزترین دیارییەی کە پێشکەشی کردی، سوپاسی بکەی. کە ئەوت دی، بزەی سەر لێوت وەک ڕەوە چۆلەکەی ترسێندراو، هەڵفڕی. مات و سەرسام بووی: هاوسەرەکەت بە پاکەتە جگەرەی بەتاڵ و قوپاو دەچوو. دەتگوت توێکڵەهێلکەیە و زەردێنە و سپێنەی لێ دەرهێندراوە و ئەو ناوەی لێ پیس کردووی. ڕوناکایی لە سیمایدا نەمابوو... بۆر و ناشرین و باریک و شکاو و قوپاو و سەقەتبوو، لە ژێر پەتوویەکی تەنکدا وەک مردووی بۆنکردە ڕاکشابوو. هەستت دەکرد لە بوونی بێزاری. بێ ئەوەی بە کەڵکی هیچ بێ بۆشاییەکی لە ماڵەکەدا پڕ کردبۆوە. بۆنی دەهات... بۆنێکی ناخۆشی وای لێ دەهات کە بەرگەت نەدەگرت. ڕووت بە لای کۆرپە تازە مێوانەکەدا وەرچەرخاندەوە: تیشکی ڕوناکایی لێ بەرز دەبۆوە. لە ناخی خۆتدا، خۆت دەدواند: "دەبێ ئەو توێکڵە هێلکەیە فڕێ بدەم... بۆنساردیی، ئەم کۆرپە ئاسکە دەتاسێنێ". زەینت دایە کۆرپەکەت. بە کاوەخۆ، زۆر بە کاوەخۆ، چاوە خۆڵەمێشییە بچکۆلانەکانی بە بۆشاییدا دەگێڕا. بزە کەوتەوە سەر لێوت، لە سەیری تێر نەدەبووی و نەدەبووی، تۆش وەک ساواکەت بە دەم مەلایەکەتانەوە پێدەکەنیت. جارێکی دی سەرت بەرەو هاوسەرەکەت هەڵبڕی و بزەی سەر لێوت تارا. بە بیرت دا هات ڕاپەڕی و بە کۆڵیدا بدەی و بیبەیتە سەر زبڵدان... وەک توێکڵەهێلکە و ترشیاتی بۆنکردە و کاڵەکی هەتاوبردە فڕەی دەی. بەڵام خۆت ڕاگرت: "ئەدی ئەم کۆرپەیە چۆن بژی؟!... ئەو جەستە ڕزیوە، سەرچاوەی ژیانی ئەم بوونەوەرە پیرۆزەیە... تا ئێستا ناوکی بە هەناوی ئەوەوە لکابوو و ئێستاش دەمی بە مەمکیەوە دەلکێ..."

ڕۆژ بە ڕۆژ کۆرپەکەت خڕ و خەپان و جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش هاوسەرەکەت زیاتر و زیاتر لە کەڵک دەکەوت و لە بوونی بێزارتر دەبووی. هەستت دەکرد نابێ هیچ بوونەوەرێک لەگەڵتدا بەشداری ئەو سۆز و خۆشەویستییە بێ کە تا ئەوپەڕی تاساندن تاساندبووتی. پێت وابوو خۆشەویستی ئەو کۆرپەیە بە قەوارەی هەموو جیهانیش بێ، ئەو توێکڵە هێلکەیە نیوەیت لێ زەوت دەکا... هەموویت بۆ خۆت دەویست. تۆزقاڵەکەی یەزدان بوو لە بوونتدا یا بەشەکەی ئەهریمەن بوو کە بوو بە هێزی ڕوخاندن و بە ڕەتبوونی یەک ئارەزوو بە ناختدا. ژنەکەت مرد. مرد و بەشەکەی خۆی لەو کۆرپە ئازیزەدا بۆ تۆ، بە بەتاڵی جێ هێشت. خۆت بۆ پاراستن و گەورەبوونی تەرخان کرد. ناخت کڕنۆشی بۆ دەبرد و پێت وا بوو، ئەو گڕە و تۆ گڕپەرست، ئەو بتە و تۆ بتپەرست، ئەو خۆرە و تۆ خۆرپەرست...

وا دەزانی دوێنێ بوو: خۆت بە براوە دەزانی و هاوسەرەکەت دۆڕاو. خۆت بە پاکژ دەزانی و هاوسەرەکەت بۆگەنبوو. خۆت بە یەزدان دەزانی و هاوسەرەکەت ئەهریمەن. خۆت بە چەقی چاکە دەزانی و هاوسەرەکەت چەقی خراپە. بیرت دەکردەوە: "هەموو مردووەکانی جیهان شێوەیان بە یەک دەچێ. هەموو ساوایانی جیهان بە یەک دەچن.. هەموو ئەخۆشە مەنگۆلییەکان بە یەک دەچن.. سیمای هەموو ڕەدووکەوتووەکان بە یەک دەچێ.. هەموو پیاوکوژان بە یەک دەچن.. بەڵام هەموو باوکان بە یەک ناچن".

ئێستا، وا لە پەنا بەردێکدای. جارێ تەماشای پێش خۆت دەکەی تا خۆت لە فیشەکی نەیارەکانت بپارێزی، جارێ ئاوڕی ئەو لایە دەدەیتەوە کە کوڕەکەت سەنگەری لێ گرتووە و جارێکیش بە بزەوە لە باسکی چەپت دەڕوانی کە پەڕۆیەکی پێوەیە. بیر لەوە ناکەیتەوە چزەی گوللەیەک بتپێکێ. لەوەش ناترسێی کوڕەکەت بپێکێ... پێت وایە رووحت چەپەرێکی پۆڵاییە و لە باڵای ئاڵاوە و دەیپارێزێ. هەموو حەواست نوقمی بەختەوەرییە چونکە کوڕەکەت بە "هەڵۆ" ناوی دەرچووە و سەرکردەی دەستەیکی وەک خۆی "هەڵۆ"یە. بزە کەوتە سەر لێوت و خەیاڵ لوولی دای: "هەر خۆم دیتم چۆن وردە وردە

گەورە بوو. کەوتە سەر پێ، دەڕۆیشت و بە لادا دەهات و بەر دەبووەوە. هەر خۆم یەکەم وشەم لە زاری بیست کە (باوە) بوو. هەر خۆم فێری بەستنی دۆخین و قەیتانی پێڵاوم کرد. هەر خۆم فێری پیتی (ئەلف)م کرد... هەر خۆم زەینم دەدایە گەندەمووی سمێڵی کە هێواش هێواش زیادی دەکرد... کە گۆی مەمکی وەخروو کەوت، ئەو رازەی هەر بە خۆم گوت... هەر خۆم هەستم کرد دڵی کردوە و کچان بۆی بە عەزرەتەوەن... یەکەم جار، هەر خۆم درکم بە (هەڵۆ)ییەکەی کرد. دایکی، لە هەموو ئەوانە بێ بەش بوو... هیچی نەدی... نەیدی چۆن هێواش هێواش گەورە بوو و گەشەی کرد. ئەگەر لە بەهەشتیش بێ هەر چەتیوەی هیچ نەدیوەیە. من گەشەکردن و گەورەبوونی جوانترین بوونەوەری خودام دی".

شلپەی گوللە لە بەردەکەی بەردەمت هەستا و خەیاڵتی سمی. لە کەلێنێکەوە ڕوانیت: لاوێکی باریکەلە، لە پەنا بەردێکەوە بۆ پەنابەردێکی دی، کەڵەناسا بازی دەدا. لە هەر پەنا بەردێک، جارێک، لە پەڕۆکەی باسکی چەپی خۆی دەڕوانی کە دژ... نا... پێچەوانە... نا نا، دوژمنی ڕەنگی پەڕۆکەی باسکی تۆ بوو. هەر لە تەمەنی کوڕەکەی خۆتدا بوو... وەک ئەویش کورجوگۆڵ و نەترس و "هەڵۆ" بوو. هەمان شێوە بەرگی پۆشیبوو. جیاوازی هەر ئەوە بوو کە بە بەر چاوتەوە گەشەی نەکردبوو و ڕەنگی پەڕۆکەی باسکی ئەوە بوو کە لێی بەلەسە دەبووی. بە دڵ سێرەت لێ گرت... بە ڕقێکەوە سێرەت گرت کە بەشی سووتاندنی هەموو ئەو بەدانەی دەکرد کە کوڕەکەت لە دژیان تاو دەدا و تیژ دەکرد. بە خۆتت گوت: "یەک ئازا هەیە و نابێ بە دوو... یەک کوڕ هەیە و نابێ بە دوو". یەک فیشەکت تەقاند و کەڵە نەیارەکەت پێکا. لە بەر خۆتەوە بزەت هاتێ. دەتگوت گیانی هاوسەرەکەت بە دیارتەوەیە و بە بەخیلی پێبردن بەختەوەرت دەکا.

شەڕ بڕایەوە و ئێوە براوە بوون... وەک هەمیشە براوە بوون... هەمیشە هەر خۆتان براوەن و کەسی تر نا... بەرەو ئەو بەرەیە وەڕێ کەوتی کە کوڕەکەت سەرکردەی بوو. لە سیمای دەستەکەیدا زانیت شتێکی لە قەومان نەهاتوو قەوماوە. خورپەیەک، وەک خرزەی چەقۆ بە دڵتدا هات. تەوژمی هێزێکی موگناتیسیی، لە سینگتەوە دەرچوو و پێشت کەوت و هەوساری هەموو حەواس و خەیاڵتی گرت... ڕایکێشای تا گەیشتیتە پەناکە:

کوڕەکەت: هەر کۆرپەلەکەی جارانە و بە بێ دەنگیی ڕاکشاوە، بە دەم مەلایەکەتانەوە بزە ناکا. سەر سینگی شەلالی خوێنە. خوێنەکەی، لە گەڵ ئەو کۆسکەوتنەشدا، ئەوەی بیر خستیتەوە کە دەمێکە ڕەنگی سوورت نەدیوە... دوو ڕەنگ نەبێ هیچ ڕەنگێکی ترت نەدەدی... یەکێکیانت بۆ کڕنۆش بۆ بردن بوو، ئەوی تریان بۆ نەفرەت لێ کردن و جنێو پێدان و خۆ بەتاڵکردنەوە لە ڕق. دەتگوت ئەو ڕەنگە، دۆستێکی دێرینە و پاش عەیام و زەمانێکی دوور و درێژ هاتۆتە سەردانت بەلام هەواڵی مەرگی جگەرگۆشەکەتی پێیە بۆیە وەختە وەک ڕەنگە نەیارەکە لات دزێو بێ. لە کاکۆڵە خۆڵاوییەکەی کوڕەکەت ڕوانی: دیمەنێکی تری بێ هاوتای جگەرگۆشەکەتە: نەرم... نەرم... لەگەڵ کزەبای ئەو دەمەو ئێوارە فێنکەدا، بە دەم هەوەسی سەرکەوتنەوە دەلەرێتەوە. کوڕەکەت، پشدێنەکەی ترازاوە و نازانێ بیبەستێ. جارێکی دی بوویتەوە توێکڵە هێلکەی بێ زەردێنە و سپێنە. بەلام ئەم جارەیان پڕی لە گڕی ئارەزووی بە توێکڵکردنی هەموو باوکان... بە توێکڵکردن بووە ئامانجت... ئاینت... باوەڕت... بووە جگەرگۆشەت و جێی کوڕەکەی بۆ گرتیتەوە. دەڕوانیتە قژی کۆرپەکەت و لە بەر خۆتەوە دەڵێی: " خۆ دایکی، ئەمەشی نەدی... ئەه کە جوانە".

# پیاوێکی نابینا

نووسینی : جوبران خەلیل جوبران

جەلال دەباغ کردوویە بە کوردی

## شانۆگەرییەکە لە یەرەدەیەکدا

کەسانی شانۆگەرییەکە:

داود رەجەبی : مۆسیقاژەنێکی نابینایە (تەمەنی ٣٠ ساڵێک دەبێ)

هێلانە : ژنی داودە (تەمەنی لە ٤٠ ساڵ تێپەڕیووە)

ئانا : کچی هێلانەیە(لە مێردێکی پێشووی)

کینگدۆن : جوتیارێکە لە کێڵگەکانەوە هاتووە،

جێگا: ژووری دانیشتن و کتێبخانەیەک لە چینی زەمینی خانووەکەی داود،

کات: نزیکەی سەعات یانزەی شەوێکی کانونی دووەم زریانێکی بەفرین لەدەرەوە ناڵەی دێ،

کاتێک پەردە لادەدرێ، شێتەکە بە ڕاڕەوی سەرەکیدا تێپەڕدەبێ و پاشان بۆ سەرتەختی شانۆگەرییەکە سەردەکەوێ و لەسەر کورسییەک دادەنیشێ، کە لە نزیکی سۆپاکەوەیە، ئەوجا ئاناو داود هەردوکیان دەردەکەون کە لەسەر کورسییەک دانیشتوون. ئانا بەدەنگێکی بەرز شیعرێک بۆ داود دەخوێنێتەوە، دوای تەواوکردنی شیعرەکە دەڵێت :

ئانا: بابەگیان، من ناتوانم وەکو تۆ شیعر بخوێنمەوە. کە تۆ بۆم دەخوێنیتەوە شیعرێکی زۆر جوان دەبێ.

(داود جارێکیتر دوو یان سێ کۆپلەی دوایی شیعرەکە دەخوێنێتەوە. ئەوجا بێدەنگییەکی قوڵ دەبێ و لە دووریشەوە گڤەی بایەکی توند دێتە بەرگوێ).

بابەگیان دەتەوێ شیعرێکیترت بۆ بخوێنمەوە؟

داود: نەخێر بەقوربان، ئەمشەو هێندە بەسە کە بۆتخوێندمەوە.

دیارە ئێستاش ماندو بوویت،

ئانا: نەء.. ماندو نیم و حەزیش ناکەم هەست بە ماندویەتی بکەم، بەتایبەتی کاتێک شتێکت بۆ دەخوێندمەوە. تکایە ڕێمبدە با ماوەیەکی زۆرتر لێرە بمێنمەوە.

(داود سەعاتی بەر باخەڵەکەی دەردێنێ و پەنجە بەسەر میناکەیدا دەگێڕێ)،

داود: ئێستا ئیتر کات زۆر لەوە درەنگترە کە تۆ هەستی پێدەکەیت، بچکۆلەکەم..!

هەستە دەی پێش ئەوەی دایکت لە هەردوکمان توڕە بێ برۆ بۆ سەر جێی خۆت،

ئانا: هێشتا دایکم هەر وەک منداڵێک تەماشام دەکا. ئەوە هەست پێناکا کە ئێستا منیش وەک ئەوم. ئاە چەند ئاواتەخوازم بتوانێ باشتر شتەکان تێبگا.

داود (بەسەرنجێکەوە):

– جا ئاخۆ باوکیشت هەر وایە؟

ئانا: نەخێر.. بابەگیان.. تۆ شتەکان بە شێوەیەکی مەزن تێدەگەی.

داود: ئاواتەخوازم بە ڕاستی باوکت بوومایە.

شێتەکە: ئەو پێی دەڵێ «باوکییەتی» هەر چەندە ئەو منداڵێکی بەر دڵیەتی.

پیاوەکەش، بەڵکو بگرە هەموو پیاوێک منداڵێکی ئەو پیاوەیە کە خۆشیدەوێ،

ئانا (دەستدەکاتە ملانی): بەلام تۆ باوکی منی، تکات لێدەکەم بڵێ تۆ باوکی منی. من هێشتا منداڵێکی بچوک بووم کە دایکم شووی کردەوە، هیچم لەسەر مێردەکەی پێشوی، واتە لەسەر باوکەکەیترم لەبیر نییە،

داود: (شەیدای شتێکە هیوای دەستکەوتنی نیە) بەڵێ خۆشەویستەکەم. پیاوە نابینایەکە پێویستی بە کچێکە

لە پەراسوی خۆی بێ. بە تایبەتی کە تۆ دەزانی چەندم خۆشدەوێی. خۆشەویستی من بۆ تۆ کەلە خۆشەویستی هەر مرۆڤێکیتر لەم دنیایەدا زیاترە.. هەروا هەستیش دەکەی تۆ لەلای من چەند بەرزی. جێگەی تۆ لەدڵی مندا جێگەی رێزدارێکە. بە هیچ جۆرێک تا لەژیندا بم دەستبەرداری تۆ نابم. بابەگیان. دێتەوە یادت چی بوو هاوینی پاربەختیاری گەیاندە دڵی هەردووکمان ؟
ئەو شیعرە بوو کە دەڵێ:

(بەخودای ئەتۆ زارۆی دڵمی،
تۆ منداڵی گیانی منی،
هەرچەندە تۆ لە لاشەم نیت
بەڵام لەناو دەمارەکانی تۆدا
هەناسەیەک دێت ودەچێ
چەند جار نرخی لە مرواری
گرانترە..)

بابەگیان ئەو شیعرەت لە یادە؟
داود: بەڵێ.. بێگومان.. باش لە یادمە. (ماوەیەک بێدەنگی) هەروا خۆشەویستەکەم.. دەزانم تۆ چەند منت خۆشدەوێ.. دەزانم بۆیەکا منت خۆشدەوێ، چونکە کوێرم و نابینا.. چونکە پێویستم بە تۆیە..
ئانا: (دەقیژێنێ)
– نەخێر بابەگیان. من تۆم خۆشدەوێ چونکە پێویستم بە تۆیە. چونکە تاقە مرۆڤێکیت لەم دنیایەدا چاوت دەبینێ.
شێتەکە: کاتێک بازی ئاسمان لەگەڵ کرمی زەوی پێکدەگەن و، دەکەونە قسەکردن، یەکیان لەوێتریان دەپرسێ چی دیوە.. هەریەکەیان وادەزانی ئەوی دیکە تەنیا کوێرێکەو نابینا..
داود: دەی سا ئاسمان ئاگادارتبێ..
(پاش ماوەیەک
با ئیتر قسە نەکەین، بێدەنگ بین، چونکە کات درەنگە..
دەی سا کچەکەم رووی خۆتم پیشاندە!
(ئانا لەسەر زەوی دادەنیشێ.. بەرەو لای ئەو سەری بەرز دەکاتەوە. داود لەسەرخۆ بە نەرمی دەست بەروویدا دەهێنێ و، پەنجە پڕ لەهەستەکانی بەسەر دەم وچاویدا دەگێڕێ)
ئاخۆ دەزانیت ئانا دوای ئاوەی چاوەکانم کوێربوون جگە لەرووی تۆ شتێک نابینم ؟! رووی تۆ تەنیا روویەکە کە بە پەنجەکانم دەیبینم ، ئای کە جوان و قەشەنگە.
(بە پەنجەکانی قژی شانە دەکا)
هەروا قژیشت ئاناگیان، یەکجار جوان و پڕو نەرم و تۆڵەو رەنگ زێڕینە. ئەوەتە لەبەر چاوم زێڕین و پڕو درەوشەدارە.
(ماوەیەک هەردوکیان بێدەنگدەبن و دەستەکانی داودیش لەسەر شەپۆلی قژە بریسکەدارەکەی دەحەسێنەوە)
ئانا: دەمەوێ شتێکت بۆ بدرکێنم، تکایە بابە گوێم لێرابگرە..
داود: گوێم لێتە ، فەرمو، کچی خۆم !!
ئانا: ئایا دەزانیت ؟! کتێبە پیت دیارکەوتوەکانتم بۆ ژوورەکەم بردووە، زۆریشیان لێوە فێربووم ؟ ئێستا ئیتر دەتوانم وەک تۆ لە تاریکیدا بخوێنمەوە.. تکایە بە دایکم مەڵێ.. چونکە ئەو لەم کاردم تێناگا.. ئای چەند دەخوازم، وەک هەست ونەستی تۆ هەست بکەم.. دەمەوێ بەتەواوی وەک تۆم لێبێت.. لەدنیای تایبەتی تۆدا بژیم. لەو باوەڕەدام تۆش رێگرم نیت کە خۆم بخەمە ناو دنیای تایبەتیتەوە..
(ماوەیەک بێدەنگی)
(ئەم وشانە لەدەروونی داوددا زۆر مەزن و کاریگەر بوون)
– زێدەتر قسەت بۆ بکەم بابە ؟!
داود: (بە هەردوودەستی رووی خۆی دادەپۆشێ)
– بەڵێ.. زێدەتر.. زێدەتر..
ئانا: ئا لەو رۆژەدا، رۆژی لەدایکبوونی بەربارای هاوڕێم کە بۆ من ویەکێک لەدەستە خوشکەکانم- ئاهەنگێکی تایبەتیی بەمبۆنەیەوە سازکرد- ئا لەو رۆژەدا.. لە یادم چوو بابەگیان ئەوەت پێبڵێم.. کە بەربارا شەیدای خۆشەویستی مۆسیقاکەت بووە.
لەو رۆژەدا، کاتێک ئێمە جەژنی لەدایکبوونمان ئاهەنگ دەگێڕا.. پێکەوە یاریمان دەکرد.. زۆر چەشنە گەمەمان دەکرد.. خۆشت دەزانی کچان لەم چەشنە بۆنەیەدا.. چ جۆرە گەمەیەک دەکەن.. ئا لەو کاتەدا بیرێک بە مێشکمدا هات گەمەیەکی تازەم داهێنا.. لە راستیدا گەمە نەبوو.. بەڵکو زۆر لە نوێژکردن دەچوو..
(کەوتە دوو دڵی)
داود: دەی ئانا چیرۆکەکەت تەواو بکە..
ئانا: چاوم بەستەوە.. داوام لە دەستە خوشکان کرد لێم نزیک ببنەوە، یەک لە دوای یەک، تا لەتەکمەوە دانیشن.. هەر تەواو وەک ئەمەی ئێستاکە دەیکەم ولێرەدا لە تەنیشتتەوە دانیشتووم، دیارە هەموو بەقسەیان کردم و لەتەکمەوە دانیشتن.. بێدەنگ.. هەرجارەی یەکێک لە هاوڕێکانم دەهاتن، پەنجەکانم بەسەر روویاندا دەهێنا.. لە ناوچەوانەوە دەستم پێدەکرد، ئەوجا چاوەکانی و رووومەتی و دەمی و

چەناگەی.. ئەوکاتە دەمزانی کامیانە، تەنیا جارێکیش چییە هەڵەم نەکرد.
داود: ئاە دانەی دڵەکەم !!
ئانا: هەر هێندە نەبوو، بەڵکو زۆر لەوەش خۆشتر رووی دا. هەرکاتێک لە تاریکیدا دەستم بەسەر روویاندا دەهێنا شادییەکی مەزن لە دڵمی دەدا.. (لەروویدا گەشییەکی پڕ رووناکی سەیر پرشنگی دەدا)
لەوەوپەر هەستم نەکردووە من لەم جۆرە ناسکی و خۆشەویستی و نازدارییەدام.
(ماوەیەک بێدەنگی)
هەر ئەو ئێوارەیە.. بۆ یەکەمین جار هەستمکرد.. کە تۆ بابەگیان چەند قەشەنگی.. دڵم خەبەری دا کە دەستەخوشکەکانم زۆر چاکت دەناسن و، خۆشیاندەوێی.. کاتێکیش پەچەکەم لەچاوان لادا.. سەرنجم لە روویان دا.. وا هاتنە بەرچاوم کە زۆر لێکجیاوازن.. لەسەر گەمەکە درێژەمان نەدا.. دانیشتین و بە هێمنی کەوتینە قسەکردن.. پێدەچو وەک حەوت خوشک بین و هەریەکەمان حەز بکا بۆ ئەوانی دی ببێتە دایک..
داود: (پاش ماوەیەک بێدەنگی دەستی دەگرێ و ماچیدەکا)
ئانا: (لەجێگەی خۆی هەڵدەستێ و لە نزیکی دادەنیشێ)

خودای- گەورەو میهرەبان- خەلاتی کردم کە منی بەتۆ بەخشی.
داود: (ناوچەوانی ماچدەکا، ئینجا دەستی دەگرێ و بەسەری پەنجەکانی چاوی خۆی دەسرێ)
ئەی ئانا بچکۆلەکەم.. خۆشەویستم.(بەبێ دەنگی دادەنیشن وهێلانە دێتە ژوورەوە)
(چرکەیەک بە نیگەرانی و توڕەیی تەماشایان دەکا ، دەیەوێ بە هێمنی بێتە بەرچاو، بە ژوورەکەدا دەڕواو ئینجا بەلایاندا بادەداتەوەو بەتەماشایەک یان بەدوو سەرنجیان دەدا)
ئانا: نا.. ئەوە تۆ لێرەی دایکە..!!
هێلانە: (بە توڕەیی)
بەڵێ لێرەم..
داود: هێشتا هەر بەفر دەبارێ..
هێلانە: لەوێ لەدەرەوە زریانێکی ترسناکی بەفرە.. ئەگەر بەدرێژایی شەو بەفر بباری، ئەوا سبەینێ ناتوانین لە ماڵ دەرکەوین.
شێتەکە: راستە زریانێکی بەفرە.. بەڵام زریانێکی بێوەیە.. لق و پۆپی درەختە کلۆرەکان لەناو دەباو، هەرچی شتێکی مردو بێگیان بێت راماڵی دەکاو لەناو ورگیدا دەیشارێتەوە.
(هێلانە بەرەو پەنجەرەکە دەچێ.. تەماشای دەرەوە دەکا.. دیسان بەلایاندا دەسوڕێتەوەو لە روویان هەڵدەڕوانێ) (بەبێ ئارامی)
داود: زریانی بەفر بارێکی تایبەتیم پێدەبەخشێ، دەتوانم بەوە ناوەرۆکی بێدەنگی هەست پێبکەم.. هەروا توانایەکی سەرسوڕهێنەرم پێدەبەخشێ و هەر بەوتوانایە دەکارم، لەگەڵ بەفرباریندا، زۆر بەچاکی چرپەش ببیستم..
هێلانە: چەند جاران ئەم قسەیەت دووبارە کردۆتەوە.. چەند پێمخۆشە کە دەبیستم ئەم قسانە دەڵێیتەوە..
ئانا: دایە.. ئەوە چۆن وا دەڵێی.. چۆن پرکێشی دەکەی؟ بەفربارێکی تایبەتی بە مرۆڤ دەدا کە بەوە دەتوانێ ناوەرۆکی بێدەنگی هەست پێبکا..
هێلانە: (رووی قسەکەی دەکاتە ئانا)
بەسییەتی چەنەبازی.. تۆ ئەم قسانەدەکەی تا پێتبڵێن زیرەکە.. توتییەکان بەهیچ جۆرێک زیرەک نین.
(ساتێکی بێدەنگی)
باشە باڵێرەدا مەسەلەکە ببڕینەوە.. ئێستەش باشتر وایە بڕۆیتە سەر جێگەکەت.. منیش سۆپەکە چاردەکەم..
داود: نەمزانی هێندە درەنگە.. ئانا هێندێ شیعری بۆ دەخوێندمەوە.. هیچ هەستمان بە درەنگبوون نەدەکرد..
(روودەکاتە ئانا.. دەستی دەخاتە سەر سەری)
هەستە بە قوربان برۆ بۆ سەرجێگەکەت.. شەوێکی شادو خەوێکی خۆش.. !
ئانا: شەوباش بابەگیان !
(تەماشای لای دایکی دەکات و بەدەنگێکی جیاواز شەوباشی لێدەکا)
ئانا: شەوباش.. دایە..
هێلانە:(بە ساردییەوە) شەوباش ئانا..
(ئانا لەسەرخۆ بە پێپیلکەی قاتی سەرەوەدا سەردەکەوێ، جارێک و دووجار ئاوڕ دەداتەوە.. رووی داودیش کە بەرەولای ئەو وەرگەڕابوو بەرەو ژوور وەردەگەڕێ.. بەچاوی نابینای سەرنجی هەنگاوەکانی دەدا.. هێلانەش بە دڵەڕاوکەو نیگەرانییەکی ئاشکراوە بەژوورەکەدا دێت ودەچێ)
ئای کە زریانێکی سەخت و گرانە..
(ماوەیەک بێدەنگی)
داود: وایێدەچێ ئەمشەو زۆر ئاڵۆزو توڕەبیت.. وا نییە هێلانە؟ دەبینم بەجۆرێکی سەیرو توڕە بە ژوورەکەدا دێت ودەچێت؟! (لەناکاو دەوەستێ و.. جووڵە ناکا..)

نه، هیچ تورەنیم.. بەڵکو لەسەرخۆم.. هەست پێناکەی چەند هێمنم.. تۆ خۆت دەڵێی بە ئاشکرا هەمووشت دەبیستی..

داود: (بە هێمنی) نە... هەمووشت نا.. دەتوانم تەنیا هەندێ چرپە لە تاریکیدا ببیستم.. تەنیا هەندێ چرپەویەس !!

شێتەکە: مرۆڤ شایانی چییە تا جگە لە چرپەش ببیستێ.. تەنیا ئەو چرپە چرپەی گوێ دەیانچنێتەوە..

(داود لەجێگەکەی هەڵدەستێ.. لەسەرخۆ بەرەو پێپلیکەکان بادەداتەوە.. هێلانە بە جوڵەیەک لە دەست و باڵیکی، خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ .... لەسەرخۆ بەرەو قاتی یەکەم سەردەکەوێ..)

– هێلانە شەوباش.!

– شەوباش داود.!

(بەدەنگێکی پڕ لە مانا)

– هیوادارم زۆر بەباشی خەوت لێبکەوێت.

شێتەکە: پیاو چۆن دەتوانیت بخەوێت! لەشەوێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێدا.. بۆ کەسێک کەوتبێتە ناو زاری کێوێکی ئاگرینی تەقیو، چۆن دەتوانێ بەئاشتی خۆی بەدەست پاشای خەو بسپێرێ! کێ دەتوانێ چاوەکانی لەسەر یەکنێ ، لەکاتێکدا دڕک لەسەر پێڵوەکانی داڕوابن.!

(پاش ئەوەی داود لەبەر چاو ونده‌بێ، هێلانە هەناسەیەکی خۆشحاڵی هەڵدەکێشێ، ئینجا دەچێ پەنجەرەکە دەکاتەوە، تەماشای دەرەوە دەکات وبە لەپی دەستی دەم وچاوی خۆی لە کلوی بەفر دەپارێزێ.. کاتێک لەدەرەوە کەس بەدی ناکا، پەنجەرەکە دادەخاو دەگەڕێتەوەوتەماشای کاتژمێرەکەی دەکاو لەبەرخۆیەوە دەڵێ: هێشتاکات لەدوانزە نزیک نەبۆتەوە.

(دەستدەکاتەوە بە ڕێپێوانی ژوورەکەو دێت و دەچێ)

شێتەکە: خاتمەکەم.. هەر لە ڕۆیشتنیە.. بێگومان دەگەیتە شوێنێک زۆر لەم جێگەیە دوورترە، هەردەگەیتە شوێنێکیتری جگە لەم شوێنە..

* * *

(سەعاتی دوانزەی شەو لێدەدا.. ئەودەم هێلانە خێرا سێ مۆم دادەگیرسێنێ و، لەسەر مێزی نزیکی پەنجەرەکە دایاندەنێ)

(لەپەنجەرەکەوە بەناو زریاندا تەماشای ئەو منارەیە دەکا کە ڕێگە بە کەشتییە ونبووەکان نیشاندەدا)

(کاتێکی بێدەنگیی قووڵ)

(هێلانە گوێ بۆ دەنگێکی زۆر نزم ڕایەڵ دەکا.. چاو لەدەرگاکە دەبڕێ..)

ئای کە زریانێکی نالەبارە..

(کاتێکی بێدەنگی)

لەسەرخۆ بە بێدەنگییەکی تەواو دەرگای دەرەوە دەکرێتەوەو، ئینجا دەرگای ژوورەوە دەکرێتەوە..

کینگدون دێتە ژوورەوەو بەبەفر داپۆشراوە.. خێرا هێلانە بۆلای ڕادەکا..

هێلانە: ئاە... خۆشەویستەکەم.!!

کینگدون: (بەدەنگێکی نزم) دەمێکە لەوێ هەر چاوەڕوانم، وامدەزانی ئیوەشەو هەر نایەت.

(دەردەچێتە ڕاڕەوەکە.. پاڵتۆیەکەی و ملپێچ وتەپلەکەی دادەنێ)

تا ناوقەدم لەبەفردا بووم.. وامدەزانی ڕووناکیی بەیان، پێشبینینی مۆمە داگیرساوەکانی پەنجەرەکە، دەردەکەوێ..

هێلانە: (لەگەڵ خۆی دەیباتە ڕاڕەوەکەو لەتەکییەوە دادەنیشێ)

بە خەیاڵت گیانەکەم، تەماشای ئەو بارە نالەبارە بکە کە تێی کەوتم.. تۆ لەدەرەوەبووی لە ناو زریانداو، منیش لێرە لەگەڵ ئەم دوو گیانلەبەرە سەیرەدا! ئیتر کینگدۆن، توانام نە ماوە بەرگەی ئەم هەمووئازارە بگرم.

کینگدۆن: دەنگت نزمکەرەوە.. لەسەرخۆ.. ڕەنگە گوێیان لە قسەکانمان بێ.. بە چرپە بڵێ.. بە چرپە..

هێلانە: (قسەکانی داودی دەربارەی چرپە دێتەوە یاد..

– ئەو کیژە لەلاشەمە – نابینا بووە. لاسایی ئەو نابینایە دەکاتەوە. هەرچی دەکا ئەمیش وەک ئەو دەیکاتەوە. بەدەوری ماڵەکەدا دەسوڕێتەوە، دەست بەسەر کورسییەکاندا دەهێنێ.. بەدەست هەست بە کورسییەکان دەکا.. هەروەک بەڕاستی کوێرو نابینابێت وئینجا هەر وەک کوێران قسان دەکاو وامدێتە بەرچاو کە دەنگی- هەندێک جار- لە قوڵایی تاریکییەوە هاتبێ. کاتێکیش لەگەڵیدا بیت باسی شێوەکان و ڕەنگیان ناکات... بەڵکو دەربارەی سازو ئاوازو هەستەکانی بونکردن و بەرکەوتن و پێشبینی..

(لاسایی شێوەی ئانا لە قسەکردندا دەکاتەوە) واملێهاتووە چەندم ڕق لێیەتی. بەڵکو چەند ڕقم لە هەردوکیانەو ڕقیشم لەو دنیایەیە کە تێیدا دەژین.. کە ئەوە هەر هیچ دنیا نییە، بەڵکو تەم وتومانە. هیچ شتێک وەک ئەم چەشنە ژیانە نییە جگە لە خەو بینینی تاریک وخەیاڵی بێبنەوان و ساختە، نەک ڕاستییە

چەسپاوەکان.
ئیتر لە توانامدا نەماوە ، ئەگەرچی بۆ تاقە رۆژێکیش بێ ، بەرگری ئەم چەشنە ئازارە بگرم، کە وای لێهاتووە خەریکە شێتم دەکا.
(هێلانە تەماشای کینغدون دەکاو دەست لە ملانی دەکا) لەگەڵ خۆتدا بمبە کینغدون لەم تاریکییە دەربازم بکە.
کینغدون.. چۆن دەتوانم! ناتوانم هێلانە لەم جێگەیە دەربازت بکەم. ئینجا دوای ئەوە بۆ کوێ دەتوانین برۆین؟ چاوەڕوانم بکە. ناتوانین رابکەین. ئەگەر رامانکرد خەلکی چیمان پێدەڵێن؟
هێلانە: جا بۆچی گوێ بدەینە قسەکانیان؟ من قسەی کەسیانم بەلاوە گرنگ نییە. تەنیا ئەوەی بەلامەوە گرنگە بەختیاریی خۆمەو... بەختیاریی تۆیەو بەس، خۆشەویستیمانە.
پێمبڵێ خەلکی چی دەتوانن لەسەرمان بڵێن؟ ئایا دەڵێن هێلانە رەجەبی لەو بەرپرسییە کوێرانەیە کەلەسەرشانێتی دەستی بەرداوە؟ باشە با وابێت.
منیش دەڵێم هێلانە رەجەبی وازی لە داودی مێردی هێنا. چونکە ئەویش وازی لێهێناو، لایەنگیری و ژیانی خۆی بۆ ئانای کچی تەرخانکرد.
شێتەکە: ئای خانمە جوانەکەم چەند جار لەم ماڵەدا دەرچویت؟ چەند جاریش واتیپیشان دا کە لەناو ماڵەکەو لە نێوان دیوارەکانیدا ماویتەوە.
کینغدون: رەنگە زۆر شتی تریش بڵێن. بۆ نمونە رەنگە بڵێن گەنجێتی و لاوێتی وایان لە هێلانە کرد بەدوایاندا بگەڕێ. ئای کە چەند هەڵەیەکی گەورەیە ئافرەتێک بۆ پیاوێک بگەڕێ زۆر لەخۆی بچوکتربێت . یاخود چەند لەتوانایدا بێت هەوڵی خۆ لێنزیکخستنەوەی بدا.
(لەناکاو لەقسەکردن دەوەستێ و ئینجا قسەکەی تەواودەکا)
بمبورە هێلانە.. من هەر ئەوە دەڵێمەوە کە خەڵکی لەسەرمان دەیلێن.
هێلانە: (لوتی بەرز دەکاتەوە)
ئای خوایەکیان چۆن پرکیشی دەکەی وقسەی وا دەکەی؟
بەڵکو من وا هەستدەکەم لە هەموویان بچوکترم. تەنانەت لە کچەکەیشم بچوکترم. بەڵکو ئافرەتەکە خۆی پیرەو بەساڵا چووە. هەردوکیان پیرن. لە دوو کەسی ناو رۆمانێکی دڵداری دەچن. هەردوکیان پێکەوە لەسەر ئاوازی دێرەکانی رومانەکە دەجولێنەوە نەک لەناو ماڵەکەدا. لەسەرخۆ دێن و دەچن. لەسەرخۆ قسانەدەکەن، هەر کارێکیش دەکەن زۆر بە لەسەرخۆیی کە بەڵگەی پیربوونیانە. ئاە کینغدون تا ئێستا هەستت نەکردووە من چەند بچکۆلەم؟ وابزانم تۆ چاک ئەوەش دەزانیت ، کە چەند گەرمی لە هەناومدا دەجۆشێ.
کینغدون: (لە شوێنەکەی هەڵدەستێ وباوەش بەهێلانەدا دەکا) بەڵێ بەتەواوی هەست بەوە دەکەم. من تەنیا، بەڵکو هەر نەمویستووە ببمە هۆیەک بۆ ناخۆشیی کەسێکیتر. هەردوکیشمان لەبەر هەر هۆیەک کەسمان نایەوێ رووداوێک لە ناوبانگی کەمکاتەوە، تەنیا هێندەی نەمابوو بیربکەمەوە کە.....
(لەناکاوێکدا لەقسەکردن دەوەستێ. ئینجا گوێ دەگرێ... تەماشای یەکتری دەکەن... کابرا بە چرپە لەسەر قسەکانی درێژە دەدا)
گوێت لە ترپەی پێیە؟
(هەڵدەستێتە سەرپێ و بێدەنگ وبێجوڵە رادەوەستێ... گوێرادەگرێ بۆ ترپەی پێی رۆیشتن لەسەر زەمینەی نهۆمی سەروتردا... دەنگی هەنگاوەکان بەرەبەرە زیاتر دێتە گوێ)
هێلانە: (بە چرپە دەڵێ- ئینجا دەست دەخاتە سەر دەمی کینغدون، بەدەست پێی دەڵێ بچێتە گۆشەی ژورەکەوە، نزیک تاقی کتێبەکان.. ئەوا داودە کوێر هات!)
(کینغدون لەسەر پەنجەی پێ دەڕوا. هەنگاوەکانی داودبەرەو یەکەمین پێپیلکەی نهۆمی سەرو دەچێ... هێلانە لە ناوەندی ژورەکەدا رادەوەستێ و لەوپەڕی شڵەژان و گوێ پێنەداندایە. داود لە پێپیلکەکانی لایسەرووڕا دەردەکەوێ، دەست بە هاتنەخوارەوە بۆ نهۆمی زەمین دەکا، زۆر لەسەر خۆو بە هێمنی، بە ئاشکرا دیارە کە هەر هەنگاوێکی دەینێ زیاتر دەبێتە مایەی شڵەژان و دەمارگرژی هێلانە.. ئەوجا داود بۆ چرکەیەک لەهاتنە خوارەوە دەوەستێ، دوای ئەوەی شەش یان حەوت پلە هاتۆتە خوارێ).
داود: هێلانە تۆ لەوێی.. خانم لەوێیە؟
هێلانە: بەڵێ من لێرەم، لەچی دەگەڕێی؟
بۆ لەم کاتە درەنگەدا تۆ لێرەی؟
(داود دێتە خوارەوە تادەگاتە دوای پلەکان)
(لەسەر لاپەڕەی هەردوو چاوە کوێرە گەورەکانی دەربڕینێکی نوێ دەردەکەوێ)
ئا لێرە لەم ژوورەدا هەرخۆمانین بەتەنیاین؟ ئاخۆ بەتەنیا تۆو من لەم شوێنەداین؟
هێلانە: بەڵێ ئێمە بە تەنیاین.. مەبەستت چییە؟
داود: (بەدەوری خۆیدا دەڕوانێ)
ئەمە چەند شتێکی سەیرە. لێرەدا هەموو شتەکانم

سەیر دێنە بەر چاو.

هێلانە: بۆچی سەیرن؟

(جارێکیتر بەرەولای کتێبخانەکە وەردەگەڕێ. بۆ ئەو شوێنەی کینغدون لێیوەستاوە...

هێلانە ئیشارەتی کینغدون دەکا کە بە بێدەنگی شوێنەکەی بگوێزێتەوە، ئەویش وادەکا)

سەیر لە چیدایە داود، تۆ چیت دەوێ؟

(زیاتر بەرەو لای کتێبەکان دەڕوات)

بۆچی تا ئەم رادەیە سووریت لەسەر ئەوەی بزانیت چیمدەوێ؟ باشە من بۆ ئەو کتێبەی موسیقا هاتووم بۆ ئێرە کە بۆ کۆمەڵەی نا بیناکانم ناردبوو، لە یادم چووبوو بۆ ژوورەکەی خۆمی ببەمەوە. وا بزانم دەتوانم لەناو کتێبەکاندا بیدۆزمەوە، ئەگەر(ئانا)لەگەڵ خۆیدا بۆ جێگەی نووستنی نەبردبێ.

هێلانە: (بەتوڕەییەکی بێدەنگەوە) تو خودا پێمبڵێ.. ئانا بۆچی کتێبەکەت بۆ ناو جێگەی نوستنی دەبات؟

(داود وەڵامی پرسیارەکەی ناداتەوەو بە شێنەیی لەسەر بزوتنەوە بەردەوام دەبێ)

شێتەکە: چونکە، ئەی خانمە جوانەکە، دەیەوێ زمانی شەو فێربێ، هەر وشەیەک لە وشەکانی زمانی شەو ئەستێرەیەکی درەوشەدارەو- تەنیا پەروەردگار خۆی- دەتوانێ رستەیان لێ دروست بکا..

(داود دەست لە کتێبەکانی سەر تاقەکە دەدا.. یەکێکیان لێ هەڵدەگرێ و دەیباتە ناوەندی ژوورەکەو دەیخاتە سەر مێزەکە)

(پاش ماوەیەکی کورت)

داود: هێلانە تۆ پێتگوتم ئێمە هەردوکمان بەتەنیا لەم ژوورەداین ، هەر خۆت و من؟

هێلانە: چەند پرسیارێکی نابەجێیەو لەمەوبەریش پێمگوتیت ئێمە بە تەنیا لێرەداین.

داود: ئەگەر راستبێ ئێمە هەرخۆمان بەتەنیا لێرەبین، ئەوە مانای وایە ئەم ماڵە خێوی تێدایە.

من وا هەستدەکەم کەسێکیتر لەم ژوورەدا لەگەڵمانە.. کەچی تۆ هەر دەڵێی بەتەنیا خۆمانین..!

(بە دوو چاوی نابیناوە چاو دەبرێتە رووی کینغدون)

زۆر سەیرە کەسێکیتر لەم شوێنەدا لەگەڵمان بێ. بۆچی هێلانە تۆ باوەڕت بەخێو هەیە؟

(ماوەیەک بێدەنگی)

بەراستی شتێیەکی زۆر سەیرە، پێویستە ئەو کەسەیتر، پێش ئەوەی ئەم شوێنە بکاتە ماڵێکی خێودار، لەناو بچێ. خەڵکی ئەم گەرەکە هەموویان نوقمی خەوێکی خۆشن.

شێتەکە: دەی سا ئەی پاسەوانی شەو، برادەر.. ئاخۆ نازانیت کە مردووەکان شەو وا لێدەکەن پڕبن لە خێو؟

(هێلانە لە داود نزیک دەکەوێتەوە، خۆی بە نەرم ونیان و ئێسک سووک دەردەخا.. ئینجا بەدەنگێکی نائاسایی دەکەوێتە ئاخاوتن)

هێلانە: وادیارە تۆ زۆر ماندووی خۆشەویستەکەم. بۆچی ناچیت بۆ جێگەکەت؟ ئەویش کتێبەکەتە. لەگەڵ خۆتی ببەو بڕۆ بۆ جێگەی نووستنت. خەوێکی خۆش و قوڵی لێبنو.

داود: بەڵێ، دەبێ زۆر ماندوبم.

(بەچەشنێکی دراماتیکی لە شوێنی خۆی دەکشێتەوە... گوێ لە دەنگی رەشەبای دەرەوە دەگرێ)

گەردەلوولەکە گیانێکی ونبووی بۆ ناردی. دەتوانین لە پێناویدا چی بۆ بکەین؟ خۆ ئەگەر هەست بە سەرماش بکا ئێمە ناتوانین پەناگەیەکی پێشکەش بکەین. ئەگەر برسیش بێ ناتوانین خواردنی بدەینێ. لاشەش لەسەر لاشە نەبێ ناژی.

مرۆڤ چی دەتوانێ لە ئاسایش بەولاوە بە براکەی پێشکەش بکا. بەلام ئەم گیانە نێردراوە بۆ ئەم شوێنە، ئەم خێوەی لێرەدایە، ئەم گیانەی لەگەردەلولا ونبووە . دەتوانین چی پێشکەش بکەین؟ ئەی گیانەکان ئێوە چەند گوناحن؟

هێلانە: (زۆر هەوڵدەدا نەقیژێنێ) تۆ باسی شتی سەیر دەکەی. بەسە ئیتر تکایە باسی خێوو گیان وشتی وا مەکە. ئیتر کات درەنگە. پێشمگوتی دەمەوێ لێرە بۆ ماوەیەکی کورت بەتەنیا بمێنمەوە.

داود: نێ دەی باشە باوابێ، دەتەوێ بەتەنیا بمێنیتەوە؟

هێلانە: (زۆر بە توڕەییەوە)

ئاخ لەدەست تۆ ئەی ئێسترە کوێرەکە، لە چاوی کچەکەمەوە دەشمبینی... لێرەنین... با بێن. با هەموو کچێکی جامبازی توخمی ئافرەتێکی جامباز بێنە ئێرە..

(ئانا لەسەر پێپیلکەکەوە دەردەکەوێ، کراسێکی پان وپۆڕی درێژی لەبەر کردووە، پرچە درێژەکەی بەسەر شانیدا پەخش کردووە. بەدەوری خۆیدا دەڕوانێ، هەڵوێستە سەیرەکە دەبینێ ئینجا لەناکاوێکدا دەگیرێ)

داود: ئانا تۆ بۆ ئێرە دێی؟

(ئانا لەیەک کاتدا دوو یان سێ پلیکە دێتەخوارەوە.. تەماشای دیمەنی بەرچاوی دەکاو بە شانگرانی و لەسەرخۆ دێتە پێشەوە)

ئانا: ئەوە خۆمم.

(کاتێک دەگاتە دوا پلە، لە داود دێتە

پێشەوەولەتەنیشتییەوە دەوەستێ، لەکاتێکدا هێلانەو کینغدون وەکو بت دەوەستن ولە ترسا رەنگیان زەرد دەبێ.

داود:(بەرەو رووی ئەو گۆشەیەی کینغدۆن لەسەر زەمینەکەی راوەستەوە )

ئانا پێمبڵێ لێرە لەم ژورەدا کێ لەگەڵمانە؟ پێمبڵێ کێ لێرەدا لەگەڵمانە؟

(هێلانەو کینغدون بەراوەستاوی وبێ جووڵە دەمێننەوە، وەک چاوەڕوان بن گەر بروسکەیەک لە ئاسمانەوە لێیان بدا )

ئانا: (بەتێکەڵ وپێکەڵی ولەسەرخۆ)

کەس لێرە نییە ئێمە هەردووکمان نەبین.

(هێلانە وکینغدون بە شەلەشەل جێگەکەیان دەگوێزنەوە، وا دێنە بەرچاو وەک بیانەوێ خۆ لەکەوتنە سەرزەوی بپارێزن)

داود: سەری بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە و دەقیژێنێ:

خوایەگیان...! ئاخۆ کەسێک لەم دنیایەدا نییە

بتوانی ئەوی من هەستی پێدەکەم ببینێ ؟

دەی ئانا پێمبلێ... لەم ژووردا کێ لەگەڵماندا وەستاوە؟

ئانا(کەمێک بیر دەکاتەوە ئینجا دەستی دەگرێ)

کەس لێرە نییە لە ئێمە زیاتر.. کەس لێرە نییە.

شێتەکە: راستیی خۆی دەدوێ.. راستیی زۆر بە قەشەنگی وجوانی دەدوێ کەلە هەموو پێدا هەلگوتنێک تێپەڕ دەکەن .

داود: (بە ئانا دەڵێ)

لەو باوەڕەدا بووم تۆ دەتوانی ئەوی من هەستی پێدەکەم ببینی.. بەلام وا ئێستا بەتەنیا وەستاوم، نەک لە تاریکیدا... چونکە دووچاوە مردووەکەم گیانی پیاوێکی مردوو لەم خانووەدا دەبینن.

(لە ناکاو دەست لەسەر شانی ئانا دادەنێ)

ئاخ.. دەتوانم هەست بکەم بە رادەی بەزەیی چاوەکانت کە ناتوانن و بۆیان ناکرێ ئەم جۆرە شتانە ببینن...

ئانا: (بەهێمنی)

بابە پێمگوتی لەم شوێنەدا کەسێکیتر نییە. لەهەردوکمان بەولاوە کەسێکیتر لێرە نییە.

(لەناکاوێکدا داود بۆ دواوە وەردەگەڕێ.. دەرگاکە دەخاتە سەرپشت.. پاش ئەوەی دەست بەرزدەکاتەوەو بە پەنجەش بەرەو رووی کینغدون ئیشارەتدەکا، بەزمانێکی فەرماندەرانە دەڵێ)

لەم دەرگایەوە بچۆرە دەرەوە ئەی گیانە شەڕخوازەکە، لێرە دەرچۆ ئەی گیانی پیاوێکی مردو، دەرکەوە بۆ دەرەوە، هەرگیز بۆ ئێرە مەگەڕێوە تا جارێکیتر وەک ئەمجارە نەکەیت وبەرگی من نەپۆشیت.

(کینغدون هەنگاوی پڕ تەگەرەی بەرەو لای دەرگاکە هەڵبڕی، سەرەڕای ئیشارەتکردنی هێلانە کە هێمنی خۆی بپارێزێ. پاڵتۆو ملپێچ و تەپلەکەی لەگەڵ خۆی دەباو دەردەچێ، لەکاتێکدا لەدەرەوە بۆ ناو ژوورەکە، زریانێکی بەفر هەڵدەکا. هێلانەش بەرەو دەرگاکە دەردەپەڕێ وپاڵتۆکەشی پێیە. بۆ چرکەیەک ئاوڕێکی دواوە دەداتەوە)

هێلانە: (بەدەنگێکی وەک قیڕەوە)

ئەی ئێسترە کوێرەکە، وا منیش لێرە دەردەچم.

(ئانا ئەمە بەدەست راوەشانێکی وەک هەڕەشەوە دەڵێ)

تۆش ئەی جادوگەر.. دزێکی شارەزای.. لێرە بمێنەوە، ئەگەر توانیت لەتاریکیدا لە ژێر چارشێوی ئەم شەوە هەمیشەییەدا بمێنەوە.

(هێلانە دەچێتە دەرەوەو دەرگاکە پێکدا دەدا )

ئانا: لێرە لە ئێمە هەردوکمان بەولاوە کەسێکیتر نەبوو بابەگیان.

(ئینجا دەست دەنێتە سەرشانی داود. تەماشایەکی سەرەوە دەکا.. داود لەدەرگای ناوەوە دەچێتە ژوورێ و دایدەخا )

داود: ئانا من هەر ئێستا ئەمەم هەست پێکرد.

شێتەکە: بایەکە شوێنەواری پێیان لەسەر بەفرەکە دەسڕێتەوەو، ئەم بەفرەش دەتوێتەوەو بەهاریش دادێ، دۆستەکەم! لەبەهاریشدا گوڵی کێڵگەو باخچەکان دەکرێنەوە تا تیشکی خۆریان لێهەڵبێ، سەرنجیان بداو رەچاویان بکا......

تەواو بوو

شانۆنامەی

# زیندوبوونەوە

نووسینی: مەمدوح عەدوان
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: مەهدی جاف

( دیمەن گۆڕستانێکە ، دەنگی ئەکتەرەکە بە شێوەی گۆرانی گوتن لە پشت کەوالیسەکانەوە دەبیسترێت ، بە دەم گۆرانی گوتنەوە کە ووشەکانی باش نایەنە گوێ ، دێتە گۆڕستانەکە. کۆڵەپشتێکی پێیە، دیمەنی جلەکانی پەڕوپوت و پیسن، قژی ئاڵۆزکاوە ، تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبێت ، بوقێکی شێوە سەیری بە دەستەوەیە ، فووی پێدا دەکات و پاشان بە شێوەیەکی سەیر نیگای مانگ دەکات ) ئەی مانگەکە ئاوا دەبیت و جارێکی تر سەر لە نوێ هەڵدێیتەوە ؛ ئەرێ بۆچی مرۆڤ بۆ هەر کوێ یەک کۆچ بکات تۆ بە دوایەوەیت ؟ ئەی بۆچی دوای من کەوتویت و لێم نابیتەوە .... ئاخ .... هاوڕێیەکیش نیت تا ڕازەکانی خۆمت بۆ هەڵڕێژم ، ( دێتە سەر ڕێگاکە و دەیەوێت بەرەو ماڵەکانی بەرامبەری ڕێ بکات ، هەر وەک ئەوەی خەڵکەکە ئاگادار بکاتەوە فوو بە بۆقەکەدا دەکات ) لەم مەیموونە بێزار بوون . ( جارێکی تر فووی پێدا دەکاتەوە ، هەوڵ دەدات بڕوات ، کۆسپێکی دێتە ڕێ و خەریکە بکەوێت ، بەزەحمەت بارە ناسایییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە ، ناچار دەبێت کە کۆڵەکەی دانێت ، دەکەوێتە سەر ئەژنۆ ) ئەمەش گۆڕێکی تر ، ئەوەش گۆڕێکی دی .... ئەوە دوانی تر ....ها ...ها... واتە من گەیشتمە جێ . ئەمە گۆڕستانەکەیە ، ئەمە شارەکەیە . ( دەڕواتە ناوەندی ناوەند و ڕو لە مانگ دەکات ) ئای چی ڕویدا ؟ ئەی مانگەکە ئەمە بۆ تەنها بەشی ئێمە بێت ؟ تەنانەت ڕووناکیەکەی تۆش بە تەواوەتی ناگاتە سەر ڕێگاکە ، تۆش بێ هێز و شەرمەزاری ڕوداوەکانی ؛ بۆ وەڵام نادێیتەوە ؟ مەترسە چی لە دڵتدا هەیە بیڵێ . ئەوەک دڵت بتەقێ و تۆشمان لە کیس بچێت ، ( کەمێ بێدەنگی ) لەوەدەچێت تۆشیان کڕیبێت . ( هەست بە بێزاری دەکات ، دەچێتە لای گۆڕێکەوە ) ئەمیش بێ دەنگە .
( دەستی بەسەر چاویەوە دەگرێ و بەناو گۆڕستانەکەدا دەگەڕێت ، بۆ ئەوەی ڕێگاکە بدۆزێتەوە ، دێتە نزیکی بینەران ) ئەرێ گۆڕستانەکە هەر ئەوەندە بوو ؟ ئەی گۆڕەکانی تر کوان ؟ پارچەکانی لەشیان کەم بوون ؟
( کەمێ بێ دەنگی ) عادەت بوو خەڵکی لەوە بترسن ئێسکەکانی مردوویەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزنەوە .. ئەمە ئارەزوویەکی سەیرە ، بەدرێژایی ژیانمان ئاوا نرخی گۆڕی مردووەکانمان لایە ، بۆشیان دەژین چەندەها گیر و گرفتیش بۆ ئەم مەسەلەیە دروست دەکەین . ( لای گۆڕێکەوە دادەنیشێت ) ماوەیەک لەمەو پێش شارەوانی شار بڕیاری دا کە ڕێگایەکی نوێ بۆ شار لێ بدات ، ڕێگاکەش بە نێو گۆڕستانەکەدا تێ بپەڕێت ، خەڵکی شاریان ئاگادار کردەوە بەپەلە مردووەکانیان بگوێزنەوە ، هەر ماڵە و ئێسکی مردووی خۆی لە گۆڕ دەرهێنا و لە سندووقێکیان هاوێشت ، لە ڕێگا دوو عارەبانە بەر یەکتر کەوتن و دارمەیتەکان بەر بوونەوە و ئێسکەکانیش تێک و پێک شکێنران و تێکەڵ بە یەکتر بوون و خاوەنەکانیان بەربوونە یەکتری ، ئەمە ئێسکی مردووی ئێمەیە ... نەخێر هی ئێمەیە ... ئەمە ئێسکی باوکەمە ... نەخێر ئەمە ئێسکی پورمە ، پاشان بەگژا چوون و لێکدان . ( هەر وەک ئەوەی ووتار بدات ) ئاگاداری ... ئاگاداری ... مەترسن بارەکە ئاساییە ، ئەمجارە چەند کوژراوێک و هەندێک بریندارمان هەیە . لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو خێزانانە لەسەر ئێسکی مردووەکانیان کێشمە کێشمەیانە . ئەوەکانیشی گرتەوە . ( بزەیەک دەیگرێت ) زیندووەکان لە پێناوی مردووەکاندا خەبات دەکەن ، بە زۆر کۆچمان پێ دەکەن و ڕاومان دەنێن و پاشماوەکانیشمان بە بیلدۆزەر خاپور دەکەن ، کەچی هەندێک بۆ دەنگ و هەندێکی تریش ترس بەر چاویان دەگرێت ، هەندێکی تریش ... هەندێکی تریش ...
( سەری دێتە ژان ، توند دەستی بە سەریەوە دەگرێت ) ئەوان خەڵک ڕادەهێنن چاودڕوانی مردن بکات ، کوشتن و قڕانکردن کاری ڕۆژانە و ئاسایی بێت وەک ئاو

خوادنەوە ، داهاتووشمان ... داهاتوشمان گۆڕستان بێت ، کام گۆڕ ؟ هەموو ماڵێک لێرەدا زیاد لە چەند گۆڕێکی هەیە . منیش دەزگیرانەکەم و بارام و ( بەناو گۆڕەکاندا دەگەڕێت ) پیرۆزبایتان لێ دەکەم . پێویست بوو هەر دوو کەس و چەند کەس لە ژوورێکدا بژین ... لێرەش هەر دە کەس و سەد کەس گۆڕێکیان بەسە ،
( وەک ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە ) خەڵکینە لێم مەگرن ، بیرم چوو سڵاوێکی گەرمتان لێ بکەم ، بارە دەروونیەکەم لە بەر چاو گرن ، پیرۆزبایی ڕزگار بوونتان لێ دەکەم . ئەی کەس و کارەکانتان کوان ؟ ماڵ و منداڵ بۆ کوێ چوون ؟ زیندووەکان بێ سەر و شوێن و مردووەکانیش مردوو . ( بە گۆڕەکان ) ئایا ئەوانیش لەگەڵ ئێوەدا گۆڕ کران ؟ هەموومان بەرپرسیارین لەوانەی کە ڕوویاندا ، هەموومان بەر پرسیارین لەوانەی کە ڕوودەدەن . بەڵێ ، ئێستا کاتی ئەوەیە هەرکەس بە چالاکی ڕۆڵی مەردانەی خۆی ببینێت ، بەر لە هەموو شتێک پێویستە یاسا و دەسەڵاتی میلیشیات گۆڕ بە گۆڕ نەفرەتی بکرێت و دەسەڵات و بریار بدرێتە دەست مردووەکان ، ئەو مردوانەی کە بە ئامیرد بوون . ئاخر ئەمە چۆن دەبێت ؟ کێ حساب بۆ کێ دەکات ؟ ( بە گۆڕەکان ) کێ گوێی لێ گرتن و کێ گوێ لە ئەوەکانتان دەگرێت . لێرە پێشپڕکێیە ؟ پێشپڕکێی دەسەڵات بە دەست گرتنە ، بۆ ئەو مەبەستەش هەر جارەی بەرگێکی ئایۆلۆژی دەپۆشێت و هەر جارەی شوێنێک بە قیبلە دەکات ، هەموو جارێکیش پشتی لە ئێوەیە ، تەنها جارێک نەبێت ، ئەو جارەی کە پێویستی خوێنی ئێوە دەبێت .
( لای گۆڕێکەوە دادەنیشێت ) لەوە دەچێ ئەمە گۆڕی باجی هەتاو بێت ، باجی هەتاو ڕەمزی دایکێکی خۆگر بوو ، لە جاری یەکەمدا مێردەکەی و تاقە براکەی شەهید بوون ، لە جاری دووەمیشدا هەردوو کوڕەکەی . ئەگەر باجی هەتاو بیزانیایە بۆ ئەم ڕۆژ و پێشپڕکێی ئەم چەند کەسە دەبێت دەیهێشت کەسێکی خوێنی برژێت ؟ ( بە پەلە سەیری دەروو و بەری خۆی دەکات ) وا دەردەکەوێت هەست بەوە ئەکەم ڕێگاکە بدۆزمەوە ، نازانم چیم بەسەر دێت ؟ غەزەب لێگرتووەکان ڕێگاکەیان لێ وون کردووم ، کوێریان کردووم ( ئاوڕ بۆ ماڵەکان دەداتەوە ) ئای کە شارەکە گەورە بووە ، ئەمە کارێکی باشە بۆ ئایندەی خەڵکی ، ماوەی چەند ساڵێک لەم شارە دوور و ئەوا بۆ یەکەم جار دوای چەندان ساڵ سەردانی ئێوە دەکەم ، ئەو چەند ساڵە پڕ لە ئازارە هەر بە خەو و خەیاڵ شارەکەمم دەدی ، ئێستاش شار شار نیە و گۆڕستانێکە بۆ خۆی .
لێم مەگرن تاوانی خۆمە ، نەمدەتوانی بگەڕێمەوە ، بەڵام ئەم جارە بار و دۆخێکی وا بارودۆخێک کە هەتا سیاسەتدارەکانیش ( پێکەنینی دێت ) لە بڕوایاندا نەبوو . خولقا ، بگەڕێمەوە . هەرچۆنێک بێت ، هەر وەک دەزانن من لە دڵەوە شانازیتان پێوە دەکەم ( لە بینەرێک نزیک دەبێتەوە و ماچێکی دەکات ) ها ئەوە ماچێکی یەکەم کەستانم کرد ... لێم ببوورن ، ئەمشەو لاتان دەمێنمەوە و شەوێکتان لەتەکدا بەسەر دەبەم ، هەر لێرەش دەخەوم ، هەرچەندە خەویشم لێ ناکەوێت . نا ، ناخەوم لە گۆڕستانەکەدا ئەوەک خەوە کابووسیەکان ببینم .. خەونە ترسناک و حەساسەکان ... هەرکە خەوم لێ کەوێت یەکسەر دایکم دێتە خەوم و لێم دەبێتە کاروانچیەک و لەسەر هەموو ڕێگایەکدا لێم قوت دەبێتەوە و زۆر بە غەمناکی و سەرسوڕمانەوە لێم دەپرسێ ، کوڕم بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ ( بە بێزاریەوە ) دایە دەڕۆم و خۆشم نازانم بۆ کوێ دەڕۆم ... ئاخ ئەم دڵە بۆ ئەوەندە بێ سۆز بووە ، هەر وەک ئەوەی خودا دایکی پێ نەبەخشیبم ... بیرم چوونەتەوە ... نا نا ئێوەم هەمیشە لە یادە ، بەڵام توانایی ئەوەم نیە یادتان کەم ، مردم ئەوەندە ... ( کەمێ بێدەنگی ) دوور نیە نیشتمان و هاوڕێکانم ئێوەیان لە یادم بردبێتەوە ...دەترسم لێرە بمێنمەوە و زۆرابی باوکم ببینم ، باوک خۆی لە خۆیدا شتێکی ترسناکە ، ژیانی لێ سەخت کردم بۆ ئەوەی زیاترم خۆش بووێت ، دیمەنەکەیم هەرگیز لە یاد دانابڕێ ، کە بە شەقامەکاندا تێ دەپەڕم یەکسەر تۆم دێتەوە یاد لە خەومدا لە بێداریمدا ، هەست دەکەم هەمیشە چاوت لە ئاکار و ڕەفتارەکانمە و ناتوانم بە ئازادی خۆم ڕەفتار بکەم ، بابە لێم زوویر مەبە کە هەڵاتم و ئەو ڕێگا دوورەم گرتە بەر ، هیچ فێڵ و تەڵەکەیەکم لە ژوور سەردا نەبوو، ئەو ڕۆژەی سەیری ئاوێنەکەم دەکرد تۆم بینی ، لێت دەپرسیمەوە : هەتیو کوڕە بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ هێشتا منداڵی دووێنێی کوێرا دەستت دایە سیاسەت. (پێکەنینێکی غەمگیناوی) سیاسەت! ئەگەر دەتانزانی لێرە سیاسەت بۆ خۆش بەختی و خۆش گوزەرانی چەند کەسێک زیاتر نیە ، جەستەی نەرمتان دەخستە بەر ئەشکەنجە ؟ بە شانازیەوە پەتی سێدارەتان لەمل دەکرد؟ سنگی نیانتان بۆ ئەمانە دەدایە بە گوللە ؟ لەوێ سیاسەت بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشە، لێرەش بە چاوی خۆتان

دەبینن ، هەر کەس فرمانی بەدەست بێت بێگانە بێت یا خۆماڵی ، بەرنامەکەی بۆ وێرانی و بەدبەختی و لەناوبردنە بۆ مانەوەی خۆی و دەست و پێوەندەکانی، (کەمێ بێدەنگی) من نامەوێ دەم لە زەلکاوی سیاسەتی ئێوە بدەم ، من مردویەکم هاتوم شەوێک لە تەک ئەوانەدا بەسەر بەرم کە بە زیندوویی بەجێم هێشتن ، هاکا ماوەیەکی تر بۆ یەکالاکردنەوەی مەسەلەکان لە گۆڕەکانیانەوە هاتنە دەرەوە . (دەکەوێتە سەر چۆک) داواتان لێ دەکەم .. تکاتان لێ دەکەم، من بێ تاوانم ، منیش هەر وەک ئێوە.. من چی بکەم ئێوە بەر لەمن شەهید بوون . کاکە بارام من براتم ، ئێوانمان بریتیە لە نان ونمەک ، هاوڕێی شەوانی بەندیخانە و ئازاریت ، چەکەکەم لە گۆڕەکەی تۆدا نەبێت لە هیچ گۆڕێکدا خاک ناکەم ... لە تۆ زیاتر باوەڕم بە کەسی تر نیە . ( بێ دەنگی ، وەک ئەوەی گوێی لە شتێک بێت ) کێ ؟ کێ ئێوە لە گۆڕ دەردەهێنێت ؟ من نەبم کەس ناتوانێت ئێوە زیندوو بکاتەوە ، ئیسرافیل موعجیزەکانی دژی من دەردەخات ئەو تەنها دژی منە ، هەر کاتێک فوم بەم بوقەدا کرد ئێوە زیندوو دەبنەوە ، ئیسرافیل تەنها لە بوقە دەترسێت ، دەبێت ئاوازی مردوو فێر بم ، ئاوازی تەرم ، ئاوازی ماڵئاوایی . ( گور دەداتە خۆی ) وون بن ئەی تارماییەکان ، بگەڕێنەوە بۆ گۆڕەکانتان ، بوقەکەم ڕۆژ هەڵدەهێنێت .

( کەمێ فوو بە بوقەکەدا دەکات و هەست بە خۆشی دەکات ) دەی هەر کەس بۆ گۆڕی خۆی . ( بە بوقەکە ) ئەی بینایی من . ( ماچی دەکات ) ئەی هاوڕێ بە سۆزەکەم ، هاوڕێی سەفەری شەو و ڕۆژم ، بوقی ئیسرافیل ( بە ماڵەکان ) لە دەنگی بێزار مەبن ، هەر ئەم سبەی بە ئاگاتان دەهێنێتەوە ، فوی پێدا دەکەم هاوارتان لێ دەکەم ( هەر وەک ئەوەی ووتار بدات ) ئەی مردووەکان هەر باس و خواستێک بکرێت لەسەر خوێنی ئێوەیە . ڕۆژی چەند جار ژیانتان لە بازاڕە سیاسیەکانی هەر چوارلادا مەزات دەکرێت ، ئازادی بەرهەمی خوێنی ئێوەیە ، هەرکە خوێنەکەتان بە بەلاش فرۆشرا بوقەکەم هاوارتان لێ دەکات یەخەی مێژوو ڕاتەکێنن و هاوار بکەن خوێنی ئێمە بۆ ئازادی نەوەکانی ئاییندەیە نەک بۆ پلە و پایەی چەند کەسێک . دەزانم ئێوە تەنها لە ووت و وێژ دەترسێن ... لە شەڕدا بە خوێنی هەزاران براوە و لە ووت و وێژدا بە ئەقڵی یەک دوانێک دۆڕاو ، لە مەیاندا پرستان پێ ناکرێت ، بە هیچتان دانانێن ، کەس نازانێت لە ژێرەوە خەریکی چین ، چ نرخێکمان لەسەر دادەنێن و چۆن هەراج دەکرێن ( بە توندی دەست بەکێلی گۆڕێکەوە دەگرێت) هۆشم چیتر بەرگەی ئەم باسە ناگرێت ، ئەم ڕژێمە لە بەهاراندا لە باتی گوڵ بارانمان بکات کیمیاوی باران و ئەنفال و ... چی و چیمان لێ دەکات و کەچی دەچن بنەپێیەوە وە تاتەپلەسەری ماچی دەکەن و بەناوی ئێمەوە داوای لێبووردنی لێ دەکرێت ؟ ( بە گاڵتەکردنەوە ) تاکتیکە ، تاکتیک .

( وەک ئەوەی گوێی لە دەنگێکی ترسناک بێت ، دەچێتە لای گۆڕێکی ترەوە ، بە گۆڕەکە ) سەیرکە هاوڕێکانت چەند ژیرن ، کەسیان نابزوێن تۆش مەبزوێ.. بێجگە لە بارام کەسی تر ناجوڵێت ، ئەو لە گۆڕیشا ئارام ناگرێت ... لەوێش خەریکی کاری ڕێکخستنە .

( لە گۆڕەکە دەترسێت، هەڵدەستێتەوە و بەتوندی هەردوو دەستی بە گۆڕەکەوە گرتووە )تەنها مام بارام نەبێت کەسی تر ناجوڵێت ، خۆ تۆ وەک ئەو نیت ؟ ئەو ئیسرافیلە و دەیەوێت ڕۆژی زیندووبوونەوە هەڵگیرسێنێتەوە ، ( بە دەنگی بەرز بە گۆڕەکان ) دەزانن ئەو چۆن بوو ؟ دەزانن ئەو چۆن بوو ؟ ( سۆزی دەبزوێت ، کەمێ بێدەنگی ) ئەو کاتەی ئێمە لە بەندیخانە شومەکەی کەرکوک بووین ... واتە ئەو ڕۆژەی هەڵۆ لە زیندان هەڵهات ، ئەستێرەدارێکی تازەی ڕژێم هات بۆ ئەوەی کۆمان بکاتەوە و بماندوێنێت ، هەر وەک ئەوەی ڕەفتاری کەسایەتی خۆی تاقیبکاتەوە و بزانێت خوا تا چ ڕادەیەک بەهرەی چەوساندنەوەی پێ بەخشیوە ! یان هاتووە تۆڵەی خۆی لە ئێمە بکاتەوە ، ئێمەش نەماندەزانی چارەنووسی هەڵۆ بە کوێ گەیوە ، ڕزگار بووە ؟ کوژراوە ؟ ئەو گوتی من نەقیبێکی ڕژێمم ، ئەو ڕژێمەی کە ئێوەی تێکدەر خەون بە مەرگیەوە دەبین ، بەڵێ مەبەستی پارتی ئێمە گیان کێشانی کەمایەتیەکانە ، ئەگەر بە دەستی من بێت زمانتان دەبڕم و ڕەگ و ڕیشەی نەتەوایتان ناهێڵم . ( بە بینەران ) ڕەنگە بڕوا نەکەن ؟ . لە دەرەوەی زیندان ئەم وشانە بەکار ناهێندرێت ، تەنها لە زیندانا دەوترێت بەرامبەر بە کەسانێک کە دڵنیان لە ڕاستی ئەو بیر و باوەڕانە . دەیانوویست ئاوا ئازاری دەروونیمان بدەن . هەر لەو کاتەدا بارام بە دەنگی بەرز قاقایەکی پێکەنینی لێ داو بەگژیدا چوو ، هەی خوا بتگرێ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە ، کابرا دەیەوێت وەک ئەوانی تر دوو قسەی قۆڕ بکات و ملی بشکێنێت ، نابێت بزانین هەڵۆ چی لێ بەسەر هاتووە ؟ ئەوەی چاوەڕوانیمان دەکرد ڕوویدا . کابرا

چاوی پەڕیە تەوقی سەری و قیژاندی : ئەوە کێ بوو پێکەنی ؟ تۆ هەتیو ، دایک حیز ، خوشک حیز وەرە دەردوە . بارام بە هێمنی و دلێریەوە چووە پێشەوە و لە بەردەمیدا ڕاوەستا و چاوی تێ بڕی . کابرا لێی پرسی : بۆ پێکەنیت ؟ بارام بێ ئەوەی چاو لە چاوی بتروکێنێت وەڵامی دایەوە : ڕاستگۆیی خۆتان لە زینداندا بە تەواوەتی بە دەر دەخەن . گوێمان لە ترپەی بە پەلەی دڵمان و دەستمان لەسەر بوو . بەتوڕەییەوە پرسی : ناوت چیە ؟ بارام گووتی : ناوم ئیسرافیلە ، دەزانی ئیسرافیل کێیە ؟ ئەوەی کە جارێکی تر مردوو زیندوو دەکاتەوە ، ئیسرافیل ئەی گیانکێشینە ، ئێوە خەڵک بە زۆر دەمرێنن و من زیندوویان دەکەمەوە . بۆ ڕیسواکردنی کاربەدەستانی ڕژێم لەو ڕۆژەوە ناومان لێنا ئیسرافیل . ( کەمێک بێدەنگی ) من خۆم پێش ئەوەی بیناسم کوێرێکی بەندیخانە بوو ، هەر ئەوەندەم دەزانی ڕژێم ڕیسوا بکەم و دژی بووەستمەوە . ئەو فێری خوێندەواری کردم و چاوەکانی ڕووناک کردمەوە و بە شێوەیەکی تر فێری کردم دژی ڕژێم بووەستمەوە .

( سەیری مانگ دەکات ) نەک وەک ڕووناکیەکەی تۆ ، کز و لاواز و شەرمەزار ، نامەوێت بتنینم ، بۆ تەنها شەوێک پێویستمان پێت نەبوو .. لێت پاڕاینەوە خۆت بشاریتەوە ، گووتمان هەڵۆ پێویستی بە تاریکی هەیە تا لە دیوارەکانی زیندان دەرباز دەبێت . ( ئاخێک هەڵدەکێشێت و بۆ ساتێک بێدەنگ دەبێت . بە مانگ ) تۆش لە ئاسمانی خۆتا بمێنەوە و بەساردیەوە سەیرمان کە ، تۆش بەرامبەر ئەم مەسەلە پیرۆزە بێ لایەنیت ! هەڵۆ هەموو جارێک دەیگووت ، ئەگەر بە شێت و ترسنۆکم نەزانن ، من هیچ دوژمنێکم نیە بێجگە لەو مانگە نەعلەتیە نەبێت . هەر شەوێک ئەم شومە خۆی ون بکردبایە ، بۆ چالاکی دەچووینە شار و بڵاو کراوە قاچاخەکانمان هەڵدەواسی و هاوڕێکانمان بەسەر دەکردەوە . ئەو خۆی پیلانی بۆ هەڵاتنەکەی کێشا بوو ، پێمان گووت : ئەم بیرە لە مێشکت دەرکە ، هەڵاتن لەم زیندانە ئاسان نیە . گووتی : مەترسن هەموو شتێکم ئامادە کردووە ، هەتا دوژمنەکەشم کە مانگە لەم شەوە زستانیەدا ناتوانێت دەرکەوێت . ئەگەر ئەو نەبێت ، هیچ ئێشک گرێک پێم نازانێت . ( کەمێک بێ دەنگی ) گرتیان و بیست و پێنج ساڵیان بەسەردا دا . لێمان پرسی : چۆن گیرایت ؟ گووتی :هێندەم نەمابوو دەرباز بم دامیانە بەر دەستڕێژی گوللە و فیشەکێکی نەعلەتی بەر پێم کەوت ، دەستم خستە سەر برینەکەم و بە سنگە خشێ ڕۆشتم تا لە سنووری دیوارەکان دوور کەوتمەوە . پاشان بە شێوەیەکی سەیر پێکەنی و گووتی : ئێستاش ئەوەندە چالاکم و لە خۆڕا دەبینم بە دیوارە سەختەکانی زینداندانەکەدا سەرکەوم .

( ئاخێک هەڵدەکێشێت ) ئەو کاتەی بەندێکی نوێیان هێنا، لە دەرەوە زانی بووی هەڵۆ چۆن ویستوویەتی هەڵبێت ، هاتە لای و گووتی : کاکە هەڵۆ ناوت چووەتە سەر زمانی هەموو کەس و تا ئێستاش چیرۆک و شیعرت لەسەر دەنووسن . هەڵۆ گووتی : ئەو شیعر و چیرۆکانە نابنە هاوتای ڕۆژێکی ئازادی دیوارەکانی دەرەوی بەندیخانە . ( بەبێزاری و ماندووبونەوە بەناو گۆڕستانەکەدا دەگەڕێت لەبەردەم هەر گۆڕێکدا بە مەلوولی ، ئەم گۆرانیە دەڵێت :

من ئێوە بووم ، هەمووتان بووم و
خۆم نەبووم
خۆمی زارۆک...
بە لێوارەکانی خۆمدا هەڵدەزنێم
وەک شەپۆل بە تاوێردا
یان وەک دەریا بە کەناردا .
ئەگەر بتوانم ! ڕێگا ون نەکەم
تا بە ناخی خۆم دەگەم
من ئێوە بووم و خۆم نەبووم
ئەگەر بتوانم هەر خۆم بم !*

وەرن یارمەتیم بدەن با گۆڕەکەی بارام بدۆزینەوە ، من بە تەنها ناتوانم بیدۆزمەوە . ( نەخشەیەک بە دەستەوە دەگرێت بە دوای گۆڕەکەدا دەگەڕێت . لەبەر تاریکی باش نایبینێت ، سەیری مانگ دەکات ) ئاخر توخوا تۆ خێرت چیە ؟ باشترە چراکە داگرسێنم . ( بەدەم دەرهێنانی چراکەوە ) ئاخ چیمان لێ بەسەر هات . چیمان لێ بەسەر هات . من ئەمشەو لێرە بەرهەمم چی دەبێت ؟ . ئەمەی من دەیکەم نە بازگانیە و نە قاچاخچیەتی . هەندێ فێری قومار کردن و هەندێکی تر حەشیشە کێشان . بۆ ؟ هەندێ دەڵێن لەبەر ئەوەی سەرۆکەکان ! خواستەکانمانیان فرۆشتووە و هەندێکی تر لەبەر ئەوەی کەسیان گوێمان لێ ناگرن، (پێدەکەنێت) هەر لایەکیان شاعیرێک و چیرۆک نووسێک و ڕۆژنامەنووسێکیان کڕیووە و دەڵێن بەسمانە و پێمان بە خێو ناکرێن ، یان ئەمانە هەموو شتێک دەزانن هەموو خەمەکانیان لایە و ئیترماڵی زیادە بۆچی ؟ من دەخۆمەوە و زۆریش دەخۆمەوە بەس بۆ ئەوەی بتوانم ئەم گیانە شەکەتە و ئەم جەستە هیلاکە پشوو پێ بدەم و

بخەوم . دڵم لای خۆمە و چاویشم ئاگادارە .
( ە پڕ، بە خۆشیەوە) ئەمە لەوە دەچێت گۆڕی بەهاری خۆشەویستم بێت. بەهار گیان (نامەیەک لە گیرفانی دەر دەهێنێت) بۆت نووسی بووم : ئەگەر دەمزانی دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە، ئاخ ئەگەر دەمزانی دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە ، بۆ چەند شەوێک دەهاتمە لات و خودای دەکرد خەڵکی شار بەرد بارانیان دەکردم ، ئاخ ئەگەر دەمزانی دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە بۆ چەند شەوێک دەهاتمە ئامێزت و خودای دەکرد دایک و بابەکەشم حاشایان لێ دەکردم . لە کۆتایدا ئەوا خۆم ڕووت و قوت دەکەمەوە و خۆم دەخەمە ئەم نامەیەوە ، بۆنی هەموو گیانم بکە کوێت پێ خۆشە لێوی ماندوو ڕزیووت بخەرە سەری و تێر ماچی کە . ( دەکەوێتە نێوان دوو گۆڕەوە و دیار نامێنێت ، مۆسیقایەکی غەمناک ، لەپڕ دەنگی لێوە دێت ) بارام گیان ئەوە خۆتی ، ئەمە گۆڕەکەتە . ( گوێ بە گۆڕەکەوە دەگرێت ) گێم لێیە باسی دڵێکیان بۆ دەکەیت کرابێ بە چوار بەشەوە ، هەر بەشەش لەسەر خوانی گورگێکە ، ( کەمێ بێدەنگی ) لەبیرم دێت ئەو ڕۆژەی کە یەکێک لە هاوڕێیان تازە لە دەرەوەی وڵات گەڕابووییەوە ، ئەوەندە پەلەت بوو بزانی لەدەرەوە چ باسە ، پێت گووت : بە شێنەیی هەموویم بۆ باس بکە هاوڕێیان لە دەرەوەی وڵات چی دەکەن ؟ ئەویش گووتی : لە کام وڵات ؟ لەو وڵاتانەی کە گوێ لە ڕاز و نیاز و هەستی پشیلە و مشکی خۆیان ڕادەگیرێت ، بێ دڵییان ناکرێت ، بەڵام ئەگەر هەزاران کەس لە ئێمە لە بەردەم سەفارەتی دوژمندا کۆ بینەوە و هاوار بکەین ، هەروەک نە بایان دی بێ و نە باران . سەد خۆزگە سەرکردەکانی ئێمەش چارەکە نرخێکی سەگ و پشیلەیان بۆ ئێمە دادەنا . وەتمانیش گوتی باسی سەرکردەی بێ هەست و سۆز مەکە ، سەرکردەیەک ساڵی جارێک ماڵ و منداڵی خۆی نەبینێت و بە دەستی خۆی منداڵی خۆی کۆش نەکات کەی هەست و سۆزی بۆ ئێمە دەبزوێت . ئارام گووتی گەلێکی مەزن و نەخوێندەوار و دواکەوتوومان هەیە گەلێکە هەمیشە کار و خەبات دەکات بەبێ ئەوەی سەرکردەکانی خۆی بناسێت . ئەم هەموو کارەساتەی بەسەرمان دێت ، پەنجا ساڵ دژایەتی نێوان دوو تاقم چەند ڕۆڵەی ئەم میللەتەی کردە قوربانی ، بە شێوەیەک کە وەک خۆیان باسی دەکەن بە دوو دانیشتن و گفت و گۆ حەل دەبوو ، ئەمانە ئامادە نەبوون و ئامادەش نابن لە پێناوماندا هەستی شارستانیەت و پێشکەوتووی بنوێنن و کۆتایی بەم ڕووباری خوێنە بهێنن .

من هەر وەک ئەوەی پێم گوتن بێ لایەنم لەو کێشانە ، نەدەستی خۆم سوور دەکەم و نە زمانیشم گڵاو دەکەم ، هاوڕێکانی بەندیخانەشم هەر وەک من بوون ، بارام هەمیشە دەیگووت : هەر دوو چاوەکەم کێ ڕێگا دەدات بە ئاشتی کێشەکان و گرێی مەسەلەکان یەک لا بکەینەوە ، تۆ ڕەخنە لە کێ دەگریت ؟ لەوەی کە باوەڕی بە ڕەخنە نیە ؟ بە دز دەڵێیت دزی مەکە ، بە پیاو کوژ دەڵێیت بەسە ئیتر کەس مەکوژە و دیموکرات و مرۆڤ دۆست بە ؟ بە شەیتان دەڵێیت سیساسەت ئەزموونگەری نیە ؟ کامیان بکەینە قوربانی کامیان ؟ مەسەلە پیرۆزەکان بکەینە قوربانی میللەت ؟ یان میللەت بکەینە قوربانی مەسەلە پیرۆزەکان ؟ کامیان لە پێشە میللەت یان حیزب ؟ کامیان هەڵەن میللەت یان سەرکردە ؟ ( کەمێ بێ دەنگی ) ئەوەی بێدەنگ و بێ هەڵوێست بێت بە زیرەک و لێهاتووی دادەنێن . باشە منیش بۆ ئەوەی هەڵوێستەکانم بەر خەنجەری ژەهراوی ئەوان نەدرێت بێ دەنگ دەبم ، ( سەیری گۆڕێک دەکات ) ئەگەر دەتەوێ بدوێیت وەرە لای من ، من هەموو شەوێک لەم گۆڕستانە بەسەر دەبەم لێرە کەس گوێی لە دەنگمان نابێت ، ئەمجارەیان توندتر هەڵوێستەکانت دەربڕە . لەسەر زیندووەکان دەدوێین ، ئەو زیندوانەی بەردەوام شایانی هەڵە کردنن ، ئەوانەی دان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن ... گوێت لێدەگرن و بەگوێت ناکەن . تێبینی و بۆچوونەکانیشت بۆ دەکەنە نوکتە و مەزەی خواردنەوەیان .
باوی ئەو مەسەلانە بەسەر چووە ، سەرەتا ئێمە زۆر زۆر باسمان کردووە ، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ چۆن بتوانیت لە تاکتیکەکان سوود ببەیت . ( دەست بە سەریەوە دەگرێت ، بەناو گۆڕستانەکەدا دەگەڕێت ، وەک ئەوەی سەر کێلی گۆڕەکان بخوێنێتەوە ) لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا شەهید کرا ، ( لای یەکێکی تر ) لەتەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا لە دار درا . ( لای یەکێکی تر ) لە تەمەنی پازدە ساڵدا گوللە باران کرا . ( بەناویانا دەگەڕێت ) ئەوە گۆڕی نووسەرێکە لە سەردەمی ئازادیدا لە برسا مرد ! ئەوە گۆڕی ئەکتەرێکە لە ترسی ڕسوا بوون و برسێتی دڵی وەستا . ئەوە گۆڕی ڕیژەسۆرێکە برسێتی و نائومێدی کوشتی .
ئەوەش گۆڕی بارامی خۆ کوژە . ( بزەیەک دەیگرێ ) لە گۆڕستانەکە خۆی کوشت ، باشە بۆ لە گۆڕستان ؟ بۆ ئەوەی کەس تەرک لەگەڵ لاشەکەیدا نەکێشێت ؟ چۆن دەزانن کە ئەو خۆی کوشت ؟ لەوێ بووم ، خۆی

راکێشی کردم و گووتی وەرە گەواهێک بە. نەخێر تۆ درۆ دەکەیت کەر باب ، یەکێک خۆی بکوژێت گەواهی دەوێت ؟ دەزانن چەند گوللە بە لەشیەوە بوو، خۆم دەزانم، بیست دانە گوللە ( دەنگ بەرز دەکاتەوە ) یەکێک خۆی بکوژێت بیست گوللە بە خۆیەوە دەنێت ، کە زۆربەشیان بە سنگی کەوتبێت ؟ ( چراکە بە دەستیەوە دەگرێت و بە ناو گۆڕستانەکەدا دەگەڕێت ) کاکە بارام کوایت ؟ لە کوێدا گۆڕیان کردویت؟ (بە گۆڕەکان) من براو هاوڕێتانم گۆڕەکەیم نیشان دەن دەمەوێت پێی بڵێم کە زیندووەکانیان کوشت و کەچی هەر وەک ئامێر دەبزوێن، زیندووەکان مردوون، ئەو مردوانەی کە لە ژیاندان و ڕۆژی چەند جار بە دەستی خۆیان خۆیان کفن و دفن دەکەن، (کەمێ بێدەنگی) کەی ئەم مردوانە زیندوو دەبنەوە ؟ کەی ئەم ئەم مردوانە ڕۆح دەکەن بەبەری ژیاندا؟ (دێتە ناو هۆڵەکەوە) زیندوو بوونەوە بۆ کێیە ؟ کێ دەتوانێت لەم زەلکاوی ڕەشبینیەدا تروسکەیەک بە هیوا بدات. زیندوو بوونەوە بۆ کێیە؟ (بەدەم ئەم ڕستانەوە لە هۆڵەکە دەچێتە دەرەوە) کەی بەهار و بارام زیندوو دەبنەوە؟ کەی ئەم مردوانە بتوانن ئەم مێژووە مردووە زیندوو بکەنەوە؟ کەی ئەم مردوانە زیندوو دەبنەوە؟ کەی ئەم مردوانە زیندوو دەبنەوە؟ کەی ئەم مردووە کوێرانە چاو دەکەنەوە؟ کەی ئەم مردوانە زیندوو دەبنەوە؟

تاریکی

---

* بەشێکە لە شیعرێکی د . ڕەفیق سابیر .

## دوا بڵاوکراوەی رابوون

* ڕەفیق سابیر
ئیمپراتۆریای لم – دەربارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم – ۱۹۹۸
لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆکولتوورییە دەربارەی تانسیری ئیسلام و خێڵ و بەداوەت بۆسەر ناسیۆنالیزم و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کولتووری ئەو وڵاتانە. لەگەڵ سێ بەشی تایبەتی دەربارەی ئێران، تورکیا و عێراق.
کتێبەکە لە پێنج بەش و پاشبەندێک پێکهاتووە کە ۲۳۰ لاپەڕەیە و دانەی بە هەقی پۆستەوە هەشتا کرۆنە.

*ڕێواس ئەحمەد
ئینجانە – ۱۹۹۷
کۆمەڵێک کورتە چیرۆکن کە باس لە ئەڤین و خەمی ئینسانییانەی مرۆڤ و بە تایبەتی ژن دەکەن. چیرۆکەکان بە کۆمەڵێک وێنەی دەستکردی هونەرمەند ڕێبوار سەعید ڕازێنراونەوە. کتێبەکە ۷۰ لاپەڕەیە، دانەی بە کرێی پۆستەوە ۵۰ کرۆنە

*چیرۆک بۆ منداڵان
کەڵەشێر و قۆیچەی مرواری – ۱۹۹۷
وەرگێڕان و نووسینەوەی کەمال میراودەلی
وێنە: ڕێبوار سەعید
چیرۆکێکی خۆش و دڵگیری منداڵانە کە بە زمانێکی پاراو نووسراوە و بە کۆمەڵێک وێنەی جوانی هونەرمەند ڕێبوار سەعید ڕازێنراوەتەوە و شایەنی ئەوەیە هەر منداڵێکی کورد بیخوێنێتەوە.
کتێبەکە ۲۲ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە، دانەی بە کرێی پۆستەوە تەنیا ٤٠ کرۆنە.

* ڕەفیق سابیر
ژوانی ڕووناکی –۱۹۹۷
نۆیەمین کۆمەڵە هۆنراوەی شاعیرە، کە ۱۰٤ لاپەڕەیە، دانەی بە کرێی پۆستەوە تەنیا ٦٠ کرۆنە.
دەکرێت بە ئادرێسی رابوون داوای ئەم کتێبانە بکرێت.

* حەکیم کاکەوەیس
تەونی جاڵجاڵۆکە / ڕۆمان ۱۹۹۸
ڕۆمانێکە دەربارەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بزاڤی چەکداریی باشووری کوردستان. نووسەر بە تێڕوانینێکی ورد و هونەرمەندانە و ڕەخنەگرانە ڕووداوەکان و ڕۆڵی کەسانی هەلپەرست و ناپاک لەو بزاڤەدا باس دەکات. کاتێک مرۆڤ لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەبێتەوە هەست دەکات کە ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا ڕوو دەدات، شتێکی ڕێکەوت نییە، بەڵکە بەردەوامبوونێکی سروشتی و ئاسایی ئەو تاوان و بەربەرییەتەیە کە لە سایەی خەباتی چەکداری و بە ناوی گوایە شۆڕشەوە لە کوردستاندا کراون.
دەکرێت بە ئادرێسی رابوون، یان بە ئادرێسی نووسەر خۆی داوای ئەم کتێبە بکرێت.

# هێندێک بەڵگەو بۆچوون لە سەر کۆمەڵەی ژێکاف

## بەشی دووەم

ئەفراسیاو هەورامی لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی

### ڕاپۆرتی شەریپۆف بەرپرسی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران

لە ڕێکەوتی دووەمی فابریوەری ١٩٤٥، ئەورەحمانی زەبیحی و قاسمی ئیلخانیزادە هاتنە لام داوایان لێکردم کە ئیجازەیان بدرێتێ، ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەت لە کوردستان درووست بکەن و سەربەخۆیش بێت. کاتێک ئەم مەسەلەیەم بۆ جەنابی ئەورەحمانی زەبیحی ڕوونکردەوەو پێموت کە ئێمە ناتوانین پێشنیاری ئەوتۆ قەبووڵ بکەین ، زەبیحی وتی:

ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم ڕێکخراوە پێکبێنین و ناوی لێبنێین ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەت. لە وەلامی پرسیاری من کە بۆچی ئەوانە نایانەوێ ناوی لێبنێین «کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لە کەڵ سۆڤیەت» زەبیحی وتی: «ئێرانێکان ئێمەیان خۆش ناوێت و ڕێزمان لێناگرن و بە چاوێکی خراپ و سوکەوە سەیرمان دەکەن ، لەبەر ئەوە ئێمە حەزناکەین ناوی بەشی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت و ئێرانی پێوە بێت ، بەڵکو باشترە ناوی «بەشی یان لقی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت» بێت.

من جارێکی تر هەوڵمدا بۆ زەبیحی ڕوونێ بکەمەوە کە بۆچی ئێمە پێشنیار دەکەین ناوی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لە گەڵ سۆڤیەتی پێوە بێت، لەبەر ئەوەیە کە ئێران دەوڵەتێکی دۆستەو ئەمە نابێت ئینکار بکرێت، بە پێچەوانە ئەو پەیوەندییە کولتووریانەی کە دروستیان دەکەین هەرچی بڕوات دەبێ بەهێزتر بێن.

بە کارهێنانی وشەی «ئێرانی» هەموو جارێک هەم زەبیحی و هەم ئیلخانیزادەی قەڵس و توڕە دەکرد، وتی «ئەگەر وڵاتێکی وەک سۆڤیەت، کە سوپاکەی شکستی بە لەشکری ئەڵمان دەهێنێت، لە ئێران بترسێت دەبێ دانیشتوانی بەدبەختی کورد، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت لە سەدا پێنجی دانیشتوانی خوێندەوارو بە کولتووری تێدابێت، دەبێ چبکات ؟» زەبیحی وتی کە ئێمە چارەرەشترین گەلین کە هیچ کەس هیچ یارمەتێکمان نادات. منیش وتم بۆچ وا دەڵێی جەنابی زەبیحی؟ ئایا سوپای سووری ئازای ئێمە کەم قازانجی بۆ گەلی کورد هێناوە، کە ژمارەیک لە هۆزەکانی کوردی گەڕاندەوە بۆ سەرجێ وشوێنی خۆیان؟ زەبیحی وتی زۆر ڕاست دەڵێی و کەس ناتوانی ئینکاری بکات. بەلام بۆ بەم دواییانە یارمەتیمان نادەن؟ منیش پرسیارم کرد وەک چی؟ ئەویش وتی: بۆ وێنە ئێمە چووینە لای هاوڕێ حەسەنوف و داوای تیپۆگرافیمان لێکرد کە زۆر پێویستمانە، بەلام تا ئێستا هیچی نەکردووە. ئاخر ئێمە بەلاش /بەبێ پارە/ نامانەوێ و تەنانەت ئامادەین نرخەکەیشی بە زێڕ بدەین و بەڵێنتان پێ دەدەین کە کەس لەم بارەوە ئاگادار نابێت. پرسیارم کرد تیپۆگرافیتان بۆ چییە؟ لە وەلامدا وتی:

بۆ ئەوەیە کە گۆڤارو ڕۆژنامەو ئەدەبیاتی تری پێ چاپ بکەین و، لە ناو دانیشتوانی کورد بلاویان بکەینەوە. ئەگەر

بیت وتیپۆگرافیمان پێبدەن لە جێگایێکی وای دادەنێین باڵداریش بەسەریدا نەفڕێت.

منیش بەڵێنم پێدان کە وتووێژی هاوڕێ حەسەنۆڤ لەم بارەوە لەگەڵ زەبیحی سەبارەت بە تیپۆگرافی ڕوون بکەمەوە کە چۆن بووە. لە وەڵامی پرسیاری من کە کێیان بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. زەبیحی وتی: برای گەورە جەنابی قاسمی ئیلخانیزادە . بەڕێز ئیلخانیزادە مرۆڤێکی زۆر بە کولتوورو خوێندەوارەو زمانی عەرەبی و فارسی و کوردیش دەزانێت و خوێندەواری لە مەدرەسەی کۆنی کوردی وەرگرتووە. ئەمجار من ڕووم لە بەڕێز ئیلخانیزادە کردو لێم پرسی: ئایا ئامادەیە ببێتە سەرۆکی لقی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لەگەڵ ئێران لە مەهاباد؟ لە وەڵامدا وتی کە ئامادەیە ببێتە سەرۆکی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لە مەهاباد.

منیش وتم داوات لێدەکەم بەو چەشنەی کە من ناوی دەبەم ناوی بهێنیت، لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز زەبیحی و ئیلخانیزادە داوای ئەدەبیاتیان بە زمانی ئازەری و کوردی لێکردم و دەیانەوێ کە ئاگاداری ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت بن.

منیش بەڵێنم پێدان کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆم ، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێگای /انجمن سراسری روابط فرهنگی شوروی/ بدەم(٧)

شەریپۆڤ
تەورێز
١٩٤٥/٢/٦
ژمارە ٦٨

### لە یادداشتەکانی ئاشومۆڤ ١٨ی مارتی ١٩٤٥

لە کاتی گەڕانەوەم لە تەورێزەوە بۆ ورمێ لە ڕێگادا چاوم بە عومەر خانی شوکاک کەوت. عومەر خان دەڵێ کە خەریکی یەکخستنی کوردەکانەو دەیەوێ هێندێ سەرۆک هۆزی کورد، کە دژایەتییان پێکەوە هەیە، ئاشت بکاتەوەو بۆ ئەم مەبەستەیش دیسان گەشتێک بۆ ناوچەکانی باکوور دەکات. عومەر خان زۆر ستایشی یەکێتی سۆڤیەتی کردو وتی کە گوێی لە هەموو ئێزگەکانی ڕادیۆی جیهان بووەو لە هێزو گەورەیی گەلانی سۆڤیەت تێگەیشتووەو هیوای خۆی دەربڕی کە یەکێتی سۆڤیەت لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی یارمەتیان بدات.

٢٧ی مارتی ١٩٤٥ چاوم بە ناوبانگی کورد شێخ عەبدوڵڵا کەوت و وتی ئەرکی سەر شانی سەرکردە کوردەکان و ناسراوەکانی کورد ئێستا سەربەخۆیی بۆ کوردستانە و بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵدانێکی زۆر بۆ یەکگرتنی گەلی کورد لە دەوروبەری پارتی ژێکاف بەڕێوە دەچێت. ئێستا زۆربەی کوردەکان ئەندامی پارتی ژێکافن. هەروەها کارێکی زۆر بۆ یەکگرتنی کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا دەکرێت. بە دەستووری ژێکاف /لە عێراق/ چەند کەس لە ڕێگای سووریا بۆ ڕێکخستن و چالاک کردنی کوردەکانی تورکیا نێردراون بۆ تورکیا. بەڵام ناوبراوان لە لایەن کاربەدەستانی تورکیاوە گیراون و تا ئێستا هیچ هەواڵێکیان نەزانراوە. شێخ گوایە ناوەکانیان نازانێت. لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق ، شێخ ناوی مەجید بەگ، وەزیری کشتوکاڵی عێراق و، ئەمین زەکی بەگ، کە پرۆفیسۆری زانستی مێژوویە، برد. هەروەها ناوی میرزا ئیبراهیم حاجی قادر حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا لە هۆزی دیبۆکری کە ئێستا لە تەورێز دادەنیشێت . هەروەها ناوی زەبیحیشی برد، کە پەیوەندی لەگەڵ کۆنسوڵی سۆڤیەت هەیە. ئەو ناوی ئەوانیتر نازانێت، چونکە ڕێبەرایەتی پارتی ژێکاف نهێنییە.

لەبارەی قازی موحەمەدەوە ، شێخ عەبدوڵڵا وتی کە بە گەڕانەوەی لە تاران چالاکانە لە پارتی ژێکاف ئیش دەکات. لەم ڕۆژانە شێخ عەبدوڵڵا لەگەڵ قازی موحەمەدو پیاوە ناسراوەکانی تری کورد چاوپێکەوتنی هەبوو، دەڵێ بڕیاریان داوە کە لە نێوان کوردەکانی ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا ئیش وکار بکات و ، دوژمنایەتی نێوان هۆزەکانی کوردو ڕاووڕووت کۆتایی پێبێنن. سەرکردەکانی کورد بڕیارە هەر کەس لە ناوچەی خۆی ئیش و کار بکەن بۆ ئەوەی دووبەرەکیی نەمێنێت. هەروەها باسی عومەر خانیش کرا کە بڕیارە بەشداری ئەم ئەرکە بکات. بە کۆتایی هاتن بەم ئیش و کارە بڕیاروایە کە کۆبوونەوەیەکی گەورە بکرێت و ئەم کۆبوونەوەیە سێ نەفەر دیاری بکات کە بچن بۆ مۆسکۆ بۆ لای هاوڕێ مۆلەتۆڤ. ئەم دەستە نوێنەرانە بڕیارە داوای لێکۆڵینەوەی کێشەی کورد لە کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ بکەن.

شێخ عەبدوڵڵا کەیلانی نامەی ژێکافی لە کۆنسوڵخانە بە جێهێشت کە تێیدا ژێکاف دەسەڵاتی بە ناوبراو داوە کە لە نێوان دانیشتوانی کوردی ناوچەکانی نزیکی سنووری ئێران – تورکیا کار بکات.لە نامەکەدا ژێکاف داوا لە کۆنسوڵخانەی ئێمە دەکات کە بۆ ئیش و کارەکانی یارمەتی شێخ عەبدوڵڵا بدەین.

٦ی ئاپریلی ١٩٤٥ بەخشداری سولدوز قولی خان لەگەڵ خزمەکانی وەک پاشا خان و ئینتساری کە موڵکداری گەورەن هاتە لامان و شکاتی لە کوردەکان کردو وتی لەم

دواییانەدا کوردەکان سووکایەتی بە قەرەپاپاخەکان دەکەن و ناچاریان دەکەن کە بچنە ڕیزی پارتی ژێکافەوە، دەیانەوێ لە نێوان کوردەکان و ئازەربیەکان دوژمنایەتی دروست بکەن، تاکو بەم چەشنە دانیشتوانی ئازەربی ناوچەکە تالان بکەن و، دژایەتی نێوان کوردەکان وقەرەپاپاخەکان درێژە بک ێشێت. لە کۆنەوە خەڵکی ناوچە وتویانە «بیرتەرەفەندی دی نیز ئویچ تەرەفەندی دونگوز» /لەلایەکەوە دەریایە و لە سێ لاوە بەراز/ مەبەستیان کوردە.

قالی خان لە کۆتای مارتی ئەمساڵدا متینگێکی ڕێکخستبوو کە ئاسووری و ئەرمەنی و ئازەری وکوردی تێدا بەشدار دەبن و ژمارەیان [١٥٠٠] کەس بووە. قولی خان کە دەستی بە قسەکرن کردووە دژی زۆرداریی کۆمیتەی ژێکاف قسەی کردووە کە بەزۆر خەڵکی لە ڕیزی پارتی خۆیان دەنووسن. ناوبراو بە چاوێکی باشەوە دەڕوانێتە پارتی تودەی ئێران. بەشدارانی میتینگ، جگە لە کوردەکان، هەموویان پشتیوانییان لە قولی خان کردووە.

لە ڕاگەیاندنی ئازاد وەتەن بەرپرسی حزبی تودە لە ورمێ باسکراوە کە کوردەکان بریکادیان دروستکردووەو ئەندامانی پارتی ژێکاف کە دەچنە گوندەکان پڕوپاگەندە بۆ هاتنە ڕیزی پارتی کۆمەڵە دەکەن و، ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێت بە زۆر دەیانهێنن و بە قورئان سوێندیان دەدەن لە ناو ئەوانەی کە بە زۆر ناچاریان دەکەن بێنە ڕیزی ژێکافەوە ئەندامانی تودەیشیان تیایە. ژێکاف دەیەوێ کوردستانی سەربەخۆ پێکبێنێت.

٨ی ئاپریلی ١٩٤٥ سەرنووسەری ڕۆژنامەی [کەیوان] ئەنساری * لە چاوپێکەوتن لە گەڵ مندا وتی کە لە مانگی مارتەوە لە عێراق نوێنەری کوردەکانی عێراق سەید تەها هاتووەتە کوردستانی ئێران و سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کوردی ئێران وعێراق لە گەڵ قازی موحەمەد چاوپێکەوتنی هەبووە. هەروەها سەید تەها چوەتە سەقزو بۆکان و مەهاباد و لاجان و پاشان گەڕاوەتەوە ماڵی. ئەنساری وتی کە سەید تەها خزمی بەناوبانگی زۆری لە عێراق هەیە. شێخ سەعید عەبدوڵلا ئەفەندی کە خاڵیەتی، شێخ تەویلە مامیەتی، برایەکەی شێخ ئەحمەد، لە تارانێ لە ناو سوپای ئێران خزمەت دەکات. بەلام پەیوەندی لەگەڵ سەید تەها نییە و، بە چاوێکی خراپەوە تەماشای چالاکی سیاسی برای خۆی دەکات. بە وتەی ئەنساری بەبێ پشتیوانی ئینگلیز ناوێرن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن و بە یارمەتی سەید زیائەلدین ئەم کارە دەکەن. ئەم سیاسەتەی ئینگلیز کە ئەوان بە دەوڵەتانی بچووک دیکتەی دەکەن لە ڕابردووشدا ئاشنایە. ئەنساری وتی کە نابێ باوەڕ بە برای قازی موحەمەد، سەدری قازی، بکرێت. لەبەر ئەوە قازی بۆ خۆی چوەتە تاران و چاوی بە سەید زیائەلدین کەوتووەو هەڵوێستی بەرەو خراپیی گۆڕاوە. ئەنساری وتی کە ئینگلیزەکان دەیانەوێ نوێنەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران بشکێنن و گوایە ئەنساری دەیەوێ لە سەر ئەم سیاسەتەی ئینگلیز لە ڕۆژنامەکەی خۆی پەردەی لە سەر لا بدات. (٨)

ناشومۆڤ
سەر کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزانیە

* دەربارەی ئەنساری بڕوانە لاپەڕەی دوایی.

* ئەنساری جگە لە نووسراوەکانی دژی کورد کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بلاویان دەکاتەوە، زۆر جار لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت، بەتایبەتی کۆنسوڵی سۆڤیەت، چاوپێکەوتنی هەبووە. ناوبراو ئەو دەنگ وباسانەی لە لایەن دەزگا جاسوسییەکانی ئێران و ئینگلیزەوە پێدراوە، تا بیانگەیەنێتە سۆڤیەتییەکان. هەندێ جار باسی خراپیی ئینگلیزەکان دەکات تا شکی لێنەکرێت و تەنانەت لای سۆڤیەت خۆیشی بە دژی ئینگلیز دادەنێت. ئەنساری جگە لە نووسراوەکانی بەسۆڤیەتییەکان ڕادەگەیەنێت کە کوردەکانی مەهاباد چەکێکی زۆریان کۆکردۆتەوەو زۆربەی لە ڕێگای عێراقەوە بۆیان دێت.

بە هۆی ئەم ڕاگەیاندنانەوە جێگری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، سیچیڤ. لە ٢٤ی ئاپریلی ١٩٤٥دا بە نامەیەک داوای لە کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت لە تەورێز و ڕەزانیە. هەروەها لە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە تاران کردووە کە لەم هەوالانە بکۆڵنەوەو ڕوونیان بکەنەوە.

ئەنساری لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە بۆ هەڵبژاردنی دەورەی پازدەیەمی مەجلیس، کاندیدو پشتیوانی لێدەکرێت. (٩).

پێویستە ئەوەیش بڵێین کە ژێکاف نە فارس و نەعەجەم و نە ئازەری و نە قەرەپاپاخی بە ئەندام وەرگرتووە. بە پێی پەیرەوو پرۆگرامی ژێکاف کەسانێک بە ئەندام وەردەگیرێن کە بە ڕچەڵەک کورد بن. بەلام دیارە ئەنساری و پاشان تودەییەکان و فیرقەییەکان هیچ تاوانێکی تریان نەبوو کە بیدەنە پاڵ ژێکاف ، جگە لەم تاوانە پووچانە.

کۆنسوڵی سۆڤیەت هەروەها لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێککەوتی ١٥ی ئاپریلی ١٩٤٥ دەنووسێت: کاربەدەستانی خۆجێی ئێران کەوتوونەتە نێوان دوو ئاگر، پارتی تودەو بزووتنەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بەلام ئەوان زیاتر لە هەموو لە بزووتنەوەی کورد دەترسن. هەندێ لە زانایانی

کۆمەلایەتی دەڵێن کە سەید زیانەلدینبە دەستووری خاوەنەکەی پارمەتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد دەدات و دەیەوێ ژێکاف و تودە دژی یەکتر ڕاوەستن.

ژێکاف بۆ بەرەنگاری سوپای ئێران پاش کۆتایی هاتن بەشەڕی دووەمی جیهان ، کە لەوانەیە دوای دەرچوونی سوپای سوور هێرش بکاتە سەر کوردستان، بۆ بەرەنگاری دوژمن خۆی ئامادە دەکات و لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێت.

بە پێی ئەم هەواڵانە کە پێمان گەیشتووە عومەر خانی شەریفی، تاهیر خانی سمکۆ، قوتاس ئاغای مەمەدی، عەباس فەنەکی، تەمەر خان و شیرئاغا ، گوایە لە لایەن ژێکافەوە دەستووریان پێدراوە کە شەش هێز، کە ژمارەی هەر هێزێک [٦٠٦] کەس دەبێت، پێکبێنن. جگە لەوە لە هەر کوردێک [٦] تومەن ئابوونە وەردەگرن. ئەم هەواڵانە هێشتا بەتەواویی ڕوون نەکراونەتەوە. هێمنایەتی ئیش و کاری کۆمەڵەی ژێکاف لەم ڕۆژانە لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵە چاوەڕێی کۆتایی هاتن بە کاروباری کۆبوونەوەی سان فرانسیسکۆ دەکات، کە گوایا دەبێ کێشەی کوردیشی تێدا باس بکرێت.(١٠).

## لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ

لە بەهاری ئەمساڵ واتە ١٩٤٥هێندێ لە سەرۆک هۆزەکانی کورد لە ناوچەی ماکۆ دەستیان بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ کوردەکان کردووە. یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ئەم ناوچەیە ڕێکخراوی نهێنی پارتی کۆمەڵە بوو کە لە ناو هۆزی شوکاک دروستکرا.

لە مانگی مارتی ئەمساڵ عومەر خانی شەریفی لەگەڵ سەرۆک هۆزو خێڵەکانی کورد لە گوندی زەندەشت سەر بە ناوچەی شاپور /گوندی زەندەشت هی عومەر خانە/ کۆبوونەوەی هەبووەو لەسەر پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵە قسەی کردووەو ئاگاداری کردبوونەوە کە نهێنی دروستبونی ئەم ڕێکخراوەیە بپارێزن. لە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوەیە دوو کەسی نەناسراوی کورد، کە لە تەورێزەوە هاتوون، بەشداربوون. عومەر خان ناوی ئەو دوو کەسەی نەبردووە. عومەر خان وتویەتی /هەروەها ئێمەیش لە تەورێزەوە ئەم هەواڵەمان پێگەیشتووە/ کە ئەم ڕێکخراوەیە بە ئاگاداریی و بە پشتیوانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتووەو بۆ ئیسپاتی ئەمەش وێنەی لێنین و ستالین وەک سیمبول و ڕەمزی ئیش وکاری پارتی کوردی پیشان دراون.

دوای ئەوەی کە بەشداران بەڵێنی پێکهێناتی ئەم ڕێکخراوەیان داوە عومەر خان لە گەڵ ئەوانەی کە لە تەورێزەوە هاتبوون پێشنیاری سوێند خواردنیان بە بەشداران کردووە. بە پێی ئەم بڕیارە دەبێ بەشداران بە بە چۆکدانان بەرامبەر بە قورئان بە دەنگەوە ڕابگەیەنن:

١- سوێند دەخۆم بە قورئان ، خۆفرۆش ئەبم و نەکەومە ژێر کاریگەریتی دەوڵەتانی تورکیاو ئێران و عێراق.

٢- بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد وەفادارىم.

٣- بە بێ چەندو چوون تەواوی دەستوورەکانی پارتی کۆمەڵە جێبەجێ بکەم.

بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە:

١- مەمەد قوتاس ئاغا /سەرکردەی تایفەی مەمەدی/

٢- تاهیر خانی سمکۆ /سەرکردەی تایفەی عەودویی/

٣- حەسەن تیلو /سەرکردەی تایفەی دیری/

٤- موراد برو /سەرکردەی تایفەی تیسانی/

٥- شێرۆ ئیسماعیل / سەرکردەی تایفەی پسکا/

دوای ئەوەی عومەر خان پێیان دەڵێت کە ڕێکخراوی کۆمەڵە لە ناو تایفەکانی خۆیان پێکبێنن کە لە لە لایەن بەشدارانەوە پەسەند کرا.

### مەبەست و ئەرکەکانی پارتی

مەبەستی پارتی گەیشتن بە سەربەخۆیی کورد کە کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریاش بگرێتەوە.

### ئەرکەکانی پارتی

١- کۆتاییهێنان بە ڕاووڕووت و دژایەتی نێوخۆ.

٢- یەکخستنی تەواوی کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا.

٣- کێشەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردی بخرێتە بەر دەستی هاوپەیمانەکان /سۆڤیەت و ئینگلیزو ئەمەریکا/

### لەسەر وەرگرتنی ئەندام لە پارتی کۆمەڵە

پارتی هەوڵ دەدات زیاتر خەڵکی خوێندەوار بهێنێتە ڕیزی خۆیەوە. وەرگرتنی پیاوەکان بۆ ڕیزی پارتی دەبێ بە تاکە کەسیی /انفرادی/ بێت و داوای لێبکرێت:

١- بەرامبەر بە بەرپرسی ڕێکخراوی ناوچە سوێند بخوات.

٢- ئەندامی وەرگیراو لە پارتی دەبێ کوردی ڕەسەن بێت/واتە هەم لە دایکەوەو هەم لە باوکەوە/.

٣- ئەندامی وەرگیراو لە پارتی دەبێ گەلی کوردی خۆش بووێت و ڕێز لە دابوونەریتی کورد بگرێت.

٤- ئەندامی پارتی دەبێ پارەپەرست نەبێت و خۆی بە پارە نەفرۆشێت و بەم چەشنە ناموسی کورد بپارێزێت.

٥- ئەندامی پارتی دەبێ ئابوونەی ئەندامیەتی بدەن کە مانگی دە ڕیاڵە . دەوڵەمەندەکان دەتوانن جگە لە ئابوونە ، هێندێ یارمەتی دراویش بە پارتی بدەن.

پرنسیپەکانی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی پارتی

١- ڕێکخراوی پارتی لە ناو تایفەو تیرەکاندا دەبێ لە لایەن سەرکردەکان یان گەورەکانیانەوە بەڕێوە بچێت و بە نهێنی ئیش بکەن.

٢- ڕێکخراوەکانی پارتی، کە (٦٠٠) تا هەزار ئەندامیان هەبێت، پێویستە یەک کۆمیتەیان هەبێت. ئەگەر زیاتر لە هەزار کەس بێت دەبێ دوو کۆمیتەیان هەبێت.

٣- ڕێکخراوێک کە ژمارەی ئەندامەکانی ئەگاتە شەش سەد کەس کۆمیتە پێکناهێنن و بەڕێوەبەری ئەم بەشەی ڕێکخراو دەبێ لە لایەن گەورەی تایفەوە بێت کە ئەویش دەبێ دەستیارو سکرتێری هەبێت.

٤- ڕێکخراوی پارتی دەبێ لە سەر پرنسیپی ناوچەیی (تیریتۆریال) بێت و لە ڕێگای سەرکردەکانی پارتی لە ناوەندەوە دەبێ ڕێبەرایەتی بکرێت.

٥- ناوەند ناوی نهێنی خۆی هەیەو لە نووسینەکانیدا تەنیا ناوە نهێنییەکە دەنووسسێت. بەم چەشنە ڕێکخراوی نهێنی پارتی کۆمەڵە لە ناوچەی شاپوور لە ناو کوردەکانی هۆزی شوکاک لە ناو تەواوی تایفەو تیرەکانی کورد بە بەشداری هەموو پیاوەکان دامەزرا

عومەر خان و هاوکارەکانی لە نێوان مانگی ... - سیپتامبەر چەند جار نوێنەرانی خۆی ناردۆتە لای سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی ماکۆ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی پارتی کۆمەڵە و کۆنترۆڵی ئیش و کاریان. لەم بارەوە کۆنسوڵی خۆمان لە تەورێزو باڵوێزخانەمان لە تاران ئاگادار کردەوە.

لە هەر چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ نوێنەرانی کورد هەموو کاتێک پێمان ڕاگەیاندوون کە کێشەی پێکهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ڕیئاڵ (واقیعی) نییەو پێش وەختە. ئێمە ئامۆژگاریمان کردوون کە پەیوەندی بە ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی ئێرانەوە بکەن و بەم چەشنە دەتوانن بگەنە مافە دیموکراتییەکان بۆ گەلی کورد. ئەوانە بەڵێنیان دا کە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانمان بن. بەم چەشنە عومەر خان نەیتوانی لە ناو کوردەکانی ناوچەی ماکۆ پارتی کۆمەڵە پێکبێنێت.

لەسەر پارتی دیموکراتی کورد

لە نیوەی یەکەمی مانگی ئوکتۆبەری ئەمساڵ بە پێشنیاری هێندێ کوردی مەهاباد چەند

د گروپێکی دەستپێشخەر بۆدروستکردنی پارتی دیموکراتی کورد هاتن بۆ ناوچەی ماکۆو خوی. ئەم گروپانە دەستیان بە دروستکردنی پارتی دیموکراتی کورد کردو بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە داوایان لە خەڵک کرد کە ناوی خۆیان لەم پارتیەدا بنووسن و ئامادەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد لە مەهاباد بن.

ئەو دەستە نوێنەرانەی کە لە ماکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی هەڵبژێردران بریتین لە شێخ عەبدولقادر عومەر ئاغای خالیدی، عەبدوڵڵا ئاغای حاجی قارەمان،حەسەن ئاغای حاجی تیلۆ، عومەر ئاغای ئەمونی.

لە شاپورەوە: عومەر خانی شەریفی، عەباس فەنەک، قوناس مەمەدی، عەبدوی عەبدول، سۆفی شیرانی، شێرۆ پس ئاغا، تاهیر خانی سمکۆ، حەسەن تیلۆ، موراد ئەیسائی و مەلا مەجید.

ناوبراوان دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرە دەستیان بە ڕوونکردنەوە لە ناو تایفەو تیرەکانی کورد کرد، کە زۆر چالاکانە نەبوو. ئەمە دەری دەخات کە لە ناو کوردەکاندا خوێندەوار کەمە. بەڵام کوردەکان هەموویان لە دروستبوونی ئەم پارتییە ئاگادار بوون و خۆیان بە ئەندامی ئەم پارتییە دەزانن بە بێ ئەوەی وەرگرتنی ئەندامێتیان ڕێکبخرێت.

سەرۆک هۆزەکانی کورد /دەستەی نوێنەران/ کە لە کۆنگرە گەڕاونەتەوە بە باوەڕپێکراوانی خۆیان گوتووە کە پارتی دیموکراتی کورد بە ئاگاداری و بە پشتیوانی دەزگاکان و کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت پێکدێت. زۆر کورد بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کورد لە گەڵ ڕووسەکان یەک دەگرن. لە ناو زۆربەی تایفەکانی کورد لە ناوچەکانی ماکۆو خوی کوردەکان بە بۆنەی پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورد دەستیان بە شایی و هەڵپەڕکێ کردووە.

تاکو ئێستا ئەوانەی کە لە پارتی دیموکراتی کورد لە ناوچەی ماکۆو خوی ناویان نووسیوە دەگاتە هەشت هەزار کەس.

ڕێکخراوەکانی ناوچە هێشتا دانەمەزرێندراون. ئیش و کاری ڕێکخستن و ڕۆشنبیریی لاواز بەڕێوە دەچێت. سەرۆکە کوردەکانی ناوچە لە ئیش وکاردا نا شارەزان و تا ئێستا لە ناوەندەوە کەس نەهاتوە بۆ ئێرە.

تاقمی کۆنەپەرستی ماکۆو خوی هەوڵیان دا جیاوازی و دژایەتی لە نێوان کوردەکان و جوتیارە ئازەرییەکانی ناوچە دروست بکەن و بڵاویان کردووەتەوە کە گوایە کوردەکان چەکدار دەبن و هێرش دەکەنە سەر جوتیارەکانی ناوچە. بەڵام ئەم دەنگوباسانە بێ ئەنجام بوون و کوردەکان دەڵێن کە «ئێمەی کورد دۆستی تەواوی ئازەربایجانییەکانین» ئێمە تەنیا دوژمنی ئەو کەسانەین کە جیاوازی دەخەنە ناو کوردو ئازەری.(١١).

## ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزانیە ١٩٤٥

پارتی ژێکاف لە سەرەتادا لە ئێران پاشان لە عێراق پێکهات ، ڕێبەرانی پارتی ژێکاف دەڵێن کە ئەم پارتیە لە تورکیاو سووریاش هەیە. بەڵام ئاگاداری تەواو تاقیکراوەمان لەم بارەیەوە نییە.

مەهاباد ناوەندیی پارتی ژێکافە کە کۆمیتەی ناوەرندی لە (١١) کەس و (٥) ئەندامی پاڵێوراو پێکهاتووە. شانەکانی ژێکاف لە شارو گوندەکانی کوردستان دامەزرێندراون. ژمارەی ئەندامانی ژێکاف دەگاتە ٦٠ (شەست) هەزار کەس. مەبەستی پارتی ژێکاف ئەوەیە کە تەواوی گەلی کورد لە باری سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورییەوە ئاگادار بکاتەوە.

ئابوونەی ئەندامیەتی ژێکاف دە ڕیاڵە جگە لەوە هەر ئەندام بە پێی توانای خۆی دەتوانی زیاتر یارمەتی پارتی خۆی بدات. هەر بۆیەش زۆربەی سەرچاوەی داهاتی پارتی لەم یارمەتیانەوە بە دەست دێت. گەرچی پارتی ژێکاف لە سەرانسەری کوردستان بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کردووە، بەڵام وەک پارتێکی نهێنییە. هەر شانەیەکی پارتی بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت ناوی نهێنی خۆی هەیەو ناوی سروشتیشیان بۆ هەڵدەبژێرن. پەیرەوی پارتی زیاتر لە پرۆگرامی پارتی هیوا /لە عێراق/ وەرگیرابوو. بەڵام زۆربەی بۆچوونەکانی پرۆگرامی ژێکاف شتێکی ترە.

هێندێ لە پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بۆ سێ مەبەستی خوارەوە چوونەتە ڕیزی پارتی ژێکافەوە:

١- هێندێک لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان/ لە پێشەوەی هەموویان ئابووری/ تا تەواوی ئەو ئیمتیازانەی لە باری کشتوکاڵ و بازرگانی و..هتد، کە دەدرا بە ئەندامانی ژێکاف بپارێزن.

٢- هێندێکی تریان لە ترسانە، بەو مەبەستەی کە سیمپاتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ خۆیان دابین بکەن ، لە بەر ئەوە وا بیر دەکەنەوە کە ژێکاف بۆ مەبەستی سەرەکی خۆی، کە سەربەخۆیی کوردستانە، پشت بە سۆڤیەت دەبەستێت.

٣- گروپی سێیەم، کە زۆر کەمن ، تەنیا لە بەرهەڵستی پاتریۆتی (نیشتمانپەروەری) یانە هاتوونەتە ڕیزی ژێکافەوە. ئەمان وا لەو پارتیە تێگەیشتوون کە ئەم پارتیە ڕزگارکەری هەموو کوردستانە.

بە وتەی هێندێ لە کوردەکان پارتی ژێکاف، کە لە کوردستانی ئێران پێکهات، لە سەر بنچینەیەکی پتەوو بێ ئەوەی سیاسەتی هیچ دەوڵەتێکی بێگانە بەڕێوەببات دامەزرێندراوە.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ژێکاف لە پیاوە ناودارەکانی مەهابادن، کە وەک ئاشکرایە جێ باوەڕی زۆربەی سەرۆک هۆزو خێڵەکانی کورد نین. پارتی ژێکاف ئاڵای نەتەوایەتی بۆ کوردستان درووستکرد کە بریتییە لە سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیشی بە پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێران دەنوێنێت. ڕەنگی سوور لە سەرەوە پاشان سپی و لە خوارەوە سەوز و لە ناوەندەکەی هەتاو کێشراوە.

هەر ئەندامێک کە دێتە ڕیزی پارتی ژێکافەوە پێش ئەوە وەربگیرێت دەبێ بە قورئان و ئاڵای نەتەوایەتی سوێند بخوات کە خیانەت بە نیشتمانەکەی ناکات و نهێنییەکانی پارتی دەپارێزێت . ئەندامی وەرگیراو جگە لە ژمارەیەک کە بۆی دیاری دەکەن بە مەبەستی پاراستنی ، ناوی نهێنیی بۆ دادەنێن. لەم دواییانەدا پارتی ژێکاف توانیویەتی دەزگایەکی چاپەمەنی بچوک بە بیست هەزار ڕیاڵ بکرێت و چاپەمەنییەکانی پارتی لە مەهاباددا بڵاوبکاتەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە هەموو لایەکەوە هەوڵیان دا کە پارتی ژێکاف لە ناوەوە تێک و پێک بدەن. دەیانەویست بە کڕینی هێندێ سەرۆک هۆزو خێڵی کورد جیاوازی بخەنە نێوان ڕیزەکانی پارتی. هێندێ جار بۆیان چووەتە سەر بۆ وێنە ئەوانە دوژمنایەتییان لە نێوان ڕەشید بەگ و نوری بەگ ، هەروەها لە نێوان ڕەشید بەگ و ئەمەر خان هێناره، قەرەنی ئاغای مامەش و قازی موحەمەد و ..هتد پێکهێناوە. هەروەها گێرمەوکێشە نێوان سەرۆکە کوردەکان لە سەر زەوی و زارو دەست بەسەردا گرتن ، یاخود لە کاتی فرۆشتنی قەندو شەکر و مانوفاکتور بە هێندێکیان زووتر دەدەن و بەوانیتر بە پێچەوانە.

وەک ڕامانگەیاند دەسەڵاتدارانی ئێرانی چارەسەری کێشەی کورد تەنیا بە چەککردنی کوردەکان دەزانن. دەسەڵاتدارانی ئێرانی بایەخێکی زۆر دەدەنە مەهاباد لەبەر ئەوە مەهاباد ناوەندیی سیاسی کوردانە و لەوێ کێشەی سەربەخۆیی کوردستان باس دەکرێت و دیار دەکرێت.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی، کە هیوایان بە جێ پێ قایمکردنی خۆیان لە مەهاباد نەماوە، هەروەها کە نەیانتوانی سوپای ئێران بنێرنە ئەوێ، ئەوانە هەوڵیان دەدا مەهاباد لە ئوستانی چوارەم (ئازەربایجانی ڕۆژئاو) جیابکەنەوەو بیکەنە ناوچەیەکی تایبەت سەر بە سنەو ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی (تابع) بە تاران بێت. مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئێران لەم کردەوەیە ئەوەیە ئەم ناوچەیە کە ناوەندی سیاسی کوردانە، لە ژێر کاریگەرێتی باکوور(سۆڤیەت) نەمێنێ و بخرێتە ژێر دەستی خۆیان ، زۆربەی کوردەکان دژی ئەم گۆڕانکارییەن. دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی پیلانی ناوبراو ویستیان بە ناسراوەکانی کورد بسەلێنن کە لە گەڵ گەلاڵەی لکاندنی مەهاباد بە سنەوە موافەقەت

بکەن.دەسەڵاتدارانی ئێران توانییان بەڵێنی هێندێ لە سەرکردە ناسراوەکانی کورد وەک قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسەد، مەحموودیان، عەبدوڵڵا ئاغاو عەلی ئاغای مەنگوورو هێندێکی تر وەدەست بێنن. لەم بارەوە ئەوانە هێندێ ناوداری کورد وەک قازی موحەمەد و عومەر خانی شەریفی و نوری بەگ و تەمەر خان خینارەو...هتد بە هەڵگیرسانی بزووتنەوەی جیاخوازانە و یاخی بوون و یاخی کردنی کوردەکان لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی تاوانبار دەکەن.

تەواوی کوردە ناودارەکان هەر زوو زوو بیروباوەری خۆیان بەلای ئەو لایەنەدا دەگۆرن بەهێزتربێت، لەبەر ئەوەیە کە نابێ لەسەر لایەنگیری کردنیان لە سۆڤیەت حساب بکرێت، هەروەها دووریش نییە کە سەرکردەکانی پارتی ژێکاف بیانەوێت ئەم پارتیە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن. بە پێی دەستووری مۆسکۆ ئێمە لە مانگی ئاب پەیوەندیمان لە گەڵ پارتی ژێکاف گۆڕیوە. لە چاوپێکەوتنەکاندا لە گەڵ ناسراوەکانی کورد ئێمە بە شێوەیەکی پارێزانە (احتیاط) تێمانگەیاندوون کە ئێمە پێمان وایە بیروباوەری «سەربەخۆیی بۆ کوردستان» کاتی خۆی نییەو ریئال نییە، لەبەر ئەوە ئەم بیروباوەرە زیاتر لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە پشتیوانی دەکرێت و، هەر ئەوانیش کەمتر لە هەموو لایەک بیر لە ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی گەلی کورد دەکەنەوە. بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی گەلی کورد ئێمە بە پێشکەوتووخوازەکانی پارتی ژێکاف پێشنیار دەکەین بۆ مافی یەکسانیی کورد لە چوار چێوەی یاسایی ئێران لە سەر بنچینەیەکی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵبدەن. کوردەکانیش زۆر جار لە لایەن سەرکردەکانی پارتی ژێکافەوە درۆیان لەگەڵ کراوەو پارتی بەرەبەرە لە پێش چاوی خەڵک دەکەوێت. پارتی ژێکاف بە بڕیاردانێکی تایبەتی هەڵوەشایەوەو ئەندامەکانی سەر لەنوێ چوونە ڕیزی پارتی تازە درووستکراو واتە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.(١٢).

ئاشومۆڤ
عەلی ئەکبەرۆڤ

بەشێک لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی (بەلشەویکی) یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ گ. م دیمیترۆڤ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ، دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف (١٢ی ئوکتۆبەری ١٩٤٥)

ڕۆژنامەی باختر لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٧/٢٥دا دەنووسێت که لە کوردستانەوە هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن دەگات، بەڵام ناگەنە لای نوێنەرانی مەجلیس. کار گەیشتووەتە ئەو جێگایە کە باندەکانی مەحموود کانی سانانی ، شمشێریان بەڕووی براکانی خۆیاندا هەڵکێشاوەو سوپای شاهەنشاهیش تۆپ و تفەنگی دژی خەڵکی بێتاوان بەکارهێناوە. ئەم ڕووداوانە بە دوای ئەو هەراو هوریایە کە پارتی ژێکاف دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی هەڵگرتووە. هەروەها داسەپاندنی حەبیبی موحیت بە نوێنەرایەتی کوردستان کوردەکانی زیر نارازی کردووە.

ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٧/٢١دا شیکردنەوەیەکی لە سەر نامەیەک، کە لە لایەن پارتی ژێکافەوە نێردراوە بۆ چاپەمەنییەکانی ئێران، بڵاوکردووەتەوەو پارتی ژێکاف لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە داوا لە مەجلیس دەکات کە نوێنەرایەتی حەبیبی موحیت پەسەند نەکات، لە بەر ئەوە گەلی کورد ئەو کابرایەی هەڵنەبژاردووەو هەڵبژاردنی وی بە فرۆفێڵ و دەستتێوەردانی ئەفسەرانی لەشکری ئێران لە کوردستان بەڕێوەچووە. لە تێلگرامەکەی ژێکافدا هاتووە:«ئەگەر بێت و نوێنەرایەتی ئەو کابرایە، واتە حەبیبی موحیت، پەسەند بکرێت بۆ دانیشتوانی کوردستان دەردەکەوێت کە مەجلیسی ئێران نایەوێ هێمنی و ئاوەدانیی لە کوردستاندا هەبێت».

کەیهان لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ: لەوانەیە بەشی نەخوێندەواری دانیشتوانی کورد نەزانێت مانای «سەربەخۆیی» چییە. لەسەردەمی ئێستادا کاتێک تەنانەت گەلانی گەورەو فرە نەتەوە هەوڵی یەکگرتن دەدەن و پشتی یەکتر دەگرن. ئایا دەکرێ باوەڕ بەو شتە بکرێت کە هێندێ خەڵک لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئێران دەیانەوێ لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان جیا ببنەوە. باشە ئەوانە بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئەگەر ئێستا گەلی ١٥ ملیۆنی ئێران لە چاو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان دەورێکی بچووک دەبینێت ئەگەر بێت و ئەو هۆزو خێڵانە جیا ببنەوە چییان پێ دەکرێت؟ کوا بخاراو خوارەزم و گەنجەو تیفلیس، کوردستانی تورکیا و بلۆچستانی ئینگلیز، کە لە ئێران جیابوونەوە، چییان بەسەر هات؟.

پاشان ڕۆژنامەکە دەنووسێت کۆمیتەیەکی وا (ژێکاف) کە بەو چەشنە باسی دەکەن لە کوردستاندا هەبوونی نییە و ئەگەریش هەیە ئەندامەکانی تەنیا چەند جاسووسێکی وڵاتانی دەرەوەن. ئەم کردەوە ناپاکانەش ، ئیشی هێندێ کەسە کە لە ناوەندی (تاران) دانیشتوون. هێندێ سیاسەتمەداری ناڕازی و نەزان، بەرتیلخۆرو پیلانگێر کە لە تاران دانیشتوون، هەر ئەوانەی کە خەڵکیان دەچەوساندەوەو بۆ خنکاندنی ئازادی بۆ هەموو کارێک ئامادەن. کابرایەکی

سەرهەنگ یان ژەنەڕاڵ، کە پێی خۆشە حەبیبی موحیت بە نوێنەرایەتی کوردستان بنێردرێتە مەجلیسی ئێران، بە ئەو چی ئەگەر کوردەکان ئەم کابرایەیان نەوێت؟
دەوڵەت و مەجلیسی ئێران پەرۆشی دانیشتوانی خۆیان ئین و ئەگەر نوێنەرایەتی موحیت پەسەند نەکراوە ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە دانیشتوانی کوردستان نایانەوێ، بەڵکو دوژمنی موحیت لە مەجلیسی ئێران زۆرن وجگە لەوەش ئەوانەی کە لە مەجلیسی ئێران کۆدەبنەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ موحیت نییە.

کۆمیتەی کوردی ژێکاف لە ١٩٤٢ لە عێراق بە دەستپێشخەریی هێندێ کوردی دیموکرات بۆ یەککگرتنی بەربڵاوی هەموو هێزە دیموکراتییەکانی بەشەکانی کوردستان پێکهاتووە. پارتی ژێکاف میراتگری پارتی خۆیبوونە و نەریتی دەرەبەگیی و داشناکەکانی پێوەیە. پارتی خۆیبوون ماوەیەکی دوورودرێژ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی کردووە. لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی نزیکبوونەوەی ئەم پارتییە بە کۆنەپەرستان و بە تایبەتی بە لایەنگیریکردن لە فاشیزم و پشتیوانیکردن لە سیاسەتی دەرەوەی پارتی ناسیۆنال - سۆسیالیستی ئەڵمان دەسەڵاتی لە دەست داوە.

جیاوازی پارتی ژێکاف لە گەڵ خۆیبوون ئەوە بوو کە لە خەباتدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان. هەڵوێستێکی زۆر دوورەپەرێزانەی(محتاطانەی) گرتە بەرو ئەم کێشەیەی بە دەست پێکردنی هێندێ داواکاریی کۆمەڵایەتی و کۆلتووریی و بە گشتی ڕیفۆرم لە کوردستان هێنایە پێش. ژێکاف لە بەرنامەی خۆیدا ئەم شتانەی دەست نیشانکردووە. هەروەها پارتی ژێکاف ڕایگەیاندووە کە خەبات دژی ئەڵمانیای فاشست و کۆنەپەرستانی نێونەتەوەیی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت و لەم خەباتە پیرۆزەیشدا پشتیوانی لە گەلانی ئازادیخواز دەکات.

هەروەها کۆمیتەی ژێکاف داخوازیی سیاسی و ئابووری و مافی کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانی لە بەرنامەی خۆیدا چەسپاندووە.

لە لایەکی ترەوە ژێکاف ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە لە گەڵ هەموو ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتانەی کە کوردیان تیایە بەرەیەکی هاوبەش پێکبێنێت بە مەرجێک کە ئەوانە مافی کوردان بە ڕەسمی بناسن. پرۆگرامی مینیمۆم(لانی کەم)ی کۆمەڵەی ژێکاف ئەم داخوازیانەی خوارەوەن.

ڕیفۆرمی ئەرزیی -دەست بەسەرداگرتنی تەواوی زەمینە (ئەرز) دەوڵەتییەکان و مەوقوفەکان و فیئودالەکان و بەشکردنی بە خۆڕاییان بەسەر زەحمەتکێشان و جوتیاران و ئاژەڵداراندا. گەڕاندنەوەی زەویی ئەو جوتیارانەی کە لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتیی و فیئودالەکانەوە بە شێوەیەکی نایاسایی دەستیان بەسەردا گیراوە. بۆ سەرکەوتنی بازرگانی و پیشەسازیی لە ناوچە کورد نشینەکاندا ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت. دابینکردنی مافی زەحمەتکێشان و جوتیاران و ئاژەڵداران و پیشەسازان. خەبات دژی فیئودالەکان و دەسەڵاتی هۆزی و خێڵەکیی خانەکان و دەوڵەتی ناوەندی. بۆ پێشخستنی کاروباری فێرکردن و لەشساخی و بارهێنان و سەرئەنجام تێکۆشان بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕادیکاڵانەی ژیانی کۆمەڵانی کورد ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت. لە ماوەی ١٩٤٤ - ١٩٤٣ کۆمیتەی ژێکاف زۆر چالاک نەبوو، زیاتر خەریکی نیش و کاری ڕێکخستن و ئەندام وەرگرتن لەناو چین و توێژەلانی دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی لە باکوور - ڕۆژهەڵاتی عێراق و ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران بەوە. ناوەندی چالاکی ژێکاف لە ئێران، کوردستانی موکرییە کە پایتەختەکەی شاری مەهابادەو لە لایەن کوردە پێشکەوتووخوازەکانەوە بە سەرکردایەتی قازی موحەمەد و سەدری قازی برای کە نوێنەری مەجلیسی ئێرانە بەڕێوە دەچێت.

ڕێکخراوی ژێکاف لە مەهاباد کە لە کۆتایی ١٩٤٣ دامەزراوە بە شێوەیەکی بەربڵاو و زۆر لە ناو دانیشتوانی کورد گەشەی کردو سەرکەوتنی زۆری بە دەستهێناوە. لە کوردستانی موکری - لە ناوچەکانی سەردەشت. بۆکان و مەهاباد بە پێی سەرچاوەیەک کە هەیە حەفتا لە سەدی دانیشتوانی پێگەیشتوو لە ڕیزی ئەم پارتیەدان. بە پێی سەرچاوەیەکی تر ئەندامانی پارتی ژێکاف لە کوردستانی موکری (٢٢-٢٠) هەزار کەسن. کۆمیتەی ژێکاف لە مەهاباد . گۆڤاری نیشتمان، بەیاننامەو ئاگاداری و چاپەمەنی تر بڵاودەکاتەوە کە لە ناو کوردەکانی ئێران لایەنگیریان زۆرن. ڕێکخراوی شانەکانی ژێکاف لە هەموو کوردستاندا لە ماکۆوە تا ناوچەکانی لوڕنشین و بەختیاری بڵاوبوونەتەوە. بە پێی ئەو ئاگادارییانەی کە هەمانە چالاکی ژێکاف لە ناوچە سەرهەڵداوو ڕاپەڕیوەکانی کوردستان لە ١٩٤٤ەوە دەستی پێکردووەو لە سەرەتای ئەم ڕووداوانە ژێکاف توانیویەتی زۆربەی ناودارو ئیشتیمانپەروەرە پێشکەوتووخوازەکانی پێنج ئوستان یەکبخات.

ژێکاف لە بەیاننامەو ڕاگەیاندنەکانیدا زۆر جار دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەوڵەت ڕاوەستاوە. بۆ وێنە لە پایزی ١٩٤٤دا ژێکاف بە ناوی کوردەکانی ئێرانەوە داوای لاچوونی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ساعیدو دانی ئیمتیازی نەوتی باشووری ئێرانی بە یەکێتی سۆڤیەت کرد. هەروەها پارتی ژێکاف لەگەڵ پارتی تودەی ئێران و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تری ئێران دژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی

دەوڵەتی ئێران هاو دەنگیی خۆی دەربڕی و چالاکانە لە ناوچە کورد نشینەکان بەرامبەر بەکاریەدەستانی کۆنەپەرستی ئێران ڕاوەستاوە. هەروەها ژێکاف دژی داروودەستەی سەعد زیانەلدین و هاوکارەکانی «یەکێتی هۆزەکانی ئێران» ، «اتحاد عشایر ایران» کە هێندێ سەرۆک هۆزو فیئودالی کوردیش دەگرێتەوەو هەبوونی پارتی ژێکافیان بەلاوە باش نییە، ڕاوەستاوە. وێنەیەک کە لێرەدا پێویستە باس بکرێت کۆبوونەوەی ڕۆژانی ١٩-٤-١٩٤٥و ٢٢- ٤ - ١٩٤٥ لە دەوروبەری مەهاباد، کە بە بەشداری هێندێ فیئودال و سەرۆک هۆزی کورد پێکهاتووە. پرسیاری هەرە گرینگ کە لەم کۆبوونەوەیەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە چۆنیەتی هەنگاو هەڵگرتن لە خەبات دژی پارتی ژێکاف و پیشگیری لە پەرەگرتنی ئەو پارتیە بووە.

پارتی ژێکاف لە خەباتی سیاسي خۆیدا تاکتیکی جۆراو جۆر بەکار دێنێت. بۆ وێنە لە لایەکەوە ئەندامی چالاکی ژێکاف سەدری قازی، کە نوێنەری مەهابادە لە مەجلیسی ئێران، ڕەخنە لە هەلسوکەوتی سوپای ئێران و ژاندارمیری لە کوردستان دەگرێت و کوردەکان بە نیشتمانپەروەری ئێران ناو دەبات و لە گەڵ کوردە جوداخوازەکانی تر سنووریان بۆ دادەنێت . لە لایەکی ترەوە لە لایەن براکەیەوە قازی موحەمەد، کە شارەداری مەهابادە، چالاکی تر ڕوودەدات، بۆ وێنە لە ئاپریلی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دەستەیەکی چەکداری بە سەرکردایەتی حەمید ئاغا، کە ژمارەیان دەگاتە (٥٠) کە سێک ڕێک دەخات، کە جلوبەرگێکی سوپایی یەک شکڵیان (ئونیفۆرم) کە بریتییە لە کراسی خاکی و پانتۆڵی ئاویی (شین) لەبەر دەکەن و بۆ پاراستنی شاری مەهابادو بۆ پێشوازیکردن (گاردی ڕێزگرتن) لە نوێنەرانی هاوپەیمانەکان دیاری کراون. ئەم دەستە چەکدارە بە چەکی سەردەم چەکدار کراون و دەورەێکی ئامادەیی بە پەلەیان دیوە ، هەروەها لە هێندێ شوێن لە سەر ڕێگاکان بۆ ناو شاری مەهاباد لە باشوورەوە، واتە لە ناوچەی مۆڵگەی لەشکری کوردستان، بە دەستووری قازی موحەمەد ڕێگا بەستراوە بۆ ئەوەی ئەگەر جموجوڵی سوپای ئێران بەرەو مەهاباد بێن پێشگیری لێبکەن.

لە ڕێکەوتی ٩ - ٥ - ١٩٤٥ بە بۆنەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا جێژن گیراو لە مەیدانی ناوەندی شاری مەهاباد ئالای سوور هەڵکراو لە سەر بینای کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لە مەهاباد ئالای نەتەوایەتی کورد هەڵکراو، بە وتەی دەسەڵاتدارانی خودی کورد ئەم کردەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە کوردەکانی مەهاباد ئامادە نین چیتر دەسەڵاتداریتی دەوڵەتی ئێران قەبووڵ بکەن. ژێکاف بە پێی ئەو پرۆگرامە بەرینەی کە هەیەتی گروپ و تاقمی جۆراوجۆری سیاسی تێدایە، لە سەر ڕێگای ژێکاف کە مەبەستی سەرەکیی سەربەخۆیی کوردستان و دژی کۆنەپەرستییە، ئەگەرە درووست دەکەن و هاندەرانە دەجوڵێنەوە. بۆ وێنە لە سەرەتای ١٩٤٥ دوای گەڕانەوەی فەهیمی (شالیاری بێ پۆستی ئێران) لە کوردستان بۆ تاران دەوڵەتی ئێران دەستی بە ناردنی چای و شەکرو مانوفاکتور بۆ دانیشتوانی مەهاباد کرد. ئەم شتانە لە لایەن مووچەخۆری بەڕێوەبەرایەتی مالیەی مەهاباد حوسێن زەرگەری، کە لە هەمان کاتدا ئەندامی ژێکافە، بەش دەکرێن. زەرگەریش هێندێ لەو شت ومەکەی بە ڕێگای بەرتیل وەرگرتنەوە داوە بە هێندێ سەرۆک هۆزو خێلی کورد. کاتێک کە فەرمانداری مەهاباد دەستوور دەدا لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکرێت زەرگەری بە پشتیوانیی عەزیز خان لە هۆزی بەگزادەلە ڕێکەوتی ١٢ - ٥ -١٩٤٥ لە شاری مەهاباد میتینگێک ڕێکدەخەن و کاربەدەستانی خۆجێی ئێران لەم بارەوە تاوانبار دەکەن و بەشدارانی میتینگ هان دەدەن کە بینای فەرمانداریی و پۆلیس تێک و پێک بدەن. لە کاتی تێکهەڵچووندا پێنج پۆلیس و کوردێک دەکوژرێن. پاشان هێندێ سەرۆک هۆزی کورد کە بەشی شەکرو چاو مانوفاکتوری خۆیان وەرنەگرتوە لە عەزیز خان داوای شەکر دەکەن. عەزیز خانیش هاندەرانە پێیان دەڵێت کە ئەوو حوسێنی زەرگەری بە دەستووری ڕووسەکان کاریان کردووە.

لە کۆتایی ئاگۆستی ١٩٤٥ ئینگلیزەکان بۆ پیشاندانی فیلمی سینەمایی دێنە مەهاباد دەستەیەکی کوردی مەهابادی بە بەرد داگرتن ئاپیراتوری سینەماکە پێشگیری لە نیشاندانی فیلمەکە دەکەن.

سەرەرای هێندێ فاکتی ئەوتۆ کە نیشاندەری ڕەنگاوڕەنگ بوونی ئەندامانی ژێکافە، بەلام بە گشتی ئەم ڕەنگاو ڕەنگ بوونەی ناتوانێ سیاسەتی گشتی ئەم پارتیە بگۆڕێت. چالاکی ژێکاف بۆ ڕێکخستنی شانەی پارتی تودەی ئێران لە ناوچە کوردییەکان زۆر ڕێگای هەموار کردووە. بۆیە پارتی تودە لەم دواییانەدا توانیویەتی چەند شانەی خۆی لە باکوورو ڕۆژهەلاتی ئێران لە سەر سنووری تورکیا - ئێران لە ماکۆو مەهابادو ناوچەی شکاکان ڕێکبخات. . ڕۆژنامەی ئازادەگان لە ڕێکەوتی ٢٢ - ٧ - ١٩٤٥ لە سەر ڕێکخستنی کۆمیتەی پارتی تودە لە کوردستان، واتە لەو ناوچانەی کە کوردەکان ڕاپەڕیون، نووسیوێتی ئازادەگان باسی بەیاننامەی کۆمیتەی ناوچەیی پارتی تودەی ئێران بۆ دانیشتوانی ئەوێ دەکات کە تێیدا هاتووە باسی چەوساندنەوەو هەژاری گەلی کورد دەکات و داوا لە کوردەکان دەکات کە بێنە ڕیزی پارتی تودەوەو لە ڕیزەکانی

توده یەکبگرن و دژی کۆنەپەرستی خەبات بکەن.

چالاکی ژێکاف لە عێراق لە ژێر سەرکردایەتی مەلا موستەفایەو بە پێی هەواڵی گەیشتوو لەوێش پەرەی سەندووە. لە سەرەتای ١٩٤٥ کۆمیتەی ژێکاف لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوور - ڕۆژهەڵاتی تورکیا هاوسنووری ئێران و عێراق دەستی بە ڕێکخستنی شانەکانی خۆی کردووە.

زۆربەی ئەندامانی ژێکاف لە عێراق و تورکیا ، هەروەک لە کوردستانی ئێران ، ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازو بازرگانی بچووک، پیشەسازو کوردی ئاسایی و ئاژەڵدارو جوتیارن. هەروەها هێندێ لە هەرە پێشکەوتنخوازو فیئودالەکانی کورد دێنە ڕیزی ژێکافەوە. چالاکی ژێکاف لە عێراق و تورکیا بە چالاکی پارتییە کوردییەکانی ئەوێ پەیوەند کراوەو لە یەک بەرەدا بۆ وێنە لە کوردستانی عێراق گروپی «ڕزگاری کوردستان» کە لە سەرەتای ١٩٤٥دا پێکهاتووە لەگەڵ پارتی ژێکاف شان بەشان چالاکی دەکەن. گروپی ڕزگاری کوردستان چالاکی خۆی لە ناوچەکانی باکووری عێراق لە ژێر دروشمی «بژی کوردو کوردستانی گەورە و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان» دا خەبات دەکات. سەبارەت بە چالاکی تری ئەم پارتییە و پرۆگرامەکەی ئاگاداریمان نییە. بەڵام دەتوانین زیاتر لەسەر ئیش و کاری «بەشی کوردی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق» بدوێین. ئەم پارتییە ماوەیەک لەمەوبەر دامەزراوە، لەناو کرێکاران و کوردی دانیشتووی بەغداو مووسڵ و کارگەکانی نەوتی عێراق. هەروەها لە ناو ئاژەڵدارو جوتیاران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ناوچەکانی باکووری عێراق و ناوچەکانی تورکیا نزیک بە سنووری عێراق چالاکی دەکات.

ئەم پارتییە لە هەولێرو کەرکووک و بارزان و سلێمانی و بادینان شانەو ڕێکخراوی هەیە.

«بەشی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق» کە گۆڤاری خۆی بە ناوی یەکێتی تێکۆشین دەردەکات، تا یولی ١٩٤٥ چوار ژمارەی ئەم گۆڤارەیان دەرکردووەو هەر ژمارەیەکیش (٢٤) لاپەڕەیە. زۆربەی وتارەکانی ئەم گۆڤارە ڕەنگدانەوەی باری ژیانی زەحمەتکێشانی کورد لە عێراق و ناوچەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی تورکیایە. هەروەها خەباتی گەلی کورد دژی چەوسێنەران و هەوڵدانیان بۆ سەربەخۆیی بڵاودەکاتەوە. بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی بانگەوازی خەڵک دەکات بۆ لەناوبردنی پەیوەندییە خێڵەکی و دەرەبەگایەتییەکان . هەروەها پشتیوانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت لە خەباتیان دژی کۆنەپەرستانی جیهان دەکات. گۆڤارەکەیان بە زمانێکی ئاسایی و ساکار و تایبەت بۆ زۆربەی زەحمەتکێشانی کورد نووسراوە. لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەیان ئەم بانگەوازە بۆ خوێنەران بەم چەشنەی خوارەوە نووسراوە: « کاتێک کە دەیخوێننەوە ، بیدەن بە براکانی خۆتان ، بیدەن بە کرێکاران و جوتیاران و سەربازان و بیدەن بە خوێنەرانی تر... خوێنەران بیخوێننەوە بۆ نەخوێندەواران، تاکو ئەوانە هەموو بزانن چۆن دەژین و تووشی چ کوێرەوەرییەک دەبن و چۆن پارتی کۆمۆنیست دەیەوێ یارمەتییان بدات و ڕزگاریان بکات و ...

پرۆگرامی «بەشی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق» کە لە ژمارەی (٣و٤)ی [یەکێتی تێکۆشین]دا بلاوکراوەتەوە کە پێشکەشتان دەکرێت زۆربەی بەندەکانی بەتایبەتی لە ئاستی ڕیفۆرمی ئەرزی و خەباتی دژی کۆنەپەرستی لەگەڵ پرۆگرامی پارتی ژێکاف وشە بە وشە یەک دەگرنەوە

فاکتەکانی سەرەوە کە باسکران گەرچی تەواو نین ، بەڵام دەرفەتی ئەوە دەدەن کە پێشەکیی بە چەند ئەنجامی گرینگ بگەین.

١- ڕووداوەکانی سەرەتای ١٩٤٥ لە کوردستانی ئێران هێندە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی مەترسییان نییە کە بۆ لەناو بردنیان سوپایەکی زۆر بە پشتیوانی تۆپخانەو هێزی هەوایی تەرخانکراوە. ئەرکی لەناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە دراوەتە دەستی ستادی ئەرتەشی سوپای ئێران.

٢- مەترسی کاربەدەستانی ئێران لە جیابوونەوەی کوردەکانە، کە هەر لە سەرەتای ئەمانی دیکتاتۆرییەتی ڕەزا شا تا ئێستا ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردووەو دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا نەماوە.

٣- گەشەپێکردنی خەباتی چینایەتی لە گەڵ خەباتی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی کورد دەنگێکی دیموکراتیانەو پێشکەوتووتری بە خۆوە گرتووەو، دەوری دەرەبەگەکان کەم بوەتەوە.

٤- سەرچاوەی زۆر بەدەستەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیا وەک کوردستانی ئێران پەرەدەستێنێت و بەهێزە.

٥ - کردەوەکانی کۆمەڵە، سەرەڕای ئەو هەموو کەندو کۆسپ و کەموکوڕیی و هەڵانەی کە هەیەتی، توانیویتی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە.

کۆڵنەدانی ژێکاف و بەردەوامبوونی لە خەباتدا ، هەروەها نزیکبوونەوەی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و عێراق و تورکیا، پشت بەستنی بە جوتیاران و کاسپکارانی کورد، پشتیوانیکردنی ڕوون و ئاشکرای ژێکاف لە گەلانی ئازادیخوازو دیموکراتخواز لە پێشەوەی هەموویان یەکێتی سۆڤیەت، زیاتر بووەتە هۆی گەشەکردن و بەهێزبوونی(١٣).

ویلچینسکی لە لایەکی ترەوە دەنووسێت ژێکاف بریاری

دابوو که ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بەردەوام و پەرەبستێنێت پشتیوانی لێبکات. بەڵام هەر لەم وەختەدا بوو کە جاسووسانی ئینگلیز بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نفوزیان کردە ناو پارتی ژێکاف و بۆیان دەرکەوت کە لە نێوان کوردەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی و هێزە دیموکراتیکانی تری کورد پەیوەندی هەیە.

ئینگلیزەکان توانییان بە سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی [پاڵکۆنیک کینگ ] کە ڕاوێژکاری سیاسی ئینگلیزە لە کەرکووک و مووسڵ، دەست بە تێکدانی پارتی ژێکاف بکەن و توانییان باڵی ڕاستی ژێکاف ، کە لە فیئودال و تاجرە گەورەکان پێکهاتووە، دژی باڵی چەپی ژێکاف هان بدەن. هەروەها باڵی ڕاستی ژێکاف داوا دەکەن کە پارتی ژێکاف واز لە سیاسەتی دژی ئینگلیز بێنێت و لە پارتی تودەی ئێران دوورکەوێتەوە. باڵی ڕاستی ژێکاف لەم وەختەدا، دژی باڵی چەپی پارتی ژێکاف بە سەرۆکایەتی زەبیحی، بۆ ماوەیەکی کورت بلۆکێکیان دامەزراند لەگەڵ ناسیۆنالیستە ڕاسترەوەکانی ئازەربایجان ، کە هەوڵیان دەدا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ئازەربایجانی ئێران پیشان بدەن کە گوایە ناوچە کوردییەکانی باکوورو ڕۆژئاوای ئێران «هەر لە کۆنەوە» هی ئازەرییەکان بووە. هەر ئەم تاقمە باڵە ڕاستەی ژێکاف بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوی ژێکاف لە ناو شوکاکەکان زەبیحی دەنێرن بۆ ئەو ناوچەیە. ناسیۆنالیستە ڕاسترەوەکانی ئازەری، بەتایبەتی نوێنەرانی کۆنەپەرست و ناسراوی مەجلیسی ئێران وەک سەرتیپ زادەو خەلعەت بەدری و ژورنالیست کەسرەوی تەبریزی، کە لە مەبەستێکی سەفەری زەبیحی ئاگادار دەبن توانییان بە یارمەتی کۆنەپەرستانی ئێران زەبیحی بگرن و بە تاوانی چالاکی دژی دەوڵەتی ئێران و پارچەپارچەکردنی وڵات موحاکەمەی بکەن. دووبەرەکی لە ئاستی سەرکردایەتی ژێکاف بوو بە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ناوەندی، کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ هەڵگیرسا بوو، بەبێ سەرکردایەتی بمێنێتەوە.(١٤).

کاپیتان ویلچینسکی کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی لە ناوچەی موکریان بووە، لە سەر پارتی ژێکاف دەنووسێت: جیاوازی پارتی ژێکاف لە گەڵ پارتییە کوردییەکانی تر ئەوەیە کە ئەم پارتییە خەبات بۆ مافی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان دەکات، جیاوازییەکی تری ئەم پارتەیە ئەوەیە کە ئەم پارتییە ئامادەیە لەگەڵ تەواوی پارتییە دیموکراتیکانی ئەم وڵاتانە ، واتە ئێران و عێراق و تورکیا بەرە ببەستێت. مەسەلەی یەکخستنی کوردستان، بە پێی بەرنامەی ژێکاف، دەکەوێتە قۆناغی دووەمەوە پاش کۆتایی هاتن بە شەڕ ، یەکگرتنی تەواوی کوردەکان لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دوای بەدیهاتنی خودموختاری بۆ کوردەکان لە چوار چێوەی تورکیا و ئێران و عێراق و جێگیربوونی دیموکراسی لەم وڵاتانە دا، دێتە دی. دوای پێکهاتنی ڕێکخراوی ژێکاف ئەم پارتییە توانی زۆربەی لایەنگیرانی چەپ و پێشکەوتووی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراق بهێنێتە ڕیزی خۆیەوە. کۆمیتەی ناوەندی ژێکاف لە مەهابادە ، هەروەها ڕێکخراوو شانەی لە عێراق و بە تایبەتی لە سلێمانی هەیە.

لە ساڵی ١٩٤٤دا ئەم پارتییە نزیکەی بیست بەیاننامەی دەرکردووە، کە ناوەڕۆکەکانیان دژی ئینگلیز بووەو بوونە هۆی پەرۆشی ئینگلیزەکان. بەڵام ئینگلیزەکان توانییان بە شێکی زۆر لە باڵی ڕاستی ئەم پارتییە بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن. لەبەر ڕوون نەبوونی پرۆگرامی پارتی ژێکاف و تاکتیکی بۆ دوای شەڕ لەناو کۆمەڵە گێرمەو کێشەیەکی زۆر لە سەر ئینگلیز پەیدا دەبێت. ئەویش ئەوە دەبێت کە ئایا ئینگلیز دۆستی کوردە یان دوژمن و ئایا سیاسەتی ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەلی کورد قازانجی هەیە یان زەرەر؟. ئەوە بوو کە ئەم کێشەیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ دا بووبە هۆی لێک بڵاوبوونەوەی ئەم پارتییە. ئەم لێک بڵاوبوونە فاکتی گیرانی سکرتێری ئەم پارتییە زەبیحی بە دواوە بوو، کە لە کاتی گەشتەکەی بۆ لای کوردەکانی باکوور – ڕۆژئاوای ئێران لە نزیکی شاری ڕەزائیە لە لایەن پۆلیسی ئێرانەوە گیرا. پۆلیس چاپەمەنی پارتی ژێکافی بە زەبیحییەوە گرتووە، کە دەبێتە هۆی تاوانبارکردنی زەبیحی بە ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی ناوەندی. کاربەدەستانی ئێرانی دەیانەوێ ناوبراو دادگایی بکەن. ئێستا زەبیحی نزیک ساڵێکە لە زیندانی تاراندایە. دەنگوباسی زۆر لە سەر ئەوە هەیە کە پێدەچێ گرتنی زەبیحی لە لایەن پۆلیسی ئێرانەوە بە دەسیسەی باڵی ڕاستی ژێکاف بێت، بۆ ئەوەی بەم چەشنە لە ڕەقیبی باڵی چەپی ژێکاف ئازاد بن.

– کۆنسۆلی ئینگلیز کووک لە کرماشان، لە ڕێکەوتی ٩ی یانیوەری ١٩٤٣ لە چاوپێکەوتن سەبارەت بە پارتی کۆمەڵە دەڵێ:

ئەم پارتییە لە لایەن شەریف خانەوە دروست کراوە. ناوبراو لە ١٩٢٠وە لایەنگیری ئینگلیز بوو. بەڵام ئێستا لە بەرلینەو کار بۆ ئەڵمانییەکان دەکات. بە وتەی کووک کۆمەڵەی ژێکاف پشتیوانیی لە ئەڵمانەکان دەکات . هەروەها کووک وتی کە داواکاریی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی، شتێکی بێ ماناو بۆشە.(١٥).

– ماتۆیف . ف . کۆنسۆلی سۆڤیەت لە تەورێز لە سەر سەفەری قەهیمی لە نەیابری ١٩٤٥ بۆ کوردستان

دەنووسێت، کە قەهیمی داوای لە خەڵک کردووە کۆتایی بەو میتینگ و خۆپیشاندانەی کە ژێکاف /بۆ دانی نەوتی ئێران بە یەکێتی سۆڤیەت/ ڕێکی خستووە، بهێنێت و لەبەر ئەوە ئەم کردەوە دژ بە دەوڵەتییانە چیتر تەحەموول ناکرێت.(١٦).

– دەوری پارتی تودە لە کوردستان زۆر کەم بووە، تا ڕادەیەک ئەویش لەبەر سروشتی گوندایەتی ناوچەی کوردستان بوو. ستروکتوری کۆمەڵایەتی کۆنسێرڤاتیف (محافەزەکاریی) پاتریارکی کۆمەڵگەی کوردەواری کۆسپێک بوو بۆ خۆیجێکردنەوەی تودە لە وێ. هۆزو خێڵەکانی کورد کە لە ژێر دەست و گوێڕایەڵی سەرۆکەکانی خۆیان بوون، نەیان دەهێشت پارتی تودە شانەکانی خۆی لە گوندەکان دامەزرێنێت. سەرکردە کۆنسێرڤاتیڤە ناسیۆنالیستەکانی «کۆمەڵە» هەروەها چاوی بینینی تودەیان نەبوو، تەنیا هێندێ کەس هەوڵی هاوکاری تودەیان دەدا.(١٧).

– لە ڕاپۆرتێکی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ ڕێکەوتی مارتی ١٩٤٥ دەگوترێت، کە عومەر خان ڕێکخراوی پارتی ژێکاف لە ناو خێڵی شوکاک دادەمەزرێنێت و ڕادەگەیەنێت کە ئەم پارتییە بە ئاگاداریی و پشتیوانیی سۆڤیەت دروست کراوە، بۆ گەشەپێدانی ژێکاف عومەر خان گەشت بە ناو هۆزەکانی کوردی ناوچەی ماکۆدا دەکات، بەڵام دەوترێت کە لە ئەنجامی هەوڵدانی بێوچانی سەر کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ ئەم هەواڵدانەی عومەر خان سەری نەگرت.(١٨).

– ڕاوێژکاری باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران تا ، باکۆیووف لە نامەیەکدا بۆ سەر کۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لە ورمێ دەنووسێت کە:

١– دەستووری هاورێ مۆلەتۆف لە ڕێکەوتی ٣١ی ئاوگۆستی ١٩٤٢ سەبارەت بە کێشەی کورد، بە بێ چەندوچوون جێبەجێ بکەن. [ئەم دەستوورە لە ژمارە ١١ی گۆڤاری گزینگ دا بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕ].

٢– لەبەر ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی ڕەزائیە ئازەربایجانین، دەبێ بایەخی سەرەکی ئێوە ئیش و کار لە ناو دانیشتووانی ئازەری بێت.

٣– لە نزیکەوە سەرنجی زیاتر بدرێتە ڕێکخراوی کۆمەڵە [ژێکاف] و زانیاری زیاتر لە سەر ئەندامانی سەرکردایەتی و بەگشتی ئەندامانی تری کۆمەڵە کۆبکرێتەوە.(١٩)

سەرچاوەکان:


٧– ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فدراتیڤی ف ، ٠٩٤ ، ئو٣١ ، د٦٤ ، پ٣٥٢ ، ل٨٠-٧٩

٨– هەمان سەرچاوە . ف. ٩٤ ئو٢١ د ٧٠ ، پ٢٥٤ ، ل ٨٧-٩٣

٩– هەمان سەرچاوە . ل١٠١

١٠– هەمان سەرچاوە. ل٩٧-١١٩

١١– ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ. ل١٥٢-١١٣ ، ساڵی ١٩٤٥

١٢– ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فدراتیڤی. ئو٣٠، د٣٢٧ ، پ ٣٦٩ ، ل ٥٤-٥١

١٣– ئارشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی دیکۆمێنتەکانی مێژووی سەردەم. ف١٧ ، ئو ١٢٨ ، د ٤٤ ، ل٧٩-٧٢

١٤– هەمان سەرچاوە........، د١٧٥ ، ل٢٠

هەروا بڕوانە کتێبی ویڵچیفسکی ئو.ل «بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. تبلیس ١٩٤٦ ، ل ٢٥٠

١٥– ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فدراتیڤی. ف٠٩٤ ، ئو٢٩ ، پ٣٤٢ ، د٦٧ ، ل٢٩

١٦– هەمان سەچاوە. ف٠٩٤ ، ئو٣١ ، د٦٤ ، پ٣٥٣ ، ل٢٢٢

١٧– بڕوانە کتێبی ڕەزا قودس. ئێران سەدەی بیستەم . مۆسکۆ ١٩٩٤ل١٧٢

١٨– ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فدراتیڤی. ف٠٩٤ ، ئو٣٧ ، د٦٥ ، پ٢٥٩

١٩– هەمان سەرچاوە. ف٠٩٤ ، ئو٣١ ، د٧٠ ، پ٣٥٤ ، ل٣٢-٣٥

پشکۆ نەجمەدین

لەسێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا!

# کورتە لێدووانێک لەسەر کتێبی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن

پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ناونیشانی بەشی دووەمی زنجیرە نووسینەکانی نووسەری سیاسی «نەوشیروان مستەفا ئەمین»ە کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە پێنج بەشدا و یەک لە دوای یەک بەردەستی خوێنەرانی بکەون.

پەنجەکان... قۆناغێکی دیکەی ئەو گەشتەیە کە لە کەناری دانوبەوە، لە ساڵی ۱۹۷۵دا ڕێچکەی گرتووە و لە کۆتای ۱۹۸۳دا، لە ئاستانەی مفاوەزاتی یەکێتی - بەعسدا پشوویەکمان پێدەدات و بوارێکمان بۆ رامان و بیرکردنەوە و بەراوردکردنی وێنە پڕ تراژیدییەکان بۆ دەرەخسێنێت. نووسەر هەر لە سەرەتای کتێبی یەکەمیدا، مافێکی بە خولقێنەرانی ڕووداوەکان و بەشدارانی گەشتە خوێناوییەکەی پاش هەرەسی ساڵی ۱۹۷۵ داوە و مافێکیشی لە هەموان وەرگرتووەتەوە: مافی بە حەقداران و بەشدارانی روداوەکان داوە کە هەرکەس قسەی خۆی بکات و دید و رای خۆی لەسەر چۆنییەتی ڕەوتگرتنی پرۆسە ڕێکخراوەیی و سیاسی و چەکدارییەکان دەربڕێت. چونکە نووسەر نەیتوانیوە و نەیویستووە وەکو بێلایەنێک باس لە ڕووداوەکان بکات، وێنەیان بکێشێت، بیانخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. پاساوی ئەم کارەیشی ئەوەیە کە ئەو نەک هەر بێلایەن نەبوە بگرە بەشێک بووە لە لایەنێک و بزووێنەر و بڕیاردەرێکی بەتەئسیر و حیساب بۆکراوی ناو لایەنەکەی خۆی بووە. نووسەر هەمیشە کەسی ژمارە دوو، جاروباریش ژمارەیەکی ڕێکخراوێکی گەورە و بەتوانای وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکێتیش لاباڵێکی باڵادەستی نێو بزووتنەوەی سیاسی - چەکداریی کوردستانی عێراق بووە.

دانپیانانی بێلایەنی نەبوون لە پرۆسەی نووسین و گێڕانەوەی مێژوودا، بۆ نووسەرێکی سیاسیی بەئەزموونی وەک نووسەری «دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق»، جگە لەوەی جورئەتێکی گەورەیە ئەوا کەم نووسەر هەیە وەها پڕکێشییەک بکات و لە دیدی خۆی و حیزبەکەیەوە کارەسات و ڕووداوە سیاسییەکانی قۆناغێکی لە خوێن هەڵژەنراوی پڕ ئەزموونی میللەتەکەی بنووسێتەوە و مێژوویەکی تاک لایەنی بۆ نەوەکانی داهاتوومان بەجێبهێڵێ. نەوەکانی ئایندەمان، پاشی سەدسالانی دیکە ئەم کارەسات و تراژیدییە نەتەوەییانە، تەنیا و تەنیا لە دووتوێی کتێبانی مێژوودا دەخوێننەوە.

هەر ئەم جورئەت و ئازایەتییەش مافێکی لە هەموومان وەرگرتووەتەوە و بەو ماف وەرگرتنەوەیەش ئەرکی سەرشانی سوکترکردوین، ئەویش: مافی تاوانبارکردنی نوسەرە بە ڕەچاونەکردنی بێلایەنی و کەم مەوزوعییەت لە داوەریکردندا لەسەر کێشەکان و چۆنییەتی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و نووسینەوەی خەرمانی یادەوەرییەکانی، ئەم جورئەتەی نووسەر بۆ خۆی پردێکی دوور و درێژی گومان لە نێوان نووسەر و خوێنەرانی بەرهەمەکەدا دروست دەکات، پردێکی جەنجاڵی داپۆشراو بە تەم و مژی پێشهات و کارەساتەکان.

ریشاڕۆ کردنی روداوەکان، هەڵکۆڵینی ڕەگەز و بنەما کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و سیاسییەکانیان، پۆلێنکردن و دووبارە تێهەڵکێشان و پێکەوەگرێدانەوەیان،

هەوڵ و تێکۆشان و خۆماندووکردنێکی زۆر لەوە گەورەتری گەرەکە کە لە دووتوێی زنجیرە کتێبێکی بێ میتۆددا بەئەنجام بگەیەنرێن. کە دەڵێم بێ میتۆد، مەبەستم ئەوەیە کە کتێبەکان نە لەژێر چەتری زانستی مێژوونووسیدا ئارام دەگرن و نە لە هەواری یادوەری نووسیندا بارگە دەخەن و نە کوت و مت ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیشن، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە هەرسێ بابەتەکە و لە زۆر شوێنیشدا، کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان ڕێڕەوی زەمەنییان ڕەچاو نەکردووە و کورد گوتەنی قسەی قسەی هێناوە و ڕووداویش، ڕووداوی زیندووکردووەتەوە. بڕوانە «بە بۆنەی مەرگی مەلامستەفاوە... جەلالی و مەلایی لە تەرازوودا ل ٣٥».

زمانی نووسین لە هەردوو کتێبەکەدا، زمانێکی ڕەوان و پاراوی بێ گرێ و گۆڵ و کوردییەکی سادەی ئەوتۆیە کە خوێنەر چێژی لێ دەبات. بەواتایەکی تر، نووسەر هیچ زۆر لە خۆکردنێکی بۆ داتاشینی وشە و زاراوەی کوردی بەخۆی ڕەوا نەبینیوە و لە داڕشتنی ڕستەشدا، چ گرفت و تەنگژەیەکی بۆ خوێنەر نەخولقاندووە. ئەمەش بە مانای خاڵی نەبوونی لە کەلێن و کەلەبەری ڕێنوس و ڕێزمان نییە و خوێنەر دەتوانێ هەڵە و پەڵەی لێ هەڵبگرێتەوە. لەو شوێنانەشدا کە هاتووەتە سەر وەسف و وێنەگرتنی: لوتکە و زنار، کەپک و بنکاچ و بن ڕەمەن، دۆڵ و لاپاڵ و شیو و زیخەڵان، هەرد وکۆسار و باخ و بێستان، تەختایی و بەردەڵان، زۆزانی کوێستانان و نارانی گەرمێنان، ژیانی کۆچەریان و هەڵدانەوەی وەچە و بنەچەی بەرەبابی تێڵ و عەشرەتانی کوردستان، کۆمەڵێ وشە و زاراوەی فەرهەنگیی هێناوە و بەشوێن ڕەگ و بنج و بنەچەیاندا گەڕاوە و ماناکانیانی لێکداوەتەوە. خوێنەر ئەگەر بەوردی سەرنج لەو پەرەگراف و ڕووپەڕانە بدات کە بە مەسەلەی زمان و توێژینەوەی بنج و بنەوانی خێڵەکان و ناساندنی تۆپۆگرافیای کوردستان و پۆلێن کردنی گوڵ و گیا و درەخت و دەوەنی کوێستانەکان تایبەتن، بەو حەقیقەتە دەگات کە نووسەر لەو لایەنانەی کتێبەکەیدا باڵادەستە و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە. ئەگەرچی من پێم وایە ئەو بابەتانە کەم و زۆر پەیوەندییان لەگەڵ نێوەڕۆک و مەبەستی کتێبەکەدا نییە و زیاتر بابەتی فیلۆلۆژیا و جوگرافیا و ئێتنۆلۆژیا و زیندەورناسی و شتی لەو بابەتەن کە دەشێ لە کتێب و نامیلکەی جیادا چاپ و بڵاوبکرێنەوە و دەرهاوێژتنیان لە نێوەڕۆکی ئەم کتێبە هیچ لە بەهای کتێبەکە ناگۆڕێت و بونیان لێرەدا تاڕادەیەک ناوێزە و نامۆ دەردەکەون.

کتێبی یەکەم «لە کەناری دانوپەوە بۆ خڕی ناوزەنگ»، سەرەتای هەڵتۆقینی ڕووداوەکانە. سەرەتایەکی گرنگ و چارەنووس ساز، کە لە هەناوی خۆیدا کارەساتە خوێناوییەکانی ساڵانی پاشتری هەڵگرتبوو. ئەم کتێبە قسە و باس و خوێندنەوەیەکی قوڵی تیوری و سیاسی هەڵدەگرێ و شەن و کەوکردنی چۆنییەتی ڕێچکەگرتنی ڕووداوە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئەو سەردەمە، کتێبێکی هێندەی خۆی پێدەوێت. من لە سەرەتای گەشتەکدا لە شار بووم و هاوسەفەری نووسەر نەبووم. من سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ چوومە شاخ و هەر بەو پێوانەیەش لێدوان لەسەر نێوناخنی کتێبی دووەم، واتە «پەنجەکان...» بە خۆم ڕەوا دەبینم و بە گرنگتری دەزانم، چونکە بۆخۆم لە جەرگەی ململانێکاندا بووم و بە قەدەر دەوری خۆشم پریشکی خوێنە بەناهەق ڕژاوەکانم وێدەکەوێت.

لەکتێبی «پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن»دا، بابەت و ڕووداوەکان هەندێکیان:

- قسە و ڕای جیاواز هەڵدەگرن.
- تەم و مژیان لەسەرە.
- پەردەیان بەسەردا دراوە.
- بە هەڵە باسکراون.
- هەندێک زۆر گەورەکراون و هەندێکیش بچوک کراونەتەوە.
- کەسانێک بە ناهەق شکێنراون.
- وەکو خۆیان باسکراون.

دیارە قسەکردن لەسەر سەرجەمی بابەتەکان بە پێی ئەو زنجیرەیەی نووسەر کتێبەکەی پێ ڕێکخستووە، کارێکی ئاسان و خۆش دەست نییە. من ناچارم لە هەر خەرمانێک شارایەک و لە هەر شارایەک، ملۆیەک و لە هەر ملۆیەکیش، سواڵەیەک وەدەستەوە بگرم و سەرنجیان بهاوێم.

**# جیابوونەوەی بزووتنەوە ،ل ٣٢،**

جیابوونەوەی بزووتنەوە و دەرچوونیان لە نێو ڕیزەکانی یەکێتی، پاشی کارەساتی هەکاری، دووەمین ئێشەی کوشندە بوو کە بەر تەلاری ڕێکخراوەیی – چەکداریی یەکێتی کەوت و تا سەر ئێسک دووکەرتی کرد. ئەو ڕووداوە لە هەل و مەرجێکدا ڕوویدا کە تازە یەکێتی لەژێر گورزی هەکاریدا، هەستابووەوە و تین و تاوێکی تێکەوتبوو.

نووسەر لە ئاست ئەو مەسەلەیەدا، کۆمەڵێک هۆکار و «بیانوو»ی تۆمار کردوون کە زۆربەیان دروستن، بەڵام

وەکو سۆنگە و هۆکاری راستەقینە ناوی نەبردوون و هیچ رەوایەتییەکیان پێ نادات. من پێم وایە بیانووەکان راستن و حەقیقەتیان هەیە. هەردوو بیانووەکەی نووسەر پەیوەندییان لەگەڵ خەسڵەتی تاکڕەویی مام جەلال و سەپاندنی راکانی خۆیەتی بەسەر ویست و ئیرادەی ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتیدا. نووسەر لە دووجێگادا ئاماژەی بەم خەسڵەتەی مامجەلال کردووە، کەچی لەسەر «بزووتنەوە»یان بە «بیانوو» حسێب دەکات. خوێنەر دەتوانێت بۆ ل ١١٩ی کتێبی «پەنجەکان...» بگەڕێتەوە و لەم دوو خاڵە بڕوانێت:

١ـ داتاشینەوەی بزووتنەوە، پاشی جیابوونەوەی بزووتنەوە!.

٢ـ دانانی عەلی حوێز وەکو نوێنەری بزووتنەوەی داتاشراو لە «م س»ی یەکێتیدا، وێڕای رازی نەبوونی هەموو نوێنەرەکانی کۆمەڵە!.

«بیانوو»ی داشکاندنی مامجەلال بەلای کۆمەڵەدا، کە نووسەر بە یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی دادەنێت و دیارە بۆچوونەکەی بەشێک لە حەقیقەتەکانی لە خۆی گرتووە، بەڵام هەموو حەقیقەتەکان لەوێدا نین:

– گورزی هەکاری بۆ سەر جەستەی یەکێتی نیشتمانی، قورساییەکەی بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی شکاند، بەتایبەت ئەو لابالەی بزووتنەوە کە پێشینەیان لە نێو باڵی جەلالیدا هەبوو. ئیعدام کردنی دیلەکانی یەکێتی بەدەستی قم، و لەوانەش عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید سەعید کە دوو سەرکردەی دیاری بزووتنەوە ـ جەلالی بوون، پایەگای جەلالییەتی لەنێو بزووتنەوەدا لاوازکرد و لە پرۆسەی ململانێی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوەدا، مامجەلال بە ناچاری بۆ داکوتانی ریشەی خۆی و کۆنترۆڵکردنی یەکێتی نیشتمانی، دەبوو لایەنی کۆمەڵە بگرێت. هۆکاری بنەڕەتیی جیابوونەوەی بزووتنەوە و دووکەرتبوونی یەکێتی، پێکهاتەی نەگونجاو و ناتەبای سترەکتۆری خودی بزووتنەوە بوو. بە واتایەکی دی، بزووتنەوە لەگەڵ دروستبوونیدا ماکی جیابوونەوەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو. رەگەزەکانی بینای رێکخراویی و فیکریی بزووتنەوە، لە نێو دوو باڵە نەیارەکەی پارتییەوە «جەلالی و مەلایی» دەرکەوتبوون و لێک ئالابوون. کارەساتی هەکاری، تەرازووی هاوکێشەکەی لاسەنگ کرد. ئەوانەی کە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەدا مانەوە، زۆربەیان لەوانە بوون کە مێژوویان لە نێو باڵی مەلاییدا هەبوو. لە رۆژگاری هەرەس و دامەزراندنی بزووتنەوەدا، ئەمان پێیان وابوو کە:

– پارتی و بنەماڵەی بارزانی کۆتاییان پێهاتووە و ئەگەریش هەستانەوە ئەوا هەرگیز نابنەوە بەو هێزە سیاسییەی حیسابیان لەسەر بکرێت. ئەم بۆچوونە، تێڕوانینی هەموو لایەکمان بوو کە لە بەردەم بومەلەرزەی هەرەسدا هەژابووین و پێمان وابوو ئەوە کۆتایی مێژووی بزووتنەوەی ئەیلولە، یان هەرنەبێت بەجێهێشتنیەتی!.

– مامجەلال دەبێ دەرسی لە ئەزموونەکانی رابوردوو وەرگرتبێت و لە بواری سیاسی و رێکخراوەییدا، دیموکراتی تر و ماقوڵتر مامەڵە بکات. لە مەشیاندا هەم ئەوان و هەم خەڵکی تریش بە هەڵەدا چووبون.

– رۆژگاری هەرەس، رۆژگاری خۆ پاکژکردنەوەی بەشێکی زۆری لێپرسراوەکانی بزووتنەوەی ئەیلول بوو... دەبوو دەنگ و رەنگێکی دی پەیدابکەن و هەوڵ بدەن قورسایی تاوانەکانی هەرەس، هەر هەمووی لە ئەستۆی شکاوی بنەماڵەی بارزانی باربکەن!. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە، لەوانە رووخانی شای ئێران و جەنگی ئێراق ـ ئێران، هاوکێشە و حیساباتەکانیان گۆڕی و دەبوو ئەوانیش سەرلەنوێ بە رووداوەکاندا بچنەوە و خەمڵ و خەونەکانیان بۆ واقیعە تاڵەکە بگوێزنەوە.

– سەرکردایەتی بزووتنەوە، ئەگەرچی بەدەستی قم گورزی وێ کەوتبوو، کەچی شەڕی قم و یەکێتیان بە شەڕی خۆیان نەدەزانی. سیاسییەکانی کورد، زۆر بەئاسانی دەتوانن رەنگ و دەنگیان بگۆڕن، بەڵام گۆڕینی ئەقڵ و مێژوویان مەحاڵە. ئەوان هەڵویستیان دەرهەق بە مامجەلال لە شەستەکان و هەفتاکاندا چۆن بوو، دەبوو هەر هەمان هەڵویست وەگرنەوە، لەمەشیاندا لەسەر هەق بوون، چونکە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر نییە کە جیاوازی نێوان کەس و سەرکردەکانی شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکانمان بداتێ!.

کۆمەڵە لە دیدی مامجەلالەوە نەدەبوو وەکو تەنیا سواری نێو یەکێتی بمێنێتەوە، بۆیە بەپەلە کەوتە هەوڵی راکێشانی ئەو کادر و ئەندامانەی بزووتنەوە کە پێشینەی جەلالییەتیان لەنێو شاردا هەبوو. لەوانەش: عەلی حوێز، جەمال ئاغا، حاکم عومەر عەزیز، مامۆستا نازم و خەڵکی تریش. بەو جۆرە مامجەلال دەیویست قەناعەت بەخۆی و بە خەڵکی تریش بهێنێت کە بزووتنەوەی لە یەکێتی دەرچوو، باڵی لادەر و نارەسەنە و داتاشراوەکەش، باڵی رەسەنی بزووتنەوەیە. ئەم باڵە دروستکراوە، لە نێو کادر و ئەندامانی کۆمەڵەدا بە «باڵە گۆجەکە» ناوی دەرکرد!.

**کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە**

**. ئایاری ۹۸۱ . مالیمۆس**

کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانی عێراق، له ساڵی ۱۹۷۰دا دامەزرا. وەکو لە گێڕانەوەی مێژووی کۆمەڵەدا و لە کۆنفرانسدا دەیانگێڕایەوە، ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی سێ گروپی مارکسی ـ لینینی نێو باڵی «م.س»ی پارتیدا و پاش ئەوەی فیکر و ڕێباز و جیهانبینییەکەی کەڵاڵە بووە، دامەزرێنراوە. مامجەلال، نەوشیروان مستەفا، شەهید شەهابی شێخ نوری لێپرسراوانی ئەو سێ گروپە بوونە. ئەمە ئەو گێڕانەوە ڕەسمییەیە کە لەوێدا لەسەری ڕێککەوتن و زۆر ڕای جاوازتریش هەیە کە خاوەنەکانیان، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا لەگەڵ بوونە و لەو سەر و بەندەدا جورئەتی ڕا دەربڕینیان نەدەکرد. هەندێک لەو ڕایانە دەڵێن: کە نووسەری پەنجەکان لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا هیچ دەورێکی نەبووە، یان دامەزرێنەرانی کۆمەڵە «واتە ئەندامانی دوو گروپەکەی دیکە»، ئامادە نەبوون و نەیانویستووە هاوکاریی ئەو بکەن، و ئەو بە جیا گروپێکی پێکەوە ناوە و پاشان بە هەوڵی مامجەلال، خۆی و گروپەکەی تێکەڵ بە کۆمەڵە بوون.

لەدایکبوونی کۆمەڵە، بێ هیچ داشکاندنێک، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ڕەوتی بزوتنەوەی فیکری چەپ، لە نێو بزوتنەوەی فیکری ـ سیاسیی کوردستاندا. کۆمەڵە ڕێکخراوێک بوو، لە سەرەتای کەوتنە گەڕ و هەڵسووڕانییەوە و هەتا نێوەڕاستی هەشتاکانیش، جیا لە ڕێکخراوە مارکسیست ـ لینینیستەکانی دیکەی عێراق، دەیویست تێڕوانین و ڕێبازێکی نوێ لە نێوانی هەردوو خەتی جەلالی و مەلاییدا، لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا ، بخولقێنێت.

کۆمەڵە لەنێوانی ساڵانی ۱۹۷۰ـ ۱۹۷۹دا، واتە بە پەرەوازەبوونی مامجەلال و نەوشیروان بۆ ئەورووپا «سەرەتای حەفتاکان» و گرتنی تەواوی کۆمیتەی سەرکردایەتییەکەی لەلایەنی بەعسەوە «ساڵی ۱۹۷۵»، بە چۆنایەتییەکی باش و چەندایەتییەکی زۆر کەم و دیسپلینێکی ڕێکخراوەیی زۆر بەهێزەوە، زەمینەیەکی لەباری بۆ خەباتی فیکری ـ سیاسی ـ ڕێکخراوەیی ـ چەکداریی خۆی لە کوردستاندا فەراهەم کرد. کۆمەڵە، لە ساڵی ۹۷۵دا کۆمیتەی هەرێمەکانی بۆ ڕێبەرایەتی و دەست پێکردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری دەرهاوێژت و شەهید ئارام لە مەیدانی خەباتی ژێرزەمینی و فیکری و چەکداریدا، بوو بە سکرتێر و ڕێبەری کۆمەڵە. ئەو گۆڕانکارییە فیکری و سیاسییانەی کە لە سەردەمی ڕێبەرایەتی شەهید ئارامدا بەسەر کۆمەڵەدا هاتن و چۆنییەتی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە ڕێبازی جەلالییەت «کە خۆی لەوێ ڕا سەرچاوەی گرتبوو» و پاشان گەڕانەوەی بۆ نێو هەمان بازنە و ئەوجا کفن و دفن کردنی لەسەر دەستی مامجەلال و نووسەری پەنجەکاندا، لێدوان و توێژینەوەی قووڵ و تایبەتی جیا لەم باسە هەڵدەگرێ و من لە نووسینێکی دیکەدا دەگەڕێمەوە سەری. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و تێڕامانە: لە ساڵی ۹۷۷دا کە نەوشیروان و مامجەلال گەڕانەوە کوردستان و لە ساڵی «۹۷۹»شدا کە گروپی زیندان ئازادبوون و هاتنە چیا، شتاقیان کۆمەڵەکەی خۆیان پێ نەدەناسرایەوە و تا ڕادەیەکیش پێی نامۆ بوون! بڕوانە «لە کەناری دانوبەوە ل ۱٦۷، یەکەم بەیەک گەیشتنی مامجەلال و نەوشیروان لەسەر خاکی کوردستان. نەوشیروان دەڵێ: ئێمە لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە ـ مەبەستی سەرکردایەتی ناوەوەی کۆمەڵەیە ـ هەر ناوەکەمان یەکە دەنا لە هەموو شتێکدا جیاوازین».

جیاوازییەکان زۆربوون، تێڕوانینەکان جیابوون، کێشەکان ئاڵۆز بوون و ناکۆکی شەخسی و تایبەتییان تێوە گلاندبوون.

کۆمەڵە تا ئەو کاتە جگە لە چەند کۆبوونەوەیکی فراوان، هیچ کۆنگرە و کۆنفرەنسێکی نەبەستبوو. لە کۆبوونەوە فراوانەکانیشدا «نۆکان و شێنێ»، خاوەن قسە و خاوەن کێشەکانی تێدا ئامادە نەبووبوون. کۆنفرەنسی یەکەم، دەستە و گروپە جیاکانی نێو سەرکردایەتی و زۆربەی کادر و ئەندامەکانی کۆمەڵەی کۆکردەوە، کە هەندێکیان لە تەواوی گرفت و کێشەکان بێ ئاگابوون.

لە کۆنفرەنسدا ، جگە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان، گێڕانەوەی مێژووی کۆمەڵە، هەڵسەنگاندنی باری سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان، بازنەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ، زۆر مەسەلەی تر جێگای مشت و مڕ و لێدوان بوون کە ڕەگی ناکۆکییەکانیان قووڵتر بە جەستەی کۆمەڵەدا چەقاند.

لە بازنەی ناکۆکییەکاندا دەبێ مامجەلالی لێدەرهاوێین. ئەو ئەگەر چی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو و تا ئەوکاتەش بە نهێنی و «قسەی خۆمانبێت» خۆی بە ڕێبەری کۆمەڵە دەزانی، بەڵام ئەو سکرتێری گشتیی هەموو یەکێتی بوو. ئەو ڕاستەو خۆ خۆی لە

کێشەکان نەدەگەیاند، وەلێ دەستی تێیاندا هەبوو. ئەو بەشێک نەبوو لە ناکۆکییەکان بەڵکو ئیدارەی ناکۆکییەکانی دەکرد.

نوسەری پەنجەکان... پاش شەهید بوونی ئارام، بەقەولی خۆی " بە زۆر و رووڵێنان لە کۆبوونەوەی - نۆکان - دا کرابوویە سکرتێری کۆمەڵە و بڕواشی بە م . ل نەمابوو!». ئەو لە لوتکەی گروپێکدا رۆنیشتبوو کە تازە سەرخەتە سیاسی و فیکرییەکانی دەردەکەوتن. ئەو خۆی گوتەنی «بیر و بۆچوونەکانی لەسەر مارکسیزم کاڵ بووبوونەوە» و ئاڵا هەڵگری «گەشەپێدانی خەسڵەت و کارەکتەرە رەسەنەکانی کۆمەڵە بوو. ئەو زیاتر بڕوای بە حیزبێکی دیموکراتی فراوانی جەماوەری هەبوو، بەڵام بە شێنەیی کاری بۆ دەکرد و زۆریش بەئەزموون و وەستا بوو.

گروپی زیندان خۆیان بە موریدی شەهید شەهاب دەزانی. چوون ئەوان پێش زیندانیکردنیان یەکەمین کۆمیتەی سەرکرایەتیی کۆمەڵەبوون. لایان وابوو کە خۆیان لەهەموو کەس زیاتر بۆ سەرکردایەتیی رەوایەتییان هەیە و دیاردەی کۆمیتەی هەرێمەکانیان بە جۆرێک لە کودەتا لەقەڵەم دەدا و پێیان وابوو کە سەرکردایەتییەکی ناشەرعییە.

کۆمیتەی هەرێمەکان، سالار، مەلابەختیار، ئازادهەورامی و چەندین کەسی دیکەشیان لەدەور بوون، خۆیان بە میراتگری شەهید ئارام و پارێزەرانی خەسڵەتە رەسەنەکانی کۆمەڵەی شەهید ئارام دەزانی.

بە پێچەوانەی ئەوەی «هیچکامیان ـ واتە ئارام و شەهاب ـ خەتێکی وای دانەڕشتبوو کە ئەمان شەڕی لەسەر بکەن... پەنجەکان ل ١٤١»، شەهید ئارام کۆمەڵێک رەگ و خەسڵەت و پرەنسیپی رێکخراوەیی و فیکری و سیاسیی لەنێو کۆمەڵەدا جێگیر کردبوو کە لەنێو یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوە چەکدارییەکەدا، تادەهاتن بنکۆڵ دەبوون و هەڵدەکەندران:

ـ پاراستنی سەربەخۆیی فیکری و رێکخراوەیی کۆمەڵە، چ لە ناو یەکێتیدا و چ لە ناو بزووتنەوەکەدا.

ـ پاراستنی ناسنامەی چینایەتی کۆمەڵە، وەکو رێکخراوێکی شۆڕشگێری کرێکاران و رەنجدەران.

ـ پێداگرتن لەسەر هاوکاری و هاوخەباتی کرێکارانی کوردستان و عێراق، کە ئەمە پاشان دوو تەیاری کوردستانی و داش عێراقی لە نێو کۆمەڵەدا دروست کرد.

فەزای کۆنفرەنس بەگشتی تەمی شەڕ و هەرای پێوە دیار بوو هەتا ئارای تەبایی و پێکەوە هەڵکردن.

سەرۆکی گروپەکان، ئەندامانی کۆمەڵەیان خەراپ لە یەکدی هاندا بوون. کێشە و دەمەقاڵێکان تەنیا لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن و سەرکردایەتی نەبوون وەک ئەوەی نوسەری پەنجەکان... دەیەوێت پیشانی بدات.

ئەو مەسەلانەی بابەتی مشت و مڕ و بەیەکدا هەڵشاخان بوون:

ـ کۆمەڵە، کە لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی عێراقەوە لە کۆبونەوەی شێنێدا کرابووە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کورستانی عێراق، ئێستا دەبوو عێراقەکەی لێ بکرێتەوە. «ئەوە لە دیدی ئێستاوە چەندە راستە یان ناڕاست، مەسەلەیەکی دیکەیە و من بە چاوی ئەوێ رۆژێ لە کێشەکان دەڕوانم و دەمەوێت بڵێم کە نووسەر چۆنی پێ خۆش بووە ئاوا مەسەلەکانی شێواندووە!».

**پۆلێنکردنی ناکۆکییەکان:**

گروپی زیندان پێیان وابوو کە ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ ئیمپریالزمدایە و ناکۆکیش لەگەڵ بەعسدا، ناسەرەکییە.

نەوشیروان و گروپی زیندان لایان وابوو کە ناکۆکی لە گەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانی ناکۆکی سەرەکییە و هەر جۆرە سازانێک لەگەڵیاندا خیانەتە لەمارکسزیم و مەسەلەی شۆڕش ڕای ئەوانەی دیکەش پێچەوانەی ئەم ڕایە بوو. هەر لەو سەر و بەندەدا بوو کە نووسەری پەنجەکان... نامیلکەیەکی لەژێر ناوی «قیادەی موەقەت لە چ بەرەیەکدا وەستاوە؟» نووسی.

ـ بازنەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە:

هەندێ ڕا لەنێو کۆنفرەنسدا لەسەر بازنەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە هەبوو کە کورتەکەی ئەمەیە:

بۆچی دەبێ کۆمەڵە بە تەنیا بزووتنەوە و خەتی گشتی ببینێت و لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خۆی شەتەک بدات، لە کاتێکدا گۆڕەپانی بزووتنەوە سیاسییە ـ چەکدارییەکە زۆر لە یەکێتی فراوانترە؟!. داخۆ دەکرێت کۆمەڵە لە دەرەوەی یەکێتیدا هاوپەیمانی دیکە بۆ خۆی ببینێتەوە و هەوڵی ئەوە بدات کە زەمینەیەک بۆ یەکخستنی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان سازبدات؟!. لە ژمارەی زستانی ئەوساڵەی گۆڤاری کۆمەڵەدا، لە کاتێکدا نەوشیروان لەلای هێزەکانی حسیک گیرابوو، وتارێک بە ناوی «بازنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان» بڵاوکرابوویەوە، کە نێوەڕۆکەکەی لە تەوەری ئەو بابەتەی سەرەوەدا دەسووڕایەوە. هەر لە هەمان ژمارەدا، وتارێکی دیکە بە

ناوی «دژی ئۆپۆرتۆنیزم!» له لایەن «فازیل کەریم»ـەوە نوسرابوو. ئەم دووتارە، بەتایبەت ئەوەی دواییان قیامەتیان خرۆشاند و «فازیل»یان خستە قەفەزی دادگایی کردنەوە. نووسەری پەنجەکان... پێی وابوو کە وتاری ئۆپۆرتۆنیزم دژی ئەو نووسراوە و تاوانێکە لێبوردنی نییە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە نووسەر دەڵێ: «بۆ ئەوەی کاروباری کۆنفرەنس بە رێک و پێکی بڕوا، من خۆم دەنگم نەدا. ستایشی کەسم نەکرد و رەخنەیشم لە هیچ کەس نەگرت، هیچ لیستەیەکیشم ئامادە نەکردبوو... ل ١٩٨». ئەوە راستە کە ئەو لە رێرەوی هەڵبژاردندا، دەنگی بەکەس نەدا و ستایشی کەسیشی نەکرد. ئەو لە کۆنفرەنسەکانی دواتریشدا، دەنگی نەدەدا بەڵام هەم ستایشی خەڵکی دەکرد و هەم لیستەیشی هەبوو. لەم کۆنفرەنسەدا، ئەو لە بری دەنگدان و ستایشکردن و رەخنەگرتن، مەرجی بە سەر ئەندامانی کۆنفرەنسەوە بۆ هەڵبژاردن دانا!. ئەو لە جەرگەی کێشەی هەڵبژاردندا، زۆر بە ئاشکرا و بە دەنگی دلێر گوتی: من لە کۆمیتەی سەرکردایەتییەکدا کار ناکەم کە سالار و فازیل کەریمی تێدابن. ئەوی دەنگ بە ئەوان دەدات بادەنگ بە من نەدات و بە پێچەوانەشەوە!.

ئیدی دیارە کە ئەو بەشێک نەبوو لە کێشەکان، بەڵکو ماکی قوڵکردنەوەی خودی کێشەکان بوو. ئەو قسەیە لێدانی زەنگ و دانانی یەکەمین بەردی بناغەی دووکەرتکردنی کۆمەڵە بوو. ئەمە مانای وابوو کە تەنیا دوو ئاڵتەرناتیڤ لە بەردەم ئەندامانا هەیە: نەوشیروان یان سالار و فازیل. ئیدی ئەوە بوو کە سالار و فازیل جارێکی تر رێگایان نەکەوتەوە سەرکردایەتی کۆمەڵە. فازیل کەریم هەر پاش ئەوە وازی لە حیزبایەتی هێنا و هاتە ئەوروپا و لە بواری نووسیندا جێ دەستی بەدیار کەوت. سالار، کەوتە هەوڵی تیۆرڕێژەکردنی ناکۆکییەکانی و بوو بە دوژمنی پلە یەکی نەوشیروان و لە پێناوی گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی، رێگای جیابوونەوەی گرتە بەر، کە هەشت ساڵی خایاند!.

ئەو ئاژاوەیەی هەر سێ گروپە نەیارەکەی کۆمەڵە لە کۆنفرەنسدا نایانەوە، کارەکانی کۆنفرەنسی رۆژێک وەستاند و کۆبوونەوەی نیاز پاکان بۆ چارەسەری کێشەکان و هێمن کردنەوەی دۆخەکە، لە دەرەوەی کۆنفرەنسدا بەستران و من لەدووانیاندا بەشداربووم. لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا ، کە لە ژێر چادرەکەی ملازم عومەردا لە توژەڵە بەستران، نەوشیروان ئامادەیی هەر جۆرە پێکهاتن و قەبوڵکردنی هەر پێشنیارێکی هەبوو، بەڵام لە مەسەلەی فازیل و سالاردا، هیچ پاشەکشەیەکی نەکرد.

یەکێک لە کێشە سەر بەگۆبەندەکانی دیکەی کۆنفرەنس، مەسەلەی گرتنی نەوشیروان و هەڵویستی باقی ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی بوو لەمەڕ مامەڵە کردن بۆ بەلاداخستنی کێشەکە و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو. پاش هەڵاتنی نەوشیروان، ئەندامانی گروپەکەی کۆمەڵێک زانیاریی هەڵەیان لە مەڕ هەڵویستی مەلا و سالار دەربارەی گرتنەکەی پێ دابوو. وایان باسکردبوو کە ئەوان بە جۆرێک سەرکردایەتی ئەو هێزەی یەکێتیان کردووە و بەشێوەیەک هەڵیانسوڕاندووە تا حسیک تەنگەتاو بکەن و بیانخەنە حاڵەتێکەوە نەوشیروان لە ناو ببەن. ئەمە هەرا و هەنگامەیەکی باشی لە کۆنفرەنسدا نایەوە و نەوشیروانیش هیچ هەوڵێکی بۆ کپکردنەوەی نەدەدا!. ئێستا سالار و مەلابەختیار لە هەڵوێستێکدان، هیچکەس ئیرەییان پێنابات و ئێوانی منیش لەگەڵ ئەوان هیچ پردێکی تێدا نییە، بۆ مێژووش ئەو قسە و قسەلۆکانە بەمەبەست دروستکرابوون و چ راستییان تێدا نەبوو. من ئەوساش لە کۆنفرەنسدا تەنیا کەسێک بووم کە گوتم: «لە جیاتی ئەم خەڵک تاونبارکردن و ئاژاوە نانەوەیە، بۆ کەسێک جورئەت ناکات کە رووی دەمی بکاتە کاک نەوشیروان و رەخنەی ئەوەی لێبگرێت کە چۆنە ئەو لە بەر خاتری کارێکی تایبەت و شەخسیی خۆی ئەو کێشە و هەرایەی بۆ کۆمەڵە و یەکێتی، لەگەڵ هێزەکانی حسیکدا ناوەتەوە!».

ئەم کێشەیەی دوایی نەبێت کە تەواو شەخسی و دروستکراو بوو، تەواوی مەسەلەکانی دیکە فیکری و سیاسیی بوون و نوسەر بە ئاوەزەوە خۆی لێ بواردوون.

### # حدکا و پدک ،چاو ڕاو لە گواستنەوەی دەقدا!..

لە لاپەڕەی ١٩٩دا و لە ژێر ناونیشانی «حدک و پدک»دا، باس لە داواکاریی هەشت برگەیی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا دەکات کە رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی تازە وەسەرکارکەوتووی ئێران کرابوویەوە. دیارە یەکێک لە برگەکان داواکاری دەرکردنی ق.م بوو لەئێران و کوردستانی ئێراندا. ئەم داواکارییە، جگە لە حدکا هەموو لایەنەکانی ئەندام لە هەیئەتەکەدا ئیمزایان کردبوو و لەسەری سوور بوون. نووسەر دەنووسێت: لەو نامیلکەیەدا کە سەبارەت بە ق.م دەریانکرد هەڵویستی خۆیان بەم جۆرە ئەگێرنەوە

«......

نووسەر بۆ لێدوان لە نێوەڕۆکی نامیلکەی تایەن یان گواستنەوەی دەقەکانی، جووت کەوانەیەکی کردوەتەوە و لە هیچ کوێیەک داینەخستووە!!. خوێنەر ناتوانێ جیاوازی لە نێوان تێکستی گوێزراوەی نێو نامیلکەکە و قسەکانی خودی نووسەردا بکات. دیار نییە کە ئەو دەقەی لە پاش جوت کەوانەکەوە هاتووە، هی نێو نامیلکەکەیە یاخود نووسەر لە نامیلکەکەی وەرگرتووە و دووبارە دایڕشتووەتەوە!. نووسەر ئەگەر نامیلکەکەی لە بەردەستدا بووە، دەبوو چەند دەقێکی وەکو خۆیان بەئەمانەتەوە لەو دیکۆمێنتە وەرگرتبا و بێ هیچ ئاڵۆزییەک لە نێو دوو کەوانەکەی دانابان و سەری لە خوێنەر نەشێواندبا و چەتری گومانی لەسەر بابەتەکە هەڵنەدابا!!.

**قازی و مەلا... ل٢٣**
**.تێنەگەیشتن لە مێژوو!.**

نووسەر بەراوردێکی سەیر و بێ بناغە لە نێوانی شوێن و پایەی قازی موحەممەد و مەلامستەفا و بنەماڵەکانیان لە هەردوو حیزبی«حدکا» و «پدک»ی عێراقدا دەکات، بەو پێیەی کە هەردوو سەرکردە دامەزرێنەر و ڕێبەری حیزبەکانیان بوونە. ئەوی کە میراتی پدکع پاشی مەرگی مەلامستەفا بۆ کوڕەکانی ماوەتەوە و هەرچی «حدکا»یشە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، بیریان لە دانانی یەکێک لە کوڕەکانی قازی وەکو ڕێبەری حیزب نەکردوەتەوە، بە لای نووسەرەوە نیشانەی پێشکەوتنی فیکری حدکایە لەچاو «پدک»ی عێراقدا!.

هەروەک چۆن کەسەکان بە کۆمەڵ مێژوو دروست دەکەن و کەسی دەرکەوتوو و بەرجەستەی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵیشدا دەوری چارەنوس سازی تێدا وازی دەکات، هەر ئاواش لە ڕێڕەوی بزووتنی مێژوویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سنووردارداا، کەس و سەرکردە و بنەماڵە مێژووییەکان دەخولقێن و دەردەکەون. ئەمە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە داخوا ئەو سەرکردە و کەس و ماڵباتانە، شۆڕشگێڕ یان ناشۆڕشگێڕ، پێشکەوتووخواز یان کۆنەپارێزن. بریخت واتەنی «مێژوو ئەوەیە کە ڕوودەدات نەک ئەوەی کە ئێمە حەزمان لێیەتی و دەمانەوێت بیخولقێنین».

– مەلامستەفا بەپێی پەسن و پیاهەڵدانی نووسەریش بێت «بڕوانە پەنجەکان... ل٢٦ پەرەگرافی یەکەم»، تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو کە درێژترین ماوەی زەمەنی لە تەمەنی بزووتنەوەی هاوچەرخی کورددا، ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا کرد. مەلا مستەفا سەرکردەی حیزبێکی سیاسی بوو لە کوردستانی عێراقدا کە لە سالانی دووره ولاتیشیدا لە هەر کوێیەک بووبێ، حیزبەکەی وەکو «زەعیم» و مامۆستا و ڕێبەر بە خەڵکیان ناساندووە. مەلامستەفا لە بنەماڵەیەکی خێڵەکی – مەزهەبییە کە بە درێژای ئەم سەدەیە لەگەڵ دەسەلاتە دەوڵەتییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا، لە ململانێیەکی سەخت و خوێناویدا بوون. کوڕەکانی مەلامستەفا لە پرۆسەی بەردەوامیی بزووتنەوەکەدا وەدەرکەوتن و کۆنترۆڵی بەشێک لەدەسەلاتی پارتییان کرد. واتە ئەوە پارتی نەبوو کە میراتی دەسەلاتی سیاسیی خۆی بە کوڕانی بارزانی بەخشی، بەڵکو ئەوە خودی مەلامستەفا بووکە بە پێی تێگەیشتنی خۆی بۆ دەسەلات و شۆڕش و پارتی، زەمینەی گوازتنەوەی بەشێک لە دەسەلاتی خۆی بۆ کوڕەکانی ڕەخساند و پاشانیش هەمووی پێ بەخشین. واتە پارتی نەچووە لە دوورگەی «واق واق»ەوە مەسعود بەرزانی بهێنێت و لەسەر تەختی دەسەلاتی حیزبەکەی دابنێت، بەڵکو ئەوان خۆیان بەشێک بوون لە پارتی و دەسەلاتەکەی.

لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا، دەسەلاتی ماددی و ڕەمزی باوک، دەسەلاتێکی ئەمرە و کوڕا و کوڕ، دۆناو دۆن دەکات. ئیدی مەسەلەکەش هیچ پەیوەندییەکی بە دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی فیکری دوو حیزبەکەوە نییە. واوەتریش، قازی موحەممەد ئەگەر چی لە بنەماڵەیەکی دیار و ناسراوی موکریان بوو، بەلام:

– بنەماڵەکەی چەند بەڕێز و دەرکەوتووش بوو بێت، پێشتر هیچ ڕۆلێکی ئەوتۆی لە بزووتنەوەی سیاسی – چەکداری کوردستاندا نەبووە...

– تەمەنی سیاسیی قازی موحەممەد لە ٤ – ٥ ساڵ تێپەڕی نەکرد.

– قازی موحەممەد وەکو سیمبۆلی شەهید و قوربانی دان، هاتە نێو مێژووی سیاسیی کوردەوە، نەک وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی. واتە ئەو مەرگ کردی بە قارەمانی میللی، کەچی بەرزانی لەژیاندا بوو بە قارەمانی میللی و لەپاش مەرگە سیاسییەکەی بەشێک لە ڕۆڵەکانی لێی یاخی بوون!.

– کوڕانی قازی موحەممەد لە سەردەمی کۆماری مهاباد و دەسەلاتی قازیدا، هیچ دەور و نەخشێکیان نەبووە و پاشتریش لە دەروونی حدکادا جێگایەکی

ئەوتۆیان پێ نەبرا. سەرکردەکانی حدکا زۆر لەوە زۆرتر و ناکۆک تر بوون کە یەکێک لە کوڕانی قازی بە ڕێبەری خۆیان قەبوڵ بکەن.

— پرۆسەی رەوتی مێژووی حدکا و پدک، بە دوو ئاقاری تەواو جیاوازدا بڕۆوان.

من پێم وایە ئەو بۆچوونەی نووسەر ، خەراپ تێگەیشتنە لە چۆتییەتی شکڵگرتنی مێژووی رووداوە سیاسیەکان یاخود بە ئەنقەست شێواندنیانە!!

.

**حسیک و یەکێتی .**

**کوژرانی شێرکۆی شێخعەلی و جەمالی عەلی باپیر**

لە ساڵی ١٩٨١دا، کێشەکانی نێوان حسیک و یەکێتی ئاڵۆزتر و پێکدادانەکان خوێناوی تربوون. شەڕ و تێکهەڵچون و پێکداهەڵپژان، لە سەرتاسەری کوردستاندا و بەتایبەت لەو نێوچانەدا کە هێزی هەردوولایانی تێدا هەبوو، پەرەیان سەند.

شەڕەکان هۆکاری زۆریان هەبوو. حسیک هێزێک بوو لە زگی یەکێتی دەرپەڕی بوو. ئەقڵێتی نادیموکراتی هیچ هێزێک لە کوردستاندا، ئەم لەدایک بوونە ناشەرعییەی قەبوڵ نەدەکرد. یەکێتی هەتا پێی دەکرا نەدەبوو رێگای گەشە کردن و خورتبوونی ئەو هێزە بدات و لە رووی سیاسی و چەکدارییەوە ئاثارامی بۆ دەسەڵاتی خۆی درووست بکات. حسیکیش دەبوو هەرچۆن بێت، لە هەمبەر یەکێتیدا پێی خۆی بچەقێنێت و بوون و کیانی سەربەخۆی بسەلمێنێت. یەکێک لەو شێوازانەی کە حیسک بۆ سەپاندی بوونی چەکداریی خۆی و ناچارکردنی یەکێتی تا ئەو ئاستامەی سەربەخۆبوونەی بداتێ، بەدیل گرتنی نەوشیروان بوو. نەوشیروان لە کەش و هەوایەکی پڕ تەم و مژی نێوان هەردوولادا کە ئەو لێی بێئاگا بوو، بەدیل گیرا. گرتنی نەوشیروان، سوکایەتییەکی گەورە بوو هەم بۆ کۆمەڵە و هەم بۆ یەکێتی نیشتمانی و هەمیش بۆ خودی نەوشیروان. بۆیە سەیرنییە کە پاشی هەڵاتنی نەوشیروان، پێکدادانەکان خوێناوی تر بووین و گورزەکانی تۆڵەش بەزەبرتر!.

نوسەری پەنجەکان...، لەمەڕ رووداوی کوژرانی شێرکۆ و جەمال، بەو شێوەیەی بۆیان گێڕاوەتەوە دەیگێڕێتەوە و خۆی وەکو سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە و کەسی دووەم لە یەکێتیدا، هیچ بۆچوونێکی تایبەتیی دەرنەبڕیوە، یان نایەوێت دەریببڕێت و راستیی رووداوەکەمان پێبڵێت!!.

نووسەر دەڵێ:

« — ئەوانەی حسیک ئەیانوت: جەمال بەفیتی مەلابەختیار بەناوی میوانییەوە چوە بۆ سەردانی شێرکۆ بۆ ئەوەی لە پەنای دۆستایەتی دا بە فێڵ بیکوژێ.

— مەلابەختیار ئەمەی نینکاری ئەکەرد، ئەیوت: جەمال چوە بۆ سەردانی شێرکۆ بۆ ئەوەی هەندێ کێشەی نێوانی حسیک و یەکێتی بە لادا بخەن و لەوێ بووە بەشەڕیان و ئەو کارەساتە رووی داوە... پەنجەکان ل ٢١٠».

جەمالی عەلی باپیر، ئەندامی کۆمەڵە و فەرماندەی هەرێمی چواری یەکێتی بوو. شێرکۆی شێخعەلی، فەرماندەی هێزی حسیک بوو لە هەمان سنووری دەسەڵاتی هەرێمەکەی جەمالدا و دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێواندا هەبوو. لە ژێر چەتری ئەبایی و سروشتی دۆستانەی جەمال و شێرکۆدا، هێزەکەی حسیک لەو ناوچەیەدا کەمێک گەشەی کردبوو. سەرکردایەتی یەکێتی هەمیشە سەرکۆنەی جەمالیان دەکرد کە: لە ئۆدەی شێرکۆ نایەت، ناتوانێ فشاری لەسەر دابنێت، هێزەکانی «حسیک»ی پێ لە مەنگەنە نادرێت. جەمال لە ژێر ئەرزەی گلەیی وگازندە و رەخنەدا، بەخۆدا هاتەوە و تێگەیشت کە لە گۆمی خوێناوی سیاسەتی کوردیدا، ماسیی دۆستایەتی ناتوانێ زۆر بژی و ئەوی ناشێ و نایەوێ بیکات، دەبێ بیکات. مەلا بەختیار ئەزموونی دیکەی لەو جۆرەی لە لەناوبردنی نەیارانی یەکێتیدا هەیە و ئەرکی سەرکیشی لە چوونە ناوچەکەی جەمال و شێرکۆدا هەر ئەوە بووە. ئەمە جگە لەوەی کە رووداوەکە سەدساڵ نییە رووی دابێت، هەتا تەفسیری جۆراوجۆر هەڵبگرێت و بەشدارانی شەڕەکەش زۆربەیان شاهێدی زیندوون و بۆچوونەکەی حسیک دەسەلمێنن و نووسەری پەنجەکانیش لە هەموو کەس دڵنیاترە و ناشێ کەسێکی سەرراستی نزیک بەخۆی کە لە شەڕەکەدا بەشداربووبێ ، حەقیقەتی مەسەلەکەی بۆ باس نەکردبێت!. نوسەر پێش ئەوەی مێژووی کوردی نووسیبێتەوە، مێژووی یەکێتیی نیشتمانی نووسیوەتەوە. بریا بۆ جارێک و لە تەنیا جێگایەکدا ئەو مێژووەی بە چاک و خەراپەوە تۆمار کردبا.

**کەرە سیاسییەکەی بەکرپیرۆت و کۆنفرەنسی دووی کۆمەڵە!**

نوسەر، بە «٢٥» دێڕ باسی لە رووداوێکی سیاسیی گرنگ کردووە کە کەرەکەی «بەکر پیرۆت» قارەمانی بووە و بوەتە هۆی شکاندنی گەمارۆی راگەیاندن و هەواڵ و

ریپۆرتاژی رۆژنامەوانان لەسەر یەکێتیی نیشتمانی... «بڕوانە پەنجەکان ل ١٥».

من پێم وایە کە ئەم کەرە سیاسییە دەبێ شوێنێکی دیار لە کتێبی «کۆمیدیای کەرایەتی»ی مەحمود زامداری نووسەردا بگرێت.

نووسەر کە هاتووەتە سەر باسی دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە، تەنیا «٨» دێڕی لەسەر نووسیوە و خۆی لە ناکۆکی و ململانێ فیکری و سیاسییەکانی نێو دەروونی کۆمەڵە و ئەو ئاڵ و گۆڕە سیاسی و ڕێکخراوەییانەی لە ئەنجامی کۆنفرەنسدا بە سەر کۆمەڵەدا هاتن نەداوە. نووسەر لە سەرجەمی باسەکانیدا، گرنگ و بایەخێکی ئەوتۆی بە مێژووی کۆمەڵە و شێوازی هەڵچوون و داچوونی کێرڤی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵە نەداوە و بە هەندی نەگرتوون. لە کاتێکدا ئەگەر لە گەڵ ڕووداوە سیاسی و چەکدارییەکاندا بەراورد بکرێت، ئەمە خۆی دەشێت ئاوێنەیەک بێت بۆ نیشاندانی فیکر و تێڕوانینی نوسەر بۆ کۆمەڵە و دەوری کۆمەڵە لە چاو فاکتەرە سیاسییەکانی دیکەدا، لە سەرجەمی پێشهاتەکانی نێو بزووتنەوەکەدا.

لە پاش کۆنفرەنسی دووەم دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە دامەزرێنرا کە لە سێ ئەندام پێک هاتبوو و ئەندامێکی ناوەندی کۆمەڵە لێپرسراوی بوو. ئەم دەزگایە لە نێوەندەوە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخراوەی کۆمەڵەی لە کوردستاندا دەکرد.

هەر لەپاش کۆنفرەنسی دووەم، هەموو تەلاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵە کرایە چوار ڕێکخراو و هەموو کەرتەکانی ڕێکخستن خرانە نێو چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوانەوە، ئەز لەلایەن نێوەندەوە بە لێپرسراوی ڕێکخراوی سێی کۆمەڵە دانرام، «ئەوە بۆ من کە ئەندامی سەرکردایەتی نەبووم بەرزترین لێپرسراوێتیی ڕێکخراوەیی بوو»، بەلام من رەتم کردەوە و ڕێکەوت عوسمان مەسئولیەتەکەی وەئەستۆ گرت.

لە نێوانی هەردوو کۆنفرەسی یەکەم و دووەمدا، کێشە تیوری و سیاسییەکان بەناخی کۆمەڵەدا ، چ لە شار و چ لە شاخدا ، ڕۆچوون.

ڕێکخراوی کۆمەڵە جگە لە کێشە فیکرییە دەروونییەکانی خۆی، ئەوا کارتێکردنی ڕێکخراوە چەپەکانی شار «کار و کارگەران» و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیشی لەسەر بوو. جگە لەو ململانێیەی لە نێو سەرکردایەتی کۆمەڵەدا لەسەر پلە و دەسەلات دەکرا، کێشمەکێشێکی تیوری لەسەر

چۆنییەتی لەدایک بوونی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستان و ناسنامەی چینایەتی کۆمەڵە و پەیوەندی ئەو پارتییە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارانی عێراقدا، گوڕ و تینی تێ کەوتبوو. دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستیی کۆمەڵە نامیلکەیەکی چاپکرد بەناوی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستان» کە فەرەیدوون عەبدولقادری ئەندامی ناوەند نووسیبووی. سالارعەزیزیش لە وەلامی «تێز»ـەکانی ئەودا، نامیلکەیەکی چاپ کرد بەناوی «چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان». کەسێکیش لە نێو شاردا و لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی شارەوە، نامیلکەیەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی سالار و پشتگیریکردنی فەرەیدوون نووسی.

ئەم نامیلکانە لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، دوو سەنگەری فیکریی دژ بەیەکیان هەڵکەند. جا با سەرکردەی گروپە نەیارەکانی ناو کۆمەڵەش، بۆ مەبەستی تایبەتی و شەخسیی خۆیان توێرڕێژەی ناکۆکییەکانیان کردبێت. ئەمە هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت کە کادیرانی ڕیزەکانی خوارەوە، لە پێناوی مەسەلەیەکی شەریفدا، کە بڕوایان پێی هەبوو، ململانێیان دەکرد. مەسەلەی بەرهەق بوونی ئەم یان ئەو لایەنیش، بەلای منەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە و هەموو لایەنەکانیش کۆمەڵێک بەلگەیان بۆ پاساودانی دید و تێڕوانینی خۆیان هەبوو.

**هێزی پشتیوان لە نێوانی عاتیفە و بڕیاری سیاسیدا!.**

هێزی پشتیوان، نازناوی ئەو هێزەی یەکێتیی نیشتمانی بوو کە لە سێپتەمبەری ١٩٨٢دا بۆ پشتگیریکردنی هێزەکانی حدکا، دژ بە هێزەکانی پاسداران و سوپای ئیسلامیی ئێران ئاودیوی کوردستانی ئێران بووبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە هاوکاری و چاوساغیی هێزەکانی پارتی تەنگیان بە حدکا و مەکتەبی سیاسییەکەی هەڵچنیبوو. دکتۆر قاسملۆی رەحمەتی، هانای بۆ حیزبی شیوعی و یەکێتی بردبوو. بەپێی گێڕانەوەی نووسەری «پەنجەکان...»، حشع هیچ ئامادەییەکیان پیشان نەدابوو. مامجەلال هەتا «شەهیدبوونی شۆڕشی کوردستانی عێراقی»یش بە دەم بانگەوازەکەی حدکاوە چوبوو!.

ئەمە بۆ یەکێتی بڕیارێکی سیاسیی گرنگ و

چارەنووسساز بوو. بڕیارەکە تەنیا خودی مامجەلال لە پلەی یەکەمدا خاوەنی بوو و زۆربەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لێی بێ ئاگابوون!. ئەم بڕیارە ناڕاستە، پاشتر کەتن و کارەساتی بۆ یەکێتی لێکەوتەوە. شەڕەکان چەند هەفتەیەکیان خایاند. هێزەکانی حدکا بە هێزی پشتیوانیشەوە شپرزبوون. یەکێتی خۆی لە شەڕێکی بێ مانا هاویشتبوو کە نەیدەزانی چۆن چۆنی پاشکەشەی لێ بکات!. من ئەوسات لە خڕی نێوزەنگ بووم و لە نزیکەوە ئاگاداری وردینەی رووداوەکان بووم و سەردانێکی بنکەکانی پشتەوەی شەڕەکەشم کرد. وێڕای موقاوەمەتێکی جەسوورانەی هێزەکەش، هەموو چاوەڕوانی هاتنی ژەنراڵ بەفرمان دەکرد، تا ئەو بێت و سنوورێک بۆ پێشڕەویی هێزەکانی ئێران دابنێت!.

خوا بەهانامانەوە هات و چیاکان شمشێری سپییان هەڵکێشا و ئەفسانەی هێزی پشتیوانیش کۆتایی هات.

لەو شەڕانەدا «١٧» پێشمەرگەی یەکێتی کوژران، یەکێکیان هاوڕێیەکی زێدە ئازیزی من بوو بەناوی «فەیسەڵی مەلاعەلی ـ کاکەشێخ»، لە هێزی هەورامان فەرماندەی کەرت بوو. ئەو شەڕە ناڕەزاییەکی فراوانی لە نێو هێزەکانی یەکێتیدا درووست کرد. ناڕەزاییەکەش بە تەنیا هەرلای ئەو ناڕازییانە نەبوو «کە پاشتر ـ ئاش ـ یان درووست کرد ل٢٦٦»، بگرە لە ناو خودی ئەو مەفرەزە و کەرتانەشدا کە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون، وجودی هەبوو. ئەو مەسئولانەش کەم نەبوون کە لە بەرەکانی شەڕەوە، نامەی ناڕەزایی و بێزارییان بۆ سەرکردایەتی دەنووسی. ئەگەر خوێنەر بۆ کتێبی پەنجەکان... بگەڕێتەوە و چاوێک بە لاپەڕەی «٢٦٧»دا بخشێنێت، هەموو ئەو بەهانانەی کە نووسەر بۆ بەعاتیفەکردنی بڕیارە ناڕاستەکەی خۆیان هێناونی، هەر هەمان ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە سیاسییانەی ئێمەن کە ئەوسات باسمان لێوە دەکردن و لە ناو ریزی پێشمەرگەدا موناقەشەمان دەکردن. ئێمە پێمان وابوو کە لە نێوانی یەکێتی و ئێراندا جگە لە دۆستی یان دوژمنایەتی کردن، دەبێ شتێکی دیکە هەبێ، کە بێ لایەنکردنی ئێران بوو. ئێمە پێمان وابوو کە شەڕێکی بێ ئاکام و خۆتڕێنە و کاسەکەش هەرچییەکی دیکەی جگە لە مەسەلەی هاوکاریکردنی «حدکا» تێدابێت، ئەنجام هەر لەسەری یەکێتیدا دەشکێت. بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی، ئەم هەڵویستەی ئێمەیان بە «درووستکردنی گومان لەسەر سەرکردایەتیی یەکێتی و ساردکردنەوەی پێشمەرگە... ل٢٦٦» لە قەڵەم دەدا. ئێستاکە نووسەر پاشی پازدەساڵان، مل بۆ ڕاستییەکان دەدا و بەشێک لە گوناهی ئەو بڕیارە نادرووستە وە ئۆباڵی خۆی دەگرێت!.

**گومان لە هەڵویست و عاتیفەی بڕیار!**

ئەم هەڵویستە سەرشێتانەی یەکێتیی نیشتمانی، ئەگەر چەند ڕەگەزێکی عاتیفەشی تێدا بووبێت، ئەوا ڕواڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییشی پێوە بوو. سەرجەمی پرۆسەکە لە پراکتیکدا، تەمێکی خەستی گومانی تێوە ئاڵابوو:

ـ لە گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، یەکێتی نزیکەی نیوەی هێزەکانی خۆی لە کوردستانی عێراق کێشایەوە و خستیە گەرووی شەڕێکەوە کە هیچ مەنتیقێکی سیاسی تێدا نەبوو.

ـ حدکا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەبوو. حدکا چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکانی لۆجیستیکیی شەڕەکەی لە عێراقەوە بۆ دەهات و ئەرکی شەڕەکەش لەگەڵ یەکێتیدا برابەش بوو!.

ـ د. قاسملۆ، لە مەسەلەی موفاوەزاتی نێوانی یەکێتی و بەعسدا هەمیشە ئەڵقەی باوەڕپێکراوی هەرتک لایان بوو.

ـ پێش شەڕەکە و پاش وەستانیشی، وەفدی یەکێتی و موخابەراتی عێراقی بۆ مەسەلەی گفتوگۆ و دانوستاندن، یەکتریان دیتبوو. «بڕوانە پەنجەکان... ل ٢٦٩ و بەندەش لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵ و هاتوچۆکان بوو».

دیارە گومانی من نە ئەوساو نە ئێستاش، بەو ناڕاستەیە نییە کە یەکێتی ئەو شەڕانەی لە بەر خاتری بەعس کردبێت. یەکێتی بە مشتی خوێناوی دەرگای داخراوی مفاوەزاتی دەکوتا و بە دووی دەرەیەکدا دەگەڕا هەتا دەروویەکی لێبکرێتەوە و دەستی بۆ دەمشکاندنی «جود» ئاوەڵابێت!.

**ئاژاوەی نێوان ئەدیبان!**

سەرتاپای کتێبی «پەنجەکان...» وەک لە نێوەکەی ڕا دیارە، تایبەتە بە هەرا و ئاژاوەی سیاسی ـ چەکداری و لێکهەڵپێکانەوەی ئەڵقەکانی زەبر و خوێنڕژتن و پشتی یەکترشکاندنی هێزە چەکدارە سیاسییەکان. نوسەرانی کورد، چ لە شار و چ لە شاخ، ئەگەرچی بە گشتی ئیلتزامیان بە مەسەلەی خەباتی میللەتەکەیانەوە هەبوو و بەرهەم و داهێنانەکانیان، هەوڵدانێک بوو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو هەل و مەرجە سەخت و دژووارانەی کە ئینسانی کوردی چ وەکو تاک و چ وەکو کۆمەڵ تێکەوتبوو و لە بار و دۆخی خوێناویی

یەکترکوشتنی حیزبە چەکدارەکان بێزار و بێ هیوا بوون، دیسانیش کەم تا زۆر کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی هەوڵی چاووڕاوی حیزبەکان. هێزەکانی شاخ، کە لە هەوڵی پۆلێنکردنی ئەدیبان و دەستەمۆکردنیاندا بوون، ئەوان نەک هەرخوازیاری ئەدەبێکی سیاسیی مولتەزیم بوون، بگرە کاریان بۆ بەوجودهێنانی ئەدەبێکی حیزبی وەها دەکرد کە ریزەکان زیاتر ریزبەندی بکات و ئەدەبی کوردیش ببێتە ئاوێنەی دڕزێکەوتووی واقیعە سیاسییەکە. هەر حیزبەی دەیویست نووسەر و شاعیری خۆی هەبێت تا سەروەری و سەرکەوتنەکانی بنووسێتەوە و نەمریی شەهیدەکانی نەمرتر بکات و دەقە ئەدەبییەکانیش بە ژاری ئایدۆلۆژیا ژەهراوی بکات. یەکێتی نوسەرانی لە شاخدا لەدایکبوو، هەرگیز نەیتوانی ببێتە ساباتی کۆکردنەوەی قەڵەم و بەهرە جیاوازەکان و بەئاشکراش پەپووی حیزب و سەرکردەی حیزبەکانی لەسەر هەڵنیشتبوو. شمشێری خوێناویی سیاسەتی حیزبە نەیارەکان، جەستەی نوسەرانی شاریشی ئازن کرد، کێشە و گرفتەکانیانی قوڵتر کردەوە، گومان و دڕدۆنگی لەنێوانیاندا دروستکرد و چەندین چاوی لە نێوانیاندا چاند. نوسەر، بێ قوڵبوونەوە لە ماک و هۆکار و چۆنییەتی شکڵگرتنی کێشەکان، تەنیا لە دەروازەی تەسکی فیکر و سیاسەتی یەکێتییەوە لە گرفتی ئەدیبانی کوردی لەو سەروبەندەدا ڕوانیوە و بێ ئەوەی حیسابێک بۆ ئەوە بکات کە ئەوان خۆیان «واتە نووسەر و حیزبەکەی» بە دەست لە پشتدانی ئەم نووسەر و دنەدانی ئەوی تر و غەزەب لێگرتنی ئەوانی دیکە و تاوان لە ئەستۆ بارکردنیان، چ ڕۆڵێکیان لەو پەردەوازەیی و لەت و پەتکردنەی ئەدیباندا گێڕاوە.

نووسەر لە کتێبی ئاژاوەی زەبر و خوێندا، تەنیا باس لە ئاژاوەی نێوان ئەدیبان دەکات و «بەعس و حشع»ی وەکو دوو ئەسکوتی نێو مەنجەڵی ئاژاوەکە، دەستنیشان کردووە. تۆری نووسەر لە نێو ئاوی لێڵی ئاژاوەکەدا دوو ماسیە نووسەری ڕاوکردوە؛ دوو نموونەی «لە دیدی نووسەرەوە» باش و خراپی دژ بەیەک. شێرکۆ بێکەس و حەمەسەعید حەسەن. حەمەسەعیدی لە قوڵایی کێشەکەدا پێوە کردووە و «شێرکۆ»شی لە کەناری سەوزداپۆشراوی پاش کشانەوەی شەپۆلی ئاژاوەکەدا ڕوواندووە.

لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەی نووسەردا، باسێک لە هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێک نووسەر نییە کە نەک هەر وەکو نووسەر و شاعیر بگرە هەنێ جاریش وەکو کادیری ڕاگەیاندنی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی، لە ئێستگە و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاریان دەکرد و جێ پەنجەیان دیار بوو.

نوسەر کە پێی خۆشە «لە خانەی ئەهلی قەڵەمدا حیساب بکرێت»، دەبوو سەرپێییش با ئاوڕێکی لەو نوسەرانە داباوە کە لە سەرما و شەختەبەندانی کوێستانەکانی کوردستاندا، و لە بەر تیشکی هەڵلەرزیوی قوتیلەدا ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و وتاری ئەدەبییان دەنووسی و وەردەگێڕان!.

نووسەر لە شوێنێکدا و بێ هیچ موناسەبەیەک نووسیویەتی: «لە ئەدەبی کۆنی عەرەبی و فارسی دا لە ستاییشی هەندێ لە کاربەدەستەکاندا نووسیویانە: صاحب السیف والقلم. من گاڵتەم بەم ستایشە ئەهات... پەنجەکان ل ٢٩٠».

نووسەر پاشی ئەم پەرەگرافە، یەکسەر دێتە سەر باسی شەڕە سەختەکانی نێوانی یەکێتی و «جود» و خۆشی بە مەهدیی زەمان و تاقە ڕزگارکەری یەکێتی و تێشەی داپاچینی جەستەی بزێوی چوار برا دڵیەردەکە لە قەڵەم داوە!.

ئەو پەرەگرافەی سەرەوە نەک هەر گاڵتەپێهاتنی نوسەر بە نازناوی «خاوەنی شیر و قەڵەم» دەرنابڕێ، بگرە شانازی پێوەکردنیشی لێ دەتکێت، دەنا پێویستی بە نووسین نەدەکرد.

ئەوی لە دنیای نووسیندا بژی و بە قوڵی ئاشقی نووسین بێت و لە ڕەهەندە ئینسانییەکانی پرۆسەی نوسین و داهێناندا بتوێتەوە، تەنانەت لە نووسینی چیرۆکێکدا و لە زەمەنی خولقاندنی پاڵەوانەکانیدا، بۆ بە وشە نەخشاندنی وێنەی دوو کەڵەبابی پۆپنە خوێناویی بەشەڕهاتووش، تەوژمی ژان بە هەموو دەمارەکانیدا ڕۆدەچێت. چ جای کەسێک بۆ خۆی ئینسانەکان بەشەڕبدات، فەرمانی ئیعدام کردنیان دەربکات، شاهیدی زیندووی مەرگەساتیان بێت و خۆیشی وەکو عیسای کوڕی مریەم پیشان بدات. زۆر ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ دوو خەسڵەتی دژ بەیەک و دوو پیشەی یەکتر نەفیکەر لە خۆیدا کۆکاتەوە. زۆر مەحاڵە تۆ لە یەک کاتدا، هەم نوسەر بیت و هەم شمشێر بەدەست، هەم مرۆڤ ویست بیت و هەم دژە مرۆڤ!.

### شەڕ و شیعر!

نووسەر لە باسی مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بازنەی گڕگرتووی شەڕی ئێران – عێراقدا، پێنج دێڕ شیعری لە زمانی «بەهادین»ـەوە کە

بەسەر بەکری حاجی سەفەردا هەڵیدابوو، نووسیوە و شیعرەکەش ئەمەیە:

(ئەی هاوڕێیان من ڕەنجدەرم
من ..................م
جاش و عەسکەر هاتنە سەرم «ڕاستییەکەی: جاش و پاسدار هاتنە سەرم – پ –»
مەڵبەندی یەک بۆ کوێ بەرم!.)

بەکری حاجی سەفەر پیاوێکی بە تەمەن و تێکۆشەرێکی جوامێر و دێرینەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. ئەو زۆرجاران ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی بووە. هەر لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی بزووتنەوە چەکدارییەکەدا، لە ناوچەکانی پێنجوێن و شارباژێردا، دەوری گرنگ و بەرچاوی بۆ ڕێکخستنی یەکێتی هەبووە. نووسەر وەکو هیچ ستاییش و پیاهەڵدانێکی بە بەکر ڕەوانەبینیوە و هیچ رۆڵێکی پۆزەتیڤی ئەوی باس نەکردووە، ئەم شیعرە پڕ سوکایەتییەشی بۆ مێژوو بۆ تۆمار کردووە، کە دەبێتە شایەتی بێتوانایی و دەستەپاچەیی بەکری حاجی سەفەر. شیعرەکە ئەگەرچی شێوەیەکە لە ساتیر، بەڵام بزمار داکوتانێکی بەئازاریشە و کاتی خۆیشی بەکر زۆری لێ جاڕز و قەڵس بوو. لە درێژایی ئەو بزووتنەوە چەکدارییەدا، گەلێک پەند و قسەی خۆشی دەم چەکدارە قۆشمەچی و نوکتەبازەکان وەسەر زاران کەوتن. هەندێک لەو نوکتە و گەپانە، گێڕانەوەیان کەسانێک بریندار دەکەن، ئەگەر مەبەست ڕق هەڵڕژتن و شکاندنی کەسانی دیکە نەبێت، هەقی تۆمارکردنیان نییە.

من دەتوانم نموونەی ڕەوا و نارەوای ئەو جۆرە نوکتانە تۆمار بکەم:

– جارێکیان من و کەمال شاکیر لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا لە گوندی «هاوار» دانیشتبووین وسەرگەرمی لێدوان و مشت و مڕی سیاسەت بووین. من و کەمال دوو ڕای جیامان لەسەر یەک مەسەلەی تایبەت هەبوو. زۆرمان هێناو برد، بەئاکام نەگەیشتین. ئەوسات موناقەشە تەنیا بۆ قەناعەت پێهێنان بوو نەک بۆ بیر و ڕا گۆڕینەوە، پاشان کەمال گوتی: وا پێدەچێ ڕایەکەی هەردووکمان درووستبێت. غەفور دەرەشیشیی ڕەحمەتی، کە پیاوێکی حازر بەدەم و قسەخۆش بوو لەولاوە هەڵیدایە و گوتی: تەڵاقم کەوتبێ نابێ هەردووکتان ڕاست بکەن و لەو دووانەتان دەبێ یەکێکتان درۆ بکەن!.

– نووسەری پەنجەکان ژنی هێنا و خوا کوڕێکی پێ بەخشی. جارێک کۆمەڵێک برادەر لە شوێنێک دانیشتبووین و باس هاتە سەرباسی کوڕی تایەن و برادەرێک گوتی داخۆ چ ناوێکیان لێ ناوە؟!. دلێری سەید مەجیدیش لەوەڵامدا گوتی: «نما». وتیان نما مانای چی؟، ئەویش گوتی: نما مانای ئەوی شتێک ئاراستە بکات، وەکو قیبلەنما... پاشتریش دەبێتە کورتکراوەی «نەوشیروان مستەفا ئەمین». هاوڕێ جەباریش هەڵیدایە و گوتی: بەخوا جوانە!، نەوشیروان بۆخۆی تاک و تەنیایە وا هەموو کورد بە دەستییەوە زەلالەتیەتی، وەی لە خۆی و باوک و باپیری کە لە یەک کەسدا کۆببنەوە!.

**کوژرانی جەزای عەلی کاتب...**
**،دەنکە شقارتەکەی لەتیف!،**

جەزای عەلی کاتب، هەر وەکو نوسەر ئاماژەی پێکردووە، بە هەڵە کوژرا، ئەوی کە «مەلابەختیار تێنکاری ئەکرد کە داوای گرتنی عوسمانی لە ئاوات کردبێت»، هەق بە ئاواتە و مەلا ڕاست ناکات.

ئێمە «سالار، بەکری حاجی سەفەر، شێخعەلی، حەمەئاوات، من و خەڵکی دیش»، ئەوسات لە گوندی «پاڕەزان»ی شارباژێردا دەژیاین و هیچ مەسئولێتێکمان وەرنەگرتبوو. مەلا بەختیار لێپرسراوی مەڵبەندی یەک بوو. لە ساتی پەیدابوونی کێشە و هەرادا دەهاتە لامان و مەسەلەکەی لەگەڵ باس دەکردین. ئێوارەی ڕۆژێکی ئازار، ئەوهات و بۆ شەوەکەی قسە و باسمان لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کرد کە لەشارەزوور هاتبووە گۆڕێ. حسیک، لە شەڕێکدا کە پێشتر «لەتیفی حەمەی مەلاسابیر» ئاگرەکەی نابۆوە، چەند کادیر و چەکدارێکی یەکێتیان بەدیل گرتبوو. ئێمە پێشنیازمان کرد هەوڵ بدرێت بە ئاشتی کێشەکە بەلادا بخرێت. مەلا گوتی: (بواری گفت و گۆی تێدا نەماوەتەوە، بەلام دەکرێ کە بێ خوێنڕشتن «عوسمانی قادرمنەوەر» – کە لێپرسراوی حسێک بوو– دەستگیر بکرێت و پاشان لە گەڵ دیلەکانی خۆمان ئاڵشتیان بکەین... من ئەو کارە بە ئاوات و تیپی ٢٣ی شارباژێر دەسپێرم!.)

شەڕی گەورەی نێوان یەکێتی و جود لە ئایاری ۹۸۳دا، کە پاشان بە شەڕی قرناقا و پشت ئاشان نێوی دەرکرد، بیانوەکەی نە کوژرانی جەزا بوو، نە بەدیلگیرانی چەکدارەکانی یەکێتیش لە شارەزوور. بیانووەکە لەتیف لە بناری ئەوبەری شارەزوور و لە گوندی بێسەڵمێن دابوویە دەستەوە، کە تەقەی لە مەفرەزەیەکی حسێک کردبوو و یەک دووانێکی لێ

کوشتبون و بۆ خۆشی ئەنگێورابوو. کە لەتیف هاتەوە پارەزان، پێمان گوت: تۆ چ کەتنێکت ناوەتەوە، هاکا ئاگرەکە هەموو کوردستانی گرتەوە!. ئەو لە وەڵامدا گوتی: بەنزینەکە خۆی هەمیشە رژێنراوە، هەر دەنکە شقارتەیەکی دەوێ تێیهاوێ... منیش ئەمکردایە، کەسێکی دیکە دەیکرد!. لەتیف راستی دەگوت. ئەوە بیانووەکان نەبوون کە کانییەبەهارەی خوێنەکانیان تەڕدەکردەوە، بەڵکو هۆکاری راستەقینەی تەقینەوەی ناکۆکییەکان، سڕینەوەی فیکر و بوون و جەستەی براکان، لە ناخی پڕ لە کینە و تێروانینی خێڵەکیانەی خودی براکاندا بۆ یەکتر و بۆ دەسەڵات، رەگی داکوتابوو.

من وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردووە، کتێبی پەنجەکان... بەگشتی تەرخانە بۆ ئاژاوەی پڕ لە کوشت وکوشتاری خوێناویی نێوان پێنج برا باڵا لەخوێن هەڵژەنراوەکە. باسکردن لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی میکانیزمی شەڕ و هەراکان و ریزکردنی بیانوو و هۆکارە ساختە و داتاشراوەکان، بێ کەڵک و سادە دێنە بەرچاو. هەروەها باسکردن لە کێشەی نەبڕاوەی خوێناویی نێوان پێنج برا یان راستر وایە بڵێین چوار، «چونکە حشع بە برای بیلۆکیی ئەوان نایەتە حیساب و لە باوکێکی دیکەیە»، کە هیچکامیان شەرعییەت بە لە دایکبوونی یەکتر نادەن و یەکدی بە زۆڵی بیلۆگی و سیاسی دەزانن، بڕ وبیانوو و پاساوی سیاسی هەڵناگرێت. ئەوان یەک لە پشتی یەکتر دەرپەڕیون و هەر کەسیش بۆ نەفیکردنەوەی ئەوی دی خولقاوە و نەفیکردنەوەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا، زیاتر لەسەر پانتایی جەستە کاری خۆی دەکات نەک لە کرۆکی فیکر و ئایدیالۆژیدا!.

نووسەر، بەگشتی کاری لەسەر رواڵەتی کێشەکان و دیوی دەرەوەی رووداوەکان کردووە، نەک دیوی ناوەوەیان وەک ئەوەی کە لە ناونیشانی بنچینەیی زنجیرە کتێبەکانیدا هاتووە.

نووسەر، ئەگەر چی وەکو فۆتۆگرافیکی کارامە «نەک وەکو لێکۆڵەرەوەیەک»، هەوڵی داوە تاوەکو وێنەی ئەڵقە ئەڵقەی زنجیرەی رووداوە خوێناوییەکان بگرێت و لە هەوڵەکەشیا ویستوویەتی پەڵەی رەشی سەرجەمی ئەو تاوانانە بە توێڵی نەیارەکانی یەکێتییەوە بنێت و هەمیشە ئەوانی بە: ئاژاوە گێڕ، ناشۆڕشگێڕ، ناراست و درۆزن و بێ کفت، چەکداری شڕەخۆر و راوڕوتکەر، هێزی خێڵەکی و بێ دیسپلن و بێ سەروبەر، زاڵم و هێرش هێنەر داناوە و تۆمەتی هەڵگیرسانی تەنیا یەک شەڕیشی لە ئەستۆی یەکێتی نەناوە!!.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥دا و لە غیابی پارتی و بارزانیدا، بۆ لە نوێ ڕا بنیاتنانەوەی سەنگەرە رووخاوەکانی بزووتنەوەی ئەیلول و پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسییە ـ چەکدارییەکەی پاش هەرەس درووست بوو. یەکێتی لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی فیکری ـ سیاسی لەنگەری گرتبوو کە لە ئایدیا و تێگەیشتنی کۆمەڵەوە هەڵهێنجرابوون.

پارتی پێشڕەو، بەرەی نیشتمانی، لەشکری گەل، سێ تەوەرە بنچینەییەکەی خەباتی شار و شاخی یەکێتی بوون. بەرەی نیشتمانی بەسەرکردایەتی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار، پارتێک کە بەکردەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆی رێبەرایەتیی بزووتنەوەکە بکات و هەموو چینەکانی دیکە «واتە حیزبەکانی دیکە» لە بن هەنگڵی خۆیدا کۆکاتەوە و ئاڕاستەیان بکات. گرێی گرفتەکان لێرەدایە. ئەو پێی وایە پێشڕەو و سەرکردەیە چونکە:

ـ نوێنەری کرێکارانە و کرێکارانیش لە هەموو چینەکانی تر شۆڕشگێڕترن و پێناسەی رەوایی رێبەریبوون لای خۆیەتی.

ـ دەست پێشکەری لە هەستانەوەی بزووتنەوەکەدا کردووە و ئەوانەی دوای ئەو هاتوون دەبێ لە پاشەوەی ئەودا رێبکەن!.

ـ ئەوانەی ئارەزووی خەبات و تێکۆشان دەکەن، دەبێ لانی کەمی بەرنامەی سیاسی و چەکداریی ئەو قەبوڵ بکەن.

پارتی ئەوساش و ئێستاشی لەگەڵ بێ، یەکێتی بە خەنیمە دێرینەکەی خۆی دەزانێ. پارتی نەک هەر یەکێتیی بە سەرکردە و پێشڕەو قەبوڵ نەبوو، بگرە دەرکی بەوەش کردبوو کە یەکێتی و بەشێکی سەرەکی لە فیکر و سیاسەتەکەی، بۆ نەفیکردنەوەی جەستەی فیکری و سیاسیی ئەو و جێگۆڕکێی مەلامستەفا و جەلال تاڵەبانییە. لە هەرەمی دەسەڵاتی بزووتنەوەکەدا و ، بۆ گۆڕینی ئاوەڕۆی روباری مێژووە بەرەو هەوارێکی خاڵی لە رەمز و سەروەریی پارتی و سەرکردەکەی.

یەکێتیی نیشتمانی بەو بۆچوونە فیکری و جیهانبینییە توندڕەوەی خۆیەوە، لەگەڵ لەدایک بوونیدا تۆوی زەبر و بەتۆپزی سەپاندنی پێشڕەوایێتی خۆی هەڵگرتبوو.

ئێمە ئەگەر سەیرێکی چۆنییەتی ریزبەندیی هاوپەیمانێتیی سیاسی و جێگۆڕکێی هاوپەیمانێتییەکان بکەین، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە قاوغی سیاسیی

یەکێتی زۆر لەوە تەسک تر و خەسڵەتی تاکڕەوی و ڕەفتاری دکتاتۆریانەی مامجەلال نووسەری پەنجەکان زۆر لەوە بەزەبر تربوون کە لایەن و حیزبەکانی دیکە لەخۆیان بگرن و لەگەڵیاندا بسازێن.

لە ساڵی «١٩٧٦»ـەوە هەتاکو ساڵی١٩٧٩، حسیک و پاسۆک و پاشتریش تاساڵی ١٩٨٢ حشعیش لە تەوەری یەکێتیدا بوون و پارتی تا رادەیک وەلا کەوتبوو، سەرەتا حسیک دەرپەڕێنرا و پاشان پاسۆکیش سەنگەری گۆڕی و دواتریش حشع بەندی دوو بەرەیی پساند و لە بەرەی «جود»دا خۆی گرتەوە و یەکێتی تاک وەستایەوە!. یەکێتی بە درێژایی ئەو ساڵانە، تاک تاک و بەکۆمەڵ شەڕی هەموویانی کرد، یان هەموویان شەڕی یەکێتیان کرد!. خۆ بە پێشڕەوزانینی یەکێتی جڵەوی پێشڕەوایێتی لە یەکێتی وەرگرتەوە و لە بری ئەوەی ببێتە ڕێبەری شۆڕش و میللەت، بوویە ڕێبەری شەڕی کوردکوشتن!.

تێڕوانینی هەڵەی یەکێتی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و شەخسی مەلامستەفا، ئەنجامەکەی بە زەرەی یەکێتی و بزووتنەوکە و بە قازانجی پارتی شکایەوە!.

**پشتێنی گەمەی موفاوەزات**
**لە پشتی ئەندامانی کۆمەڵە دەپێچێت!.**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣دا، خزێنرابووە کەندەڵانێکی سیاسی و چاکداریی دژوارەوە. هەر تاڵە دەزوویەکی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا پسێنرابوو و ئاڵای دژایەتیکردنی هەڵکرا بوو. ئێران لە هەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا پێشڕەویی کردبا، دەبوو هێزەکانی یەکێتی رووەو ناوەوە پاشەکشێ بکەن و ئەمەش وایکرد کە یەکێتی شوێن و بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆی لە دەست بدات. شەڕەکانی نێوان جود و یەکێتی ، ئەگەرچی بە قازانجی ئەمەی دووایان بەلادا کەوتن، بەڵام ئەوە دواین شەڕ و کۆتایی مەترسییەکان نەبوو. گرفتەکانی نێو ڕیزەکانی یەکێتی تا دەهاتن خەست و ئاڵۆزتر دەبوون. یەکێتی بۆ پشوودان و خۆ ڕێک خستنەوە و خۆ پاکژکردنەوە، جگە لە دەرگای مفاوەزات دەرکایەکی دیکەی بۆ خۆی نەهێشتبووە.

مفاوەزات لە گەرمەی جەنگی عێراق ـ ئێراندا پراکتیزە کرا و بە هەر ئەنجامێکی پۆزەتیف گەیشتبا، لەسەر ئاستی کوردستاندا بە قازانجی بەعس تەواو دەبوو. ئەوسا یەکێتی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی مفاوەزات، دەبوو ئاستی پێکدادانی هێزەکانی خۆی هەم لەگەڵ ئێران و هەم لەگەڵ «جود»دا بەرێتە سەرێ. لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەدا، ئەوانەی دژی مفاوەزات بوون کەم نەبوون و لایان وابوو کە هەڵبژاردنی ئاشتی لەگەڵ جود و ئێران ئابڕوومەندانەترە تا لەگەڵ بەعس!.

نووسەر پێشنیاری ئەنجامدانی مفاوەزاتی لە ئەستۆی بەشدارانی کۆنفرەنسە ناوچەییەکانی خۆ ئاماداکردن بۆ کۆنفرەنسی سێی کۆمەڵە ناوە و چوارەم بڕگەی ئەرکەکانی کۆنفرەنسە ناوچەییەکانی ئاوا دیاری کردووە:

«٤ـ وەرگرتنی بیر و ڕای ئەندامان لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ بەعس. ئاخۆ زۆرایەتی لەگەڵ گفتوگۆیە یان دژی گفتوگۆیە؟

دەستەی سەرپەرشتی هەر سێکایان وتیان: هیچ کەس پێی وانییە بەعس خواستەکانی کورد ئەسەلمێنێ، بەڵام هەموو ئەندامان ـ جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم بە پەنجەی دەس ئەژمێردرێن ـ گفتوگۆیان پێ باشە .... ل ٢٤ ـ ٢٥».

من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە داخۆ زۆرینە یان کەمینەی ئەندامان گفتوگۆیان پێ باش بووبێت یان خەراپ، ئەوی بەلای منەوە سەیر و نامۆ و نەبیستراوە، ئەوەیە کە مەسەلەی گفتوگۆ یەکێک لە بابەتەکانی کۆنفرەنسە ناوچەییەکان بووبێت و لەوێدا قسە و باسی لەسەر کرابێت و ڕای ئەندامانی لەسەر وەگیرابێت!.

ساتێ مەسەلەی کۆنفرەنسە ناوچەیەکان هاتە پێشێ، نامەیەکم لە جەمال تاهیری ڕەحمەتییەوە پێگەیشت کە وێڕای باسکردنی زۆر مەسەلە، لە مەسەلەی کۆنفرەنسیش دووا بوو. ئەو داوای کردبوو کە ئێمە و ئەو هاوڕێیانەی لە دەورمانن، بەشداری لە کۆنفرەنسەکەدا بکەین و یەکێک لەو کەرتە ڕێکخستنانەی کۆمەڵە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێرین.

من تەوسات هەموو لێپرسراوێتییەکی کۆمەڵەم لە شانی خۆ داگرتبوو و لە گوندی «پارەزان» لە گەڵ چەند پێشمەرگەیکدا بارەگایەکی چکۆلەم دانا بوو. کەرتەکانی ڕێکخستنی هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێر، لە مانگی تەموز ـ ئاب دا کۆنفرەنسەکانی خۆیان بەست و من لەگەڵ کەرتی هەڵەبجەدا بەشداریم کرد، بەوپێ یەی کە من کەرتەکەم دامەزراندبوو و تا ساڵی پێشتریش لێپرسراوی بووم. لە کۆنفرەنسەکەدا، من بابەتێکی فیکریی درێژم بە ناونیشانی «مەسەلەی کورد لە نێوانی واقیع و خەیاڵدا» خوێندەوە کە بوو بە مایەی موناقەشەیەکی چڕ و پڕی فیکری. من لەوێدا دەمویست

وەڵامی ئەو وتارانە بدەمەوە کە نووسەری پەنجەکان و فەردیدوون عەبدولقادر، لە سەروبەندی هەڵای هێزی پشتیواندا نوسیبوویانن و لە رادیۆی یەکێتییەوە بڵاو دەکرانەوە و باسیان لە یەکبوونی مەسەلەی کورد دەکرد. من ئەوسا و ئێستاش بڕوام وایە کە ئەوان لە هەموو سەرکردەیەکی عێراقی، عێراقی ترن و بە پراکتیکیش ئەوەیان سەلماندووە، کەچی بە دەیان کادر و ئەندامی کۆمەڵەیان بە تۆمەتی عێراقچێتی شاخ بەدەر کرد!. لە کۆنفرەنسی ئەو سێ کەرتەدا کە من لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم، باسی هەرشتێک کرابێ باسی مفاوەزات لە ئارادا نەبووە. من کە ئەو بڕگەیەی سەرەوەم خوێندەوە، لە یادەوەرییەکانی خۆم کەوتمە گومانەوە و ناچار بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە چەند کەسێکەوە کرد کە شاهێدی زیندوون و لە بەشدارانی ئەو کۆنفرەنسانە بوون. هیچ کەس لەوان راستی ئەو مەسەلەیان نەسەلماند. کۆنفرەنسی کەرتی قەڵادزێ بۆ مانگی تشرینی یەکەم یان دووەم دوواکەوتبوو. ئەوسات گەرمەی دەنگۆی مفاوەزات بوو، ئەو مەسەلەیە لەوێدا باس کرابوو. مفاوەزات بەپێی خۆی هاتبووە نێو باسەکانی کۆنفرەنسی ئەو کەرتە، نەک بەندێکی تایبەت بووبێ لە بەندەکانی کاری کۆنفرەنس!. خوێنەر ساتێ بۆچوونێکی ئاوا ئاوەژوو دەخوێنێتەوە، ناچارە لە هەموو گێڕانەوە و بۆچوونەکانی دیکەی نووسەر، لەسەر ئەو مەسەلە جیاوازانەی باسی لێوە کردوون، بکەوێتە گومانەوە و بەو قەناعەتە بگات کە راستییەکانی بە کۆڵی کەری شەل دەگەڕێن!!.

**#تیرۆری سیاسی**

تیرۆری سیاسی چ لە شاخ و چ لە شاردا، سیمایەکی درێژی بزووتنەوە چەکدارییەکەی پاشی هەرەس بوو، و لە مەیاندا یەکێتی لە چاو هێزەکانی تردا بەشی شێری بەردەکەوێت. ئەم بابەتە نەیتوانیوە دەرکەی کتێبەکانی نووسەری پەنجەکان بکاتەوە و شوێنێکی تێدا بگرێت.

ئەگەر ئیعدام کردنی سەرکردەکانی یەکێتی پاشی شکستی هەکاری، بە تیرۆری سیاسی دابنرێت « کە دانانرێت و ئەوە دەچێتە خانەی پۆخڵی دیل کوشتنەوە»، ئەوا شەرەفی داهێنانی دیل کوشتن بە «ق.م» دەبڕێت، کە پاشان یەکێتی ئەو شەرەفەی لێ وەرگرتەوە و داهێنانی نوێ تریشی خستە پاڵ، ئەویش تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسیی خۆی بوو لە شارەکاندا!.

ساڵی ١٩٨٢ بۆ خەڵکی کورد و هێزە چەکدارەکانی، ساڵێکی شوم و پڕ نەگبەتی بوو. شەڕە خوێناوییەکان بە ترۆپکی خۆیان گەیشتن. سیاسەتی پەڕ وباڵ کردن دادی هیچ لایەکی نەدا و چەکوشی تۆڵە بۆ پانکردنەوەی سەرەکان بەرزکرایەوە. رەنگە لە مێژووی کوردکوشتندا هیچ ساڵێک هێندەی ئەو ساڵە، هێزە کوردییەکان بە خوێنی یەکتر تینوو نەبووبن و خوێنی یەکتریان نەرژتبێ!.

لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا و لە گەرمەی شەڕی جەلالی و مەلایی دا، ئەوە مەلاییەکان بوون کە کەسانی سەر بە جەلالییەکانیان لە شارەکاندا تیرۆر دەکرد. بەو پێیەی کە بنکە سەرەکییەکانی جموجوڵی جەلالییەکان لە شاردا بوون. لەساڵی ١٩٨٣دا، هەردوو لایەن، واتە هەم یەکێتی و هەم پارتیش لە شاخ بوون و لایەنگرانیان لە شارەکاندا دەژیان.

تیرۆرکردنی کۆمەڵێک کۆنە کادری پارتی لەلایەن مەفرەزەی تایبەتی تیرۆری یەکێتییەوە لە شاری سلێمانی دا، ئەوەمان پێ دەڵێ کە یەکێتی:

– هەمیشە پێی وابووە کە نەیارە سیاسییەکانی خۆی لە رێگای پاکتاوکردنی جەستەوە لەناو دەبات.

– یەکێتی لە تیرۆردا، دووربینە و ئەوساتیش حیسابی بۆ دوا رۆژی ململانێکەی شاخ دەکرد و دەیویست ئەو وزانەی نەیارەکەی لە ناو بیات کە دەشێ لە پاشەڕۆژدا و لە هەل و مەرجێکی دیکەدا، لە شارەکاندا ببنە داینەمۆی هەڵسوڕانی هێزی سیاسیی و چەکداریی دژ بە خۆی.

– یەکێتی لە ململانێکاندا، پارتی و بەعسی لە یەک ئاستدا دەبینی، بۆیە شان بەشانی تیرۆر کردنی سیخوڕانی بەعس، کەسانی سەر بە پارتیشی دەکوشتن!.

ئەو کارە تیرۆریستیانەی یەکێتی ئەنجامیدان، ناڕەزاییەکی زۆری لە ناو خەڵکی شارەکان و لە نێو ریزەکانی یەکێتیشدا پەیداکرد. یەکێتی ناچار بوو کە بەیانێک بۆ رێزگرتن لە کوشتنی ئەو کەسە بێ تاوانانە، لە رادیۆکەی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە و خۆزینەکانیان لە گەردنی خوێناوی بەعس بنێت!!.

ئێمە لە شاربازێر بووین، زۆرمان بۆ مەلابەختیار هێنا کە ئەوکات لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی یەکێتی بوو، تا هەواڵێکی درووست لەسەر ئەو مەسەلەیە پەیدا بکات. ئەو لە گەڵ مامجەلالدا بە بێتەل قسەی کردبوو. مام گوتبووی: «من بەتەواوی بێ ئاگام لەوەی ئەگەر یەکێتی جۆرە کارێکی وەهای ئەنجام دابێت و هەرگیز کاری وا لە ئێمە ناوەشێتەوە!... ئەگەر رۆژگارێکیش بە

بەڵگەوە ئەم تیرۆرانە بەسەر یەکێتیدا ساغ ببنەوە، ئەوا من واز دەهێنم و جانتاکەم هەڵدەگرم و دەچمەوە هەندەران!»... نقڵی کوفر کوفر نییە و ئەمە دەقی قسەی مەلابەختیارە کە من دەینووسمەوە.

زۆری نەبرد، «وریای وەهاب» کە ئەو کارە تیرۆریستیانەی ئەنجام دابون، شاری بەجێهێشت و هاتە شاخ. من وریام لە شارباژێر دیت. ئەو نکۆڵی نەدەکەرد و پێی وابوو وەکو هەر کادرێکی گوێ لەمستی کۆمەڵە، فەرمانی سکرتێری کۆمەڵەی جێبەجێ کردووە و تەواوی ئەو نامانەشی لە لایە کە بە ئیمزای خودی سکرتێر نووسراون. وریا لە نێوانی دوو بەرداشی ترس و ئازاری ویژداندا لە مەنگەنە درابوو. ترس لەوەی کە سکرتێری کۆمەڵە داوای ئەو نامانەی لێ دەکردەوە کە فەرمانی تیرۆرکردنەکانیان تێدا بوو، نەبادا دەست لایەنە نەیارەکان بکەون و ڕیسەکەیان لێ ببێتەوە بە خوری. ئەو پێی وابوو کە بە لە دەستدانی نامەکان، ئەو کارانەی ئەو کردوونی دەچنە خانەی تیرۆری شەخسی و تابەتییەوە و هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەری بۆ داکۆکیکردن لە خۆی بە دەستەوە نامێنێت و لەناوبردنی ئاسان تر دەبێت. ئازارێکی سەختی ویژدان لە هەمبەر تیرۆرکردنی کۆمەڵێک کەسدا، کە حیزبەکەی حاشای لە تیرۆرکردنەکەیان دەکرد!!. ئەو دەیویست کەڵەوەکێشی و کەللەڕەقی لە ئاست سکرتێری کۆمەڵەدا بکات، بەڵام بە لە دەستدانی گیان و پارچەپارچەکردنی جەستەی تەواو بوو. تیرۆرکردنی وریا، چ ئەوسات و چ ساڵێک پاشتریش لە کۆنفرەنسی سێی کۆمەڵەدا، هەرا و هەنگامەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە. لە کۆنفرەنسیشدا، نووسەری پەنجەکان... لە ئەنجامی پێ داگرتنی کۆمەڵێک کادر، لەسەر چارەنووسی وریا، گوتی: «ئەو خیانەتی کردووە!. ئەو نهێنییەکانی کۆمەڵەی بە دووژمنانی ئێمە داوە. ئەو ئەگەر زیندووشببێتەوە، سەد جاری تری دەتۆپێنمەوە!!».

ئێمە لامان وابوو کە وریا هیچ خیانەتێکی نەکردبوو، هیچ نهێنییەکیشی بە چ کەس و لایەنێک نەدابوو، ئەگەریش هەڵەیەکی کردبێت «کە نەیکردبوو»، ئەوا دەبوو وەکو ئەندامێکی کۆمەڵە دادگایەکی حیزبی بۆ دابندرێت و بە ئاشکرا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و سزایەکی ڕەوا وەرگرێت، نەک بە نهێنی تیرۆر بکرێت و جەستەی پارچەکراوی لە کونە بەردان وەشێرن!.

دەبوو نووسەری پەنجەکان، لە ئاستی بە ناهەق شکاندنی پەنجە بێتاوانەکانی شاردا، کەمێ ویژدانی بجولایەو بەچەند دێڕێک ئەوانیشی بەسەر بکردایەتەوە!.

**دیلە دیلکوژەکان!**

جەنگ، وەک دەڵێن عەزیایەکی برسییە و لەخوێن تێربوونی بۆ نییە. جەنگ ئەو ئامێرە بێ دڵ و مێشکەیە کە سۆز و بەزە لە کرێنی ئاخیدا سەوز نابن و کوێرانە هەموو شتەکان دەهاڕێت و هەڵدەلووشێت. جەنگ، جەنگاوەرەکان وندەکات، مرۆڤەکان دەکاتە دڕندە، منداڵەکان دەرفێنێ، ژنە شۆخەکان ڕەشپۆش دەکات و لە باخچەی ماڵەکانماندا گوڵی ڕەشی ڕق و تۆڵە دەچێنێ.

جەنگ، کە مێژوویەکی دێرینەی هەیە، لە دێر زەمانەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە سنوورێک بۆ تاوانەکانی دابنرێت و کەمێک سەر و سیمای ڕتوش بکرێت. ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایان بۆ لایەنە لەگژ یەک ڕاچووەکانی جەنگ داناوە و واداریان بە جێبەجێ کردنیان، کردوون.

تەنیا پرەنسیپێکی لەسەر ئەو لایەنە شەرکەرانەی کە حاڵەتی «دیفاکتۆ»یان هەیە، پێویستە ئیلتزامی پێوە بکرێت، مەسەلەی پاراستنی مافەکانی دیل و بریندارەکانی شەڕە.

بە درێژایی ئەو ساڵانەی شەڕی نێوان کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، کەمتر وابووە کە دەوڵەتەکان وێڕای ئەوەش کە ڕاستەوخۆ لە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەو یاسا و پرەنسیپانەدا لێپرسراو بوونە و ئیمزایان کردوون، لە شەڕی کورد قراندا ڕەچاویان کردبن. بە پێچەوانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، حیزبە کوردییەکان بە گشتی ملکەچی ئەو پرەنسیپانە بوونە و کەمتر سەرباز و جاشە بە دیل گیراوەکانی دەوڵەتیان، ئازار داوە یاخود ئیعدامیان کردوون. زۆر جاران ئەو دیلانە بە زیادەوە حورمەتیان لێ گیراوە و پاشان بێ هیچ بەرامبەرێک یان بە چەردەیەک پارە، ئازاد کراون. دیلی دوژمن کوشتن، تەنیا لەم ساڵانەی دوواییدا و لە حاڵەتی تێکشکان و هەرەسی هێزە کوردییەکاندا، لێرە و لەوێ بەدیار کەوت، دەنا پێشتر وجودی نەبوو.

حیزبە کوردیەکان، چەندە بەرامبەر بە دیلەکانی دوژمنان دڵ نەرم و میهرەبان بوون، سەد ئەوەندە بەرامبەر دیلە نەیارەکانی خۆیان دڵ ڕەق و بێ بەزە بوون. ئەگەرچی تەمەنی شەڕی کورد کوشتن لە مێژووی هاوچەرخماندا، وا خەریکە بۆ سی وسێ ساڵێک دەچێت، بەڵام ئەم دیاردە دزێو و شەرمهێنەرە، بەم شێوە سیستەماتیکیە و لە چوارچێوەی سیاسیی

تیۆریپێزکراودا، لە پاشی هەرەسی ئەیلولەوە برەوی پەیداکرد.

کورد وەکو تاک لە ناخی خۆیدا، وەکو خێزان لە ماڵی خۆیدا، وەکو میللەت لە مێژووی خۆیدا دیلێکی ونە، ونێکی بێ شوێن پێ، ونێکی لە تونێلی مێژوودا گیرخواردوو!. کورد کە نەیتوانیوە لە ڕێڕەوی پێچاوپێچی مێژوودا، خۆی بچەقێنێ و وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، بەزەبر بوونی خۆی لە ئاست ئەوی تردا بسەپێنێ، ئەوا هەر پارچە و خێڵێکی لە چوارچێوەی خودێکی شێواو و خۆ نەگرتوودا، بۆ بڵندکردنەوەی بوونی خۆی لە ئاست ئەوی تردا «کە هەر خودی خۆیەتی»، چەند بڵێی بە زەبر و درندەیە!. هەر دەڵێی دەیەوێت هەست بە کەمایەسی کردنی خۆی لە ئاست ئەوانی تردا، بە دیواری خوێنی خۆی پڕکاتەوە!.

نووسەری پەنجەکان، لێرە و لەوێ بۆ داکۆکی کردن لە خودی خۆی و حیزبەکەی باسی دیاردەی دیل کوشتنی کردووە و هەوڵی داوە تەواوی ئەو تاوان و تۆمەتانەی بە گەردنی مێژوویاندا هەڵواسراون، پوچەڵ کاتەوە. ئەو نە هاتووە حەقیقەتی دیاردەکە بخوێنێتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکات، بەڵکو حەقیقەتەکانی بە خەسڵەتی عەشیرەتی و خێڵەکیی پاساو داوە و ئەقڵێتی سیاسیی توندڕەوانەی خۆیانی لێ هەڵبواردووە.

کە قیادەی موەقەت، لەساڵی ٩٧٨دا و بە بڕیار سێ سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی ئیعدام کرد، تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا و ڕچەیەکی ترسناکی لە تاریکایی بەستەڵەکی بزووتنەوەکەدا شکاند. ئێمە ئەو ساڵانەش پێمان وابوو کە یەکێتی هەرگیز ئەو ڕێچکەیەی ئەوان ناگرێتە بەر و پرۆسەی دیل کەشتن قوڵ ناکات. یەکێتی تا ئەو کاتەی هێزەکانی کەم و پوخت و بە دیسپلن بوون، و بیر و ئاکاری جەلالییەتی تێیدا زەق و باڵادەست نەبوون، ڕەفتاری تۆڵە و دیل کوشتنی پەیڕەو نە دەکرد.

– یەکەم کەسێک کە لەسەر نەکوشتنی دیلێکی ق.م لێپرسینەوەی لەگەڵ کردم، خودی نووسەری پەنجەکان بوو!!. من کە ئەو کارەم نەکردبوو، ئەو پێی وابوو ترسنۆکم!!. من ئێستاش پەشیمان نیم. من ترسنۆکیم لە دیلکوژیی بێ سەربەرزی ترە.

– یەکەم جار کە لە نزیکەوە دیل کوشتنم لە ناو هێزەکانی یەکێتیدا بینی، پاییزی ١٩٨١ بوو. شەڕێکی خوێناویی نێوان هێزەکانی «جود» و یەکێتی، لە شارباژێردا ڕوویدا. ئەو شەڕە یەکەمین گۆڕانی نوێ بوو لە شەڕی کوردکوشتندا و نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردووە. لە ماوەی دوو ڕۆژاندا زیاتر لە «٤٥» چەکداری جود کوژران و ژمارەیەکیان لێ بەدیل گیرا. لە مزگەوتی گوندی «ڕەزڵە»دا، دیلەکان دانیشێنرابوون. چەکدارێکی هێزی گەرمیانی یەکێتی کە برایەکی لە شەڕەکەدا کوژرابوو، بە بەرچاوی هەموو لایەکەوە، گوێچکەی دوو دیلی گرت و لە پەنای دیوارەکەدا گوللە بارانی کردن. یەکێک لە دیلەکان لە گیرفانیدا کارتی سەندیکای پزیشکیی هەڵگرتبوو. ئەو تەنیا وەکو کوردێک لە دۆزەخی شەڕی ئێران ـ عێراق هەڵاتبوو، کەچی بڵێسەی ئاگری شەڕی نێوان دیلەکان، کردی بە زوخاڵ.

– دوومانگ پاشی ئەو شەڕە، مام ئاراس و چەند چەکدارێکی حسیک لە شەڕێکدا لە شارەزوور بە دیل گیران. بە کۆبوونەوەیەکی سێ دەقیقەیی سێ لێپرسراو، دەستڕێژێکم بیست و ئیتر مام ئاراس دیلەکانی هاوڕێی نەبینییەوە!!.

– ق.م لە ساڵی ١٩٧٩دا لە گوندی «دزڵی»ی کوردستانی ئێران، دوو چەکداری یەکێتیان بە بێ چەک بە دیل گرتن. یەکێکیان توانی دەربازبێت و ئەوی دیکەیان دووبارە گیرایەوە و ئیعدامیان کرد!. ئەو تەنیا ١٨ ساڵی تەمەن بوو.

– نووسەر نکۆڵی لەوە دەکات کە لە شەڕی «پشتاشان»دا هیچ دیلێک کوژرابێت، کەچی هەم خودی چەکدارەکانی یەکێتی و هەم ئەو ئافرەتانەی حشع کە ئێستا ماون و هەندێکیان لە هەندەران دەژین، شایەتی زیندووی گوللەباران کردنی کۆمەڵێک چەکداری بە دیلگیراوی «جود»ن و فەرمایشتی پڕ مانای «با پەرێزمان پاکژ بێت !!» لەو ڕۆژگارەدا لە دایک بوو.

– عەبدوڵاسوور، جوتیارێکی ئازا و فەرماندەیەکی لێهاتووی حسیک بوو. ئەو جگە لەوەی وەکو ئەندامی حیزبەکەی نەیارێکی سەرسەختی یەکێتی بوو، دوژمنی ئەوە ئاغایانەی ناوچەکەش بوو کە چەکداری یەکێتی بوون و یەکێتی لە کێشەی نێوان جووتیار و ئاغاکاندا پشتگیریی لێ دەکردن. لە نێو هێزە چەکدارەکاندا وا باو بوو کە نووسەری پەنجەکان بە دەستی خۆی یان بە فەرمانی خۆی، عەبدوڵا سووری بە دیلی ئیعدام کردبێت. نووسەر هەوڵی فەرهادی کێشاوە تا یەقینی ئەو تاوانە بکاتە گومان و گومانیش لە ژێر مژی تۆڵە سەندنەوەی خێڵەکیدا ون بکات!. نووسەر لە دوا دێڕەکانی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەکەوێتە غەفڵەتەوە و دەڵێ: «لە ناخی دڵەوە پێم ناخۆش بوو بکوژرێ، بەڵام چۆن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤێ لە مردن جاری وا هەیە دکتۆر خۆشەویست ترین ئەندامی لەشی نەخۆشەکە

ئەبڕێ، ئەخۆشەکەش خۆی بە ناچاری رازی ئەبێ، یان بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوەی خویناوی نێوان دو بنەماڵە یەکێ ئەکرێ بە قوربانی، کوشتنی ئەویش ناچارییەکی لەو بابەتە بو. ل ٢٢٤». ئەمە مانای چی؟!. نووسەر دەڵێ من ئاگام لە کوشتنەکەی نەبووە و دوور لە دسەلاّت و ئیرادەی من کوژراوە، کەچی هەر بۆخۆشی دەڵێ: کوشتنی عەولاسوور زەرورەت بووە!!. خوێنەر دەتوانێت لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا، دەریایەک حەقیقەت پەیدا بکات. ئەگەر کەسێکیش گومانی لەوە هەبێت، ئەوا دەتوانم بێژم کە نووسەر بە دەمی خۆی، ئیعدام کردنی عەولاسووری وەکو هەڕەشە لە کەسانی دیکە بەکار هێناوە و ئەمەش چیرۆکێکە و لە شوێنی دیکەدا جێگای خۆی هەیە.

دیل کوشتن لە پاشی ساڵی «٩٨٣»وە، بوویە دیاردەیەکی تەشەنە سەندوو. کۆمەڵێک فەرماندەی دەرکەوتوو دەرکەوتن کە دیل کوشتن و خوێن رژتنیان بە شەهامەت و پیاوەتی دەزانی. هەرگیز نەمدیت کەسێک لەسەر دیل کوشتن سزا بدرێت.

لە رۆژگاری ئەنفال و تێکشکانەکاندا، دیلەکانی دەوڵەت بە جەلەب دەکوژران و دیلکوژەکانیش بە جوامێرییەوە باسیان لێوە دەکردن!.

رێباز کە کادیر و فەرماندەیکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا «قەندیل بەغدای هەژاند!»، وشەی «دیل کوژەکان» بەکار دێنێت و بە شەرمەوە باس لە دیل کوشتن و ئەو شەڕانە دەکات کە لە ٢ ـ ٦ ـ ٩٨٥دا، واتە لە سەروبەندی مفاوەزاتدا، دژ بە حشع کران.

(لە/ رێبازەوە

بۆ/ مەڵبەندی چوار

« مام هیدایەتمان بە دیل گرتووە، تکایە فەرمان بدەن!».

لە مەڵبەندی چوارەوە بۆ/ کاک رێباز

مام هیدایەت لە گوندەکەی خۆیان بکوژن!.)

مام هیدایەت چەکدارێکی حشع بووە و "بێ تەل"ـەکەش لە ماڵی خۆیاندا کراوە... «بڕوانە رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند ـ بەشی دووەم».

رێباز دەڵێ: «شەڕی ناوخۆ هەمیشە لە لایەن ترسنۆکان و بەرژەوەندی پەرستانەوە پێشوازی لێ دەکرا!».

رێباز، باس لە بە کۆمەڵ کوشتنی دەیان ژن و منالّ و پیری عەرەبان بە دەستی هێزەکانی یەکێتی و بە تایبەت تیپی «٢١»ی کەرکوک، لەو گوندانەی ناوچەی هەولێردا، کە بەعس عەرەبی تێدا نیشتەجێ کردبون، دەکات!. رێباز شەرمنانە نارەزایی خۆی لە ئاست ئەو کارانەدا دەردەبڕێت و بێ دەسەلاتی خۆی نیشان دەدات. من لێرەدا بۆچوونەکانی کەسێک دەنووسمەوە کە لە گەڵ بیروەرییەکانی خۆیدا راستگۆ بووە و هەتا لە شەڕی ناوخۆشدا کوژرا، هەر فەرماندەی یەکێتی بووا.

من کە باسم لە دیاردەی دیل کوشتن کردووە، هێزەکەی بەرامبەریشم لە بەرچاو گرتووە، بەلام چوون یەکێتی هێزی گەورە و بالادەست بووە، دیاردەکە لای ئەمان زەق تر بە دیار دەکەوێت و کامێرای یادەوەرییەکانی نوسەری پەنجەکان، زۆر بە تەڵخی وێنەی گرتووە!.

خوێنەر کە وێنای رەوتار و هەڵس و کەوتی ئەم هێزانە لە شاخ دا بکات، ئیدی بە لرفەی ئەم روباری خوێنەی ئێستای شارەکانیش ئاشنا دەبێت و لەوەش دەگات کە ئەم ئەقڵێتانە، پێش ئەوەی دژی هەر دوژمنێکی کورد بن، دژی خودی کوردن. رۆژنامەوانێکی سویدی، لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە کوردستانی باشووردا، دەڵێ:

«ئێستا رەشترین دوژمنی کورد، کوردەکەی دیکەیە!.»

ئاوا دەبینین کە ڤایرۆسی پەتای دیلکوشتن لەشاخەوە بۆ شار گواسترایەوەو ، ئێستا بۆتە رەگەزێکی دیار لە کاراکتەری چەکداری کورددا.

**با گۆڕەکان هەڵدەینەوە!**

کۆمەڵە ئێستا هیچ ئاسەوارێکی رێکخراوەیی و فیکریی نەماوە. رەگەزە سیاسیی و فیکریەکانی کۆمەڵە لە نێو گۆڕدا رازاون و نووسەری پەنجەکان، لە نووسینەوەی مێژووشدا جورئەتی راچڵەکاندنیانی نەکردووە، یاوەکو بە پێویستی نە زانیوە.

نووسەر وەکو سکرتێکری یەکەمی کۆمەڵە: مێژووی ئەو رێکخراوە، ناکۆکییەکانی، تەڵەزم لێ داتاشین و کارژ فرێدانەکانی بە هەند نەگرتووە و کەم و زۆر بە لایاندا نەچووە، بەمەش سوکایەتی بە کۆمەڵە و بە هەموو ئەوئەندامانەی کۆمەڵە کردووە کە لە پێناوی رێباز و فیکری کۆمەڵەدا « کە مارکسییزم لینینیزم بووە و نووسەر توێرپێزەی کردووە و بڕواشی پێی نەبووە!» ، چ لە شاخ و چ لە زیندانی فاشییەکاندا شەهید بوون.

کۆمەڵە هێشتا شەش ساڵی لە تەمەنی خۆی پڕنەکردبۆوە، توشی دوو قەیرانی فیکری و سیاسی هات و دوو گرۆپی لێ جیابوویەوە کە کارکردیان لە سەر

رەوت و چارەنووسی دواڕۆژی دانا.

- لە ساڵی ١٩٧٢دا، گروپێک لەو کادرانەی لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا نەخشیان هەبوو، جیابوونەوە و رێکخراوێکی بچووکی داخراویان بۆ خۆیان درووست کرد. ئەوان دەڵێن دوو بیانووی سەرەکییان بۆ رەتکردنەوەی کۆمەڵە و بەجێهێشتنی هەبووە:

١- کۆمەڵەیان بە پردێک زانیوە لە نێوانی مەرگی جەلالیەت و دووبارە زیندووبوونەوەیدا. واتە ئەوان وایان بینیوە کە کۆمەڵە لە هەل و مەرجی بەیانی ١١ی ئازار و شکستخواردنی باڵی م.س دا، دەبێتە دارە ئەفسووناوییەکەی حەزرەتی مووسا بە دەست مامجەلالەوە و بە شێنەیی و لە بار و دوخێکی تردا و بە ئالایەکی دیکەوە، جەلالیەتی پێ زیندوو دەکاتەوە.

٢- لایان وابووە کە لە نێو کۆمەڵەدا مەیلی گۆشەگیریی نەتەوایتی چەکەرەی کردووە و کۆمەڵە رێکخراوێکی مارکسیستی نەتەوەپەرستە، بێ ئەوەی بەرنامەیەکی رۆونیشی بۆ چارەسەرکەردنی کێشەی نەتەوەیی کورد هەبێت و وتارەکانی مامجەلال لەمەڕ «کوردایەتی خاس و عام کە لەو ساڵەدا لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بڵاوکرابوویەوە و هەلایەکی لە نێو کۆمەڵەدا نابۆوە»، سەرچاوەی ئیلهامی فیکری کۆمەڵەیە.

ئەم باڵە بڵاوکراوەیەکی نهێنییان بە ناوی «کۆمۆنیست» دەردەکرد و وەکو گروپێکی بچوکی نهێنی تا ساڵی ١٩٧٧یش مابوون و چەند جارێک لە قەرەداغ دا، لە گەڵ شەهیدئارام دا گفتوگۆ و دانوستاندنیان کردبوو. شەهید ئارام هەوڵی دابوو قەناعەتی ئەوەیان پێ بکات کە کۆمەڵە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئیتر کۆمەڵەی «عەهدی بایید!!»نییە. ئەو گروپە لەگەڵ ئارامدا پێک نەهاتبوون و پاشان «قیادەی مەرکەزی - وەحدەت ئەل قاعیدە» قووتی دابوون.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای ١٩٧٦دا، گروپێکی تر لە کادر و ئەندامانی کۆمەڵە، بەشێک لە تەلاری رێکخراوەییان بۆ خۆیان برد و رێکخراوێکی نوێیان بە ناوی «رێکخراوی رەنجەدەران»ـەوە دامەزراند و بەشێکی بەرچاوی کادر و ئەندامانی کۆمەڵەیان جیاکردەوە. رەنجەدەران بە پێچەوانەی گروپی کۆمۆنیستەوە، بە خێرایی گەشەیان کرد و هەر بەو خێراییەش ئاش بەتاڵیان کرد، یان پێیان کرا!.

رەنجەدەران لایان وابوو:

١- کۆمەڵە دەبێ قەوارەی رێکخراوەیی سەربەخۆی بپارێزێت و چوارچێوەی سیاسەت و تەلاری «یەکێتی نیشتمانی کوردستان» قەبوڵ نەکات و وەلای بنێت.

٢- کۆمەڵە دەبێ بەرنامەیەکی ئاشکرای لەسەر مەسەلەی عێراق و چۆنییەتی هاوکاری نێوانی خۆی و هێزە چەپەکانی دیکەی عێراق هەبێت.

رەنجدەران بڕوایان بە خەباتی شاخ هەبوو. لە چیادا مەفرەزەی چەکداریان درووست کرد. ساڵێکی نەخایاند، لێپرسراوێکی سەرکردایەتییان بە ناوی ئیبراهیم حەسەن، لە رێگای نێوان هەڵەبجە و سلێمانیدا، پێشمەرگەیەکی تەسلیمبووەوەی کۆمەڵە بە گرتی داو ئەویش هەموو رێکخراوەکەی خۆی و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی بە گرتن و بە ئیعدام کردن دا و بۆ خۆشی پاشان بەر لێبووردن کەوت و ئێستە لە هەندەران دەژی.

چەکدارەکانی شاخیان و بەتایبەت مەسئولی یەکەمیان لە هەل و مەرجێکی ئاڵۆزدا تێداچوون و بەیەکجاری کۆتاییان هات!!!.

ئەم رووداوانە ئەڵقە ژەنگگرتووە لە گۆڕتراوەکانی مێژووی کۆمەڵەن کە تاوتووکردن و لێکۆڵینەوەیان دەشێ کۆمەڵێک دەرس و پەندمان بدەنێ.

جگە لەم دوو رووداوە گرنگەی نێو مێژووی کۆمەڵە، زۆر دیاردە و دەرکەوتی دیکە هەن کە نووسەر بازی بەسەردا داون و من لە دەرفەتێکی تردا هەوڵ دەدەم باسیان بکەم یان هیچ نەبێت وەبیر خوێنەری ئێستا و ئەندامانی ئەوسای کۆمەڵەی بهێنمەوە.

١٢ _ ١١ _ ٩٩٧

*ئەم بابەتە بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک

# کتێبخانەی رابوون

لەم ژمارەیەوە ناوی ئەو کتێبانەی کە
بە رابوون دەگەن بڵاودەکەینەوە.

* د. مارف عومەر گوڵ
جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی
یاسای نێودەوڵەتاندا - لێکۆڵینەوە
لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی «میدیا»
ئەمستردام، ١٩٩٧

* کەمال میراودەلی
گۆران شاعیری جوانی و هونەر -
لێکۆڵینەوە
لە بڵاوکراوەکانی نەورۆز، سوێد ١٩٩٦

* موحسین ئەحمەد عومەر
فیلەکەی نادرشا - کورتە رۆمان
پاریس ١٩٩٦

* ئەحمەدی مەلا
کتێبی شیعر - کۆمەڵە هۆنراوە،
فەرەنسا ١٩٩٦

* نەزەند بەگیخانی
دوێنێی سبەی - کۆمەڵە هۆنراوە
لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی
کورد لە فەرەنسا ١٩٩٥

* فەرهاد شاکەلی
بۆنی تاریکی - کۆمەڵە چیرۆک
لە بڵاوکراوەکانی ئاپێک، سوێد ١٩٩٧

* فەتاح خەتاب
لە شانۆگەرییەکانم (دوو شانۆگەری)
لە بڵاوکراوەکانی کتێبی ئەرزان ١٩٩٧

* بەرۆژ ئاکرەیی
لەودیو شەوی پەیقەکانەوە - کۆمەڵە
هۆنراوە سوێد ١٩٩٦

* صادق هدایت
بوومی کوێر -چیرۆک
وەرگێر: عەلی ئانەوازادە، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥

* هیوا قادر
ئاوێنە سەرابییەکان - رۆمان
بڵاوکراوەی کتێبی هەرزان، سوێد ١٩٩٦

* عەبدوڵلا سەراج
پەپک - کۆمەڵە چیرۆک
لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی
کورد لە فەرەنسا ١٩٩٥

* عەبدوڵلا قەرەداغی
زەردەشت ، ئامادەکردن و نووسین، سوێد
١٩٩٧

* جەمال غەمبار
مەنفاکان لێرەوە دەست پێ دەکەن
کۆمەڵەهۆنراوە،
بڵاوکراوەی نێوەندی رەهەند ١٩٩٧

* بەختیار عەلی
مەرگی تاقانەی دووەم - رۆمان
لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ
لێکۆڵینەوەی کوردی، سوێد ١٩٩٧

* کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس
بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیست (مانیفێست)
جەلال دەباغ کردوویە بە کوردی،
ئەلمانیا ١٩٩٦

* دوو کتێبی منداڵان - لە بڵاوکراوەکانی
سارا:
- شاماران، کۆکردنەوە «کرمانجی سەروو»
باقێ بارزان، کۆکردنەوە «کرمانجی خواروو»
مەهاباد کوردی
- تۆڵەستاندنەوەی میرووڵان
وەرگێر: باقی بارزان
گواستنەوەی بۆ کرمانجی خواروو: مەهاباد
کوردی، سوێد ١٩٩٧

* سڤێن لیندکڤیست
دڕندەکان تاکبڕکەن
وەرگێرانی لە سوێدییەوە: رێبوار رەشید
لە بڵاوکراوەکانی هێرمان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

* کامبیز کەریمی
لە چوارگۆشەی تەنگی تەنیاییدا - کۆمەڵە
هۆنراوە تەورێز ١٩٩٤

## گۆڤار و رۆژنامە

* گزینگ / ژمارە ١٨
گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و
فەرهەنگییە
سەرنووسەر سولەیمانی چیرە (هێرش)
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:

GZING
Box 327
824 27 Hudiksvall- Sweden

* هانا / ژمارە ٧
گۆڤارێکی وەرزی، ئەدەبی، فەرهەنگی و
کۆمەڵایەتییە
سەرنووسەر سلێمان قاسمیانی (کاکە)
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:
HANA
Box 6040
424 06 Angere d, Sweden

* هاوار / ژمارە دوو
بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیریی گشتییە
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:
HAWAR
Postfach 14 34 03
45264 Essen, Germany

* کۆنتراکت / ژمارە یەک
گۆڤارێکی سیاسیی وەرزییە
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:
M S D C
Albertengström gatan 3, II
754 30 uppsala, Sweden

* هەتاو / ژمارە ١٨
مانگنامەیەکی کوردستانیی لیبراڵی
سەربەخۆی ئازادە
سەرنووسەر: د. کەمال میراودەلی
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:

HETAW
P.O.Box 10817
London SW8 3ZH, England

* پەیام / ژمارە ٣-٤
بنکەی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیام
دەکرێت بەم ئادرێسە داوای بکرێت:
Peyam
P.O.Box: 16283
London W2 5ZR, England

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1998 23

